# تیۆری ئەدەبی

## کورتە ناساندنێک

FÊRBÛN
فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

# تیۆری ئەدەبی ، کورتە ناساندنێك


- **ناوی کتێب بـەئینگلیزی:** Literary Theory: A Very Short Introduction, jonathan Culler, Oxford University, 2000.
- **سەرچاوەی سەرەکی:** نظریه ادبی، معرفی بسیار کوتاه، جانتان کالر، ترجمه فرزانه طاهری، چاپ سوم، نشر مرکز، ۱۳۸۹.
- **سـەرچاوەی یارمەتیـدەر:** النظريـة الادبيـة،جوناثان كولر،ترجمـة رشـاد عبدالقادر، منشورات وزارة الثقافة السورية، دمشق٢٠٠٤.
- **بابەت:** ئەدەبناسی
- **نووسەر:** جۆناسان کالەر
- **وەرگێڕانی:** سەنگەر نازم & د.هیمداد حوسێن
- **بەرگ:** ئیبراهیم صالح
- **نۆرەی چاپ:** یەکەم– ۲۰۲۰
- **تیراژ:** ۱۰۰۰ دانە
- **ژمارەی لاپەڕە:**۳۲۰
- **نرخ:** ( ۸,۰۰۰)


**مافی لەچاپدانەوەی بۆ وەرگێڕەکان پارێزراوە**

**لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی ( ۱۰ )ی ساڵی (۲۰۲۰)ی پێدراوە**

جۆناسان کالـەر

# تیۆری ئەدەبی

## کورتە ناساندنێك

وەرگێڕانی لە فارسییەوە

سەنگەر نازم و هیمداد حوسێن

چاپی یەکەم

٢٠٢٠

FÊRBÛN

فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی فێربوون _ ژمارە (١٠٢)

ناونیشان/ هەولێر بازاڕی کتێب فرۆشان- بەرامبەر دەرگای قەڵا

٠٧٥٠٤٠٤٨٢٨٥ – ٠٦٦٢٢٣١٣١٥

Fb:ktebxanay ferbwn

# ناوەڕۆك


| سەرەباس | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی وەرگێڕەکان | 9 |
| پێشەکی نووسەر | 17 |
| **بەشی یەکەم: تیۆر چییە؟** | **19** |
| زاراوەی تیۆر | 20 |
| تیۆر وەک ژانر | 23 |
| کاریگەرییەکانی تیۆر | 25 |
| فۆکۆ سەبارەت بە سێکس | 27 |
| جووڵە و بزاوتەکانی تیۆر | 32 |
| دریدا سەبارەت بە نووسین | 36 |
| لەم نموونانەوە چ شتێک تێدەگەین | 44 |
| **بەشی دووەم: ئەدەب چییە و ئایا گرنگی هەیە؟** | **53** |
| ئەدەبییەت لەدەرەوەی ئەدەبدا | 54 |
| چ جۆرە پرسیارێک؟ | 56 |
| گۆڕانە مێژووییەکان | 58 |
| بە ئەدەبدانانی دەقەکان | 63 |
| نەریتە ئەدەبییەکان | 68 |
| مەتەڵێک | 72 |
| سروشتی ئەدەب | 74 |
| تایبەتمەندییەکان بەرامبەر بە ئەنجامەکان | 87 |
| ئەرکەکانی ئەدەب | 89 |
| دژەیەکی (پاڕادۆکسی) ئەدەب | 100 |

| | |
|---|---|
| **بەشی سێیەم: ئەدەب و لێکۆڵینەوە کلتورییەکان** | **103** |
| دەرکەوتن و پەیدابوونی لێکۆڵینەوە کلتورییەکان | 105 |
| پەشێوی و ئالۆزییەکان | 108 |
| ئامانجەکان | 124 |
| جیاوازییەکان | 128 |
| **بەشی چوارەم: زمان، واتا، ڕاڤەکردن** | 131 |
| واتا لە ئەدەبدا | 133 |
| تیۆریی زمانی سوسێر | 135 |
| زمان و بیرکردنەوە | 139 |
| شیکردنەوەی زمانی | 142 |
| شیعرییەت (پۆیتیکا) | 144 |
| خوێنەر و واتا | 148 |
| راڤەکردن | 150 |
| واتا، مەبەست، کۆنتێکست | 153 |
| **بەشی پێنجەم: ڕەوانبێژی، شیعرییەت، شیعر** | **163** |
| خوازە ڕەوانبێژییەکان | 165 |
| ژانرە ئەدەبییەکان | 170 |
| شیعر وەکو وشە و کار | 173 |
| زێدەڕۆیی لە شیعری لیریکیدا | 177 |
| وشە کێشدارەکان | 182 |
| ڕاڤەکردنی شیعر | 184 |
| **بەشی شەشەم: گێڕانەوە** | **189** |
| گرێچن | 193 |

کتێبی دەنگی

| | |
|---|---|
| خستنەڕوو (نیشاندان) | 197 |
| تیشکۆخستنەسەر | 202 |
| چیرۆک چی دەکات | 207 |
| **بەشی حەوتەم: زمانی کرداری** | **213** |
| گوتنە کردارییەکان لە ڕوانگەی ئۆستنەوە | 214 |
| گوتنە کردارییەکان و ئەدەب | 217 |
| گوتنە کردارییەکان لای دریدا | 221 |
| پێوەندییەکانی نێوان گوتنی کرداری و ڕاگەیاندنی | 224 |
| زمانی کرداری لای باتلەر | 228 |
| گرەوکارییەکان و دەرئەنجامە شاراوەکان | 236 |
| **بەشی هەشتەم: ناسنامە، خۆبەوەیترکردن، خود** | **241** |
| خـــود | 241 |
| ئەدەب و ناسنامە | 245 |
| نیشاندانەوە یان دروستکردن؟ | 252 |
| دەروونشیکاری | 253 |
| ناسنامەی کۆمەڵەکان | 256 |
| بنیاتە بەربڵاوەکان | 259 |
| تیۆر | 266 |
| **پاشکۆ** | **267** |
| فۆرمالیزمی ڕووسی | 269 |
| ڕەخنەی نوێ | 270 |
| دیاردەگەرایی | 271 |
| بونیادگەری | 274 |


هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| پاش بونیادگەری | 276 |
| هەڵوەشاندنەوەگەرایی | 278 |
| تیۆری فیمینیستی | 279 |
| دەروونشیکاری | 281 |
| مارکسیزم | 282 |
| مێژووگەرایی نویٚ/ ماتریالیزمی کلتوریی | 284 |
| تیۆری پۆست کۆڵۆنیاڵیزم | 285 |
| گوتاری کەمینە | 286 |
| تیۆری سەیر | 288 |
| سەرچاوەکان | 289 |
| فەرهەنگۆك | 293 |

هەوڵنامەی کتێب

# پێشەکی وەرگێڕەکان

هەر دەم و سەردەمێک تێڕوانینی تیۆری ئەدەب و ئەرکی ئەدەبیی خۆی هەیە. لە سەردەمی یۆنانی کۆندا بۆچوونە رەخنەیی و تیۆرییەکانی ئیفلاتوون و ئەرستۆ سەبارەت بە سروشت و چەمک و ئەرکی دەقی ئەدەبی بۆ سالآنێکی دوای خۆیشیان و تەنانەت بۆ ئێستایش گرنگی و بایەخی خۆیان هەیە. ئەوان بە پێی رۆژگاری خۆیان لە روانگەی فەلسەفەی ئایدیالیستییەوە بۆ دیاردەکانی دەوروبەری خۆیان دەڕوانی و راڤەیان دەکرد.

تیۆری لاساییکردنەوەو پێگەی شاعیران و کەرەستەو شێوازەکانی لاساییکردنەوەو چەندین چەمکی هونەر و هونەر و چێژو سوودی هونەرو جیاکردنەوەی تراژیدیا و داستان و دراما ئەمانە هەموو دواتر لەزاری خوێندکارانی ئەرستۆ لە کتێبی (پیوتیکا)دا کۆکرانەوەو بوو بە یەکەمین کتێبی تیۆری ئەدەبی لە مێژووی ئەدەبیاتدا.

تیۆری ئەدەب بریتییە لە کۆمەڵێک بیروبۆچوونی ورد و قووڵ و پێکەوەگرێدراو، پشتبەستوو بەتیۆرێکی ئەپستمۆلۆژی یان فەلسەفەیەکی دیاریکراو بۆ چۆنیەتی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەدەب و سروشت وسوود و ئەرکی ئەدەب و

دیاریکردنی ئاراستەکانی ئیستاتیکی دەقی ئەدەبی و چۆنیەتی پاراستنی (ئەدەبییەت)و جیاکردنەوەی دەقی ئەدەبی لە نائەدەبی.

کەوابێ تیۆری ئەدەب هەوڵدانە بۆ شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی و هەموو ئەو شتانەی پەیوەستە بەدیاردەی ئەدەب لەرووی زمان و تەکنیک و ناوەرۆکی ئایدیۆلۆژییەوە. هەریەکیک لەو تیۆرییانە بەڵگە بۆ بۆچوونەکانی دەهێنێتەوە بۆ باوەڕپێکردنی لایەنگرانی، بەڵام هەر یەکیک لەو تیۆرییانە بیرکردنەوەو سیمای هزری سەردەمی خۆیانن و دەرهاویشتەی ئەو سەردەمەن، بۆیە لەگەڵ هەرگۆڕانکارییەکی سیاسیو هزری وکۆمەلایەتی روانگەو بۆچونەکانیش بوونەتە دەربڕی رۆژگاری خۆیان،واتا بەحەزوئارەزوو نییە،بۆنموونە رێبازی کلاسییزم وەکو پێویستییەکی سەردەمی فیۆدالییزم هاتەپێشەوە بۆ پاریزگاری لەدەسەڵات وعەقلانیبون و رەوشتبەرزیو گوزارشتکردن لەبابەتیبوون،بەڵام کە شۆڕشی فەرەنسی رەگ و ریشی فیۆدالیزمی کۆتایی پێهیناو چینێکی ئابووری و هێزی کار و خاوەن سەرمایەی وەکو بۆرژوازی هاتە پێشەوە بێگومان پێویستی بە تیۆری گوزارشتکردن و بنەمای لێگەڕێ با بیر بکاتەوەو کار بکات و گوزارشت لە خودی خۆی بکات، بنەماکانی رۆمانسییزم بووە دەربڕی ئەو قۆناغە نوێیە.

ریالیزم و ناتۆرالیزم وسوریالیزم بۆبێزاری له نەهامەتییەکانی شەڕ و وێرانکاری و ڕۆحی نوێخوازی و زانستخوازی هاتە پێشەوە.

تیۆری لاساییکردنەوەوە بۆ گوزارشتکردن و دەربڕین و ڕەنگدانەوەو داهێنان و ڕەوشتگەرایی و خوێندنەوەو خوێنەر (وەرگر)و.... تێپەڕیوە. هەروایش بووەو هەروایش دەبي هیچ تیۆرییەک نەگەیشتۆتە حاڵەتی کاملبوون مادەمەکێ ژیان و هزر بەردەوامە و خەونی بەردەوامی و ئاییندەیی لەگۆڕیدایە بێگومان بەردەوام تیۆری تازەیش دێتەپێشەوە.

لەمێژووی بەرەوپێشەوەچوونی تیۆری ئەدەبدا،بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدەهەمەوە زانستەکانی ئەنترۆپۆلۆژی و سایکۆلۆژی و فەلسەفی زیاتر بوونە جێگەی بایەخی تیۆری ئەدەب و دەسکەوتە زانستییەکان زیاتر خزانە نێو دیاردە و چەشنە ئەدەبییەکانەوە.

ڕەخنەو تیۆری ئەدەبی نوێ بەپێی پێداویستییەکانی کۆمەڵگای تەکنۆلۆژیی نوێ پێیوایە ئەدەب و زانست هەردووکیان ماددەکەیان یان هەریەکە،بەڵام جیاوازییان لەوەدایە،زانست سەیری ماددەکە دەکات،کە چۆن و بە چ شێوەیەک بەرهەم هاتووەو چۆن لەکن بەکارهێنەرەکانی بە شێوەیەکی ئاسایی وەکو خۆی بەکاردێت،بەشێوەیەکی واقیعی،بەڵام ئەدەب بە شێوەیەکی وەها پێشکەشی دەکات ئەو ماددەیە چەندە کاریگەریی لەسەر دەروونمان بە جێدەهێڵێ. هەر بۆیە ئێمە

بەردەوام دوو زمان و دوو ئەرکی جیاواز لە نێوانی زانست و ئەدەبدا بە دی دەکەین.ئەم دوانەش زمان وئەرک لەچوارچێوەی لێکۆڵینەوەی تیۆری ئەدەبدا ئەرکێکی قورسن.

پێوەندی تیۆری ئەدەب و مێژووی ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی و تۆژینەوەی ئەدەبی پێوەندییەکی دانەبڕاوە.

مێژووی ئەدەب،مێژووی بەرهەمهێنەرانی دەقی ئەدەبی و چالاکییەکانییان دەخاتەتەروو بەپێی قۆناغەکان پۆلینییان دەکات و سیما بەرجەستەکانییان دەخاتەروو، وەلێ تیۆری ئەدەبی بە تەنیا بەرهەمە نموونەیی یان داهێنانە ناوازەکان دەخاتەروو،هەرچی رەخنەی ئەدەبییشە، دەقێکی دیاریکراو وەردەگرێت،ستایشی لایەنە جوانکاریو درەوشاوەکانی دەکات و لە ئاست کێماسیەکانیشدا، بەدەنگدێ.

نکۆڵی لەوە ناکرێت پێوەندییەکی پتەو و تۆکمە لە نێوانی بەشەکانی ئەدەبناسیی، مێژووی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی و رەخنەی ئەدەبی و بەراوردی ئەدەبی وئیستاتیکای ئەدەبیدا هەیە. پێوەندییەک،کە هەموویان پێکەوە دەتوانن لە تۆژینەوەی دەقیکی ئەدەبیدا بڕیاری دروست بدەن.ئەمڕۆ سنووری تێوان ژانرەئەدەبییەکان زۆر کاڵ بۆتەوە،ئەگەر جاران تەنیا شیعرو پەخشان هەبوو ئێستا چەندین رەگەزی جودا لە یەک دەقدا دەردەکەوێت، دەقێکی ئاویتە لە رەگەزەکانی درامی و گێڕانەوەو ریتم و مۆسیقا بەزمانێکی شیعری ئەفراندن دەکات.

لایەنێکی دیکەی دەقی ئەدەبی خوێنەرە.تەنانەت خوێنەریش لە پرۆسەی نێرەر و پەیام و وەرگردا بەشێکی پرۆسەی داهێنانی ئەدەبی دەکەوێتە ئەستۆ. خوێنەر لە پرۆسەی تیۆری ئەدەبیدا خوێنەرێکی نموونەیی یان زیرەکە،نەوەکو خوێنەرێکی ئاسایی.. لە ئاسۆی چاوەڕوانیدا خوێنەر خولقێنەری دووەمەو خاوەن روانینەو دنیابینی خۆی هەیە..

بەم پێیە تیۆری ئەدەب وەکو هەر زانستێکی دی پشت بە هەندێک بنەمای چەسپاو و جێگیر دەبەستێ. لە تیۆری ئەدەبیی نوێدا خوێنەر وەک بەکاربەر پێگەی خۆی دەبێ و زۆریش جەختی لەسەر دەکرێت.

تیۆری ئەدەبیی نوێ بەو واتایە نییە،هەموو شتێکی نوێ لەخۆ دەگرێت،بەڵکو هەندێجار وەڵامدانەوەی پرسیارێک یان بابەتێکی کۆنە،بەڵام بە شێواز و وەڵامدانەوەیەک بۆ راڤەیەکی نوێ جیاواز لە پێوەر و روانگەی سەردەمی خۆی. دەکرێ بە میتۆدیکی رەخنەیی نوێ راڤەی دەقێکی کۆن یا کلاسیک بکرێت. کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گۆڕانی بەسەردا هاتووە،لە کۆمەڵێکی کشتوکاڵییەوە بۆ کۆمەڵێکی پیشەسازی. ئەگەر لە قۆناغی یەکەمیاندا زیاتر رامان و وردبوونەوە بووبێت ئەوا لە قۆناغی نوێدا زۆرتر شیکردنەوەو شرۆڤەکردنە. هەندێ لە رەخنەگرەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە گوایە ئەو تیۆرییە نوێیانە خەتێکی راست و چەپیان بەسەر روانگەو بۆچوونە کۆنەکاندا داهێناوە، بەڵام لە راستیدا ئەگەر بە وردی لێی

بکۆڵینەوە، راست دەرناچێ.بۆنموونە تیۆرییە نوێکان خوێنەر بە تەوەرەی سەرەکی دادەنێن،بەڵام لە کۆنیشدا ئەرستۆ بە وردی ئەمەی گوتووە،کە دەڵێت ئەرکی تراژیدیا بریتییە لە پاکبوونەوەی دەروونی خوێنەر(**کاتارسیس**–Catharsis ) لە ترس و بەزەیی، بێگومان مەبەستی خوێنەر(بینەر)ە.

یەکێ لە جیاوازییەکانی تیۆری ئەدەبیی کۆن و نوێ ئەوەیە، جاران بەرهەمهێنەر(نووسەر)تەوەری سەرەکی دەق و داهێنانی ئەدەبی بوو، بەپێچەوانەوە لە تیۆری ئەدەبیی نوێدا نووسەر پەراوێزخراوەو تەنانەت ژیاننامەی نووسەر بە پێویست نازانرێ،نەخاسمە لە تیۆرە ئەدەبی و رەخنەییە فۆرمالستییەکانی سەدەی بیستەمدا، وەکو فۆرمالیستە رووسەکان بنیاتگەرایی،هەڵوەشاندنەوەگەرایی و سیمیۆلۆژیو پۆست مۆدێرنیتەو... تەنانەت زاراوەی (مەرگی نووسەر) بووە وێردی سەرزمانی بەشێکی زۆر لە رەخنەگرانی هاوچەرخ. دیارە ئەمە بەو واتایە نایەت ئیتر ئێستا بە یەکجاری لە تیۆرو رەخنەی ئەدەبییدا هیچ گرنگییەک بە بەرهەمهێنەر(نووسەر)لە (زانستی ئابووریی ئەدەبی)دا نادرێت، نەخێر، ئێستایش فەلسەفەی مارکسییزم و ئەوانەی لەم روانگەیەوە بۆ دەقی ئەدەبی دەڕوانن لە روانگەیەکی چینایەتییەوە دەڕواننە نووسەر. لە ئابووریدا (کاڵا) دەق لە لە (بەرهەمهێنەر) نووسەر گرنگترە، بۆ نموونە (**ئاڵتۆسێر** Louis Althusser) وەکو تیۆریست،فەیلەسوف و رەخنەگرێکی مارکسییزمی فەرەنسی

بەشێوەیەکی نوێ ئەمەی دارشتۆتەوەو لە بواری رەخنەو تیۆری ئەدەبیدا پیادەی دەکات، ئەو پێیوایە هەموو شتێک لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیادا بە مرۆڤیشەوە سەیردەکرێ و ناتوانرێ لە ئایدیۆلۆژیا بەدەربین. هەروا چەندانی دی لەوانە راوبۆچوونەکانی(تێریئیگڵتن TerenceFrancis Eagleton)یش وەک ئەکادیمییەک لەم بوارەدا گرنگی خۆی هەیە، بەتایبەتی لە کتێبەکانی (تیۆری ئەدەبی Literary theory ) و (چۆن ئەدەبیات بخوێنینەوە؟ How to Read Literature) و(بۆچی مارکس لەسەر هەق بوو Why Marx Was Right)، وەک رەخنەگرێکی مارکسی لە بنیاتی دەقی ئەدەبی دەڕوانێ.

لەبەر گرنگی تیۆری ئەدەبی و نەبوونی سەرچاوەی بەپێز بە زمانی کوردی بۆخوێندکارانی زانکۆکان و هەژاری کتێبخانەی کوردی ئەم وەرگێڕانەمان بە پێویست زانی،بە تایبەتی ئەم کتێبە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە زمانەکان جیهان وەرگێڕراوە و نووسەرەکەی کەسێکی ئەکادیمییەو لە چەندین زانکۆی بەناووبانگدا دەرسی تیۆری ئەدەب و ئەدەبی بەراورکاری دەڵێتەوە.ئەگەر زمانی وەرگێڕانەکەیشی قورسە پێوەندی بە سروشتی بابەتەکەوە هەیە.ئەگەرچی لە زۆر شوێندا لەگەڵ وەرگێڕانی عەرەبییەکەی و لە هەندێ شوێندا لەگەڵ زمانی ئینگلیزییەکە خۆیشیدا بەراورمان کردۆتەوە. هیوادارین سوودی هەبێت.

**وەرگێڕەکان- زستانی ٢٠١٩**

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی نووسەر

لە زۆرێـک لەو کتێبـانەی، کە بەمەرامـی ناسـاندنی تیـۆری ئەدەبی نووسـراون، زنجیـرەیەک لە قوتابخـانە ڕەخنەییەکـان وەسـف دەکـرێن. تیـۆر وەکـو زنجیـرەیەک لە میتـۆدە کێبڕکێکارەکـان مـامەڵەی لەگەڵ دەکرێـت، کە هەر میتۆدێـک چەنـد پـێگە و پابەنـدبوونێکی خـۆی هەیە، بەڵام جـوڵانەوە تیۆرییەکـان کە لەم کتێبەدا دەناسـێنرێن- وەکـو بونیـادگەری، هەڵوەشـاندنەوەگەرایی، فیمینیـزم، دەرونشـیکاری، مارکسـیزم، مێژووگەرایـی نـوێ- چەنـد خـاڵێکی هاوبەشـیان هەیە. لەم بارەوە خەڵک تەنیا قسە لەسەر تیۆرە دیاریکراوەکان ناکەن، بەڵکو قسە لەبارەی(تیۆر)دەکەن. بۆ ناساندنی تیۆر وا چاکترە گفتوگـۆ دەربـارەی کێشـە و بانگەشـە هاوبەشـەکان بکەیـن تـائەوەی لە قوتابخـانە تیۆرییەکـان بکـۆڵینەوە. واپەسـەندە کە دەربـارەی گفتوگـۆ لەبـارەی ئەو مشـتومڕانە بکەیـن کە (قوتابخـانەیەک) لە بەرامـبەر (قوتابخـانە)یەکی دیـکە دانانێـت، بەڵام ڕەنـگە دابەشـکارییە بەرچاوەکـانی نـاو بزوتنەوەکـان دەستنیشان بکات. کاتێک وەکو زنجیرەیەک لە تێڕوانینەکان یا میتۆدەکـانی ڕاڤەکـردن کە پێکەوە لە کێبڕکێدان مـامەڵە لەگەڵ تیۆری هاوچەرخ دەکەین، ئەوا بەشێکی زۆری گرنگی و هێزی

تیۆر لە کیس دەچێت، گرنگی و هێزێک، کە لە بەرانگژبوونەوەیەکی بەرفراوان بەرامبەر چێژی باو و لە دۆزینەوەکانی چۆنیەتی پەیدابوونی واتا و دروستبوونی ناسنامە مرۆییەکان هەڵدەقوڵێت. من وام بە پەسەندزانیوە، کە شوێن کۆمەڵە بابەتێک بکەوم و جەخت لەسەر ئەو گفتوگۆ و مشتومڕە گرنگانە بکەم، کە دەربارەی ئەو بابەتانە هاتونەتە ئاراوە، هەروەها لەسەر ئەوەی، کە بە گومانی من لەو مشتومڕانە فێری دەبین.

وێڕای ئەمە هەر کەسێک، کە کتێبێک دەربارەی ناساندنی تیۆری ئەدەبی دەخوێنێتەوە ئەو مافەی هەیە کە پێشبینی خوێندنەوەی ڕوونکردنەوەی زاراوەگەلێکی وەک بونیادگەری و هەڵوەشاندنەوەگەرایی هەبێت. لە پاشکۆدا قوتابخانەکان یا بزووتنەوە سەرەکییەکانی ڕەخنەم بە کورتی ناساندووە، کە دەشێت هەر لەسەرەتاوە بخوێندرێنەوە یا لە کۆتاییدا، یان بەرادەوام بۆیان بگەڕێنەوە. ئومێدەوارم ئەم کتێبە بە چێژەوە بخوێننەوە.

## بەشی یەکەم

# تیۆر چییە؟

لەم ڕۆژانەدا لە لێکۆڵینەوە ئەدەبی و کلتورییەکان زۆر شت دەربارەی تیۆر دەبیستین، سەرنجتان لەسەر ئەوە بێت، کە مەبەستم تیۆری ئەدەب نییە، (تیۆر)ێکی وشک و بۆشە. بۆ کەسێک کە لە دەرەوەی چاڵەکە وەستا بێت ، بێگومان ئەم بەکارهێنانە زۆر سەیر دێتە بەرچاو. دڵتان دەخوازێت بپرسێت(تیۆری چی؟) سەیرەکە لەوەیە کە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە زۆر سەخت و دژوارە.

نە تیۆرێک لەبارەی شتێکی تایبەت لەئارادایە و نە تیۆرێکی گشتیش لەبارەی شتەکان بەشێوەیەکی گشتی، هەندێجار وادەردەکەوێت کە تیۆر زیاتر لەوەی ڕوونکەرەوە و نیشاندەری شتێک بێ لە خودی خۆیدا چالاکییەکە- کارێکە کە مرۆڤ دەیکات یا نایکات، دەشێت مرۆڤ کەین و بەینی لەگەڵ تیۆر هەبێت ، دەشێت وانەی تیۆر بڵێتەوە یا بیخوێنێتەوە، دەشێت حەزی بە تیۆر نەبێت یا لێی بترسێت، بەڵام هیچ یەکێک لەمانە کۆمەکێکی ئەوتۆ بە ناسین و درککردنی چییەتی تیۆر ناکات.

دەڵێن(تیۆر) بەشێوەیەکی ڕیشەیی سروشتی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانی گۆڕیوە، بەڵام مەرامی ئەوانەی، کە ئەم قسەیە دەکەن تیۆری ئەدەبی بە واتای ڕوونکردنەوەیەکی سیستماتیکی سروشتی ئەدەب و تەکنیک و شێوازە شرۆڤەکارییەکانی ئەدەب نییە. کاتێک خەڵک گازاندە دەکەن لەسەر ئەوەی، کە لەم ڕۆژانەدا تۆژینەوە ئەدەبییەکان پڕن لە تیۆر،مەبەستیان ئەوە نییە، کە زیاد لە ئەندازەی پێویستن.بۆ نموونە کاتێک لە سروشتی ئەدەبیات ڕادەمێنن یا دەربارەی خەسڵەتە جیاکەرەوەکانی زمانی ئەدەبی گفتوگۆ دەکرێت، ئەوا بێگومان مەبەستیان شتێکی دیکەیە.

مەبەستی ئەوان بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئەوەیە، کە زیاتر لەوەی، کە پێویستە دەربارەی بابەتی نائەدەبی قسە دەکرێت ، دەربارەی بابەتگەلێکی گشتی، کە ئەسڵەن پێوەندییان لەگەڵ ئەدەبیاتدا دیار نییە، دەقە سەختەکانی دەروونشیکاری و سیاسی و فەلسەفی دەخوێندرێنەوە.کۆمەڵێک ناو(زۆربەیان بیانین) کراونەتە تیۆر، مەبەست لێی بۆ نموونە: ژاک دریدا، میشێل فۆکۆ، لۆس ئیریگاری، ژاک لاکان، جۆدیت باتلەر، لویس ئاڵتۆسێر، گایاتری سپیڤاک.ە

## زاراوەی تیۆر

باشـە، کەواتە تیۆر چییە؟ بەشـێک لە کێشـەکە لە خودی زاراوەی تیۆر خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئاماژە بۆ دوو ئاراستە دەکات. دەشێت شتێکی هاوشێوەی (تیۆری ڕێژەیی) بێـت، کە کـۆمەڵەیەکی جێگیـر و چەسـپاوە و پێکهـاتووە لە ژمارەیەک ڕاڤەکردن،بەڵام لە ڕوویەکی دیکەوە وشەی تیۆر بەکارهێنانێکی زۆر باویشی هەیە:

(لەبەرچی لۆرا و مایکڵ لەیەک دابڕان؟)

(باشە، تیۆری من ئەوەیە، کە...)

تیۆر لێرەدا چ واتایەکی هەیە؟ سەرەتا تیۆر قسە لەبارەی (گومانبردن) دەکات،بەڵام تیۆر جیاوازی لەگەڵ مەزەندەکردندا هەیە. کاتێک دەڵێین (وا مەزەندە دەکەم، کە...) واتاکەی ئەوەیە، کە وەڵامێکـی ڕاسـتبوونی هەیە، بەڵام مـن لەخـۆوە نـایزانم: (مەزەندە دەکەم کە لۆرا لە پرتەوبۆڵەی مایکڵ دڵی توند بووە، بەڵام کاتێـک مێـری هاوڕێیـان بێـت ئەوا تێـدەگەین ئەسـڵی کێشەکە چیبووە)، بەڵام تیۆر گومانبردنێکە، کە دەشێت ئەوەی مێری دەیڵێت کاریگەرییەکی ئەوتۆی تێدا نەبووبێت[واتە ئەو شتەی،کە دەیڵێت هیچ ڕۆڵ و کاریگەرییەکی تێدا نەگێڕابێت.و]، ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوەیەکە، کە ڕەنگە سەلماندنی ڕاستی یا درۆیینەییەکەی سەخت بێت.

قسـەکەری(تیۆری مـن ئەوەیە، کە ... ) لە کرۆکـدا بـانگەوازی ئەوە دەکـات، کە دەیەوێـت ڕوونکـردنەوەیەک

بخاتەڕوو، کە ئاشکرا و ڕوون نییە، چاوەڕوانی ئەوە ناکەین، کە لەدوای ئەوەوە بڵێت: (تیۆری من ئەوەیە، کە لێک دابڕان، چونکە ماوەیەکە مایکڵ لەگەڵ سامانتا پێوەندی خۆشەویستی بەستووە).ناتوانرێت ئەمە بە تیۆر هەژمار بکرێت، بەبێ بوونی زیرەکییەکی ئەوتۆ لە بیروبۆچوون و تیۆرکاریش دەکرێ وا لێکی بدەینەوە، کە لەبەرئەوەی مایکڵ و سامانتا پێوەندییان لەگەڵ یەک هەبووە دەشێ ئەمە ڕوانینی لۆرای بەرامبەر مایکڵ گۆڕیبێت. سەیر لەوەدایە، کە ئەگەر قسەکەر بیگوتبا (تیۆری من ئەوەیە، کە مایکڵ لەگەڵ سامانتا لەپێوەندیدا بووە). لەناکاو بوونی ئەم پێوەندییە لەسەر شێوەی مەزەندە و گومان دەردەکەوێت و ئیتر شتێکی ڕەها نییە، لەبەرئەوە دەبێتە تیۆرێکی ئیحتیمالکراو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەر ڕوونکردنەوەیەک بۆ ئەوەی بە تیۆر هەژمار بکرێت دەبێت نەک تەنیا ڕوون نەبێت، بەڵکو تا ئەندازەیەک تەمومژی و ئاڵۆزیشی بەدواوە بێت: (تیۆری من ئەوەیە، کە لۆرا هەمووکات لەدڵی خۆیدا عاشقی باوکی بووە، مایکڵ هەرگیز نەیوانی ببێتە ئەو مرۆڤەی، کە ئەو دەیویست)تیۆر پێویستە شتێک بێت زیاتر لە گریمانەکردن،ناکرێت روون و ئاشکرا بێت، پێویستە چەند پێوەندییەکی ئاڵۆز و سیستماتیک لەنێوان چەندین فاکتەردا لەخۆ بگرێت و نەتوانرێت بەئاسانی پاڵپشتی بکرێت، یا ڕەتبکرێتەوە، ئەگەر ئەم هۆکار و فاکتەرانەمان لە

مێشکدا بێت ئەوا ئاسوودەتر دەتوانین ئەو شتەی، کە ناوی نراوە بە تیۆر درک بکەین.

## تیۆر وەک ژانر

تیۆر لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا ڕوونکردنەوەی سروشتی ئەدەب یا تەکنیکەکانی توێژینەوەی ئەدەب نییە(هەرچەندە ئەم جۆرە بابەتانە بەشێکن لە تیۆر و لەم کتێبەدا بەتایبەت لە بەشەکانی ٢ و ٥ و ٦ دێینە سەریان). تیۆر لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا کۆمەڵە بیرۆکە و نووسراوێکە، کە دیاریکردنی سنوور و تخووبەکەی بە تەواوەتی شتێکی سەخت و دژوارە. (ریچارد ڕۆرتی) فەیلەسووف قسە لەبارەی ژانرێکی نوێ و ئاوێتە دەکات، کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا دەرکەوت: (لە سەردەمی گۆتە و مکاولی و کارلایل و ئیمیرسنەوە جۆرێکی نوێی نووسین هاتۆتەکایەوە، کە هەڵسەنگاندنی چالاکییە ڕێژەییەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکان نییە، هەروەها مێژووی هزریش نییە، فەلسەفەی ڕەوشتی و پێشگۆیی کۆمەڵایەتیش نییە، بەڵکو هەموویانە،کە لە ژانرێکی نوێدا پێکەوە ئاوێتەبوونە). گونجاوترین ناو،کە دەتوانرێت لەم ژانرە هەمەجۆرە بنرێت(تیۆر)ە،کە لە ئێستادا بەو بەرهەمانە دەوترێت،کە بتوانن بەشێوەیەکی سەرکێشیانە و بەرانگژیانە بیر لەدەرەوەی ئەو مەیدانانەی،کە لەڕواڵەتدا خۆیان وابەستەن پێیانەوە بخوێننەوە و ئاراستەکەی بگۆڕن،کە ئەمە سادەترین ڕوونکردنەوەی ئەو تایبەتمەندییەیە،کە دەبێتە هۆی ئەوەی

شتێک بە تیۆر دابنێین، ئەو بەرهەمانەی، کە بە تیۆر دادەنرێن لەودیو مەیدانی ئەسڵی کارکردنی خۆیانەوە کاریگەری بەسەر شتەکانەوە دەنوێنن، واتە لە دەرەوەی فێڵدی کاری خۆیان کاریگەری دەخەنە سەر شتەکان.

ئەم ڕوونکردنەوە سادەیە پێناسەیەکی قایلکەر نییە، بەڵام وادەردەکەوێت،کە بتوانێت ئەوەی لە دەیەی ١٩٦٠دا ڕوویداوە لەناو خۆیدا شوێنی بۆ بکاتەوە: کەسانێک، کە لە مەیدانی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا کار دەکەن سوودیان لە نووسینەکانی دەرەوەی مەیدانی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان وەرگرتووە، چونکە شیکردنەوەیەک،کە لەو نووسینانەوە لەبارەی زمان، یا هزر، یا مێژوو، یا کلتوور خستویانەتە بەردەست چەند شییکردنەوەیەکی نوێ و قایلکەری بابەتە دەقی و کلتورییەکانیان پێشکەشکردووە.

تیۆر بەپێی ئەم چەمکە کۆمەڵە میتۆدێک نییە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەب، بەڵکو زەمینە و ڕووبەرێکی بێسنووری ئەو نووسینانەیە دەربارەی ئەوەی بە خەیاڵتدا دێت و بیری لێدەکەیتەوە، لە تەکنیکیترین کێشە فەلسەفییە ئەکادیمییەکانەوە بگرە تا ڕێچکە گۆڕاوەکانی قسەکردن و بیرکردنەوەی خەڵک دەربارەی جەستەی مرۆڤ.

ژانری(تیۆر)بەرهەمە ئەنترۆپۆلۆژییەکان، مێژووی هونەر، لێکۆڵینەوە سینەماییەکان، لێکۆڵینەوە ڕەگەزناسییەکان[مەبەست جۆر و ڕەگەزی نێر و مێی

مـــــرۆڤە.و ]، زمانناســـــــی، فەلســـــــەفە، تیـــۆری سیاســـــی، دەروونشیکاری، لێکۆڵینەوە زانستییەکان، مێژووی کۆمەڵایەتی و فیکری، کۆمەڵناسی لەخۆ دەگرێت. ئەم بەرهەمانە لە کرۆکی لایەنەکانی ناو ئەم مەیدانانەیان کۆڵیوەتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی کە بۆچـوون و مشـتومڕەکانیان بـۆ کەسـانێک، کە لە مەیـدانی ئەم بەشـە مەعریفیـانەدا کارنـاکەن ئیلهـامبەخش یا بەرهەمدار بووەو گۆڕاون بۆ تیۆر.ئەو بەرهەمانەی، کە بۆ تیۆر دەگۆڕێن چەنـــد شـــیکردنەوەیەک بەدەســـتەوە دەدەن، کە کەســـانیتر دەتـوانن لە لێکۆڵینەوەکـانی واتـا، سروشـت و کلتـور، ئەرکـی دەروونـی مـرۆڤ، پێوەندییەکانی نێوان ئەزمـوونە گشـتییەکان لەگەڵ ئەزمـوونە تایبەتییەکـان و پەیوەنـدییەکانی نێـوان هێـزە مەزنە مێژووییەکـــان لەگەڵ ئەزمــــوونە تاکەکەســـــییەکاندا بەکاریان بهێنن.

## کاریگەرییەکانی تیۆر

ئەگەر تیۆر لەسەر بنەما پڕاکتیکییەکەی پێناسە بکەین، واتە وەکـو شـتێک، کە تێڕوانینەکـانی خەڵـک دەگۆڕێـت و وایـان لێـدەکات، کە دەربـارەی بابەتەکـانی لێکـۆڵینەوەی خۆیـان و چـالاکی خۆیـان لەلێکـۆڵینەوەی ئەو بابەتـانەدا بەشـێوەیەکی جیـاواز لە پێشـووتر بیـربکەنەوە، پێویسـتە بپرسـین، کە ئەم کاریگەرییانە کامانەن؟

کــاریگەری بنەڕەتــی تیــۆر بــریتییە لە گفتوگــۆکردن و مشتومڕکردن دەربارەی (تێگەیشتنی باو)[1]: ئەو تیڕوانیانەی لەسەر تێگەیشتنی باو بنیاتنراون دەربارەی واتا، نووسین، ئەدەب، ئەزموون. بۆ نموونە تیۆر دەربارەی ئەم بابەتانەی خوارەوە گفتوگۆ بە ڕەوا دەزانێت:

- چەمک و بیرۆکەی ئەوەی، کە واتای وتەیەک یا دەقێک هەمان ئەو واتایەیە کە قسەکەر (لە مێشکیدا بووە).
- چەمک و بیرۆکەی ئەوەی، کە نووسین گوزارشتێکە، کە ڕاستییەکەی لە شوێنێکی دیکەدا، لە ئەزموون یا لەو بارودۆخانەی، کە دەیانخاتەڕوو دەردەکەوێت.
- چەمک و بیرۆکەی ئەوەی،کە واقیعییەت واتە شتێک، کە لە کاتێکی دیاریکراودا (بوونی هەیە).

تیۆر زۆربەی کات ڕەخنەیەکی سەرسەختی بۆچوونە باوەکانە و سەرەڕای ئەمەش هەوڵێکە بۆ سەلماندنی ئەوەی، کە ئەوەی بە (تێگەیشتنی باو)ی دادەنێین و بە تەواو و بێخەوشی دادەنێین لە ڕاستیدا بنیاتێکی مێژووییە، تیۆرێکی تایبەت، کە ئێتر وەها بە ئاسایی بەلامانەوە دەردەکەوێت، کە تەنانەت لەسەر شێوە و شێوازی تیۆریش نایبینین .تیۆر، کە

---

[1]. لە فارسیدا عقل سلیم و لە عەرەبیشدا (حس السليم)ی بۆ بەکاردێت، کە هەردووکیان وەرگیراوییCOMMON SENSE ی ئینگلیزین و ئەو واتایە دەگەیەنن، کە مرۆڤی ئاسایی چۆن لە شتەکە دەگات و لە زمانی کوردیدا تێگەیشتنی باوی بۆ بەکاردێت. و.کوردی.

ڕەخنەی تێگەیشتنی باوە و دۆزەرەوەی ئەو چەمکانەیە، کە جێگرەوەن، وەستاوەتە سەر گفتوگۆکاری لەبارەی بنچینەییترین پێشینە و گریمانەکان لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا، هەژاندن و لەرزاندنی ئەو شتەی، کە واپێدەچێت بە تەواو و بێخەوش دانراوە: واتا چییە؟ نووسەر چییە؟ خوێندنەوە چییە؟ من یا ئەو کەسەی کە دەنوسێت، دەخوێنێتەوە، یا کار دەکات چییە؟ چۆن دەقەکان پەیوەست دەبن لەگەڵ ئەو بارودۆخانەی کە تێیدا دێنەکایەوە؟

دەکرێت چ نموونەیەک بۆ(تیۆر) بخرێتەڕوو؟ واباشترە لەبری قسەکردنی گشتی دەربارەی تیۆر ڕاستەوڕاست بڕۆین بۆ چەند نووسینێکی سەخت و دژواری دوو لە ناوادارترین تیۆریستان تا ببینین چ شتێکمان دەستدەکەوێت. من دوو بابەتی پێوەست پێکەوە، بەڵام دژیەک دەخەمەڕوو، کە تیایاندا ئەو بیرۆکە و بۆچوونانەی دەربارەی (سێکس)، (نووسین)، (ئەزموون) لەسەر تێگەیشتنی باو بنیاتنراون ڕەخنەیان لێگیراوە.

## فۆکۆ سەبارەت بە سێکس

میشێل فۆکۆ لێکۆڵەری فەڕەنسیی مێژووی بیر لە کتێبەکەیدا(مێژووی سێکسواڵیتە) بە وتەی خۆی هەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوە و باسکردنی(گریمانەی سەرکوتکاری): ئەم بۆچوونە باوەی کە سێکس شتێکە کە سەردەمەکانی پێشووتر بە تایبەت سەدەی نۆزدەیەم سەرکوتی کردووە و سەردەمی

نویَ جەنگاوە تا ئازادی بکات. بە گوتەی فۆکۆ(سێکس) نەک تەنیا شتیکی سروشتی نەبووە، کە سەرکوتکراوە، لە ڕاستیدا بیرۆکەیەکی ئاڵۆزە، کە جۆر و بەشەکانی نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، پشکنینەکان، قسە و نووسینەکان بەرهەمیان هێناوە. بە کورتی (گوتارەکان)یا(پڕاکتیزەکارییە گوتارییەکان= مەشقە گوتارییەکان) کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا پێکەوە کۆبوونەوە و سێکسیان بەرهەم هێنا. تەوای جۆر و بەشەکانی قسەکان- قسەکانی پزیشکان، پیاوانی ئایینی، ڕۆمان نووسان، دەروونناسان، ڕەوشتگەراکان، تویژەرانی کۆمەڵایەتی، سیاسەتمەداران- کە ئێمە بە سەرکوتکردنی هەستی سێکسی دەیانبەستینەوە لە ڕاستیدا بە ڕێگەی جۆراوجۆر شتێکیان هێناوەتەکایەوە، کە ئێمە(سێکس)ی پێدەڵێین. فۆکۆ دەنووسێت: (چەمکی سێکس ئەم توانستەی فەراهەم کرد، کە ڕەگەزەکانی توێکاری، ئەرکە بیۆلۆژییەکان، هەڵسوکەوتەکان، هەستەکان، چێژەکان لە یەکێتییەکی دروستکراودا پێکەوە کۆببنەوە و ئەو توانایەیدا بە مرۆڤەکان تاوەکو لەم یەکێتییە دروستکراوە وەکو بنەڕەتێکی هۆکاری و واتایەکی هەمەگیر و نهێنییەک، کە پێویستە لە هەموو شوێنێک بدۆزرێتەوە سوود وەربگرن) فۆکۆ ڕەتکەرەوەی کردارە جەستەییەکانی پەیوەندی سێکسی یا ڕەگەزی بیۆلۆژی و ئەندامە سێکسییەکانی مرۆڤ نییە، ئەو بانگەشەی ئەوە دەکا کە لە سەدەی نۆزدەیەم ڕێگەگەلێکی نوێ دۆزرانەوە تا جۆر و بەشەکانی شتە شاراوە لێک

جیاوازەکان لەژێر سەقفی وتارێک(سێکس)کۆببنەوە: چەند کردارێکی تایبەت کە ئێمە پێیاندەڵێین سێکسی، جیاوازییە بیۆلۆژییەکان، ئەندامەکانی جەستە، کاردانەوە دەروونییەکان و گرنگتر لە هەموویانیش واتای کۆمەڵایەتی.

شێوازی قسەکردنی مرۆڤەکان دەربارەی ئەم هەڵسوکەوتانە، ئەم هەستانە و ئەرکە بیۆلۆژییەکان و شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵیاندا شتێکی جیاوازی دروستکرد ، یەکێتییەکی دەستکرد و دروستکراوی بەناوی(سێکس) هێنایە کایەوە، کە پاشتر بە ڕەگەزی بنەڕەتی ناسنامەی تاک ناوزەند کرا، پاش ئەمە وەرچەرخانێکی گرنگ ڕوویدا و هەمان ئەو شتەی، کە ناوی(سێکس)ی وەرگرتبوو بە هۆکاری جۆرەها دیاردە دانرا،کە پێکەوە کۆببونەوە تا ئەم بیرە بخولقێنن. ئەم پرۆسەیە گرنگییەکی تازە و ڕۆڵێکی تازەی بە هەستی سێکسی بەخشی و بووە هۆیەک تا سێکسواڵیتە ببێتە نهێنی سروشتی تاکەکەس. فۆکۆ کاتێک قسەمان لەبارەی گرنگی(ئارەزووی سێکسی) و (سروشتی سێکسی)بۆ دەکات وای دەخاتەڕوو، کە ئێمە بە خاڵێک گەیشتووین:

**پێشبینی ئەوە دەکەین بەهۆی شتێک لێمان تێبگەن و دەرکەوین کە چەندین سەدە بە شێتی دادەنرا... ناسنامەمان لەڕێگەی شتێک بەدەست بێنین کە بە ئارەزوویێکی بێناونیشان هەژمار دەکرا، گرنگی و بەهایەک، کە بۆی دادەنێین، ترسێکی ئاوێتە بە ڕێزگرتن**

**که بەدەورییەوە دەخولێینەوە، ڕەنج و زەحمەتییەک، کە بۆ ناسینی دەیکێشین هەمووی لەم ڕووەوەیە، ئەوەی بەدرێژایی سەدەکان بۆتە شتێکی گرنگتر لە ڕۆحمان هەر لەم لایەنەوەیە.**

نموونەیەک لەو پرۆسەیەی، کە سێکسی بۆ نهێنی بوونی تاکەکەس و بۆ سەرچاوەی بنەڕەتی ناسنامەی تاکەکەس گۆڕی داهێنان و پەیدابوونی (هاوڕەگەزخواز)ە وەکو چینێک[تایپێک] کە یەکێکە لە (جۆرەکانی بوونەوەران) لە سەدەی نۆزدەیەم. لە قۆناغەکانی پێش ئەوە کرداری پەیوەندی سێکسی لەنێوان کەسانێک، کە سەر بە یەک ڕەگەز بوون تووشی لەکە و بەدناوییەکی زۆر دەبوویەوە(بۆنموونە نێربازی) بەڵام لەم سەردەمەدا ئیتر ئەم کردەوانە بە کۆمەڵە کردارێک وەکو قەیرانێکی پێوەست بە ناسنامە سەیری نەدەکرا ، کێشەکە ئیتر ئەوە نەبوو، کە کەسەکە تووشی چەند کارێکی قەدەغەکراو بۆتەوە، بەڵکو ئەمە بوو، کە کەسەکە(هاوڕەگەزخوازە). فۆکۆ دەنووسێت نێربازی پرۆسەیەک بوو، بەڵام(لەم سەردەمدا کەسی هاوڕەگەزخواز ببووە یەکێک لە جۆرەکانی بوونەوەران). پێشووتر گفتوگۆی کردە و پڕۆسە هاوڕەگەزخوازییەکان لەئارادابوو، کە دەکرا کەسانێک ئەنجامیان بدەن، لەم سەردەمەدا مەسەلەکە لەڕاستیدا مەسەلەی بوونێک یا جەوهەری سێکسی بوو، کە

ئەسڵەن بە دیاریکەری بوونی تاکەکەس دادەنرا: ئایا ئەم کەسە هاوڕگەزخوازە؟

بەپێی ڕاڤەی فۆکۆ گوتارەکانی پەیوەست بە دابونەریت و سیستمە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان – شێوازی مامەڵەکردنی پزیشکان، کەسانی ئایینی، دامودەزگاکانی حکومەت، توێژەرانی کۆمەڵایەتی و تەنانەت ڕۆماننووسان،کە بەپێی پێناسەی ئەوان سێکسین- سێکس دەخولقێنن، بەڵام ئەم گوتارانە سێکس وەکو شتێکی لەپێشتر و سەروتر لە خودی گوتارەکان نیشاندەدەن. بیرمەندانی مۆدێرنیش زۆربەیان ئەم وێنەیان پەسەند کردووەو ئەم وتار و دابونەریتە کۆمەڵایەتییانەیان تۆمەتبارکردووە بەوەی، کە بەدوای ڕاوکردن و سەرکوتکردنی هەمان ڕەگەزەوە بوون، کە لە واقیعدا خۆیان بەدوای بەرهەمهێنان و خولقاندنیەوەن بەپێی شیکردنەوەی فۆکۆ ئەم پرۆسەیە پێچەوانە دەبێتەوە و سێکس وەک هۆیەک نا، بەڵکو وەکو ئەنجامێک لێیدەکۆڵدرێتەوە ؛ واتە بەرهەمی گوتارگەلێک، کە دەیانەوێ چالاکی مرۆڤەکان شیبکەنەوە و باسی بکەن و ڕێکی بخەن.

ڕاڤەی فۆکۆ نموونەیەکە لە مشتومڕێک، کە لە مێژووەوە سەرچاوەی گرتووەو گۆڕاوە بۆ (تیۆر)، لەبەرئەوەی کەسانیتر لە مەیدانەکانیتر ئیلهامیان لێوەرگرتووە و بەکاریان هێناوە. ئەم شیکردنەوەیە تیۆرێک نییە لەبارەی سێکسواڵیتە بە واتای کۆمەڵێک لە بنەڕەت و بنەمای چەسپاو، کە

بـانگەوازی گشـتگیریی بکـات، ئەو بانگەشـەیەی، کە دەیکـات ئەوەیە، کە پێکهـاتەی مێژووییێکـی تـایبەتی ڕاڤە کـردووە، بەڵام ئاشـکرایە، کە کـارەکەی چەنـد ئەنجـامێکی فراوانتـری هەیە، هانتـان دەدات لەسـەر ئەوەی بەچـاوی گومـان بـڕواننە ئەو شتانەی، کە بە سروشـتی و چەسپاو زانیوتـانە، واتە لە خۆت بپرسـیت، کە ناکرێـت بە پـێچەوانەوە بێـت؟ واتە ناشـیَ ئەو شـتانە لە بنەڕەتـدا گوتارەکـانی کەسـانی شـارەزا و بیـر و ڕامانەکانی وابەستە بە گوتارەکانی مەعریفەیەک، کە دەیانەوێ باسـی بـکەن و وەسـفی بـکەن، هێنابێتیـانە کـایەوە؟ بەپێـی بۆچـوونی فۆکـۆ هەوڵـدان بـۆ زانینـی حەقـیقەت دەربـارەی مرۆڤەکـانە وایکـردووە، کە(سـێکس)وەکو نهێنـی سروشـتی مرۆڤ بێتەکایەوە.

## جووڵەو بزاوتەکانی تیۆر

یەکێک لە تایبتمەندییەکانی بیرکردنەوەیەک، کە دەگۆڕێت بۆ تیۆر پێشنیازی(چەند جووڵە و بزاوتێک)ی سەرنجڕاکێشـە، کە مرۆڤەکان دەتوانن لەکاتی بیرکردنەوە لە بابەتەکانی دیکەوە سـوودیان لێـوەرگرن. یەکێـک لەم بزاوتـانە ئەم پێشـنیازەی فۆکـۆیە دەربـارەی ئەو هـاودژیە خـورتەکییەی نێـوان سێکسـوالێتەی سروشـتی و ئەو هێـزە کۆمەڵایەتییانەی(دەسەڵات)،کە سەرکوتی دەکەن، کە لەڕاستیدا واپێـدەچێت پێوەنـدییەکی ژێربەژێـرانە بێـت: هێـزە کۆمەڵایەتییەکـان شتێک(سـێکس)، کە لە ڕووکەشـدا بـۆ

جڵەوکردنی تێدەکۆشن دێننەکایەوە.بزاوتێکی دیکە- لەڕاستیدا دەسکەوتی ئێمە- ئەمەیە، کە بپرسین لە شاردنەوەی ئەم هاوبەشییەی نێوان دەسەڵات و سێکس، کە دەوترێت دەسەڵات سەرکوتی دەکات چ شتێک دەستەبەر دەبێت. کاتێک ئەم پێوەندییە دوولایەنە بە دژ سەیری دەکرێت و نەوەک پێوەندییەکی دوولایەنە چ شتێک ڕوودەدا؟ وەڵامی فۆکۆ ئەوەیە، کە بەم شێوەیە دەسەڵاتی سەراپایی هێز بەشاراوەیی دەمێنێتەوە: تاکەکەس وابیردەکاتەوە، کە بە بەرگریکردن لە سێکس لەبەرامبەر هێز تێکۆشانی کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بنەمای ئەو مەرجانەی، کە هێز داینـاوە کاردەکات. بە گوزارشتێکی دیکە لەبەرئەوەی وا دەردەکەوێت، کە ئەو شتەی ناونراوە بە (سێکس) لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتدایە- واتە شتێکە، کە هێزە کۆمەڵایەتییەکان بە توندی هەوڵدەدەن کۆنترۆڵی بکەن – دەسەڵات سنووردار دەردەکەوێت، کەواتە لەبنەڕەتیشدا بەو ئەندازانەی،کە وا بیرمان لێدەکردەوە دەسەڵاتدار نییە(ناتوانێت سێکس ڕاو بکات)، بەڵام لەڕاستیدا دەسەڵات هێزێکی سەراپایی و گشتگیری هەیە، لە هەموو شوێنێکدایە.

بە بۆچوونی فۆکۆ مرۆڤەکان دەسەڵات بەکارنابەن، بەڵکو(دەسەڵات/ مەعریفە)بەکاردەبەن: دەسەڵات لەسەر شێوەی مەعریفە یا مەعریفە وەکو دەسەڵات. ئەوەی بیری لێدەکەینەوە دەربارەی جیهان و دەیزانین- چوارچێوەی

تێگەیشتنێک،کە ئێمەیان ناچارکردووە وەک ئەو بیر لە جیهان بکەینەوە- دەسەڵاتێکی زۆر بەکار دێنێ. دەسەڵات/مەعریفە، بۆ نموونە بارودۆخێکی وای خولقاندووە، کە بتوانێ سێکستان بۆ پێناسە بکات. ژنێک کەسێک پێناسە دەکات، کە بۆ دەرکەوتن و خۆسەلماندنی خۆی وەکو کەسایەتییەک لەچوارچێوەی پیوەندییە سێکسییەکەی لەگەڵ پیاوێکدا پێشان دەدات. هەروەها ئەم بۆچوونەی، کە دەڵێت سێکس لەدەرەوەی دەسەڵاتە و دژی دەوەستێت ئەوە دەستێوەردانی دەسەڵات/ مەعریفە دەشارێتەوە.

لێرەدا چەند خاڵێکی گرنگ دەربارەی نموونەی تیۆر هەن، کە پێویستە ئاوڕیان لیبدرێتەوە و باسیان بکرێت. ئەو تیۆرەی، کە فۆکۆ لێرەدا خستویەتیەڕوو شیکردنەوەی چەمکێکە، بەڵام لە کرۆکدا لە خودی خۆیدا گومانکردیشە، بەو واتایەی، کە هیچ بەڵگە و دۆکیۆمێنێک، کە شیاوی دەرخستن بێت بوونی نییە تا راستی و دروستیی ئەم گریمانەیە دەربارەی سێکسواڵیتە بسەلمێنێت. (بەلگەیەکی زۆر هەن، کە ڕاڤەکەی ئەو بە ڕاڤەیەکی ماقووڵ دەزانن، بەڵام ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی یەکلاییکەرەوە و ڕەها بۆ سەلماندنی دروستییەکەی بوونی نییە). فۆکۆ ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە بە ڕەخنەی (ڕەچەڵەکناسی= جینالۆژی) ناودەبات: ئاشکراکردنی ئەوەی، کە چۆن پراکتیزە گوتارییەکان گوتاری بەڕواڵەت خودی وەکو(سێکس) دێننەکایەوە. ئەم جۆرە ڕەخنەیە

هەوڵنادات تا پێمان بڵێت سێکس لە واقیعدا چییە، بەڵکو دەیەوێ ئەوە نیشان بدات، کە ئەم چەمکە چۆن هاتۆتەکایەوە.هەروەها تێبینی ئەوە بکەن، کە فۆکۆ لێرەدا ئەسڵەن قسە لەبارەی ئەدەبەوە ناکات، هەرچەندە وەکو بینیمان تیۆرەکەی بۆ کەسانێک،کە دەیانەوێ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بکەن زۆر سەرنجڕاکێش بووە. ئەمەش بۆ شتێک دەگەڕێتەوە، کە ئەدەب دەربارەی سێکسە، ئەدەبیات یەکێکە لەو شوێنانەی، کە ئەم بیرۆکەی سێکسە لەوێدا دروست بووە، شوێنێک، کە تێیدا ئەم بیرۆکەیە برەوی پێدەدرێت، کە قووڵترین ناسنامەی مرۆڤەکان پەیوەست دەبن بەم جۆرە ئارەزووە، کە بەهۆیەوە مرۆڤ بەرامبەر مرۆڤێکی دیکەوە هەستی پێدەکات. شیکردنەوەکەی فۆکۆ هەم بۆ ئەوانەی، کە لە ڕۆمان دەکۆڵنەوە و هەم ئەوانەشی، کە لەڕووی هاوڕەگەزخوازی پیاو و ژن و بەشێوەیەکی گشتی بە لێکۆڵینەوە جێندەرییەکانەوە سەرقاڵن گرنگی خۆی هەبووە. فۆکۆ زیاتر لە هەر شتێک بە هۆی داهێنانی کەلوپەلە مێژووییە نوێکان کارتێکەر بووە و کاریگەری خۆی نواندووە: چەند شتێکی وەک (سێکس)، (سزاکان) و (شێتی)، کە پێشتر وابیرمان نەدەکردەوە مێژوویی بن. لە بەرهەمەکانی ئەودا ئەم شتانە وەکو بونیاتە مێژووییەکان لێیان دەکۆڵدرێتەوە و لەبەرئەوە هانمان دەدات تا وردبینەوە لەوەی،کە پراکتیزە گوتارییەکانی قۆناغێک لە نموونەی ئەدەبیات ڕەنگە ئەو

شتانەیان دروست کردبێت، کە ئێمە بە بێخەوش و تەواومان زانیوە.

## دریدا سەبارەت بە نووسین

واچاکە دووەمین نموونەی(تیۆر) – کە بە ئەندازەی چاوخشاندنەوەکەی فۆکۆ بە مێژووی سێکسوالێتە کاریگەری خۆی هەبووە وەربگرین،کە چەند تایبەتمەندییەکی تێدا هەیەو چەند جیاوازییەک لە کرۆکی (تیۆر)دا دەخاتەڕوو،کە فەیلەسووفی هاوچەرخی فەرەنسی ژاک دریدا سەبارەت بە گفتوگۆکردن دەربارەی نووسین و ئەزموون لە (دانپێدانانەکان)ی ژان ژاکدا ئەنجامیداوە. ڕۆسۆ نووسەری سەدەی هەژدەیەمی فەرەنسایە، کە بە باوەڕی زۆر کەس یارمەتیدەر بووە بۆ هێنانەکایەوەی بیرۆکەی (منی تاکەکەس)، بەڵام سەرەتا واچاکە کەمێک باسی پاشخانە فیکرییەکە بکەین. فەلسەفەی ڕۆژئاوا بەشێوەیەکی ئاسایی باوەڕی بە جیاوازی نێوان(واقیعییەت) و (شێوە= ڕواڵەت) هەبووە، واتە جیاوازی خودی کەلوپەلەکان لە نواندن و خۆنیشاندانیاندا، جیاوازی بیریش لەو نیشانانەی، کە دەریدەخەن یا گوزارشتی لێدەکەن. نیشانەکان یا نواندنەکان لەم ڕوانگەوە جگە لە ڕێگەیەک بۆ گەیشتن بە واقیعییەت هیچ نین، حەقیقەت یا بیرۆکەکان، پێویستە تا ئەندازەیەکی زۆر ڕوون بن، نابێت بێزارکەر بن، نابێت کاریگەری بخەنە سەر فیکر یا ئەو حەقیقەتەی، کە دەینوێنن و نیشانی دەدەنەوە یا ببنە مایەی تێکدانی، لەم

چوارچێـــوەیە فیکـــرییەدا گوتـــار(گوتن) بە ڕاســـتەوخۆترین ڕەنگدانەوە یا ئامادەیی بیر دانراوە، بەرامبەر بەمە نووسین لە نائامادەیی قسەکەردا کار دەکات، وەکو نواندنێکی دەستکردی و وەرگێـراو لە گـوتن سـەیری کـراوە، وەکـو نیشـانەیەکی[٢] شاراوەی سەرلێشێوێنەری نیشانەیەک دانراوە.

ڕۆسـۆش کاتێـک دەنووسـێت: (زمانەکـان بـۆ قسـەکردن دروست بوون، نووسین تەنیا ڕۆڵی تەواوکەری گوتنی هەیە) پێڕەوی هەمان نەریت دەکات، نەریتێک، کە بۆتە بەشێک لە تێگەیشتنی باو. لێرەوە دریدا خۆ لە بابەتەکە هەڵدەقورتێنێت و دەپرسـێت: (تەواوکەر واتـا چـی؟) لە فەرهەنگی وێبستەر لە پێناسەی تەواوکەردا وا هاتووە: (شتێک،کە شتێکی دیکە تەواو بکات یا زیادەی بخاتە سەر). ئایا نووسین بە هێنانەکایەوەی شتێکی گرنگ، کە جێگەی بۆش و بەتاڵە گوتن تەواو دەکات، یا شتێک زیاد دەکات، کە گوتن بەبێ ئەوەش کارەکەی بەبێ کەموکوڕی ئەنجام دەدات؟ ڕۆسۆ چەند جارێک نووسین بە زیـادەیەکی تەواو، ئیزافەیـەکی ناپێویسـت و تەنـانەت بە (نەخۆشییەکانی گوتن)یش وەسف دەکات: نووسین پێکهاتووە لە چەند نیشانەیەک،کە توانای هەڵە تێگەیشتن دێننە ناوەوە، چـونکە لە نائامـادەیی قسـەکەردا دەخوێنـدرێنەوە، کە خـۆی ئامادە نییە تا ڕوونی بکاتەوە یا ڕاستی بکاتەوە، بەڵام وێڕای

---

[٢]. ئاماژە.

ئەوەی ڕۆسۆ نووسین بە ئیزافەیەکی ناپێویست دادەنێت لە بەرهەمەکانیدا نووسین وەکو شتێکی تەواوکەر یا قەرەبووکەرەوەی کەموکوڕییەک لە گوتن دەخاتەڕوو: چەند جارێک نووسین دێنێتەناوەوە تا کێماسییەکانی گوتن بۆ نموونە ئەگەری هەڵە تێگەیشتن پڕ بکاتەوە، بۆ نموونە ڕۆسۆ لە دانپێدانانەکانی خۆیدا، کە دەسپێکی بیرۆکەی (من) وەکو واقیعیەتێکی (ناخەکی)یە،کە بۆ کۆمەڵ شتێکی نەناسراوە، ئەو دەنووسێت، کە پلانی داناوە دانپێدانانەکانی خۆی بنووسێت و خۆی لە چاوی کۆمەڵ بشارێتەوە، چونکە لە کۆمەڵگای خۆیدا(نەک تەنیا لە بارودۆخێکی لاوازتر، بەڵکو بەشێوەیەکی تەواو جیاواز لەوەی، کە هەم (نیشان دەدەم) ...ئەگەر خۆم لێردە ئامادەییم دەبوو خەڵک هەرگیز نەیاندەناسیم)، کەواتە بەبۆچوونی ڕۆسۆ منی ناخەکی (ڕاستەقینە)ی ئەو جیاوازە لەو منەی، کە لە گفتوگۆکانی لەگەڵ کەسانیتردا دەردەکەوێت و ئەو بۆ تەواوکردنی نیشانە گومڕاکەرەکانی گوتنەکەی پێویستی بە نووسین هەیە. وا دەردەکەوێت، کە نووسین گرنگی هەیە، چونکە ئێستا گوتن خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانەیە، کە پێشتر دەخرایەپاڵ نووسین: گوتن وەکو نووسین پێکهاتووە لە چەندین نیشانە، کە ڕوون نین و ڕاستەوخۆ ئەو واتایە ناگوازنەوە،کە قسەکەر مەبەستی بووە، بەڵکو پێویستییان بە راڤە هەیە.

نووسین تەواوکەری گوتنە، بەڵام گوتنیش خۆی لە بنەڕەتدا تەواوکەرە: ڕۆسـۆ دەنوسـێت، کە منـداڵان بە خێرایـی ئەوە فێـردەبن، کە بە سـوود وەرگـرتن لە گـوتن(لاوازی خۆیـان قەرەبـوو بـکەنەوە... چـونکە بەبـێ ئەزمـوونێکی ئەوتـۆیش دەتوانرێـت درک بەوە بکرێـت کـارکردن بەهـۆی کەسـانیتر و بەجووڵەخسـتنی جیهـان تەنیـا بەهـۆی جـووڵەپێکردنی زمـان چەنـدە چێژبەخشـە). دریـدا لە بـزاوت و گواسـتنەوەیەک کە لایەنێکی دیار و بەرچاوی تیۆرە، ئەم بارودۆخە تایبەتە وەکو نموونەی بونیاتێکی هـاوبەش یا لۆژیکێک وەردەگرێت و لێی دەکۆڵێتەوە: (لۆژیکی تەواوکەری بوون= خستنەسـەر)ێک، کە ئەو لە بەرهەمەکـانی ڕۆسـۆدا دۆزیـویەتییەوە. ئەم لـۆژیکە بونیـاتێکە، کە تێیدا شـتێکن کە تەواودەکرێـت(گوتن) پێویسـتی تەواوکردنـی تێدا دەردەکەوێـت، چـونکە وا دەردەکـەوێت، کە خـاوەنی هەمـان ئەو تایبەتمەندییانەیە، کە لەبنەڕەتدا وا بیری لێـــدەکرێتەوە، کە تەنیـــا تایبەتمەنـــدی جیـــاکەرەوەی تەواوکاری(نووسین)ە. هەوڵدەدەم ئەمە ڕوون بکەمەوە:

ڕۆسـۆ پێویسـتی بە نووسـین هەیە، چـونکە گـوتن بە هەڵە لێکـدەدرێتەوە، گشـتیتر بڵێـین پێویسـتی بە نیشـانەکان هەیە، چـونکە خـودی کەلوپەلەکـان لە خـودی خۆیانـدا بەس نـین. ڕۆسـۆ لە دانپێـدانانەکان عیشـقی خـۆی لە هەرزەکـاری بـۆ خاتوو دو وارن باس دەکات، کە ڕۆسۆ لە ماڵەکەیدا دەژیا و بە دایە بانگی دەکرد:

ئەگەر بمەوێ بە وردی باسی ئەوە بکەم، کە بیرکەوتنەوەی دایەی شیرینم لە سەردەمێکدا، کە ئیتر لەلای ئەو نەبووم منی بەرەو چ کارێکی شێتانە پەلکێش دەکرد ئەوا کۆتایی نایەت، ، کاتێک ئەوەم دەهێناوە یادم، کە لەسەریدا خەوتووە، هەزاران جار تەختەخەوەکەم ماچ دەکرد، پەردەکان و هەموو کەلوپەلەکانی ژوورەکەم لەبەرئەوەی پەیوەست بوون بەوەوە و دەستە نازکەکانی بەری کەوتبوون ماچ دەکرد ، تەنانەت خۆم دەخستە سەر ئەرزی ژوورەکەی خۆم، چونکە وا بیرم دەکردەوە، کە ئەو بەسەریدا ڕۆیشتووە.

ئەم کەلوپە جیاوازانە لە نائامادەیی ئەودا وەکو تەواوکەر یا جێنشینی ئامادەیی ئەودا کاردەکەن، بەڵام پاشان دەبینین، کە تەنانەت لە ئامادەیی ئەودا ئەم بونیاتە ، ئەم پێویستییە بۆ تەواوبوون بەردەوامی دەبێت. ڕۆسۆ لە درێژەی بابەتەکەدا دەنووسێت: هەندێجار تەنانەت لە ئامادەیی ئەودا دەستم بۆ کاری وەها نامۆ دەبرد، کە تەنیا سۆزناکترین جۆری عیشق لەتوانایدا بوو ئەو شتانە بوروژێنێت. ڕۆژێک لەسەر مێزی خواردن لەو کاتەی، کە تازە پاروە نانێکی خستبووە دەمییەوە لەناکاو گوتم، کە موییێکم لە پارووەکەیدا بینیووە. دووبارە پارووەکەی خستەوە ناو قاپەکەی ، بە تامەزرۆییەوە هەڵمگرت و قوتمدا.

لە نائامادەیی ئەودا، لەو کاتەی، کە ڕۆسۆ ناچارە قەناعەت بە جێگرەوە یا نیشانەیەک بکات، کە بیرهێنەرەوەی ئەون لە

سـەرەتادا  لەگەڵ ئامـادەیی ئەودا ڕووبەڕوو دەکـرێنەوە، واتە لەبەرامبەر ئامادەیی ئەودا دادەنرێن، بەڵام دواتر دەبینین، کە ئامــادەیی ئەو چرکەســاتی وەدیهــاتن نیــیە، یــا چرکەســاتی دەستگەیشتی ڕاستەوخۆی بە خودی شتەکە بەبێ پێویستی بە بە تەواوکاری یا نیشانەکان نییە و لە ئامادەیی ئەویشدا ئەو بونیاتەی پێویستی بە تەواوکارییە هەمان ئەوەیە، کە هەبوو. ڕووداوی ترســناکی قوتــدانی خواردنێــک، کە ئەو لە دەمیــدا فڕێیــــــــداوەتە دەرەوە هەر لەم ڕووەوەیە، کە ڕوودەدات و دەتوانرێــت زنجیــرەی جێگرەوەکــان بەردەوامــی پێبــدرێت، تەنــانەت ئەگەر ڕۆســۆ ســەردەمێک بیتوانیبــوایە ئەو بکــات بە(مــوڵکی خــۆی) هەمدیســان وا هەســتیدەکرد، کە لە چنگــی هەڵدێت، تەنیا دەتوانرێت لە چاوەڕوانی وەسڵی دا بێت یا ئەم پێکگەیشتنە بهێنرێتەوە یاد و خودی(دایە) جێگرەوەی دایکێکە، کە ڕۆسـۆ هەرگیـز نەیبینیـوە- دایکێـک، کە هەمدیسـان ئەگەر هەبــوایە بەس نەبــوو و وەکــو گشــت دایکــان نەیــدەتوانی ڕەزامەنـــدی تەواو پەیـــدابکات و پێویســـتی بە چەنـــد تەواوکارییەک هەبوو.

دریــدا دەنووســێت: (لەڕێــگەی ئەم زنجیــرە لە زنجیــرەی تەواوکارییەکانــدا  یاســایەک دەردەکەوێــت: یاســای زنجیــرە پەیوەست بەیەکە بێکۆتاکان، لە کاری زێدەکردنی بەردەوامی ئامراز و نێوەندە تەواوکارییەکاندا، کە هەستی هەمان ئەو شتە دەهێننەکــایەوە، کە تەگەرەی تێــدەخەن و دوایــدەخەن: واتە

کارتێکردنی خودی ئەو شتە دەهێننەکایەوە، کارتێکردنی ئامادەیی بێ نێوەند، یان هەمان ئەو ئیدراکەی، کە سەرچاوە بووە. بێنێوەندی هەڵدەهێنجرێت، هەموو شت لەگەڵ نێوەندەکاندا دەسپێدەکات، ئەم نیشانانە یا تەواوکردنانە لە واقیعدا ئەم هەستە دەهێننەکایەوە، کە شتێکی(وەکو دایک)بۆ بەدەستهێنان بوونی هەیە، دواجار تێیدەگەین، کە بیرۆکەی شتی ڕەسەن کۆپییەکان دێنێتەکایەوە و ئەو شتە ئەسڵییە هەمیشە تەگەرەی تێدەکەوێت و دوادەخرێت و وابڕیار نییە هەرگیز وەچنگ بکەوێت. لە ئەنجامدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە بۆچوونی بونیاتنراومان لەسەر تێگەیشتنی باو وەکو شتێک، کە بوونی هەیە و بۆچوونمان دەربارەی شتێکی ڕەسەن وەکو شتێک، کە سەردەمێک بوونی هەبووە بۆچوونێکی سست و فشەڵە: ئەزموون هەمیشە پێویستی بە نێوەندگیری نیشانەکان هەیە و شتی ڕەسەن(ئۆرژینال) لەسەر شکڵ و شێوەی بەرهەمی نیشانەکان و تەواوکردنەکاندا دێتەکایەوە ).

بەبۆچوونی دریدا ئەوەی لە دەقەکانی ڕۆسۆدا هەروەک زۆرێک لە دەقەکانی دیکە دەخرێتەڕوو ئەوەیە، کە لەبری ئەوەی ژیان بە شتێک دابنێین، کە نیشانە و دەقەکان دەخرێنەسەری تا دەریبخەنەوە و نیشانی بدەنەوە پێویستە ژیان لێوانلێو لە نیشانەکان دابنێین، کە پڕۆسەکانی دەلالەت وایان لێکردووە. ڕەنگە نووسینەکان بانگەوازی ئەوە بکەن، کە واقیعییەت لەپێش دەلالەتەوەیە، بەڵام لە واقیعدا ئەوە

نیشاندەدەن، کە بەپێی گوزارشتە بەناوبانگەکەی دریدا (شتێک لەدەرەوەی دەق بوونی نییە= Il nya pas de hors- texte) تەنیا دەقێکی دیکە، نیشانەگەلێکی دیکە، زنجیرە تەواوکارییەکانی دیکەیە. دریدا دەنووسێت:

ئەوەی ئێمە هەوڵمانداوە تا بەدوای سەرەداوی پەیوەست بە (تەواوکردنی ترسناک) نیشانی بدەین ئەوەیە، کە ئەوەی لە ژیانی واقیعی ئەم بوونەوەرانەی، کە بە خاوەن (گۆشت و خوێن)یان ناودەبەین... هەرگیز شتێک بێجگە لە نووسین نەبووە ، هەرگیز شتێک نەبووە جگە لە تەواوکردنەکان و دەلالەتە شوێنگرەوەکان، کە بەتەواوەتی دەتوانن لە زنجیرەیەکی پێوەندی جیاوازدا دەرکەون... و ئا بەم شێوەیە تا ناکۆتاییبوون، چونکە لە دەقدا وامان خوێندۆتەوە، کە ئەو ئامادە ڕەهایە، سروشت، شتێک، کە بە وشەگەلێکی وەک(دایکی واقیعی) و ئیتریش ناوی دەنێین، هەمیشە پێشوەختە لەبەردەسمان هەڵاتووە، هەرگیز بوونی نەبووە و وامان خوێندۆتەوە، کە دەسپێکی واتا و زمانی نووسین وەکو دیارنەمانی ئامادەیی سروشتی وایە.

مەبەست ئەوە نییە،کە ئامادەیی(دایک) یا نائامادەیی ئەو یا ڕووداوێکی(واقیعی) و ڕوداوێکی چیرۆکی جیاوازییان لەگەڵ یەکدا نییە. کێشەکە ئەوەیە، کە ئامادەیی ئەو لەسەر شێوەی جۆرێکی تایبەتی نائامادەییدا دەردەکەوێت، کە دیسان پێویستی بە نێوەند و تەواوکەرەکانەوە هەیە.

## لەم نموونانەوە چ شتێک تێدەگەین

فۆکۆ و دریدا و زۆربەی کات پێکەوە لە گروپی (**پاش بونیادگەرەکان**)دا دادەنرێن، بەڵام ئەم دوو نموونەی(تیۆر) جیاوازی بەرچاویان لەگەڵ یەکدا هەیە.

تیۆری دریدا خوێندنەوە یا ڕاڤەکارییەک بۆ دەقەکان بەدەستەوە دەدات و لە دەقدا لۆژیکێک لە کارەکەدا دەبینێت ، بانگەشەی فۆکۆ لەسەر دەقەکان بونیات نەنراوە- لە ڕاستیدا کەمی دۆکیۆمێنت یا ئەو گوتارە فیعلییانەی، کە دەیانهێنێتەوە سەرسوڕهێنەرە- ئەو لەبەرامبەردا چوارچێوەیەکی گشتی بۆ بیرکردنەوە دەربارەی دەق و گوتارەکان بەشێوەیەکی گشتی دەخاتەڕوو. ڕاڤەی دریدا ئەوە دەردەخات، کە خودی بەرهەمە ئەدەبییەکان وەکو (**دانپێدانانەکان**)ی **ڕۆسۆ** تا چ ئەندازە و پلەیەک تیۆرین: چەند گفتوگۆیەکی ڕاستەوڕاستی زەینی دەربارەی نووسین، ئارەزوو و جێگرتنەوە یا تەواوکردن دەخاتەڕوو و بە ڕێگەیەک،کە خۆی بە ئاشکرا ڕوونی ناکاتەوە، ڕێنماییمان دەکات، کە چۆن دەربارەی ئەم بابەتانە بیر بکەینەوە، بەڵام **فۆکۆ** نایەوێت ئەوەمان نیشان بدات، کە دەقەکان تا چ ئەندازەیەک قوڵبوونەوە و داناییان تێدایە، ئەو دەیەوێت ئەوەمان نیشان بدات، کە گوتاری پزیشکان، زانایان، ڕۆماننووسان و کەسانی دیکە تا چ ئەندازەیەک لە داهێنانی شتگەلێک بەشدارن،کە خۆیان بانگەوازی ئەوە دەکەن، کە تەنیا خەریکن شیکردنەوەیان بۆ دەکەن. دریدا ئەوەمان نیشان

دەدات، کە بەرهەمە ئەدەبییەکـــان تـــا چ ئەنـــدازە و پـــایەیەک تیـــۆرین، فۆکـــۆ ئەوەمـــان نیشـــان دەدات، کە گوتـــارە مەعریفییەکان تا چ پلەیەک دەتوانن بئافرێنن و بەرهەم بێنن.

سەرەڕای ئەمەش، لە بانگەشەکانیان و لەو پرسیارانەی، کە بەشوێنکەوتنی ئەوان دێنە پێشـەوە چەند جیاوازییەک بوونی هەیە. دریـدا لەو بـاوەڕەدایە ئەوەمـان پـێ نیشـان دەدات، کە دەقەکـانی ڕۆسـۆ چـی دەڵـێن یـا چیمـان پـێ نیشـاندەدەن، لەبەرئەوە ئەم پرسـیارە دێتەپێشـەوە، کە ئەوەی دەقەکـانی ڕۆسـۆ دەیڵـێن حەقیقەتیـان هەیە یـا نـا. فۆکـۆ پێیـوایە، کە چرکەسـاتێکی مێژوویـی تـایبەت ڕاڤە دەکـات، کەواتە ئەو پرسیارەی،کە دێتە پێشەوە ئەمەیە، کە گشتاندنە بەربڵاوەکانی ئەو ئایـا لە کـات و شـوێنەکانیتریش بە بەهێـزی خۆیـان دەمێنـــنەوە یـــان نـــا، بەڵام خســـتنەڕووی پرســـیاری شوێنکەوتوانەی وەک ئەمانە خۆی لەخۆیدا بەو واتایە دێت، کە ئـێمەش چـوینەتە نـاو مەیـدانی(تیۆر)ەوە و پڕاکتیـزەی دەکەین.

هەردوو نمـوونەکەی تیـۆر ئەوە نیشـان دەدەن، کە تیـۆر پێویسـتی بە پڕۆسـەیەکی زەینیـیە: شـیکردنەوەی ئـارەزوو، زمـان و هیتـر، کە داخـوازی ململانـێ و بەرەنگـاربوونەوەی بیرۆکەگەلـی قبـوڵکراو دەکەن (ئەوە شـتە سروشـتیەی، کە بە نـاوی (سـێکس)ەوە بوونی هەیە ، ئەو نیشـانانەی واقیعیەتێکی پێشـوەختە و لەپێشـدا هەبـوو دەنـوێنن و نیشـان دەدەن) بەم

کاره مرۆڤ دەوروژێنن تا دەربارەی بابەتگەلێک، کە لە قاڵبی ئەواندا ڕەنگە دەربارەی ئەدەب ڕامێنێت دوبارە بیربکاتەوە. ئەم نموونانە هێزی بزوێنەی سەرەکی لە تیۆرە نوێکاندا نیشان دەدەن، ڕەخنەگرتنە لە هەمان ئەو شتەی، کە بە سروشتی و ئاسایی هەژمار دەکرێت، سەلماندنی ئەوەی، کە ئەو شتەی وەکو شتێکی سروشتی بیری لێکراوەتەوە یا ڕاگەیەنراوە لە ڕاستیدا بەرهەمێکی مێژووییە، بەرهەمێکی کلتورییە. بە نموونەی جیاواز دەتوانرێت ئەم ڕووداوە درک بکرێت: کاتێک ئارتا فرانکلین لە گۆرانییەکەیدا دەڵێت: (کارێک دەکەی وەکو ژنێکی سروشتی هەست بە خۆم بکەم ) وا دێتەبەر چاو لەوەی کە ئەو ژنە لە هەڵسوکەوتی پیاوێک لەگەڵیدا، کە جەختی لە ناسنامەی سێکسی(سروشتی)ئەو کردۆتەوە خۆشحاڵە، بەڵام پێکهاتەی ڕیزبوونی ڕستەکەی ئەو: (کارێک دەکەی **وەکو** ژنێکی سروشتی هەست بە خۆم بکەم) باس لەمە دەکات، کە ئەم ناسنامە بەڕواڵەت سروشتییە یا دیاریکراوە[لەلایەن کەسانیکی دیکەوە پێیدراوە] ڕۆڵێکی کلتورییە، بەرهەمێکە، کە لەناو کلتوردا بەرهەم هاتووە و دروستکراوە: ئەو(ژنێکی سروشتی)نییە، بەڵام دەبێت کارێک بکرێت، کە وابکات وەکو ژنێکی سروشتی هەست بەخۆی بکات. ژنێکی سروشتی بەرهەمی کلتورییە.

تیۆر پرس و بەدواداچوونی هاوشێوەی ئەمە دەخاتەڕوو، ئایا پاراستنی ڕێکخستن و دامەزراوە کۆمەڵایەتییە بەڕووکەش

سروشـــتی و هەروەهـــا داب و نەریتەکـــانی بیرکـــردنەوەی کۆمەڵگایەک بەرهەمی پەیوەندییە ئابورییەکانی ژێرخان و ئەو ململانێـــیەن بەردەوامەن، کە لەدەســـەڵاتدا هەیە یـــا ئەوەی دیاردەکـــانی ژیـــانێکی هۆشـــیار دەشـــێ زادەی هێـــزە ناهۆشـیارەکان بن، یـا ئایـا ئەوەی بە مـن یـا بە خـود نـاوی دەنێین لە سیسـتمەکانی زمـان و کلتـور و لەڕێگەی ئەوانەوە دێتەکـایەوە، یـا ئەوەی، کە ئێمە بە (ئامـادەیی) ، (ڕەسـەن) یـا (ئەسـڵی) نـاوی دەبەیـن، کە لە کۆپییەکـان لەدایـک دەبێـت، دەرەنجام و بەرهەمی دوبارەکردنەوەیە.

باشـە کەواتە تیـۆر چییە؟ تـا ئێـرە چـوار خـاڵی سـەرەکی دەرکەوتن:

1. تیـۆر بـریتییە مەعریفەیەکـی هەمە ڕەنگـی تـێکەڵ، گوتارێکە کە لەدەرەوەی قەڵەمڕەوی سەرەکی کارکردنی خۆی کاریگەری دەنوێنێت.

2. تیـۆر شـیکاری و ڕامانییە(گریمـانەییە) – هەوڵـێکە بـۆ ئەوەی کە ئاشـکرای بکەیـن ئەوەی بە سـێکس یـا زمـان یـا نووسین یا واتا یا خود ناوی دەهێنین چ شتێک دەگرێتەوە.

3. تیـۆر ڕەخـنەیە لە تێگەیشـتنی بـاو،واتە ڕەخـنەیە لەو چەمکانەی کە بە ئاسایی و سروشتی دادەنرێن.

4. تیۆر ڕەنگدانەوەیە، بیرکردنەوەیە لەبارەی بیرکردنەوە، پشـکنینی بـابەتگەلێکە، کە بـۆ تێگەیشـتن لە کەلوپەلەکـان لە :

ئەدەب و تەواوی پڕاکتیزەکـــارییە گوتارییەکـــان بەکاریـــان دەهێنین.




**تۆ تیرۆریستی؟ سوپاس بۆ خوا. لەماك تێگەیشتم، کە گوتی تیۆریستی[تیۆرداڕێژەری].**

کــەوابێ تیــۆر تــۆقێنەرە، ئەمــڕۆ یەکێــک لە ترســناکترین تایبەتمەندییەکانی تیۆر ئەمەیە، کە کۆتایی نییە. شتێک نییە،کە هەرگیــز بتوانرێــت بەســەریدا زاڵ بیــت، کــۆمەڵە دەقێکــی دیاریکراو نییە کە بتوانرێت فێری ببیت تا (تیۆر بزانیت).

قەوارەیەکــی بێســنور و تخــووبی ئەو نووســینانەی، کە گەنجــان و ســـەربزێوان وەکــو ڕەخنەیەکــی چەمــکە ڕێنوێنیکەرەکان،کە کەسە گەورەکان دایان هێناوە، لێی زیاد

دەکەن  و برەو بە کاری بیرمەندە نوێکان لە مەیدانی تیۆر دەدەن و سەرلەنوێ کاری بیرمەندە کۆنەکان، کە زانیارییەکان لەبارەوە نەبووە و ئاگایان لێنەبووە ئاشکرا دەکەن. کەواتە تیۆر سەرچاوەی تۆقاندنە، کانگەی نازبەسەرداکردنە بەردەوامەکانە:( چی؟ لاکانت نەخوێندۆتەوە! چۆن دەتوانی قسە لەبارەی شیعری لیریکی بکەیت بەبێ ئەوەی سروشتی ئاوێنەیی خودی قسەکەر لەبەرچاو بگریت؟) یان(چۆن دەتوانیت دەربارەی ڕۆمانی چاخی ڤیکتۆریا بنووسیت بەبێ ئەوەی تەفسیری فۆکۆت دەربارەی ڕیزبەستن و بڵاوبوونەوەی سێکسواڵیتە وهیستیریاکاری جەستەی ژنان و سەلماندنی ڕۆڵی کۆڵۆنیاڵ لە دروستکردنی خودی میترۆپۆلیتانی، کە گایاتری سپیڤاک ئاماژەی پێکردووە بەکار بهێنیت؟ )هەندێجار تیۆر وەکو حوکمێکی ئەهریمەنی خۆی دەنوێنێت کە بەرەو خوێندنەوەی دەقگەلێکی دژوار لە زەمینەگەلێکی نائاشنا پەلکێشتان دەکات، کە تێیدا بەکۆتاهێنانی یەک خواست نەک هەلێکت ناداتێ، بەڵکو بەرەو چەند داواکارییەکی قورسترت لەسەر دەسەپێنێت. (سپیڤاک؟ باشە ، بەڵام ئەی ڕەخنەی بنیتا پێری لەسەر سپیڤاک و وەڵامی سپیڤاک چی؟ خوێندوتەتەوە؟)

دەسەڵات نەشکان بەسەر تیۆر یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی بەرگریکردنی تیۆر بەرامبەر دەسەڵات و دژوەستانی. هەرچەندەیش بیربکەیتەوە بە چاکی لەوە

تێـــدەگەیت، کە هەرگیـــز ناتوانیـــت دڵنیـــا بیـــت لەوەی، کە ئایا(ناچـار بە خوێنـدنەوەی) **ژان بۆدیـار، میخاییـل بـاختین، واڵتەر بنیامین، ئالەن سیزۆ، هێلین سیکسۆس، سی.ئیڵ. ئاڕ جێمـز، ملانـی کلاین، یـا ژولیـا کریسـتیڤا**)یـت یـا دەتوانیـت بە(خەیاڵی ئاسوودەوە) فەرامۆشیان بکەیت.(هەڵبەتە پەیوەندی بەمەوە هەیە، کە (کێ)یــت و دەتەوێــت کـــێ بیت)گومانێـــک لەئـارادا نیـیە، کە بەشـی زۆری هەسـتکردن بە دوژمنـایەتی بەرامبەر بە تیۆر لەم واقیعییەتەوە هەڵدەقوڵێت، کە داننان بە گرنگی تیۆر واتە پەسەندکردنی پەیمانێکی بێکۆتا، خۆدانان لە بارودۆخێـک، کە تێیـدا هەمیشـە شـتگەلێک گرنـگ هەن، کە نایانزانیت، بەڵام لە خودی ژیانیشدا ئەم بارودۆخە لەئارادایە.

تیۆر ئارەزووکردن بۆ زاڵبوون و کۆنترۆڵ کردن لە ئێوەدا دەوروژێنێـت: ئومێـدەوار دەبیـت، کە بە خوێنـدنەوەی تیـۆر چەمکگەلێـک لەدەسـت بهێنیـت، کە بتوانیـت بە یـارمەتی ئەو چەمکـانە دیاردەگەلێـک کە پەیوەسـت دەبێـت پێتـانەوە ڕێـک بـخەن و درک بـکەن، بەڵام تیـۆر دەسـەڵات دەکـاتە شـتێکی نـاکردنی و بەدەستنەهاتوو(موسـتەحیل). هۆیەکەشـی تەنیـا ئەوە نیـیە، کە هەمیشـە شـتگەلێکی زیـاتر هەن، کە پێویسـتە بزانرێن، بەڵام هۆکارەکەی دیکەش، کە وردتر و ئازاراویترە ئەمەیە، کە تیۆر خودی خۆی واتە بێنە و بەردە کردن لەسەر ئەنجامـــانە بەرهەمهاتووەکـــان و ئەو گریمانانـــانەی، کە ئەنجامەکانیـان لەسـەر بونیـاتنراوە. خـودی تیـۆر لێـک

هەڵوەشاندنەوەی بابەتەکانە، چونکە لە گومان لە ئەنجامە بەدەستهاتووەکان و ئەو گریمانانەی، کە ئەنجامەکان لەڕێگەیانەوە هاتوونەتەکایەوە دەکات، گومان لەو شتانە دەکات، کە وابیرت دەکردەوە دەیزانیت، لەبەرئەوە کاریگەرییەکانی تیۆر شیاوی پێشبینیکردن نین.

دەسەڵاتت پەیدا نەکردووە، بەڵام لە هەمان ئەو شوێنە نیت، کە پێشتر لێوەی بوویت. لە خوێندنەوەکانی خۆتدا بە ڕێگەیەکی نوێ ڕادەمێنی و ورد دەبیتەوە، پرسیاری جیاوازت هەیە، کە بپرسیت و باشتر لە چەمکی ناوەکی ئەو پرسیارانەی، کە لەبارەی خوێندنەوەکان دەیخەیتەڕوو، تێدەگەیت.

ئەم ناساندنە کورتە بەسەر تیۆردا زاڵتان ناکات، هۆکارەکەشی تەنیا ئەوە نییە، کە زۆر کورتە، بەڵام ئاراستە گرنگە هزری و قەڵەمڕەوییەکانی باسەکەتان بۆ دادەڕێژێت، بەتایبەت ئەوانەی، کە پێوەندییان بە ئەدەبەوە هەیە. چەند نموونەیەک لە باس و لێکۆڵینەوەی تیۆری لەم کورتە باسەدا خراوەتەڕوو بەو ئومێدەی، کە خوێنەران تیۆر بە شتێکی بەهادار و سەرنجڕاکێش دابنێن و هەلیک بۆ چێژی تۆزقاڵێک لە خۆشییەکانی بیرکردنەوە بەدەست بێنن.

# بەشی دووەم
# ئەدەب چییە و ئایا گرنگی هەیە؟

ئەدەب چییە؟ ڕەنگە وا بیربکەیتەوە،کە گرنگترین پرسیار لە تیۆری ئەدەبیدا ئەم پرسیارەیە، بەڵام لە ڕاستیدا وادەردەکەوێت، کە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، بۆچی وایە؟

وادەردەکەوێت دوو هۆکاری سەرەکی هەبێت: یەکەمیان لەبەرئەوەی خودی تیۆر چەندین بیرۆکە لە فەلسەفە، زمانناسی، مێژوو، تیۆری سیاسی و دەروونشیکاری تێکەڵ بەیەک دەکات، لەبەرچی دەبێت تیۆریستان لە دڵەڕاوکێدا بن لەوەی، کە ئەو دەقەی، کە دەیخوێننەوە ئەدەبییە یا نا؟ لەمڕۆدا چەندین جۆر و بەشی پڕۆژە ڕەخنەییەکان بۆ خوێندکاران و مامۆستایانی ئەدەب لەئارادان، بابەتگەلێکی جیاواز، کە بخوێننەوە و لەسەری بنووسن- بۆ نموونە (وێنەی ژنان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا)- کە دەتوانن ڕوو لە لێکۆڵینەوەی بابەتە ئەدەبی و نائەدەبییەکان بکرێت. دەتوانرێت لێکۆڵینەوە لە ڕۆمانەکانی (**ڤێرجینا وۆڵف**) یا باسی ژیانی نەخۆشەکانی فرۆید بکرێت یا هەردووکیان،وەلێ

پێناچێــت، کە جیاوازییــان لە میتۆدناســیدا شــتێکی هێنــدە جەوهەری بێت. کێشـەکە ئەوە نییە، کە هەمـوو دەقەکـان کەم تا زۆر هاوتا و یەکسانن: هەندێک لە دەقەکـان بەپێی هۆکارە جیاوازەکان دەوڵەمەندتر و بەهێزتـر و نموونەیەییتر، گرنگتر هەژمــار دەکــرێن، بەڵام خــۆ دەتوانرێــت دەقە ئەدەبــی و نائەدەبییەکـــان پـــێکەوە و بە ڕێگەیەکـــی هاوشـــێوەش لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت.

**ئەدەبییەت لەدەرەوەی ئەدەبدا**[theliterature literariness outside]

دووەمیـان ئەم جیـاوازییە هێنـدە گرنـگ و سـەرەکی خـۆی نەنواندووە، چونکە لە چەندین بەرهەمدا شتێک دۆزراوەتەوە، کە بەشێوەیەکی سـادە بە(**ئەدەبییەت**)ی دیاردە نائەدەبییەکان ناســراوە. دەرکــەوتووە، ئەو تایبەتمەنــدییانەی، کە زۆربەی کــات بە ئەدەبــی دادەنــرێن خــۆ لە گوتــار و پڕاکتیــزە نائەدەبییەکانیشـدا گرنگییەکـی زۆریـان هەیە. بـۆ نمـوونە لە گفتوگۆکـانی وابەسـتە بە سروشـتی درککردنـی مێژوویـی هەمـان ئەو شتانەیان بە نموونە و سـەرمەشق دانـاوە، کە لە درککردنی چیرۆکێکدا بەکاردەهێنرێن. تایبەتمەندیی سـەرەکی مێژوونووســـــــان ئەوەیە، کە ڕاڤەی هاوشـــــــێوەی ڕاڤە پێشـگۆییەکانی زانسـت نـاخەنەڕوو: مێژوونووسـان نـاتوانن ئەوە بسەلمێنن، کە کاتێک (ئەلف) و (با) ڕوودەدەن، (جیم)یش بەبێ هیچ گومانێک ڕوودەدات. لەڕاستیدا ئەوان ئەوە نیشـان دەدەن، کە چۆن شتێک پەل بۆ شتێکی دیکە دەکێشێت. بۆچی

جەنگی یەکەمی جیهان ڕوویدا، نەک ئەوەی، کە لەبەرچی دەبوو ڕوویبدابوایە، لەبەرئەوە نموونەی ڕاڤەی مێژوویی هەمان لۆژیکی چیرۆکەکانە: بە هەمان ئەو شێوەیەی، کە چیرۆکێک ئەوە نیشان دەدات، کە چیبوو، کە فلان ڕووداو ڕوویدا ، بارودۆخی بەرایی، ڕەوتی گۆڕانکاری و ئەنجامەکە بەشێوەیەک پێکەوە پەیوەست دەکات، کە شیاوی تێگەیشتن بێت.

بە کورتی ئەو نمونەیەی بۆ لێتێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی مێژوو بەکاردێت هەمان گێڕانەوەی ئەدەبییە. ئێمە، کە گوێ لە چیرۆک دەگرین و دەیخوێنینەوە بە ئاسانی دەتوانیین بڵێین، کە گرێچن(پلۆت)ێک ماقوڵە، بەیەکەوە بەستنێکی دروستی هەیە، یا چیرۆکەکە بە ناتەواوی ماوەتەوە. کاتێک هەمان مۆدێلی ماقووڵبوون و ئەوەی چ شتێک چیرۆکە و چ شتێک چیرۆک نییە هەم تایبەتمەندی گێڕانەوە ئەدەبییەکانە و هەمیش تایبەتمەندی گێڕانەوە مێژووییەکانە ئیتر بەجیاواز دانانیشیان وەکو کارێکی تیۆری ڕاستەوخۆ نایەتە بەرچاو. بەم شێوەیە تیۆریستان جەخت لەسەر گرنگی هونەرە ڕەوانبێژییەکانی وەکو خواستن لە دەقە نائەدەبییەکاندا دەکەنەوە(جا چ ڕاپۆرتی فرۆید بێت دەربارەی دەروونشیکاری نەخۆشەکانی چ ئەو بەرهەمانەی، کە خاوەن چەندوچونێکی فەلسەفین). هونەرێک(سەنعەتێک)، کە هەمیشە بە بەشێکی زیندووی ئەدەب دانراوە، بەڵام زۆربەی کات لە

تەواوی گوتارەکاندا بە تەواوەتی وەکو ڕازاندنەوەکارییەکی گوتارەکانیان زانیوە. تیۆریستان بۆ ئەوەی نیشانی بدەن، کە هونەرە ڕەوانبێژییەکان چۆن لە گوتارەکانی تردا بیر پێکدێنن و شکڵی پێدەدەن ئەدەبییەتێکی بەهێز، کە لە دەقە نائەدەبییەکاندا کاردەکات نیشان دەدەن و بەم شێوەیە جیاوازی نێوان ئەدەبی و نائەدەبی ئاڵۆز دەکەن، بەڵام هەرئەوەی، کە ئێستا من قسە لەسەر ئەم بارودۆخەی دۆزینەوە و ئاشکراکردنی(ئەدەبییەت) لە دیاردە نائەدەبییەکان دەکەم لە خودی خۆیدا گەواهیدەری ئەوەیە، کە بیرۆکەی ئەدەب بەهەمان شێوە ڕۆڵێی هەیەو پێویستە قسەی لەسر بکەین.

## چ جۆرە پرسیارێک؟

سەیرکە دیسان گەڕاینەوە سەر هەمان پرسیارە سەرەکییەکە: (ئەدەب چییە؟) پرسیارێک، کە ئازادمان ناکات و بەرۆکمان بەرنادات، بەڵام ئەمە چ جۆرە پرسیارێکە؟ ئەگەر منداڵێکی پێنج ساڵان ئەوپرسیارە بکا، ئەوا وەڵامەکە سادەیە، لە وەڵامدا دەڵێیت: (ئەدەب واتە چیرۆک ، شیعر و شانۆ) بەڵام ئەگەر پرسیارکەرەکە هی تیۆریستێکی ئەدەبی بێت، ئەوا وەرگرتن و تێگەیشتنی مەبەستی ئەو لەم پرسیارە دژوارتر دەبێت، ڕەنگە پرسیارەکەی ئەو پرسیارێک بێت دەربارەی سروشتی گشتی ئەم شتە واتە ئەدەب بێت، کە هەردووکتان لەوەپێش ئەوەتان(ئەدەب) بە چاکی دەزانی. چ

شتێکە یا چالاکییەکە؟ چیدەکات؟ چ سوودێکی هەیە و بۆچی بەکاردێت؟  کاتێک مەبەست و مەرام لە پرسیاری(ئەدەب چییە)بەمە دابنێین یا بەمە بزانین، ئەوا ئاشکرایە، کە پرسیارکەر لە وەڵامدا نایەوێت گوێی لە پێناسەی ئەدەب بێت، بەڵکو ئەو شیکردنەوەی دەوێت، تەنانەت دەشێت بیەوێت گوێی لە بۆچوونی ئێوە بێت لەبارەی ئەوەی، کە ئەسڵەن بۆچی مرۆڤ دەبێت خۆی گرفتاری ئەدەب بکات؟ بەڵام پرسیاری (ئەدەب چییە) دەشێت پرسیارێک بێت بۆ جیاکردنەوەی تایبەتمەندی بەرهەمگەلێک، کە بە ئەدەب دادەنرێن: چ شتێک ئەو بەرهەمانە لە بەرهەمە نائەدەبییەکان جیادەکاتەوە؟ چ شتێک ئەدەب لە تەواوی چالاکییەکان یا تەکنیکەکانی کات بەسەربردن جیادەکاتەوە؟ باشە کەسانێک ڕەنگە ئەم پرسیارە بکەن، چونکە نازانن چۆن ئەو کتێبانەی، کە ئەدەبن لەو کتێبانە جیابکەنەوە، کە ئەدەب نین، بەڵام بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئەوان پێشوەختە تا ئەندازەیەک دەزانن، کە چ شتێک ئەدەبە و دەیانەوێت شتێکی دیکە بزانن: ئایا تایبەتمەندییە خودییەکان خاڵێکی جیاکەرەوەیە، کە لە هەموو بەرهەمە ئەدەبییەکاندا هاوبەش بێت؟

پرسیارێکی سەختە. تیۆریستان کێبڕکێ و ململانێیان لەگەڵدا کردووە، بەڵام سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدەست نەهێناوە، کە شیاوی پشت پێبەستن بێت، هۆکارەکانیشی هێندە دوور لە ئەقڵ و زەین نییە: بەرهەمە ئەدەبییەکان بە

هەموو شێوە و قەبارەیەک بوونیان هەیە و وادەردەکەوێت لایەنی هاوبەشی زۆربەیان لەگەڵ بەرهەمگەلێک، کە بەشێوەیەکی گشتی بە ئەدەب هەژمار ناکرێن زیاتر بێت تائەوەی لەگەڵ هەندێ بەرهەمی دیکە، کە بە ئەدەبیان دادەنێین، بۆ نموونە: (**جین ئایەر**)ی **شارلۆت برۆنتێ** زیاتر لە(ژیاننامەی خودی= ئۆتۆبایۆگرافیا) دەچێت تا سۆنێت، شیعرێکی (ڕۆبێرت برۆنز)(عیشقی من هەروەکو گوڵەباخ سوور سوورە) زیاتر لە گۆرانییەکی فۆلکلۆری دەچێت تا ئەوەی بە هاملێتی **شکسپیر** بچێت. ئایا ئەو چۆنایەتییەکی هاوبەش لە نێوان شیعرەکان، شانۆنامەکان، ڕۆمانەکاندا هەیە، کە جیایان بکاتەوە لە شتێکی وەک گۆرانییەکان، دەقە دیالۆگییەکان و ژیاننامە خودییەکان؟

## گۆڕانە مێژووییەکان

ئەگەر کەمێک تێڕوانینی مێژوویی بەم پرسیارە بدەین ، هەمدیسان ئاڵۆزتر دەبێت. بیست و پێنج سەدەیە، کە مرۆڤەکان شتگەلێکیان نووسیوە، کە ئەمڕۆ بە ناوی ئەدەبیان لێدەنێین، بەڵام ئەوپەڕی دوو سەدە بەسەر چەمکی مۆدێرنی ئەدەب تێدەپەڕێت. تاوەکو پێش ساڵی ١٨٠٠ ئەدەب و زاراوە هاوشێوەکانی ئەدەب لە تەواوی زمانە ئەوروپییەکاندا بە واتای(نووسراوەکان) و (مەعریفەی نووسراو) دەهات، تەنانەت ئەمڕۆش زانایەک، کە دەڵێت: (ئەدەبی وابەستە بە پەرەسەندن زۆر دەوڵەمەندە)مەبەستی ئەمە نییە کە

پەرەسەندنی بابەتی شیعرەکان و ڕۆمانەکان زۆرە، بەڵکو دەیەوێت بڵێت دەربارەی ئەدەب زۆر نووسراوە و بەرهەمگەلێک، کە ئەمڕۆ لە پۆلە ئینگلیزی و لاتینییەکانی خوێندنگا و زانکۆکان وەکو ئەدەب دەخوێندرێت و لێی دەکۆڵدرێتەوە لە سەردەمێکدا نەک وەکو جۆرێکی تایبەت لە نووسراو دادەنران، بەڵکو وەک نموونەی باڵای بەکارهێنانی زمان و هونەری ڕەوانبێژی لێیان دەکۆڵدرایەوە ئەم دەقانە نموونەییێک بوون لە گوتاری گشتیتری جۆرێک لە نووسین و بیرکردنەوە، کە شایستەن وەکو سەرمەشق دابنرێن و گوتاربێژی و ئامۆژگاریکردنەکان و مێژوو و فەلسەفەیان لەخۆ دەگرت. داوای ئەوە لە خوێندکاران نەدەکرا، کە ڕاڤەیان بکەن، هەروەکو ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ بەرهەمە ئەدەبییەکان شیدەکەینەوە و دەمانەوێت ڕوونی بکەینەوە، کە (لە ڕاستیدا قسە لەبارەی چییەوە دەکەن و چیدەڵێن) بەپێچەوانەوە خوێندکاران ئەو دەقانەیان لەبەر دەکرد، لە یاسا ڕێزمانییەکانی ئەو دەقانەیان دەکۆڵییەوە، هونەرە ڕەوانبێژییەکان و بونیات یا ڕەوتی گفتوگۆکاری و لێکدانەوەیان لە دەقەکاندا دیاری دەکرد و دەیانناساندن. لە قوتابخانەکانی پێش ساڵی ١٨٥٠دا بەشێوەیەکی تەواو جیاواز ڕووبەڕووی بەرهەمێکی وەک(**ئینیادە**)ی **ڤێرجیل** دەبوونەوە لەوەی، کە ئەمڕۆ وەکو ئەدەبیات لێیدەکۆڵدرێتەوە و لێکدانەوەی بۆ دەکرێت.

سەرچاوەی واتای مۆدێرنی خۆرئاوایی ئەدەب وەکو نووسراوێکی خەیاڵی دەتوانرێت لەنێو تیۆرستانی ڕۆمانتیکی ئەڵمانی کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم بدۆزرێتەوە و ئەگەر بمانەوێت پەنجە لەسەر سەرچاوەیەکی دیاریکراو دابنێین پێویستە ناوی کتێبێک کە بارۆننووسەکی فەرەنسی لە ساڵی ١٨٠٠دا بڵاوی کردەوە بەناوی (ئەدەب لە پێوەندی لەگەڵ دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا)،کە بەرهەمی (مادام دو ستایل)ە بهێنین، بەڵام تەنانەت ئەگەر خۆمان بە دوو سەدەکەی دوایی ببەستینەوە، ئەوا هەمدیسان گوتاری ئەدەب دەبێتە گوتارێکی نادڵنیا و لەرزۆک: ئایا ئایا چەندین بەرهەم، کە ئەمڕۆ بە ئەدەب هەژماریان دەکەین – بۆ نموونە شیعرگەلێک کە وەک بڵێی پارچەیەکن لە گفتوگۆکانی ڕۆژانە و سەروا یا کێشێکی دیار و هەستپێکراویان نییە- لە ڕوانگەی مادام دو ستایڵدا خاوەنی ئەو مەرجانە دەبوون، کە پێویستن بۆ بەئەدەبیبوونی دەقێک؟ کاتێکیش بچینە سەر فەرهەنگە نائەوروپییەکان ئەم کێشەیەی، کە چ شتگەلێک ئەدەبن دژوارتر و دژوارتر دەبێت. مرۆڤ دەکەوێتە ئەو گومانەی، کە دەست هەڵبگرێت و بگاتە ئەو ئەنجامەی، کە ئەدەب تەواوی ئەو شتەیە، کە هەر کۆمەڵگایەک وەکو ئەدەب مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.- کۆمەڵە دەقێک، کە هەڵسەنگێنەرە کلتورییەکان بە وابەستە بە ئەدەبی دادەنێن.

هەڵـبەتە ئەم ئەنجـامە بە هـیچ شـێوەیەک ڕازیـکەر نیـیە. لەڕاستیدا لەبری چارەسەرکردنی کێشەکە بەرەو لایەکی دیکە دەبـات: واتە لەبـری ئەوەی بپرسـین (ئەدەب چییـە؟) دەبێـت بپرسـین: (چ شـتێک دەبێـتە هـۆی ئەوەی کە ئێمە(یـا کۆمەڵگایەکیتر)شـتێک بە ئەدەب دابنێین(دابنـێن)؟) هەڵـبەتە گوتارگەلی دیکە هەن کە بەم شێوەیە کار دەکەن، واتە لەبری پێناسەکردن و تایبەتمەندییە دیاریکراوەکان وەستاونەتە سەر پێوەرە گۆڕاوەکانی گروپە کۆمەڵایەتییەکان. پرسیاری(هەرزە گیا چییە؟) لەبەرچاو بگرە. ئایا جەوهەرێک بەناوی(گیـایی بوون) لەئارادایە-واتا شتێکی تایبەت.(ئەو)ێک، کە گیایەکان بە هاوبەشـی هەیـانە و لە شـتە ناگیاییەکـان جیایـان دەکـاتەوە؟ هەر کەسێک کە تاوەکو ئێستا لە بژارکردنی گیایەکانی باخچە بەشداری کردووە دەزانێت، کە دەستنیشانکردنی گیا لە ناگیا چ سەختە و ڕەنگە بەخۆی گوتبێت، کە بێگومان نهێنییەک لەم نێـوانەدا هەیە. ئەم نهێنیـیە دەبێـت چـی بێـت؟ چـۆن گیـا دەستنیشان دەکەیت؟ کەواتە نهێنییەکەی ئەوەیە، کە نهێنییەک لەئـارادا نیـیە. هەرزە گیاکان[مەبەسـت لەو گژوگیـا ورد و زیانبەخشـانەیە، کە لەگەڵ گیایەکـانی دیـکەدا دەڕوێـن و بـژار دەکرێن.و. کوردی] ئەو گیایانانەن، کە باخەوانان نایانەوێت لە باخەکانیـان بڕوێت. شـتەکە هەر ئەوەنـدەیە. ئەگەر دەربـاری گیاکان کونجکۆڵ بیت و بەدوای ماهییەتی(گیا بـوون) بگەڕێت ، هەوڵەکەت بـۆ دۆزیـنەوەی خەسـڵەتە گیاناسـییەکانیان و

گەڕان بەدوای خەسڵەتە شێوەیی یا فیزیکییەکان کە دەبێتە هۆی ئەوەی چەند گیایەک هەرزە گیا بن، بریتی دەبێت لە بەفیڕۆدانی کات، لەبری ئەمانە پێویستە بەدوای لێکۆڵینەوەی مێژوویی، کۆمەڵناسی و ڕەنگە دەروونناسییەوە بیت دەربارەی جۆرەکانی گیاکان کە گروپە جیاوازە مرۆییەکان لە شوێنگەلی جیاوازدا بە ناپێویست دایاندەنێن.

**ئەدەب ڕەنگە هاوشێوەی گیای زیانبەخش بێت.**

ئەم وەڵامە پرسیارەکەمان لەکۆڵ ناکاتەوە. بۆ ئەم پرسیارەی دەگۆڕێت: (لە کلتوری ئێمەدا چ هۆکارگەلێک دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەندێک دەق بە ئەدەب دابنێین؟ ).

**بە ئەدەبدانانی دەقەکان**

وایـــدابنێ ڕووبەڕووی ڕســـتەیەکی وەک ئەمەی خـــوارەوە دەبیتەوە:

We dance round in a ring and suppose

بە دەوری ئەڵقەیەکدا سەما دەکەین و گومان دەبەین

But the secret sits in the middle and knows

نهێنی لەناوەڕاستی بازنەکە دانیشتووە و دەزانێت

ئەم ڕستەیە چییە و لەکوێوە دەزانیت، کە چییە؟ کەواتە ئەوەی،کە لە کـــوێ ڕووبەڕووی ئەو ڕســـتەیە بـــوویتەوە گرنگییەکـی زۆری هەیە، ئەگەر ئەم ڕسـتەیە لە کـارتی فـاڵی خۆت لەناو کێکی بەختت بیدۆزیتەوە، دەتوانیت وەکو جۆرێک لە پێشـگۆییەکی نابـاو و مەتەڵێـک سـەیری بکەیـت، بەڵام کاتێـک(وەکو ئێرە)وەکـو نموونەیەک پێتـان نیشـان دەدرێـت، ئەوا لەناو ئەو بەکارهێنانە زمانییانەی، کە دەیانزانیت بەدوای ئەگەرە جۆراوجۆرەکانـدا دەگەڕێیـت. ئایـا مەتەڵە و داوامـان لێدەکات مەزەندەی ئەو نهێنییە بکەین؟ ڕەنگە ڕێکلام شتێک بێت کە نـاوی(نهێنییە)؟ ڕێکلامەکـان زۆربەی کـات سـەروایان هەیە-(Winston tastes good, like a cigarette should) و ڕۆژ دوای ڕۆژیـش مەتەڵاویتـر دەبـن چـونکە دەیانەوێت بـۆ ڕاکێشـانی جەمـاوەرە بێ مەیلەکەی خۆیـان پێشـبڕکێ لەگەڵ یەکدا بکەن، بەڵام وادەرناکەوێت کە نەتوانرێ ئەم ڕستەیە بە پارچەیەکی دابڕاو لە هیچ کۆنتێکستێکی پڕاکتیکی کە شیاوی وێناکردن بێت دابنرێت لەوانە کۆنتێکستی فرۆشتنی کاڵایەک،

ئەم ڕاســـتییە و ئەمەی کە ســـەروای هەیە و لەدوای -دوو وشـەی سـەرەتا- ئیقـاعێکی ڕێکـی بـڕگە یەک لەدوای یەکە سترێسدار و بێسترێسەکان دێت Round in a ring and suppose.ئەم ئەگەرە دێنێتەکـایەوە کە ئەم ڕسـتەیە شـیعر بێت، واتە نموونەیەک لە ئەدەبە.

دەی مەتەڵێک لێرەدا هەیە : لەڕاستیدا لەو لایەنەوەی، کە ئەم ڕسـتەیە هـیچ گرنگییەکـی پڕاکتیکی ئاشـکرای نییە ئەوا بەشێوەیەکی گشتی ئەو ئەگەرە دێنێتە کایەوە کە ئەدەب بێت، بەڵام مەگەر ناکرێت بە هێنانەدەرەوەی ڕستەگەلێکی دیکە لە چەنـد کۆنتێکسـتێک، کە ڕوونـی دەکەنەوە ئەم ڕسـتانە چ مەبەستێکیان هەیە بەم دەرەنجامە بگەین؟ وایدابنێ ڕستەیەک لە نامیلکەیەکی ڕێنیشـاندەر، لە ڕێنیشـاندەری چێشـتلێنان، لە ڕێکلام، لە ڕۆژنامە، بهێنینە دەرەوە و بەتەنیا لەسـەر کاغەز بینووسین:

stir vigorously and allow to sit five minutes

بە توندی بیانجوڵێنە و لێگەڕێ پێنج خولەک بمێنێتەوە.

ئایـا ئەمە ئەدەبە؟ ئایـا مـن بە دەرهێنـانی لە کۆنتێکسـتە پـڕاکتیکییەکەی ڕێگاکـانی چێشـتلێنان گۆڕیـومە بـۆ ئەدەب؟ ڕەنگە، بەڵام هێندە ڕوون نییە، کە وام کردبێت. شتێکی کەمە، ئەو ڕسـتەیە ئەو کەرەسـانەی، کە بتوانیـت کاریـان پێبکەیـت نییەتـی، بـۆ ئەوەی ببێـتە ئەدەب ڕەنـگە پێویسـت بێـت ناونیشـانێکی بـۆ پێشـبینی بکەیت(لەبەرچـاو بگریـت)، کە

پەیوەنـــدییەکەی لەگەڵ ئەم دێـــڕەدا کێشـــەیەک بخـــاتەڕوو و خەیـــاڵکردن بەگەڕ بخـــات: بـــۆ نمـــوونە(نهێنی) یـــا (خەســـڵەتی بەزەیی).

بە کارێکی وەها ڕەنگە بەشوێنێک بگەین، بەڵام پارچەیەک لە ڕســـتەیەکی وەک (شـــەربەت لەســـەر بـــاڵین لە ســـپێدەدا) وادەردەکەوێت کە شانسێکی زیاتری بۆ ئەدەب بوون هەیە ، چونکە هەر ئەم لایەنەی، کە ناشێت شتێکی دیکە بێت جگە لە وێنەیەک داوای جۆرێکی تایبەتی گرنگی پێدان دەکات، بەرەو بیرکـردنەوە پەلکێشـت دەکـات، ئەو ڕستانەشـی، کە پێوەنـدی نێوان شێوە و ناوەرۆکەکەیان بەشێوەیەکی شاراوە خۆراکێک بۆ بیرکردنەوە فەراهەم دەکەن هەر بەو شـێوەیەن، لەبەرئەمە دەکرێـت یەکەمـین ڕسـتەی کتێبێکـی فەلسـەفی (**لە ڕوانـگەی لۆژیکەوە**)ی نووسراوی (**کوایین**) بە شیعر بزانرێت:

A curious thing
About the ontological problem is its
Simplicity

شتێکی سەیر
لەبارەی کێشەی بوونناسی
سادەییەکە ئەوەیە

کاتێـک ئەم ڕسـتەیە بەم شـێوەیە بخەیـنە سـەر کـاغەز بە جۆرێـک کە پەراوێزەکـانی بێدەنگی(سـپی) دەوری بـدەن، کە هەسـتی تـرس لە دەروونـدا دەوروژێنێـت، دەشـێ جـۆرێکی

تایبەتی سەرنجدان[٣] بەرەو خۆی ڕابکێشی، کە دەکرێت ئەم جۆرە سەرنجدانە بە سەرنجدانی ئەدەبی دابنرێت : گرنگیدان بە وشەکان، پەیوەندییان لەگەڵ یەک و واتای ناوەکییان و بەتایبەت گرنگیدان بەم کێشەیەی کە ئەوەی گوتراوە چ پەیوەندییەکی بەشێوەی گوتنەکەیەوە هەیە. مەبەست ئەمەیە کە ئەم ڕستە کاتێک بەم شێوەیە دەنوسرێت لەڕواڵەتدا دەگات بەو ئاستە دیاریکراوە مۆدێرنەی شیعر و ئەو جۆرە گرنگیپێدان و سەرنجەی، کە ئەمڕۆ پەیوەستی دەکەین بە ئەدەب دەبزوێتێت. ئەگەر کەسێک ئەم ڕستەیە بە ئێوە بڵێ دەشێت بپرسن (مەبەستت چییە)، بەڵام ئەگەر ئەم ڕستەیە بە شیعر بزانیت ئەم پرسیارە ناکەیت: ناپرسیت، کە مەبەستی قسەکەر یا شاعیر چییە، بەڵکو دەپرسیت، کە مەبەستی شیعر چییە؟ ئەم زمانە چۆن کار دەکات؟ ئەم ڕستەیە چیدەکات؟

به دابڕاندنی وشەکانی(شتی سەیر)لە دێڕی یەکەم ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە، کە شت چییە و چۆن دەکرێت، کە شتێکی سەیر بێت. (شت چییە؟) یەکێکە لە کێشەکانی بوونناسی، واتە زانستی بوون یا پشکنین و بەدواداچوونی ئەوەی کە هەیە، بەڵام (شت) لە گوزارشتی(شتێکی سەیر)دا شتێکی ماددی و بەرهەست نییە، بەڵکو شتێکە وەکو پەیوەندییەک یا دیمەنێک، کە وادەرناکەوێت بوونەکەی لە

attention. [٣] سەرنجدان، گرنگی پێدان:

هەمان جۆری بوونی بەرد یا خانوو بێت. ڕستەکە بەشان و باڵی سادەیی هەڵدەڵێت، بەڵام وادەردەکەوێت، کە ئامۆژگاریکەرێک بێت، کە خۆی پەند و عیبرەتی وەرنەگرتبێت و لە نادیاری و لێڵییەکانی **شت** دا چەند ڕوونکردنەوەیەکی ئاڵۆزییە ترسێنەرە بوونناسییەکان دەخاتەڕوو، بەڵام ڕەنگە خودی ئەم سادەییەی شیعر- ئەوەی لەدوای وشەیsimplicity(سادەیی)ەوە دەگاتە کۆتایی وەک بڵێی نیازی بە وتنی شتێکی دیکەوە نییە- بانگەشەی ناڕاستی سادەیی تا ئەندازەیەک دەکاتە شتێکی باوەڕپێکراو. هەرچۆنێک بێت ئەم ڕستەیە کاتێک بەم شێوەیە لە دەقەکەی خۆی دادەبڕێت دەتوانێت بوار بەو جۆرە چالاکییەی ڕاڤەکردن بدات، کە پەیوەستە بە ئەدەبەوە- ئەو جۆرە چالاکییەی، کە من لێرەدا پێیەوە سەرقاڵ بووم.

ئەو تاقیکردنەوە فیکرییانە چ شتێکمان دەربارەی ئەدەب پێدەڵێن؟ یەکەم ئەوەمان تێدەگەیەنن، کە کاتێک زمان لە دەوروبەر(سیاق)ەکانیتر دادەبڕێت لە مەبەست و مەرامەکانی دیکە دادەبڕێت، دەتوانرێت وەکو ئەدەب ڕاڤە بکرێت(هەرچەندە پێویستە چەند خەسڵەتێکی هەبێت کە بیکاتە شایستەی ڕاڤەکردنێکی لەم جۆرە). ئەگەر ئەدەب زمانێک بێت کە لەسیاق دابڕاو، واتە دابڕاو لە ئەرک و مەبەستەکانی دیکە، ئەوا هەمدیسان لە خودی خۆیدا کۆنتێکستێکە کە جۆرە تایبەتەکانی گرنگی پێدان بەهێز دەکات یا دەوروژێنێت.بۆ

نموونه خوێنەران ڕوو ئاڵۆزییە شاراوەکان دەکەن و بەدوای واتای شاراوەدا دەگەڕێن بە بێ ئەوەی وای دابنێن کە ئەم گوتەیە پێیان دەڵێت، کە کارێک ئەنجام بدەن. وەسفکردنی(ئەدەب) واتە شیکردنەوەی کۆمەڵێک لە گریمانە و پڕۆسە ڕاڤەکارییەکان، کە خوێنەران دەشێ بەشێوەیەکی تایبەت دەربارەی دەقگەلێکی لەم جۆرە بەکاری بهێنن.

**نەریتە ئەدەبییەکان**[ conventions of literature ]

یەکێک لە نەریتەکان یا ڕێکخستنەکان، کە لە شیکردنەوەی چیرۆکەکان(لە حیکایەتە تاکەکەسییەکانەوە بگرە تا ڕۆمانە تەواوەکان) سەری هەڵداوە، بە ناوی تۆقێنەری(بنەمای هاریکاری بە پارێزراوییەکی لەڕاددەبەدەر=-Hyper protected cooperative principle) ناونراوە، بەڵام لەڕاستیدا کەم تا زۆر سادەیە. پێوەندی بەم نەریتە سەرەکییەوە هەیە کە بەشداربوان پێکەوە هاریکاری یەک دەکەن و لەبەرئەوە ئەوەی یەکێک بەوەیتری دەڵێت بەئەگەرێکی زۆرە پەیوەستە پێیەوە. ئەگەر من لە ئێوە بپرسم، کە جۆرج خوێندکارێکی باشە یان نا وە ئێوە وەڵام بدەنەوە: (بەشێوەیەکی گشتی پابەندە بە کات و وادەوە) من بە گریمانەی ئەوەی، کە خەریکی هاریکاری دەکەیت و شتێکی وابەستە بە پرسیارەکەی من دەڵێیت سەرم لە وەڵامەکەتان دەردەچێت، لەبری ئەوەدا ئەگەر گلەیی بکەم لەوەی کە: (وەڵامی پرسیارەکەی منت نەداوەتەوە) ئەوا بەئەگەرێکی زۆرەوە

دەگەمە ئەو ئەنجامەی کە بە ئاماژە وەڵامتان داومەتەوە و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گوتوتانە، کە چەند لایەنێکی ئەرێنی ئەوتۆ نییە، کە سەبارەت بە جۆرج وەکو خوێندکارێکی زانکۆ بە منی بڵێن. واتە گریمانە لەسەر ئەوە بونیات دەنێم، کە خەریکی هاوکاریم دەکەیت، مەگەر ئەوەی چەند بەڵگەیەکی پتەو پێچەوانەی ئەوە بسەلمێنێت.

لێرەدا دەشێت گێڕانەوە ئەدەبییەکان بە ئەندامی چینێکی فراوانتری چیرۆکەکان دابنرێت . ئەندامی(دەقە نیشاندەرە گێڕانەوەییەکان) گوتنگەلێک کە پەیوەندییان بەو خوێنەرانەوە نییە، کە زانیارییەکان دەگوازنەوە، بەڵکو لە (توانستە پێڕاگەیاندن=tell ability)ەکانیانەوەیە. چ ئەو کاتەی کە حیکایەتێک بۆ هاوڕێیەک باس دەکەیت و چ ئەو کاتەی، کە خەریکیت ڕۆمانێک بۆ کەسانی داهاتوو دەنووسیت بە کارێکی جیاواز لە شتێکی وەک گەواهیدان لە دادگا سەرقاڵیت: خەریکیت هەوڵدەدەیت چیرۆکێک بەرهەم بهێنیت، کە بەلای گوێگرانتان ئەوە بهێنێت، کە گوێی لێبگیرێت، واتە مەبەست یا واتایەکی هەبێت،کە سەرقاڵیان بکات یا مایەی چێژ بێت. ئەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان لە تەواوی دەقە نیشاندەرە گێڕانەوەییەکان جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە چیرۆک لەژێر کۆنترۆڵی پڕۆسەی هەڵبژاردندا بووە: ئەم بەرهەمانە بڵاوبوونەتەوە، ڕەخنەیان لێگیراوە و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کراوە و دووبارە چاپکراونەتەوە، لەبەرئەوە خوێنەران بەم

متمانەیـــــەوە بەرەو پیریـــــان دەچــــن،کە کەســــانێک ئەو چیرۆکانەیـان بە خـاوەن بنیـاتێکی بـاش زانیـوە، وا بیریـان کردۆتەوە، کە بەکەڵک دێن.

کەواتە لەبارەی بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە بنەڕەتی هاریکاری سوودی لە (پارێزراوی لەڕاددەبەدەر) وەرگرتووە. دەتوانین بەرگەی نـاڕوونییە زۆرەکـان و ناپەیوەسـتبوونە دیارەکـان بگرین، بەبێ ئەوەی وا گومان بکەین، کە واتایەکیان نییە.

خـوێنەران گریمـانە لەسـەر ئەمە دادەنـێن، کە لە ئەدەبـدا ئامـانجی ئـاڵۆزییە زمانییەکـان لە ئەنجامـدا هێنانەکـایەوەی پێوەنـدییە و لەبـری ئەوەی وابیـربکەنەوە، کە قسـەکەر یـا گێڕەرەوە ناهاریکاری نیشـاندەدات بە جۆرێـک، کە ڕەنـگە لە تەواوی سیاقە گوتنییەکانی تردا وەهـا بیربکەنەوە، هەوڵ بۆ درککردنـی چەنـد ڕەگەزێـک دەدەن، کە بنەماکـانی پێوەنـدی شیاو لەپێناو ئامانجی پێوەندییەکی دوورتر دەخەنە ژێر پێوە. (ئەدەب) نـاوێکە، کە سـیفەتێکی دامەزراوەیـی هەیە و ڕێـگەی ئەوەمــان پێـدەدات، کە پێشــبینی ئەوە بکەیـن دەرئەنجـامی هەوڵەکانمان بۆ خوێندنەوە شتێکی شایستە بەو کارەیە و ئەو نـرخ و بەهـایە دێنێـت.  زۆرێـک لە تایبەتمەنـدییەکانی ئەدەب لەســەر  بەهــرە و توانــای خــوێنەران بــۆ گرنگیپێـدان و دۆزیــنەوەی شــتە نامســۆگەرەکان ســەرچاوە دەگرێــت ، هەروەها ئەوەی ڕاستەوخۆ ناپرسێت ئەوەیـە: (مەبەسـتت لەم قسەیە چییە؟)



**بێ ئەوەی مەشقی کردبێت،دوو کاتژمێر لەسەر یەک کتێبی خوێندەوە.**

دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەدەب کردارێکی گوتنییە یا ڕوداوێکی دەقییە،کە جۆرە تایبەتەکانی گرنگی پێدان هەڵدەوروژێنێت. ئەم کردارە لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی کردە گوتنییەکانی دیکەی وەکو خستنەڕووی زانیارییەکان، خستنەڕووی پرسیار یا بەڵێن دان دژ دەوەستێت. لە زۆربەی

کاتەکانـدا ئەوەی دەبێـتە هـۆی ئەوەی کە خـوێنەران وەکـو ئەدەب لە شتێک بڕوانن، بینینی ئەدەبە لە سیاقێکدا، کە وەکو ئەدەبیـات خـۆی بەوان دەناسـێنێت لە کتێبێکـی شـیعریدا، یـا بەشێک لە گۆڤارێک ، کتێبخانەیەک ، یا کتێبفرۆشییەک.

## مەتەڵێک

لێرەدا مەتەڵێکی دی هەیە. ئایا ڕێکخستنی زمان سیستمێکی تایبـەتی خـۆی هەیـە؟ ئەو مەتەڵـە پێمـان دەڵـێ، کە چ شـتێک ئەدەبە؟یـا ئەوەی، کە دەزانـین چ شـتێک ئەدەبە و بۆیـە ئەو جۆرە گرنگیپێدانەی بۆ شـاباش دەکەیـن، کە بۆ ڕۆژنـامەی شـاباش نـاکەین و لە ئەنجامـدا چەنـد جـۆرێکی تـایبەت لە ڕێکخستنی زمان و واتای شاراوەی تێدا دەدۆزینەوە؟ وەڵامی راستەقینە ئەوەیە، کە هەردووکیان: هەندێجار خودی شتەکە چەنـــد تایبەتمەنـــدییەکی هەیە، کە دەیکـــاتە ئەدەبـــی، بەڵام هەندێجار سیاقی ئەدەبییە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە وەکو ئەدەب سـەیری بکەیـن، بەڵام سیسـتمی زمـانیش هەمووکـات نـابێتە هـۆی ئەوەی،کە شـتێک ببێـتە ئەدەب: هـیچ شـتێک لە دەفتەری ڕێنوێنی تەلەفۆن شێوازمەندترmore pattern) نییە. هەموو پارچەیەکی زمانیش ناتوانرێت تەنیا لەبەرئەوەی ناوی ئەدەبی لێنراوە بگۆڕێت بۆ ئەدەب: من نـاتوانم کتێبی وانەی کیمیای خۆم هەڵگرم و وەکو ڕۆمان بیخوێنمەوە.

لەلایەنـێکەوە ئەدەب تەنیـا چوارچێـوەیەک نییە، کە زمـان دەخەیـنە نـاوییەوە: هەر ڕسـتەیەک، کە وەکو شـیعر لەسـەر

کـــاغەز بنووســـرێت نـــابێتە ئەدەب، بەڵام لەلایەکیتریشـــەوە ئەدەب جـۆرێکی تـایبەتی زمـانیش نیـیە، چـونکە زۆرێـک لە بەرهەمە ئەدەبییەکان جیاوازی خۆیان لەگەڵ تەواوی جۆرە زمانییەکـانیتر وەلاوە نـانێن، ئەم بەرهەمـانە بەهـۆی گرنگـی پێـدانێک، کە پێیـان دەبەخشـرێت کـاریگەرییەکی تـایبەت دێننەکایەوە.

لێـرەدا سـەروکارمان لەگەڵ بنیـاتێکی ئـاڵۆزدا دەبێـت. ســـەروکارمان لەگەڵ دوو ڕوانـــگەی تێکچـــڕژاو هەیە، کە یەکتربـڕن، بەڵام وادەرناکەوێـت، کە هاوبونیـاتی[synthesis] نیشـان بدەن. دەتـوانین بەرهەمە ئەدەبییەکـان بە زمانێک، کە خـاوەن چەنـد تایبەتمەنـدییەکە یا چەنـد خەسڵەتێکی تـایبەتە هەژمار بکەین و دەتوانرێت ئەدەب بە بەرهەمی نەریتەکان و جۆرێکی تـایبەتی گرنگیپێدان بزانرێت. هـیچ یەکێک لەو دوو ڕوانگەیە ناتوانێت ئەوەیتر تێکەڵ بەخۆی بکات و لەناو خۆیدا بیتوێنێتەوە،دەبێــــــت بەردەوام لەنێـــــوان ئەم دووانەدا لە هـاتوچۆدا بێـت. مـن پێـنج خـاڵ، کە تیۆریسـتان دەربـارەی مـاهییەتی ئەدەب دایاننـاوە پیشـان دەدەم: هەر کامێکیـان لە ڕوانـگەیەکەوە دەسـت پێـدەکەیت، بەڵام لە کۆتاییـدا دەبێـت ڕوانگەیەکی دیکەشت لەبەرچاوبێت.

## سروشتی ئەدەب

### ١-ئەدەب وەکو (بەرجەستەکردنی زمان)

زۆرکەس وتویانە، لە ڕێکخستنی زماندا (ئەدەبیەت) لەسەررووی هەموو شتێکەوەیە،بە جۆرێک، کە ئەدەب لە زمانێک، کە بۆ مەبەستێکی دیکە بەکاردێت، جیادەکاتەوە. ئەدەب زمانێکە، کە خودی زمان(بەرجەستە) دەکات: وایلێدەکات نامۆ بێت، بەرەو بەردەمت پاڵی پێوەدەنێت: (سەیرکە! من زمانم!)- بە جۆرێک، کە ناکرێت ئەوە فەرامۆش بکەیت، کە سەروکارت لەگەل زمانێکدا هەیە، کە بە شێواز و ڕێچکەیەکی سەیر پێکهاتووە.

بە شێوەیەکی تایبەت شیعر ئاستی دەنگی زمان بە جۆرێک ڕێکدەخات، کە دەگۆڕێت بۆ شتێک، کە گرنگی پێدەدەیت. ئەمە دەسپێکی شیعرێکی جیرارد مێنلی هۆپیکینزە: inversnaid:

This darksome burn, horseback brown,
roaring down, His roll rock highroad down
In coop and in comb the fleece of his foam
Flutes and low to the take falls home.

بەرجەستەکردنی شێوازە زمانییەکان- دوبارەکردنەوەی کێشداری دەنگەکان لە -roadroaring...burn...brown...rollrock - هەروەها دارشتە فرمانییە ناباوەکانی وەک (rollrock) لە پێکەوەگرێدانی هەردوو فرمانیroll بە واتای غلۆربوونەوە و rock بە واتای (جولان). گومانی ئەوە ناهێڵێتەوە، کە بەرامبەر

زمانێک وەستاوین، کە ڕێکخراوە تا سەرنج بەرەو لای خودی بونیاتە زمانییەکان ڕابکێشێت.

چەند بارودۆخێکی دیاریکراو هەن،کە تیایاندا خوێنەران سەرنج و گرنگی بە شێوازە زمانییەکان نادەن، مەگەر ئەوەی کە ڕوونکرابێتەوە یا دیاری کرابێت، کە ئەو شتە ئەدەبە. لەکاتی خوێندنەوەی پەخشانی نموونەیی گوێی پێنادەیت.خۆتان سەرنج لەوە دەدەن، کە ڕیتمی ئەم ڕستەیە ئەستەمە،کە گوێی خوێنەر گۆش بکات، بەڵام ئەگەر لەناکاو سەروسکوتی سەروایەک پەیدا بێت ئەوا ڕیتمی ڕستەکە بۆ شتێک دەگۆڕێت، کە گوێی لێدەگریت. سەروا، کە یەکێکە لە نیشانە باوەکانی ئەدەب دەبێتە هۆی ئەوەی، کە تێبینی ئەوە بکەیت، کە پەخشانەکە لە سەرەتاوە ڕیتمی هەبووە. کاتێک دەقێک لە چوارچێوەی ئەدەبدا دەبێت گرنگی بە شێوازە دەنگییەکان یا جۆرەکانی دیکەی ڕێکخستنە زمانییەکان، کە بەشێوەیەکی گشتی جێگەی بایەخمان نین، دەدەین.

**٢.ئەدەب وەکو لێکدان و یەکخستنی زمان:**

ئەدەب زمانێکە، کە تێیدا ڕەگەز و پارچە جۆراوجۆرەکانی دەق لە پێوەندییەکی ئاڵۆزدان لەگەڵ یەکتریدا. کاتێک نامەیەکم بەدەست بگات،کە تێیدا داوای لێم کردووە هاوکاری کێشەیەکی بەهادار بکەم. ئەوا دوور دێتە بەرچاو، کە لە دەنگەکاندا زرنگانەوەی واتای دەقەکە ببینم، بەڵام لە ئەدەبدا بونیاتی ئاستە زمانییە جیاوازەکان پێوەندییەکی پتەوکەر یا

جیاواز و نەگونجاویـان لەگەڵ یەکدا هەیە: دەنگ لەگەڵ واتـا، بونیـاتی ڕێزمـانی لەگەڵ شـێوازە ناوەرۆکییەکـان پێوەنـدییان پـێکەوە هەیە. سـەروا لەڕێـگەی کـۆکردنەوەی هەردوو دوو وشـەی(suppose/ knows) پێوەنـدی لەنێـوان واتاکانیانـدا دێنێتەکایەوە(ئایـا زانـین/knowing پـێچەوانەی گومـان بردن/supposing)ە؟

ئیدی ئاشکرایە، کە نە(١) و نە(٢) و نە هەردووکیان پێکەوە پێناسـەیەک لەبارەی ئەدەب بەدەسـتەوە نـادەن. بەپـێچەوانەی ئەوەی (١)پێشـنیازی دەکـات تەواوی بەرهەمە ئەدەبییەکـان زمان بەرجەستە ناکەن(وەکو زۆرێک لە ڕۆمانەکان ) و زمانی بەرجەستەکراویش هەمووکـات ئەدەب نییە. ئەسـتەمە کەسـێک گوزارشتەکانی (peter piper a pack of pickled peppers) بە ئەدەب دابنێت، هەرچەندە وەکو زمان سەرنج بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێت و دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ هەڵوەستە بکات. لە ڕیکـلامە بازرگانییەکانـدا تەکنـیکە زمانییەکـان زۆربەی کـات تەنانەت بە شێوازێکی خراپتر لە گۆرانییەکان بەرجەستە دەبن و ئاسـتە بونیـاتییە جیاوازەکـان دەشـێت بەشـێوەیەکی بێباکتر تـێکەڵ بەیەک بـبن. ئەو نمـوونە سـەرەکییەی، کە (**ڕۆمـان یاکۆبسـن**)ی تیۆریسـتی دیـار بۆ(ئەرکی شـیعرییەت)ی زمـان دەیخاتەڕوو بە نیوە دێڕێکی شیعرێکی لیریکی نییە، بەڵکو بە دروشـمێکی سیاسـی( I like Ike )لە هەڵمەتـی هەڵبژاردنـی **دوایت.د.(ایک) ئیزنهاوەر** بۆ سەرۆکایەتی کۆماری ئەمریکایە: I

لەم دروشـمەدا لەڕێگەی یـاریکردن بە وشـەکانەوە like  lke.
بەرکـاری خـۆش ویســتن(l) و بـکەری خـۆش ویســتن(ike)
هەردووکیـان لە خـودی کرداری (like)دا هەن: چۆن دەکرێت
مـن(l)ی ئایـک(lke)م خـۆش نەوێـت(like)، لەکاتێکـدا l و lke
هەردوکیــان لەlikeادا کۆبــوونەتەوە؟ بەم دروشــمە ڕیکلامیــیە
پێویسـتی خۆشویسـتنی ئایـک وەک بڵێـی لە خـودی بونیـاتی
زمانـــــدا هەڵکەنـــــدراوە، کەواتە مەبەســــت ئەوە نیـــــیە، کە
پێوەندییەکانی نێوان ئاستە جیاوازەکانی زمان تەنیا لە ئەدەبدا
شـوێن و پـێگەی هەیە، بەڵکـو دەمانەوێـت بڵێـین،کە زیـاتر لە
دەقی ئەدەبیدا گەڕان و سوودوەرگرتن لە پێوەندییەکانی نیوان
شێوە و واتا یا ناوەرۆک و ڕێزمانی زماندا دەکەین،هەروەها
هەوڵـدان بـۆ تێگەیشـتن لە بەشـداری هەر ڕەگەزێـک لەسـەر
کـاریگەری گشـتی، دۆزینەوەو بەدەستهێنانی یەکێتی نـاوەکی،
هارمۆنی، پەشێوی، یا نەگونجاوییان لەبەرچاو دەگرین.

شـــیکردنەوەی ئەدەبیـــیەت بە پشـــت بەســـتن لەســـەر
بەرجەستەکاری یا بەپشـت بەسـتن لەسـەر یەکخسـتنی زمـان
چەند ئەزموونێک نادات بەدەستەوە تاوەکو دانیشتوانی مەریخ
بتـوانن بەکـۆمەکی ئەو ئەزموونـانە بەرهەمە ئەدەبییەکـان لە
تەواوی جۆرەکانی نووسینەکان جیابکەنەوە، ئەم شیکردنەوانە
وەکو زۆرێک لەو بانگەشانەی، کە دەربارەی سروشتی ئەدەب
دەیـخەنەڕوو سـەرنجمان بەرەو ئەو لایەنـانەی ئەدەب دەبـات،
کە بەلایانەوە لایەنی بنەڕەتی و سـەرەکیین. ئەم شـیکردنەوەیە

پێمان دەڵێت،کە بۆ لێکۆڵینەوە لە شتێک بەو پێیەی،کە ئەدەبە پێویستە بەر لە هەر کارێک سەیری ڕێکخستنە زمانییەکەی بکەین، نەک ئەوەی، کە ئەدەب وەکو دەرخستەیەکی شتە شاراوەکانی دەروونی نووسەرەکەی یا ڕامان و بیرکردنەوە دەربارەی ئەو کۆمەڵگایەی، کە بەرهەمی هێناوە بخوێنینەوە.

**٣.ئەدەب وەک چیرۆک(یا وەکو شتێکی دروستکراو)**

یەکێک لە هۆکارەکانی ڕووبەڕوو بوونەوە جیاوازەکانی خوێنەران لەگەڵ ئەدەبدا ئەوەیە،کە گوتنەکانی ئەدەب پێوەندییەکی تایبەتیان لەگەڵ جیهاندا هەیە- پێوەندییەک، کە بە (چیرۆکی) ناوی دەهێنین. بەرهەمی ئەدەبی دیاردەیەکی زمانییە، کە جیهانێکی چیرۆکی دەخاتەڕوو، کە قسەکەر و ئەکتەر و ڕووداو و گوێگرانێکی شاراوەی هەیە،(گوێگرانێک، کە لەسەر بنەمای بەرهەمەکە بە ڕوونکردنەوەی هەندێک لە شتەکان و نەوتنی هەندێکی دیکە و بەجێ هێڵانیان بۆخوێنەر بەو پێیەی، کە بەرهەمەکە وایدەسەپێنێت، کە خوێنەران بیزانن دروست دەبن ) بەرهەمە ئەدەبییەکان دەگەڕێنەوە بۆ کەسانێکی خەیاڵی، نەوەک مێژوویی(ئیما بافری، هاکلبێری فین) ، بەڵام چیرۆکی بوون تەنیا لەچوارچێوەی کەسایەتی و ڕووداوەکاندا نامێنێتەوە. خەسڵەتە ڕێنوێنیکەرە ئاماژەییەکانی زمان[بریتین لە چەند وشە و دەستەواژەیەک، کە شوێنی ڕووداو و کات لە ڕۆماندا دیاری دەکەن.و.کوردی]، کە بە هەڵویست و بارودۆخی گوتە پەیوەست دەبن بۆ نموونە

جێناوەکانی(من، تۆ) یان ئاوەڵکارەکانی کات و شوێن(ئێرە، ئەوێ، ئێستا، پاشان، دوێنێ، سبەی)لە ئەدەبدا بەشێوەیەکی تایبەتی کاردەدەکەن. **ئێستا** لە شیعرێکدا(ئێستا... پۆلە پەڕەسیلکەکان لە ئاسماندا دەجریوێنن)بە واتای ئەو ساتە نییە، کە شاعیر ئەم وشەیەی لە جاری یەکەمدا نووسیوە، یا ئەو ساتەی، کە جاری یەکەم چاپ بووە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنێک لە شیعردا، کاتێک لە جیهانە چیرۆکییە کردارییەکەی و (من)ێک، کە لە شیعرێکی لیریکیدا دەیبینین وەک: (من تەنیا وەک هەورێکی وێڵ...)ی شیعری (وۆردس وۆرس) بەهەمان شێوە دروستکراوە، ئەم منە دەگەڕێتەوە بۆ قسەکەری شیعرەکە، کە دەشێ لەگەڵ ئەو کەسەی، کە شیعرەکەی هۆنیوەتەوە(وۆردس وۆرس) بەتەواوەتی جیاواز بێت(دەشێ لەنێوان ئەوەی کە بەسەر قسەکەری شیعرەکە یا گێڕەرەوەی شیعرەکەدا تێدەپەڕێت لەگەڵ ئەوەی لە هەمان ساتدا بەسەر ژیانی وۆردس وۆرسدا تێپەڕیوە پێوەندییەکی نزیک لەئارادابێت، بەڵام شیعرێک، کە پیاوێکی بەتەمەن دەینوسێت دەشێت قسەکەرێکی گەنجی هەبێت و بەپێچەوانەوە و لە ڕۆژی ڕووناک ڕوونترە، کە ئەزموون و هەڵسەنگاندنەکانی گێڕەرەوەکانی ڕۆمانەکان، ئەو کەسایەتییانەی، کە لەکاتی گێڕانەوەی چیرۆکدا دەڵێن(من) دەشێت بەتەواوەتی لەگەڵ نووسەرەکەیدا جیاواز بێت).

لە چیرۆکـدا پێوەنـدی ئەوەی قسـەکەرەکان دەیڵـێن لەگەڵ ئەوەی نووسـەران بیـری لێـدەکەنەوە هەمیشـە بابەتێکـە شایستەی ڕاڤەکردنە. پێوەندی نێوان ڕووداوە گێڕدراوەکان و بارودۆخەکـانی جیهـانی واقیعـیش بەهەمـان شـێوە. گوتـاری نـاچیڕۆکی بەشـێوەیەکی گشـتی لە ڕووبەرێکدا(سـیاقێکدا) هەڵکەوتـووە، کە پێمـان دەڵێت چۆن لێی بڕوانین: نامیلکـەی ڕێنوێنیکەرە، ڕاپۆرتی ڕۆژنامەیە، یا نامەیەکە لە دەزگایەکی خێرخوازی ، بەڵام سیاقی چیرۆک ڕاستەوڕاست شوێنی ئەوە دەهێڵێـتەوە تـا ئەوە شـیبکەینەوە،کە چیـرۆکەکە لە ڕاسـتیدا سەبارەت بە چی قسە دەکات. لەڕاستیدا گەڕانەوە بۆ جیهانی واقیع لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا ئەرکێکە، کە زۆرتر ڕاڤەکردن بە بەرهەمە ئەدەبییەکـــان دەبەخشـــێت نەک ئەوەی، کە تایبەتمەنـدی خـودی بەرهەمە ئەدەبییەکـان بێت. ئەگەر مـن بە هاوڕێیەک بڵێم: (سبەی شـەو کاتژمێر هەشـت وەرە کافتریـای هـارد ڕاک تـا پـێکەوە نانێـک بخۆین)، هـاوڕێکەم ئەم قسـەیە وەکـو داوەتێکـی دیـاریکراو و هەسـتپێکراو وەردەگرێـت و لەسـیاقی دەقە وتـراوەکەدا دراوە کـاتی و شـوێنییەکان دەستنیشـان دەکـات: (سـبەی واتەی ١٤ی جەنیـوەری ٢٠٠٢، هەشت واتە هەشتی شەو بەکاتی نـاوەخۆ)، بەڵام کاتێک (بێن جۆنسۆن)ی شـاعیر شـیعری(داوەتکردنی هـاوڕێیەک بۆ نـانی ئێوارە )دەنووسێت ئەوا دروستکراوبوونی ئەم بەرهەمە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە پێوەندییەکەی لەگەڵ جیهانی واقیعدا هەڵگری

ڕاڤە و لێکدانەوە بێت: کۆنتێکستی پەیامەکە کۆنتێکستێکی ئەدەبییە و لە ئەستۆی ئێمەیە، کە لە بنەڕەتدا ئەم شیعرە بە ناسێنەری تێڕوانینەکانی قسەکەرێکی دروستکراو و چیرۆکی دابنێین، یا بە نیشاندەری جۆرە ژیانێک، کە ئیتر ڕۆیشتووە و بەسەرچووە، یا ئەوەی هاوڕێیەتی و چێژ و خۆشییە سادەکان لە گرنگترین هۆکارەکانی بەختەوەری مرۆڤن.

ڕاڤەی هاملێت، بەدەر لە شتەکانی دیکە، لەڕاستیدا واتە ئەمەی، کە بگەینە ئەو ئەنجامەی،کە پێویستە وەکو گوتنێک بیخوێنینەوە دەربارەی کێشەکانی شازادەکانی دانیمارک، یان دەربارەی کێشە و گرفتەکانی مرۆڤەکانی چاخی ڕێنیسانس، کە چەند گۆڕانکارییەکیان لە چەمکی خوددا ئەزموون دەکرد، یا دەربارەی پێوەندییەکانی نێوان پیاوان و دایکانیان بەشێوەیەکی گشتی، یا دەربارەی ئەو کێشەیەی، کە نیشاندانەوەکان[٤] (لە نموونەی نیشاندانەوە ئەدەبییەکان) چۆن کاریگەری دەخەنە سەر کیشەی تێگەیشتنمان بۆ ئەزموونەکانمان. ئەوەی لەسەراپای شانۆنامەکەدا چەند گەڕانەوەیەک بۆ دانیمارک هەیە بەم واتایە نییە، کە پێویستە سەداسەد شانۆنامەکە وەکو شتێک دەربارەی دانیمارک بخوێنیتەوە، ئەمە پلانێکە،کە لە ڕاڤەکردندا جێیدەبێتەوە، واتە بڕیارێکی شیکارییە. دەتوانرێت هاملێت بە ڕێگە و شێوازی

4 .representation.

جۆراوجـۆر و لە چەنـد ئاسـتێکی دیـاریکراو و جیـاوازدا بە دنیـــــای واقیـــــع پەیوەســــــت بکرێـــــت. چیرۆکـــــی بوونی(دروسـتکراوبوونی) ئەدەب، زمـان لە سـیاقەکانی دیـکە، کە دەشـێت تیایانـدا بەکـار بێـت جیادەکـاتەوە و پێوەنـدی بەرهەمی ئەدەبی لەگەڵ ئەو جیهانەی، کە شیاوی ڕاڤەکردنە بە کراوەیی دەهێڵێتەوە.

**٤.ئەدەب وەکو شتێکی ئیستاتیکی**

هەموو تایبەتمەندییەکانی ئەدەب،کە تاوەکو ئێرە گفتوگۆمان لەبارەیانەوە کرد- ئاستە تەواوکەرییەکانی ڕێکخستنی زمانی، دابـــڕان لەســــیاقە پڕاکتیکییەکــــانی گــــوتن، پێوەنــــدی دروسـتکراوبوون(چیرۆکی بـوون) لەگەڵ جیهـان- دەتوانرێـت پێکەوە لەژێـر ناونیشـانێکی گشـتیدا واتە (ئەرکـی ئیسـتاتیکی زمـان)کۆبکرێنەوە. ئیسـتاتیکا بەشـێوەیەکی مێژوویـی نـاوی تیۆری هونەرە و تێیدا چەند گفتوگۆیەک هەبووە دەربارەی ئەوەی، کە ئایـا جوانناسـی تایبەتمەنـدییەکی بـابەتی بەرهەمە ئەدەبییەکـانە یـا وەڵامێکـی خـودی بینەرانە، هەروەهـا لەگەڵ ئەوەشـــدا، کە جـــوان لەگەڵ حەقیقـــی و بەســـوود دا چ پێوەندییەکی هەیە.

لەڕوانـــگەی (**ئیمانوێـــل کانـــت**)دا، کە یەکەم تیۆریســـتی ئیسـتاتیکی مـۆدێرنی ڕۆژئـاواییە، ئیسـتاتیکا نـاوێکە، کە بـۆ هەوڵدان بـۆ دانـانی پـرد لە نێوان جیهـانی مـاددی و جیهـانی ڕۆحی، جیهـانی هێزەکان و قەبارەکـان و جیهـانی چەمکەکاندا

دایاننـــاوە .کەلــوپەلە ئیســـتاتیکییەکان لە نمــوونەی تـــابلۆ نیگارکێشـــییەکان یـــا بەرهەمە ئەدەبییەکـــان بە پێکهـــاتەی فـــۆرمێکی هەســـتی(ڕەنگەکان، دەنگەکـــان) و نـــاوەرۆکێکی مەعنەوی(بیرۆکەکـان) توانـای ئاشـتەوایی شـتە ماددییەکـان لەگەڵ مەعنەوییەکانـدا نیشـان دەدەن. بەرهەمێکـی ئەدەبـی شـتێکی ئیسـتاتیکییە، چـونکە لە سـەرەتاوە تەواوی ئەرکە پێوەندییەکان(گەیانـدنییەکان) دەخـاتە لاوە یـا سـنووردرایان دەکـات و پەکیـان دەخـات، تـا خـوێنەران بە بیرکـردنەوە دەربـارەی پێوەنـدی ئـالوگۆڕی نێـوان فـۆرم و نـاوەرۆک سەرقاڵ بکات.

کەلوپەلە ئیستاتیکییەکان لە ڕوانگەی **کانت** و تیۆریستەکانی دیـکەوە خاوەنی(ئامانجـداری بـێ ئامـانج)ن. بونیاتەکانیـان ئامانجـدارە: بە جۆرێـک دروسـتکراون، کە بەش و پاژەکانیـان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێک پێکەوە کار بکەن، بەڵام ئامانجی خـودی بەرهەمـی هـونەری چێـژە لە خـودی بەرهەمەکە یـا چێـژێکە، کە دەبێـتە هـۆی هێنانەکـایەوەی بەرهەمەکە نەوەک ئامـــانجێکی دەرەکـــی. بە کـــرداری واتـــاکەی ئەوەیە، کە لە بەرچـاوگرتنی دەقێـک وەکـو ئەدەب واتە پرسـیار دەربـارەی ڕۆڵ و بەشداری بەش و پارچەکان لەسـەر کاریگەری گشـت، نەک ئەوەی وابیـــربکەینەوە لە بنەڕەتـــدا وا دروســـتبووە تـــا ئامانجێک بەدەستەوە بدات، بۆ نموونە چەنـد زانیارییەکمـان پێبـدات یـا قەناعەتمـان پێبکـات. کاتێـک دەڵـێم چیـرۆک واتـا

گوتراوێک، کە بە (گوتنی بوونی) شوێن و پێگەیەک بەدەست دەهێنێـــــت، لەڕاســـــتیدا خەریکـــــم دەڵـــــێم، کە چیـــــرۆک ئامانجدارە(بەدەستهێنانی چەند خەسڵەتێک، کە چیرۆک دەکاتە (چیرۆکێکی چاک))،بەڵام ناتوانرێت ئەمە بە سادەیی و ئاسانی بە ئامـانجێکی دەرەکییەوە بلکێنرێـت، کەواتە خەریکـم پەنـجە لەسـەر خەسـڵەتە ئیسـتاتیکی و سـۆزدارییەکانی چیرۆکەکـان، تەنـانەت چیـرۆکە نائەدەبییەکـان دادەنـێم. چیرۆکـی بـاش چیرۆکێکی سوودمەندەو خوێنەران یا بیسەران وا هەستدەکەن ئەوە دەهێنێت، کە گوێی لێبگیرێت یا بخوێندرێتەوە. دەشێ ئەم چیرۆکە سـەرگەرمکەر، فێرکەر، یـا هانـدەر بێت، زنجیـرەیەک کاریگەری هەبێت، بەڵام ناتوانرێت چیرۆکی باش بەشـێوەیەکی گشتی بەوە پێناسە بکرێت، کە یەکێک لەم کارانە بکات.

**٥.ئەدەب وەکو بونیاتێکی دەقئاوێزانی یا ڕەنگدەرەوەیەکی خودی**

تیۆریســـتە نوێکـــان گفتوگـــۆو مشـــتومڕیان لەســـەر ئەوە کردووە،کە بەرهەمەکان(ئەدەبییەکان) لە بەرهەمەکانی دیکەوە دروسـت دەبن: هەر بەرهەمێک لەڕێگەی بەرهەمەکانی پێش خۆیـدا دێـتە کـایەوە. ئەم بەرهەمە دوای بەرهەمەکـانی پـێش خـۆی دەکەوێـت، دووبارەیـان دەکـاتەوە، تێیانـدەپەڕێنێت، دەیانگۆڕێـــــت. ئەم بیـــــرۆکەیە هەنـــــدێجار بەنـــــاوێکی ســـەیر(دەقئاوێزان) نـــاوی دەهێـــنن. هەر بەرهەمێـــک لەنێـــو دەقەکانی دیکەدا بوونی دەبێت، واتە لەڕێگەی پێوەندییەکانی لەگەڵ دەقەکـــانی دیـــکەدا. کاتێـــک شـــتێک وەکـــو ئەدەب

دەخـــوێنینەوە، واتە وەکــو دیــاردەیەکی زمــانی لەبەرچــاوی دەگـرین، کە لەپێوەنـدییەکانی لەگەڵ گوتارەکـانی دیـکەدا واتـا وەردەگرێـت: بـۆ نمـوونە وەکـو شـیعرێک، کە سـوود لەو توانسـتانە وەردەگرێـت، کە زادەی شـیعرەکانی پێشـووە، یـا وەکـو ڕۆمانێـک، کە ڕەوانبێـژی سیاسـی سـەردەمی خـۆی دەخـــاتەڕوو و ڕەخـــنەی لێـــدەگرێت. سـوـۆنێتی(چاوەکانی مەعشوقەکەی من هیچ لە خۆر ناچێت)ی هۆنراوەی شێکسپیر چەند خواستنێکی بەکارهێناوە،کە لە بنەماکانی شیعری لیریکی وەریگرتووە و نکۆڵی لێیان کردووە،(بەڵام چەند گوڵێکی لەم جۆرە لە ڕوومەتەکانی نابینم)- ڕەتی دەکاتەوە، کە بتوانرێت بەمـانە ستایشـی ژنێـک بکرێـت، کە(کاتێـک دەڕوات، هەنگـاو لەســـەر زەویـــدا دادەنێـــت). ئەم شـــیعرە لە ڕێـــگەی ئەو پێوەنـدییانەی، کە لەگەڵ بنـەما ئەدەبییەکانـدا هەیەتـی واتـا وەردەگرێت، کە وایان کردووە شیاو بێت.

کەواتە لەکـاتی خوێنـدنەوەی شـیعرێک وەکـو ئەدەب، واتە دۆزینـەوەی پێوەنـدی شـیعرەکە لەگەڵ شـیعرەکانی دیـکەدا ، هەروەهـــا بەرامبەرکـــردن و بەراوردکردنـــی شـــێوازی واتـــاوەرگرتنی ئەو شـــیعرە لەگەڵ شـــێوازی واتـــاوەرگرتنی شـــیعرەکانی دیـــکەدا دەتوانرێـــت لە ئاســـتێکی دیـــاریکراودا خوێندنەوەی شیعر بە خوێندنەوە سەبارەت بە شیعر دابنرێت. شیعر پێوەندی بە پرۆسـەکانی خەیـاڵکردنی شـیعریی و ڕاڤەی شیعرییەوە هەیە. لێرەدا ڕووبەڕووی چەمکێکی دیکە دەبینەوە،

که لەتیۆری نوێدا گرنگی خۆی هەیە: چەمکی (ڕەنگدانەوەی خودی) ئەدەب. لە ئاستێکی دیاریکراودا ڕۆمانەکان لە بازنەی ڕۆمانەکـــان دەخـــولێنەوە، دەربـــارەی گرفـــت و تواناکـــانی نیشـــاندانی ئەزمـــوون و شـــکڵ و شـــێوە دان بە ئەزمـــوون یـــا تێگەیشـــتن لە ئەزمـــوونەوەن، لەبەرئەوە دەتوانرێت(مـــادام بۆڤاری) وەکو دۆزینەوەی پێوەندی نێوان(ژیانی واقیعی) ***ئیما بۆڤـــاری*** و شـــێوازی تێگەیشـــتنی ئەو لە ئەزمـــوونی ڕۆمـــانە ڕۆمانتیکییەکـــان، کە دەیخـــوێنێتەوە و ڕۆمـــانی خـــودی فلـــۆبێر دابنرێت . هەمووکات دەتوانرێت لە ڕۆمانێک (یا شیعرێک) ئەو پرســیارە بکرێــت، کە ئەوەی بە نهێنــی دەربــارەی تێگەیشــتن دەیڵێــت چــۆن پێوەنــدی لەگەڵ ئەو شــێوازە تێگەیشــتنە پەیــدا دەکات، کە خۆی دەیڵێت.

ئەدەب کـــارێکە، کە تێیـــدا نووســـەران هەوڵـــدەدەن بەرەو پێشـــەوەی بـــبەن یـــا نـــوێی بـــکەنەوە، لەبەرئەوە هەمیشـــە لە کرۆکـــدا بیرکـــردنەوە و ڕامـــانێکە لە خـــودی ئەدەب، بەڵام هەمدیسان لێرەدا دەبینین، کە ئەم قسەیە دەشێت دەربارەی شێوە و قاڵبەکانی دیکەشەوە بکرێت: لەزگەکانی سەر زرێی ئۆتۆمبێل[٥]، هاوشێوەی شیعرەکان دەشێ واتای خۆیان لە لەزگەکانی پێش خۆیان وەربگرن: (لەبەر دڵی مەسیح نەهەنگ بـــکە نـــاوەکی!) بەبـــێ لەزگەکانی(نـــا بـــۆ چەکـــی نـــاوەکی)

---

[٥] Bumper sticker. ئەو لەزگەیەی، کە بە لاستیکە هێواشکەرەوەکان دەلکێندرێت لە یاری پێکدادانی ئۆتۆمبێلەکاندا

(نەهەنگەکان ڕزگار بکە) و (مەسیح ڕزگارکەرە) واتا نادات بەدەستەوە و بێگومان دەتوانرێت بگوترێت، کە(لەبەر دڵی مەسیح نەهەنگ بکە ناوەکی) لەڕاستیدا تایبەتە بە لەزگەکانی سەر زریێی ئۆتۆمبێل. لە کۆتاییدا لەبەرئەوەی دەقئاویزان و ڕەنگدانەوەی خودیی ئەدەب تایبەتمەندی ناسێنەر و دیاریکەری ئەدەب نین، بەڵکو چەند لایەنێک لە بەکارهێنانی زمان و چەند پرسیارێک دەربارەی نیشاندان بەرجەستە دەکەن، کە دەشێت لە شوێنی دیکەدا ڕووبەڕووی ئەم بەرجەستەکارییە ببینەوە.

## تایبەتمەندییەکان بەرامبەر بە ئەنجامەکان

لە هەر پێنج بارودۆخەکەدا ڕووبەڕووی بونیاتێک دەبینەوە، کە پێشتر باسم کردووە: کەین و بەین لەگەڵ شتێکدا پەیدا دەکەین،کە دەکرێت بە تایبەتمەندییەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکان دابنرێت، تایبەتمەندییەک، کە نیشانەی ئەدەبییان پێدەدرێت و بە ئەدەب دادەنرێن، بەڵام سەرەڕای ئەمە سەروکار لەگەڵ شتێکدا پەیدا دەکەین، کە دەتوانرێت بە دەرئەنجامی جۆرێکی تایبەت لە گرنگیپێدان و سەرنج لێدان دابنرێت، مەبەست لەوە ئەرکێکە، کە کاتێک زمان وەکو ئەدەب لەبەرچاو دەگرین بۆ زمانی دادەنێین. هیچ یەکێک لە دوو تێڕوانینەکە وەک بلێی ناتوانن ئەوەیتر هەرس بکەن و ڕوانینێکی تەواو و بێ کەموکوڕیی بهێننەکایەوە. خەسڵەتەکانی ئەدەب ناتوانرێت نە لە تایبەتمەندییە بابەتییەکان و نە لە ئەنجامەکانی شێوازی

چوارچێوەی زماندا کورت بکرێنەوە. ئەمەش یەک هۆکاری سەرەکی هەیە، کە پێشتر لە تاقیکردنەوە فیکرییە بچووکەکانی دەسپێکی ئەم بەشەدا دەرکەوت. زمان خۆی ڕادەستی ئەو چوارچێوانە ناکات، کە ئێمە بۆی دادەنێین. ناکرێت دێڕی(بەدەوری بازنەیەکدا سەمامان دەکرد.) بۆ فاڵی کێکی بەخت بگۆڕدرێت یا (بەتوندی بیجوڵێنە= stir vigorously) بکەین بە شیعرێکی داستانی. کاتێک وەک ئەدەب هەڵسوکەوت لەگەڵ شتێکدا دەکەین، کاتێک بەدوای شێواز و یەکگرتندا دەگەڕێین زمان بەرگری دەکات، پێویستە کاری لەسەر بکرێت، کاری پێبکرێت. لە کۆتاییدا (ئەدەبییەت)ی ئەدەب دەشێ لەو پەشێوییەدا خۆی حەشاردابێت، کە بەرهەمی کاریگەری نێوان کەرەسە زمانییەکان و پێشبینییە باوەکانی خوێنەرانە سەبارەت بەوەی، کە چ شتێک ئەدەبە، بەڵام ئەمە بە وریاییەوە دەڵێین، چونکە شتێکی دیکە کە لەو پێنج بارودۆخەی خۆمان فێری بووین ئەوەیە، کە بینیمان هەر خەسڵەتێک، کە وەکو تایبەتمەندییەکی گرنگی ئەدەب ناسێنرا تایبەتمەندییەکی دەستنیشانکەری ئەدەب نەبوو، چونکە دەکرا ئامادەیی ئەو تایبەتمەندییە لە تەواوی بەکارهێنانە زمانییەکانی دیکەدا ببینرێت.

## ئەرکەکانی ئەدەب

ئەم بەشـــەمان بەو بیرهێنـــانەوەیە گـــرنگە دەســـپێکرد، کە تیـــۆری ئەدەبـــی لە دەیەکـــانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠دا خـــاڵی چڕکـردنەوەی خۆی(فۆکۆسـی) لەسـەر جیاکردنەوەی نێـوان بەرهەمە ئەدەبییەکـان و نائەدەبییەکانـدا دانەنـاوە . کارێـک، کە تیۆریسـتان کردوویـانە ئەمە بـووە، کە سـەبارەت بە ئەدەب وەکو کەتیگۆرییەکی مێژوویی و ئایدۆلۆژی بیریان کـردۆتەوە، سەبارەت بە ئەرکە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، وای بۆچوون (ئەدەب)دەتـوانێ ئەنجـامی بـدات. لە ئینگلـتەرای سـەدەی نۆزدەیەمـدا ئەدەب وەکـو بیرۆکەیەکـی تـا ئەنـدازەیەک گرنـگ دەرکەوت، وەکو جۆرێکی تایبەتی نووسین، کە چەند ئەرکێکی دیـاریکراوی لەئەسـتۆدایە. کاتێـک لە وڵاتـانی ژێردەسـتەی ئیمپڕاتـۆڕیەتی بەریتانیـادا ئەدەب بـۆ ئامرازی فێرکـردن گـۆڕا ئەرکی تێگەیاندنی گەورەیی ئینگلستان بە خەڵک و هاندانیان وەکـو بەشـداربوانێکی سوپاسـکەر لە هەوڵـدانی مێژوویـی بـۆ بونیاتنـانی شارسـتانیەت خـرایە ئەسـتۆی ئەدەبـەوە. لەنـاو نیشتیماندا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خۆپەرستی و ماددییەتێک، کە پەروەردەکراوی ئابوری سەرمایەداری نوێ بوو سـوود لە ئەدەب وەردەگیرا، لەبەرئەوەی بەهایـەکی جێگرەوەی نیشـانی چینە ناوەند و ئەرستۆکراتییەکان دەدا و ڕۆڵێکی ڕۆشنبیری بە چینی کرێکاران دەدا، کە لەڕووەی ماددییەوە لە پێگەیەکی نـــزمەوە دایـــدەنان . ئەدەب هەم دەسەڵاتناســـی بەدەر لە

بەرژەوەندیخوازییە تاکەکەسییەکانی فێری خەڵک دەکرد، هەمیش هەستکردن بە شکۆداری و گەورەیی میللی هێنایەکایەوە، هەمیش لەنێوان چینە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکاندا هاوسۆزی دەهێنایە کایەوە و لە کۆتاییشدا هەم وەکو جێگرەوەیەک بۆ ئایین هەڵسوکەوتی دەکرد،کە چیتر لەتوانایدا نەبوو یەکێتی کۆمەڵ بپارێزێت.

هەر کۆمەڵە دەقێک، کە بتوانێت هەموو ئەم کارانە بکات، بێگومان دەبێتە شتێکی زۆر جیاواز و ڕیزپەڕ. ئەدب چییە، کە وابیریان لێکردۆتەوە ئەو هەموو کارانەی لەدەست دێت؟ ئەوەی گرنگی زۆری هەیە بونیاتێکی تایبەتی نموونەییە، کە لە ئەدەبدا کار دەکات. بەرهەمێکی ئەدەبی بۆ نموونە (هاملێت)بەشێوەیەکی گشتی بەسەرهاتی کەسایەتییەکی چیرۆکییە: بە شێوازێک خۆی وەکو نموونە پیشان دەدات(مەگەر چ هۆکارێک هەیە تا بیخوێنینەوە؟) بەڵام لەهەمان کاتدا ئامادە نییە سنوور یا ڕووبەرە نموونەییەکەی دیاری بکەن- لەبەر ئەوەیە،کە خوێنەران و ڕەخنەگران بەم ئاسانییە قسە لەبارەی(بەجیهانیبوونی ئەدەب) دەکەن. بونیاتی بەرهەمە ئەدەبییەکان بەجۆرێکە، کە پەسەندکردنی ئەوەی دەربارەی(مەرجی مرۆیی)یەوە قسە دەکات بەلامانەوە ئاسانترە تا ئەوەی بمانەوێت بەوردی ئەوە دەست نیشان بکەین،کە چ کەتیگۆرییەکی سنوردارتر وەسف دەکات یا ڕوون دەکاتەوە. ئایا هاملێت تەنیا دەربارەی شازادەکانە، یا

مرۆڤەکـــانی چـــاخی ڕێنیســـانس، یـــا دەروونڕوانـــی و دەروونپشـــکنی پیـــاوە گەنجەکـــانە. یـــا ئەو مرۆڤـــانەی،کە باوکەکانیان بە مردنێکی گوماناوییەوە مردوون؟ لەبەرئەوەی ئەم جۆرە وەڵامانە هیچیان قەناعەتپێکەر نین، بۆیە خوێنەران ئاسوودەترن لەوەی،کە وەڵامێک نەدەنەوە و ئاوا بەشێوەیەکی شـاراوە ئەگەری بەجیهـانیبوون پەسـەند بکەن. ڕۆمانەکـان، شـیعرەکان و شـانۆنامەکان بەهـۆی تـایبەت بوونیـان خۆیـان ڕادەستی ئەوە ناکەن، کە خۆیان نموونەیەکن لێی، ویڕای ئەمە هەمـوو خـوینەران داوەت دەکەن تـا لە تەنـگ و چەڵەمەکـان و بیرۆکەی گێڕەرەوەکان و کەسایەتییەکانیاندا بەشداری بکەن.

لێکـــدان و پێکەوەتێکەڵکردنـــی (دابینکردنـــی ئیمکـــانیەتی بەجیهـانی بـوون) و (بەگوێگردانـانی هەمـوو ئەوانەی دەتـوانن بەم زمـانە بخـوێننەوە) ئەرکێکـی نەتەوەیـی زۆر کـاریگەر و بەهێـزی هەبـووە. (بەنـدیکت ئیندەرسـن) لە کتێبـی (کـۆمەڵە خەیاڵییەکاندا: چەند ڕامانێک دەربارەی ڕەچەڵەک و گەشـەی نەتەوەگەرایی)،کە بەرهەمێکە لە مێژووی سیاسیدا بەئەندازەی تیـۆر کـاریگەر بـووە، گفتوگـۆی ئەوە دەکـات، کە بەرهەمە ئەدەبییەکان – بەتایبەت ڕۆمانەکـان- یارمەتی هێنانەکایەوەی گروپـە نەتەوەییەکانیـان داوە، لەبەرئەوەی گروپێکـی فراوانـی خوێنەرانیـان بەئامـانج گرتـووە و ڕووی قسـەکانیان لەوان بـووە، بەڵام دیسـان لە بنەڕەتدا بەڕووی هەمـوو ئەوانەی، کە دەیـانتوانی بەو زمـانە بخـوێننەوە کـراوە بـوون. ئەندرسـن

دەنوسێت: ((چیرۆک بێدەنگ و بەردەوام دزە دەکاتە ناو واقیعیەتەوە و هەستی وابەستە بوون بە کۆمەڵ، کە بە گومناوی دەمێنێتەوە دێنێتەکایەوە ، ئەمەش سیفەتی دیاری نەتەوە مۆدێرنەکانە)). خستنەڕووی کەسایەتییەکان، قسەکەران، گرێچنەکان و ناوەرۆکەکانی ئەدەبی ئینگلیزی لەسەر شێوازێکی شاراوەی جیهانی واتە برەوپێدانی کۆمەڵگایەکی خەیاڵی کراوە، بەڵام سنوردار و دەورەدراوە بەوەی،کە بۆنموونە خەڵکانی وڵاتە ژێردەستەکانی بەریتانیا بانگێشت دەکرێن تا ئارەزووی گەیشتن بەوە لە کەللەیاندا پەروەردە بکەن. لەڕاستیدا هەرچەندە زیاتر جەخت لەسەر بەجیهانیبوونی ئەدەب بکرێتەوە، ئەگەری ئەوەی ئەرکێکی نەتەوەیی هەبێت زیاتردەبێت: بانگەشەی بەجیهانی بوونی تێڕوانینێک، کە (جین ئایەر) بۆ جیهان هەیەتی دەبێتە هۆی ئەوەی لە واقیعدا ئینگلستان ببێتە شوێنێکی تایبەت، سەنتەری پێوەرەکانی چێژ و هەڵسوکەوت و گرنگتر لە هەمووشیان سیناریۆیە ڕەوشتییەکان و بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان، کە تیایاندا کێشە ڕەوشتییەکان چارەسەر دەکرێن و کەسایەتی مرۆڤەکان دروست دەبێت.

ئەدەب بە جۆرێکی تایبەتی نووسین دانراوە و گفتوگۆی لەبارەوە کراوە، کە دەتوانێت نەک تەنیا چینە ژێردەستەکان ، بەڵکو چینە ئەرستۆکراتی و چینە ناوەندەکانیش بکاتە چینێکی شارستانی. ئەو بۆچوونەی، کە وەکو شتێکی ئیستاتیکی لە

ئەدەب دەڕوانێت، کە دەتوانێت بۆ (مرۆڤێکی باشتر) بمانگۆڕێت پێوەندی بە بیرۆکەی تایبەت دەربارەی خودەوە هەیە، واتە هەرچەندە، کە تیۆریستان ناویان لێناوە(خودی لیبرال)دا دێتەکایەوە، کە تاکەکەس بە پلەوپایە بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییان پێناسە ناکات، بەڵکو بە خودێکی تاکەکەسی(عەقلانییەت و ڕەوشت) پێناسە دەکرێت، کە لەبنەڕەتدا بەدەر لە هۆکارە دەستنیشانکەرە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەبێت. شتێکی ئیستاتیکی، کە لە مەبەستە پراکتیکییەکان دابڕاوە و چەند جۆرێکی تایبەتی بیرکردنەوە و خۆبەویترکردن[٦] دەوروژێنێت، لەڕێگەی کردەوەی ئازادانە و دوور لە بەرژەوەندی تاکەکەسیانەی هێزی خەیاڵی، کە زانین و هەڵسەنگاندن لەڕێگەی پێوەندییەکی پتەو و تەواو پێکەوە تێکەڵ دەکات ، یارمەتیمان دەدات لەسەر ئەوەی، کە ببین بە خودە لیبراڵەکان. بە پشت بەستن بەم مشتومڕە ئەدەب بەم کارە بە هاندانی خوێنەران بۆ لێکۆڵینەوە لە ئالۆزییەکان بەبێ پەلەکردن لە بڕیاردان لەسەری و سەرقاڵکردنی عەقڵ بە کێشە ڕەوشتییەکان و وروژاندنی خوێنەران بۆ پشکنینی

---

٦. Integration لە عەرەبیدا التماهی و التقمص و لە فارسیدا همذات پنداری بۆ بەکاردێت لە کوردیدا خۆبەویترکردن و خۆبەوکردنمان بۆ بەکارهێناوە،کە زاراوەیەکی دەروونناسییە و حالەتێکە تاک دەیەوێت خۆی لەشوێنی کەسانی دیکەی بەناو بانگ یا خاوەن سیفەتێک کە ئەو نییەتی دابنێت و جۆرێک لە لاساییکردنەوەی تێدا دەبینرێت. و. کوردی.

هەڵسوکەوت(لەوانە هەڵسوکەوتی خۆیان) هەڵدەستێت، کارێکە، کە گشت کەسێک، کە لەدەرەوە وەستاوە پێیهەڵدەستێت، یا خوێنەری ڕۆمان ئەنجامی دەدات. ئەدەب برەو بە بێ مەرامی دەدات، هەستیاری و جیاکردنەوەی ورد فێری خەلک دەکات، بەرهەمهێنانی خۆبەوەیترکردن لەگەڵ ئەو ژن و پیاوانەی، کە لە بارودۆخی دیکەدا دەژین و بەم شێوەیە هاوسۆزی برەو پێدەدەن.

لە ساڵی ١٨٦٠دا مامۆستایەک وای گوت:بە گفتوگۆ لەگەڵ بیرۆکە و گوتەکانی ئەوانەی، کە پێشەوای فیکری ڕەچەڵەکی مرۆڤن دڵمان هاوئاواز لەگەڵ هەستی مرۆڤایەتی جیهانی لێدەدات. ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە هیچ جیاوازییەکی چینایەتی، یا حیزبی، یا نەتەوەیی لەتوانایدا نییە توانا و دەسەڵاتی بلیمەتی مرۆڤ بۆ جادوولێکردن و فێرکردن لەناوببات و لەسەرووی دوکەڵ و هەڵم و جووڵەوبزاوت و لەسەرووی هاتوهاوار و ژاوەژاوەی یاساکانی ژیانی دونیای مرۆڤ بۆ گرنگیپێدان و کار و بار و جەنگ و مشتومڕ، هەرێمی حەقیقەتێکە ئارام و درەوشاوە، کە هەمووان تێیدا دەتوانن یەکتری ببینن و تا ئەوپەڕی پشوو درێژ بن.

جێی سەرسوڕمان نییە، کە لە گفتوگۆ تیۆرییە نوێکاندا ئەم تێڕوانینە بۆ ئەدەب بۆتە مایەی ڕەخنەلێگرتن و زیاد لە هەمووان ڕووی لە هێنانەکایەوەی ئەم گومڕاییە کردووە، کە دەیەوێت بە دابینکردنی ڕێگەیەک بۆ دەستگەیشتن بە (

هەرێمـی بـاڵا) عەقڵـی کرێکـاران لە نـاهەمواری و خراپـی بـارودۆخی ژیـانی خۆیـان لابـدات – بە گـوتەی تیـری ئیگڵـتن چەند ڕۆمانێک فڕێدەدەنە بەردەم کرێکاران تـاوەکو ڕێگرییـان لە بەسـەنگەرکردنی شـەقامەکان لێـبکەن، بەڵام کاتێـک لەو بانگەشـانەی،کە دەربـارەی کـاری ئەدەب لەئـارادان پشـکنین و بەدواداچـوون دەربـارەی ڕۆڵـی ئەدەب لە کۆمەڵـدا دەکەیـن چاوەمـان بە چەنـد مشـتومڕێک دەکەوێـت، کە پـێکەوە کۆکردنەوەیان بەڕاستی شتێکی سەخت و دژوارە.

چەنـد ئەرکێکیـان بـۆ ئەدەب دانـاوە، کە ڕاستەوڕاسـت دژیەکن. ئایا ئەدەب ئامرازێکی ئایدۆلۆژییە: کۆمەڵە چیرۆکیک، کە خوێنەران فریو دەدەن تا بونیاتی ڕێکخستنە هەڕەمییەکانی کۆمەڵگا پەسەند بکات؟ ئەگەر لە چیرۆکەکاندا بە ئاشکرا ئەوە دەسـەپێنرێت، کە دەبێـت ژنـان ، بەدەر لە هەر شـتێک لە هاوسـەرگیریدا بەدوای بەختەوەریـدا بگەڕێـن، ئەگەر چیرۆکەکـان چینـایەتی بـوونی کۆمەڵگـا بە شـتێکی سروشـتی دادەنـێن و ئەوە پەسـەند دەکەن و لەوە دەکـۆڵنەوە، کە چۆن کچۆڵەیەکی خزمەتکاری داوێن پاک دەشێ لەگەڵ لۆردەکەیدا هاوسـەرگیری بکـات، ئەو کـارەی، کە دەیـکەن لە ڕاسـتیدا ڕەوایەتیدانە بە ڕێکخستنە مێژووییەکانی وابەستە پێیانەوە. یا ئەوەی ئەدەب شـوێنێکە، کە ئایـدۆلۆژیا تێیدا بـڵاو دەبێتەوە و ئەوە ڕوونـدەبێتەوە، کە شـتێکە دەتوانرێـت تێیـدا گفتوگـۆ و مشـومڕ بکرێـت؟ ئەدەب نیشـاندانە، بـۆ نمـوونە بەشـێوەیەکی

شاراوەی زۆر چڕ و کاریگەر قەڵەمڕەوی سنووررداری ئەو مافەی هەڵبژاردن، کە بەدرێژایی مێژوو بە ژنان دراوە نیشان دەدات و بە ئاشکراکردنی ئەم شتە ئەوە نیشان دەدات، کە ڕادەستنەبوون بەم بارودۆخە شتێکی شیاو و کردەنی بووە. هەردوو بانگەشەکە بەتەواوەتی ماقووڵن: ئەوەی، کە دەڵێ ئەدەب هەڵگری ئایدۆلۆژیایە و ئەوەی، کە دەڵێ ئەدەب ئامرازێکە بۆ سڕینەوەی ئایدۆلۆژیا و ڕەخنەگرتن لێی.

لێرەدا دیسان بینەری لەرینەوەیەکی ئالۆزین لەنێوان(تایبەتمەندییە)شاراوەکانی ئەدەب و ئەو گرنگی پێدانەی، کە ئەم تایبەتمەندییانە ئاشکرا دەکات.

دەربارەی پێوەندی ئەدەب لەگەڵ کار[کۆمەڵایەتی]یش ڕووبەڕووی چەند بانگەشەیەکی دژیەک دەبینەوە: تیۆریستان بەرگرییان لەوە کردووە، کە ئەدەب هاندەری خوێندنەوە و بیرکردنەوەیە لە تەنیاییدا و ئەم ڕێگەیە بە ڕێگەی سەرقاڵبوون بە کارەکانی دونیایی دادەنێن، لەبەرئەمە هاوتا دەبێت لەگەڵ چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، کە دەشێت گۆڕانێک بێننەکایەوە، ئەدەب لە چاکترین باردا هاندەری دوورەپەرێزی یا لێکدانەوە و تێگەیشتنی ئالۆزییە و لە خراپترین باردا هەڵچوون و پەسەندکردنی بارودۆخی ئێستایە، بەڵام لە لایەکیترەوە بەدرێژایی مێژوو ئەوەمان بینیوە،کە ئەدەبیان بە شتێکی ترسناک هەژمار کردووە: ئەدەب برەو بە گفتوگۆ و مشتومڕ دەدات لەبارەی دەسەڵات و ڕێکخستنە

کۆمەڵایەتییەکـــان. ئەفلاتـــوون هاتنەنـــاوەوەی شـــاعیرانی بـــۆ کۆمـــارە نمـــوونەییەکەی خـــۆی قەدەغە کردبـــوو، لەبەرئەوەی شاعیران تەنیا مایەی ئێش و ڕەنجن و ماوەیەکی درێژە،کە کەسانێک باوەڕیان وابووە ڕۆمانەکان مرۆڤەکان والێدەکەن، کە ناڕازی بن لەو میراتەی، کە لە باوانیانەوە بۆیان ماوەتەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی تامەزرۆی شتێکی تازە بن- جا چ ژیان لەشـارە گەورەکـان بێـت، چ چیرۆکـی پاڵەوانیەتی بێـت، یـان شۆڕش.

ئەم کتێبـــانە بە برەوپێـــدانی خـــۆبەئەویترکردن لەڕێـــگەی دابەشـکارییە چینایەتییەکـان، جێنـدەرییەکان، ڕەچەڵەکییەکـان، نەتەوەییەکـان و تەمەنییەکـان دەشـێ جۆرێک لە (هاوسـۆزی) برەو پێبدەن، کە ڕێگرە لەبەردەم ناکۆکی و ململانێ، بەڵام لە هەمـــان کاتـــدا دەشـــێ هەســـتێکی بەهێـــزی چەوســـانەوە لە خـــوێنەردا بێنێتەکـــایەوە،کە دەکـــرێ ئەگەری ئەو ململانـــێ و ناکۆکیـانەی لەبەردەمیدایە فەراهەم بکـات. بەدرێژایـی مێـژوو ئەم بیروبـــــاوەڕە لەئـــــارادابووە،کە بەرهەمە ئەدەبییەکـــــان گۆڕانکاری دروستدەکەن: (**خانۆچکەی مامە تۆم**)ی (**هاریت بیچر ستۆ**)، کە لەسـەردەمی خۆیدا بـووە کتێبێکـی پڕفرۆش یارمەتی هێنانەکایەوەی بێزاری بەرامبەر کۆیلایەتیدا، ئەمەش لەخـودی خۆیـدا شـیانی هەڵگیرسـانی شـەڕی نـاوەخۆی ئەمریکای دروستکرد.

لە بەشـی حەوتەمـدا دیسـان دەگەڕێینـەوە سـەر کێشـەی خـۆبەوەیترکردن و کاریگەرییەکـانی: خـۆبەوەیترکردن لەگەڵ کەسـایەتییەکان و گێڕەرەوەکـانی بەرهەمە ئەدەبییەکـان چ ڕۆڵێک دەگێڕێت؟ بێگومـان لە ئێسـتادا پێویسـتە بەر لە هەر شـتێک ئـاڵۆزی و جۆراوجـۆری ئەدەب وەکـو سیسـتەم و کردەیەکـی کـۆمەڵایەتی لەبەرچـاو بگـرین .بەدەر لەوانەی گـوتران. ئەدەب دامەزراوەیەکە لەسـەر بنەمـای توانـای وتنـی هەر شـتێک، کە بیـری لێـدەکەیتەوە و بەخەیاڵتـدا دێـت. ئەم کێشەیە گرنگییەکی سێنتەری و سـەرەکی بۆ پێناسـەی ئەدەب هەیە: بەرهەم دەتوانێـــت ڕەخـــنە لە هەر ئاییـنێـــک، هەر بیروباوەڕێــک، هەر بەهـــایەک بگرێـت. گـاڵتەی پێبکـات، چیرۆکێکـی جیـاواز و خراپـی لەبـارەوە بخـاتەڕوو. هەر لە ڕۆمانەکـانی مـارکی دو سـادەوە بگرە کە دەیویسـت تییایانـدا ئەوە نیشـان بـدات کە لە دونیایەکـدا،کە مرۆڤەکـان لەسـەر بنەمـای سروشـتیان هەلسوکەوت دەکەن،کە لەڕاسـتیدا حەز و ئارەزوویکی چڵێس و تێرنەخۆرەیە چی ڕوودەدات، تا ئایەتە شەیتانییەکانی سـەلمان ڕوشـدی، کە بەهـۆی سـوود وەرگرتن لە ناوەرۆکە پیرۆزەکان لە سیاقێکی گاڵتەجاڕی و داشـۆریندا خەشـم و قینێکـی زۆری وروژانـدووە. ئەدەب هەمیشـە بریتـی بووە لە توانای تێپەڕاندنی چیرۆکیی لە سنووری ئەو شتانەی، کە پێشتر بیریان لێکراوەتەوە و نووسراونەتەوە ، لەبەرئەوەی ئەدەب دەتوانێـت هەر شـتێک، کە بەشـێوەیەکی مـاقوڵ خـۆی

نواندووه بکاته شتێکی ناماقووڵ، تێیبپەڕێنێت، بەشێوەیەک بیگۆڕێت،کە ڕەوایەتی و گونجاوییەکەی بکەوێتە ژێر پرسیار و گومانەوە.

ئەدەب چالاکی ڕۆشنبیرە دەستەبژێرەکان بووە و هەمان ئەو شتە بووە، کە هەندێجار بە(سەرمایەی ڕۆشنبیری) ناویان لێناوە: لێکۆڵینەوە و ناسینی ئەدەب ڕۆڵێک لە کلتور بە تاکەکەس دەدات، کە دەشێت چەند دەسکەوتێکی جۆراوجۆری بۆی هەبێت، یارمەتی ئەوە دەدات لەگەڵ کەسانێک، کە لەپلەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزتردان گونجاو بیت، بەڵام ناتوانرێت ئەدەب لەم ئەرکە کۆمەڵایەتییە خۆپارێزکارانە(موحافیزکارانە)دا کورت بکرێتەوە: بە دەگمەن ئەوە دەبینین، کە ئەدەب (بەها خێزانییەکان) بخاتەڕوو، بەپێچەوانەوە جۆر و ئامرازەکانی تاوانەکان بەشێوەیەکی هەڵخەڵەتێنەر دەخاتەڕوو، لە یاخیبوونی ئەهریمەن لە خوداوەند لە(بەهەشتی ونبوو)ی (میلتۆن)ەوە بگرە تا کوژرانی پیرەژنێک بەدەستی ڕاسکۆڵینکۆڤ لە (تاوان و سزا)ی دۆستۆیڤسکی. ئەدەب هانی بەرگریکردن دەدات لەبەرمبەر بەها سەرمایەدارییەکان، هەروەها هانی بەرگریکردن لەبەرامبەر ڕێکارەکانی پڕۆسەی کۆکردنەوەی سەروەت و خەرجکردن دەدات. ئەدەبیات هەم ژاوەژاوی کلتورە و هەمیش

هۆشیاری بە کلتور دەبەخشێت. هەم هێزێکی ئەنترۆپیکییە[٧] و هەمیش سەرمایەی کلتورییە. نووسینێکە، کە ئەوە دەهێنێت بخوێندرێتەوە وخوێنەران گرفتاری کێشە واتاییەکان دەکات.

## دژەیەکی (پارادۆکسی) ئەدەب

ئەدەب دامەزراوەیەکی پاڕادۆکسییە، چونکە داهێنانی ئەدەب واتە نووسین لەسەر بنەمای ئەو داڕشتانەی(فۆرمۆلانەی)، کە هەن- بەرهەمهێنانی شتێک، کە لە سۆنێتێک دەچێت یا پەیڕەوی لە نەریتەکانی ڕۆمان دەکات- بەڵام لە کرۆکدا شکاندنی ئەو نەریتانە و بەزاندنیانە.ئەدەبیات دامەزراوەیەکە بەدوای ئاشکراکردن و ڕەخنەگرتن لە سنوور و قەڵەمڕەوییەکانی خۆیەوەیەتی، تاقیکردنەوەی ئەوەیە، کە ئەگەر جیاواز بنووسین چ شتێک ڕوودەدات. کەواتە ئەدەب ناوێکە لە هەموو ئەو شتانە نراوە، کە بەتەواوەتی وەکو شتی باو(نەریتی)ن - moon هاوسەروایە لەگەڵ june و swoon، کچۆڵەکان جوانن، شەڕکەرانی ئازا- هەروەها ناوە بۆ ئەوەی، کە بەتەواوەتی داپچڕاوە و خوێنەران ناچارن بە هەوڵدانێکی زۆرەوە لێی تێبگەن و درکی بکەن بۆ نموونە ڕستەگەلێکی وەک ئەمەی خوارەوە لە کتێبی(ڕابوونی فینگانەکان)ی جێمز جۆیس دا: Eins within a space and a wearywide space it was er wohned a mookes*

پێشتر گوتم پرسیاری (ئەدەب چییە؟) لەبەر ئەم هۆکارە ناخرێتەڕوو، کە مرۆڤەکان لە دڵەڕاوکێی ئەوەدان، کە نەوەک

[٧].ئەنترۆپیا: پێوەرێکی بیرکارییە لەسیستمی دینامسکی گەرمیدا وەکو پێوەری هێزە سوود لێوەرنەگیراوەکان بەکاردێت.

تووشـی ئەو هەڵەیە ببن، کە ڕۆمانێک بە مێژوو یا فاڵی کێکی بەخت بە شیعرێک دابنێن. هۆکارەکەی ئەوەیە، کە ڕەخنەگران و تیۆریستان ئومێدەوارن بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە برەو بە میتۆدە ڕەخنەییەکان بدەن، کە بە تێڕوانینی ئەوان شیاوترین میتۆدن و ئەو میتۆدانەی، کە سەرەکیترین و تایبەتمەندیترین ڕەهەندەکانی ئەدەب فەرامۆش دەکەن پەراوێز بخەن. لە سیاقی تیۆری نوێدا پرسیاری (ئەدەب چییە؟) گرنگی خۆی هەیە، چونکە تیۆری ئەدەبییەت تیشکی خستۆتە سەر جۆر و بەشەکانی دەقەکان و ئاشکرای کردوون. تێڕامان دەربارەی ئەدەبییەت ئەو واتایە دەگەیەنێت، کە مەشقەکانی خوێندنەوەیەکمان لەبەرچاو بێت، کە ئەدەب داوایکردوە و ئەم مەشقانە بە سەرچاوەیەک بۆ شیکردنەوەی ئەم گوتارانە دابنێین. مەشقێکی وەک هەڵپەساردنی داخوازی درککردنی ڕاستەوخۆی نووسراو، تێڕامان لەبارەی واتای شاراوەی تەکنیکەکانی گوزارشتکردن و گرنگیدان و سەرنجدان لە چۆنیەتی دروستبوونی واتا و چێژ.

# بەشی سێیەم
# ئەدەب و لێکۆڵینەوە کلتورییەکان

پرۆفیسـۆرە فەرەنسـییەکان کتێـب لەبـارەی جـگەرەوە دەنووسـن یـان ئەمریکییەکـان لە دڵەڕاوکێـی قەڵەوییـدان. شکسپیرناسـان دوانەیـی سێکسـی(bisexuality) شـیدەکەنەوە، پسپۆڕەکانی واقیعگەرایی پشکنین و بەدوادچوون دەربارەی بکوژە زنجیرەییەکان دەکەن. چ دەگوزەرێت؟

کێشـەکە(لێکۆڵینەوە کلتورییەکـان)ە. چـالاکییەکی گشـتی لە زانستە مرۆڤایەتییەکان لە دەیەی ١٩٩٠دا. دەشێت هەندێک لە پرۆفیسـۆرانی ئەدەب لە میلتـۆن زیـز بـووبن و ڕوویـان لە مادۆنا کردبێت، ڕوویان لە شکسپیر وەرگێڕابێت و گرنگیان بە زنجیـرە تەلەفزیۆنییەکـان دابێـت و ئەسـڵەن لێکـۆڵینەوە ئەدەبییەکانیـان بە تەواوەتـی پەراوێـز خسـتبێت. ئەمە چ پێوەندییەکی لەگەڵ تیۆری ئەدەبدا هەیە؟

تیۆر لێکۆڵینەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی زۆر دەوڵەمەندتر کردووەو گیانی پێبەخشیوە، بەڵام وەکو ئەوەی، کە لە بەشی یەکەمدا ئاماژەم پێکرد مەبەست لە تیۆر تیۆری ئەدەب نییە.

ئەگەر بپرسیت ئەم تیۆرە تیۆری چییە، وەڵامەکەی شتێکی وەکو ئەمە دەبێت: (پراکتیزەکارییە دەلالەتییەکان)، بەرهەمهێنان و نیشاندانی ئەزموون، سروشتی خودە مرۆییەکان- بە کورتی شتێکی هاوشێوەی کلتورە لە فراوانترین واتای خۆیدا و ئەوەی سەرسوڕهێنەرە ئەوەیە، کە مەیدانی لێکۆڵینەوە کلتورییەکان بەو شێوەیەی ئێستای بە ئەندازەی خودی(تیۆر) بەشێوەیەکی وا لەسەر لقە مەعریفییە تێکچڕژاوەکان(interdisciplinary) بونیاتنراوە، کە مرۆڤ سەری لێدەشێوێت و پێناسەی ئەوەش بەهەمان ئەندازە سەخت و دژوارە. دەتوانرێت بگوترێت، کە ئەم دوانە پێکەوەن: (تیۆر) تیۆرە و لێکۆڵینەوە کلتورییەکان پڕاکتیک. لێکۆڵینەوە کلتورییەکان پڕاکتیزەکردنی تیۆرێکە، کە ئێمە بە کورتی (تیۆر)ی پێدەڵێن. هەندێک لە پڕاکتیزەکارانی لێکۆڵینەوە کلتورییەکان گازاندە لە (تیۆری باڵا) دەکەن، بەڵام گلەییەکەیان نیشانەی ئەوەیە، کە نایانەوی بە بەرپرسی ئەم ئەندازە بێکۆتاییە و تۆقێنەرەی تیۆر هەژمار بکرێن و لەڕاستیدا ئەم نەخواستنەی ئەوان شیاوی ئەوەیە خەڵک لێی تێبگات. کار لە لێکۆڵینەوە کلتورییەکاندا بە قووڵی وابەستەیە بە مشتومڕە تیۆرییەکان دەربارەی واتا و ناسنامە و نیشاندان و کاریگەری، کە لەم کتێبەدا ئاوڕیان لێدەدەینەوە.

چ پێوەندییەک لەنێوان لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان و لێکۆڵینەوە کلتورییەکاندا هەیە؟پڕۆژەی لێکۆڵینەوە کلتورییەکان لە

فراوانترین واتای خۆیدا درککردنی ڕۆڵی کلتورە، بەتایبەت لە جیهانی نوێدا: بەرهەمە کلتورییەکان چۆن کار دەکەن و ناسنامە کلتورییەکانی تاکەکان و گروپەکان لە جیهانی کۆمەڵە(گروپە) جیاواز و ئاوێتەکان و دەسەڵاتی حکومەت و پیشەسازی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و کۆمپانیا چەند نەتەوەییەکان چۆن دروست دەبن و شکڵ وەردەگرن، کەواتە لە بنەڕەتدا لێکۆڵینەوە کلتورییەکان لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان لەخۆ دەگرن لەسەر ئەو بنەمایەی، کە بە لێکۆڵینەوە لە ئەدەب وەکو جۆرێکی تایبەت لە پڕاکیزەکردنی کلتوری ئەنجام دەدەن، بەڵام ئەم گرتنەخۆیە بە چ شێوەیەکە؟ لێرەوە ئیدی گفتۆگۆیەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە. ئایا لێکۆڵینەوە کلتورییەکان ئەو پرۆژە بەرفراوانەیە، کە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان تیایدا هێزێکی تازە و ڕوانینێکی قووڵی تازە پەیدا دەکەن؟ یا ئەوەی، کە لێکۆڵینەوە کلتورییەکان لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان قوت دەدەن و ئەدەب لەناودەبەن؟ بۆ تێگەیشتنی ئەم گرفتە پێویستە کورتەیەک لەبارەی پێشینەی گەشەکردنی لێکۆڵینەوە کلتورییەکانەوە بزانین.

## دەرکەوتن و پەیدابوونی لێکۆڵینەوە کلتورییەکان

لێکۆڵینەوە کلتورییە نوێکان ڕەچەڵەکێکی دوو لایەنەی هەیە: ئەم لێکۆڵینەوانە سەرەتا لە بونیادگەری فەرەنسی دەیەی ١٩٦٠دا (بگەڕێوە بۆ پاشکۆ) لەدایک بوو، کە لەسەر ئەو بنەمایە کلتور (بە نموونە ئەدەب) بە زنجیرەیەک لەو

پڕاکتیزەکارییانە هەژمار دەکرا، کە یاسا و نەریتەکانی پێویستیان بە وەسفکردن هەیە. لەیەکێک لە پێشەنگترین بەرهەمەکان لە مەیدانی لێکۆڵینەوە کلتورییەکاندا (ئەفسانەکان١٩٥٧) لە نووسینی تیۆریستی ئەدەبی فەرەنسایی(ڕۆلان بارت)دا (چەند خوێندنەوەیەک)ی کورتی دەستەیەک لە چالاکییە کلتورییەکان خراوەتەڕوو، لە زۆرانبازییە پیشەییەکان و ڕێکلامی ئۆتۆمبێلەکان و کەرەسەی پاککەرەوەوە بگرە تا کەلوپەلە کلتورییە ئەفسانەییەکانی وەک شەرابی فەڕەنسی و مێشکی ئەنشتایین. (**بارت**) زیاد لە هەر شتێک دەیەوێت تویکاری شتگەلێک بکات، کە لە کلتوردا بەرە بەرە وەکو شتێکی سروشتی و ئاسایی خۆیان دەنوێنن و بۆ ئەم کارە ئەوە دەخاتەڕوو،کە چۆن ئەم شتانە پشت بە بونیاتە مێژووییە مەرجدارەکان دەبەستن. ئەو لەکاتی شیکردنەوەی پڕاکتیزەکارییە کلتورییەکاندا، نەریتە بونیاتییەکان و پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانیان دەناسێنێت. ئەگەر وەکو نموونە زۆرانبازی پیشەیی لەگەڵ مشتەکۆڵەدا بەراورد بکەیت بۆت دەردەکەوێت، کە چەند نەریتێکی جیاواز لەیەکیان هەیە: مشتەکۆڵەکەران کاتێک مشت دەخۆن بەشێوەیەکی خۆگرانە هەڵسوکەوت دەکەن، بەڵام زۆرانبازان بەهۆی ژان و ئازارەوە دەخولێنەوە و بەشێوازێکی تەواو ئەو ڕۆڵە کلێشەییانەی خۆیان دەگێڕن. لە مشتەکۆڵەدا یاساکانی شەڕ لەدەرەوەی پێشبڕکێکەن، بەم واتایەی کە ئەم یاسایە سنورێک دیاری

دەکەن کە نابێـــت پێشـــبڕکێکە لەم ســـنوورە دەربچێـــت، لەبەرامـــبەردا لە زۆرانبازیـــدا زۆرێـــک لە یاســـاکان **لەنـــاو** پێشـبڕکێکەدان، واتە نەریتەکـانی بـازنەی ئەو واتـایە فـراوان دەکەن کە دەتوانرێت بەرهەم بهێنرێت: یاساکان لەبنەڕەتدا بۆ ئەمە هاتونەتەکـــایەوە تـــا بەشـــێوەیەکی زۆر بێشـــەرمانە بشـکێنرێن. بە جۆرێـک، کە(مرۆڤـی خـراپ) یـا پیـاوی چەپەڵ بتـــوانن بەشـــێوەیەکی نوانـــدنی(دراماتیکی) شـــەڕانگێزی و نـاجوامێری خـۆی بە هەمـوان نیشـان بـدات و بینـەران تـا سـنووری تـوڕەییەکی تـۆڵەلێکردنەوانە بوروژێنێـت. کەواتە لە زۆرانبازیدا زیاد لە هەر شتێک توانایەک بۆ ڕازیکردنی هێزی جیاکەرەوەی ڕەوشتی فەراهەم دەبێت، چونکە خێر و شـەڕ بە ڕوونی لەبەرامبەر یەک سەنگەر دەگرن.

شـێوازی کـاری بـارت کە لێکۆڵەرێـک بـووە لە زەمینـەی پڕاکتیزەکـارییە کلتورییەکـان هەر لە ئەدەبـی بـاڵاوە بگـرە تـا مـۆدێلی جل و بەرگ و خـۆراک هـانی کەسـانیتری داوە بـۆ خوێنـــدنەوەی دەلالەتە شـــاراوەکانی وێـــنە کلتوورییەکـــان و شیکردنەوەی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی بونیاتە ناباوەکانی کلتور.

سـەرچاوەیەکی دیکەی لێکۆڵینەوە کلتورییە هاوچەرخەکـان تیـۆری ئەدەبـی مارکسیسـتیی بـووە لە بەریتانیـا. کتێـبەکەی (**زیگمۆند ویلیامز**)(کلتور و کۆمەڵگا١٩٥٨) هەروەهـا کتێبەکەی (ڕیچارد هۆگارت)ی بونیاتنەری سەنتەری توێژینەوە کلتوورییە هاوچەرخەکـــانی بێرمینگهام(بەکارهێنانەکـــانی مەعـــریفە بـــۆ

خوێندنەوە و نوسین١٩٥٧) بەدوای گەڕاندنەوە و دۆزینەوەی کلتوری میللی چینی کرێکاران بوون، کە چیتر کلتور وەکو ئەدەبێکی باڵا هەژمار نەدەکرا. پڕۆژەی گەڕاندنەوە و بەدەستهینانەوەی دەنگە فەرامۆشکراوەکان، بونیاتنانەوە و دروستکردنەوەی مێژوو لە خوارەوە، بەرامبەر تیۆریزەکردنێکی دیکەی بواری کلتور لەنگەری گرت- تیۆری وەرگیراو لە تیۆری مارکسیزمی ئەوروپایی، کە کلتوری جەماوەری(mass culture)(وەک دژ و پێچەوانەیەکی کلتوری میللی) وەکو پێکهاتەیەکی ئایدۆلۆژی سەرکوتکەر، وەکو واتاگەلێک شیدەکردەوە کە ئەرکیان دانانی خوێنەران یا بینەران بوو لە پێگەیەکی بەکاربەران و پاساوهێنانەوە بۆ شێوازی کارکردنەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتیی. کاریگەری نێوان ئەم دوو شیکردنەوەیەی کلتور- کلتور وەکو ئامرازی گوزارشتکردنی خەڵک و کلتور وەکو شتێک، کە بەسەر خەڵک سەپێنراوە و بارکراوەتە سەری- لە پێکهێنانی لێکۆڵینەوە کلتورییەکاندا سەرەتا لە بریتانیا و پاشانیش لە شوێنەکانی دیکە گرنگییەکی یەجگار زیندووبەخشی هەبووە.

**پەشێوی و ئاڵۆزییەکان**(tensions)

ئەوەی لێکۆڵینەوە کلتورییەکان لەم نەریتەدا بەرەو پێشەوەیان بردووە بریتی بووە لە پەشێوی و ئاڵۆزی لە نێوان ئارەزووی گێڕانەوەی کلتوری میللی وەکو ئامرازی گوزارشتکردنی خەڵک یا پێدانی توانای گوزارشتکردن بە

کلتــوری گــرۆیە فەرامۆشــکراوەکان و لێکــۆڵینەوەی کلتــوری جەمــاوەر وەکــو ســەپێنراوێکی ئایــدۆلۆژی و پێکهــاتەیەکی ئایدۆلۆژی سەپێنراو .

ئامــانجی لێکــۆڵینەوەی کلتــوری میللــی ئاشــنابوونە بە شــتگەلێک، کە لە ژیــانی خەڵکی ئاســایی- واتە کلتورەکەیــان- وەکــو دژ و پێچەوانەیەکــی کلتــوری پســپۆڕانی ئیســتاتیکی و پڕۆفیســۆرەکان- گرنگــی هەیە. لە ڕوێکــی دیکەوە پــاڵنەرێکی بەهێــزیش هەیە تــا ئەوە نیشــان بــدات، کە هێــزە کلتورییەکــان چــۆن شــكڵ و شــێوە بە خەڵــک دەدەن و هەروەهــا خەڵــک چ کــــاریگەرییەکی بەســـــەر ئەو هێـــــزانەوە هەیە ، شـــــێوە و پڕاکتیزەکــاریە کلتورییەکــان، کە خەڵــک وەکــو خەڵکــانێکی خاوەن خواســت و بەهاکان(نیشــان دەدەن) یا بە گوێگر دایان دەنێن تــا چ ئەنــدازەیەک لە گۆڕینی ئەم خەڵکە بۆ خودگەلێک بەشدارن. چەمکی (لێپرسینەوە=interpellation) لە تیۆریستی مارکسیستی فەڕەنسی(**لویس ئالتۆسێر**) وەرگیراوە بۆ نموونە ڕێکلامەکان وەکو خودێک لە جۆرێکی تایبەت(بەکاربەرێک،کە خەسڵەتە تایبەتەکان برەو پێدەدات) قســەتان لەگەل دەکات و کاتێک چەند جارێک بەم شێوەیە بۆمباران بکرێیت وردە وردە لە هەمان شوێن ئۆقرە دەگریت. لێکۆڵینەوە کلتورییەکان ئەوە دەپرسن، کە فۆرمە کلتورییەکان تا چ ئەندازەیەک دەمانکەنە ئــامرازێکی دەســتی خۆیــان و ئــێمە تــا چ ئەنــدازەیەک و بە چ شــێوازێک دەتــوانین بــۆ مەبەســتگەلێکی دیــکە ســوودیان

لێـــوەربگرین، واتە بەپـــێ زاراوە بـــاوەکە کە پێیـــدەڵێن (کـاریگەرێتی) کـاربکەین. پرسـیاری (کـاریگەرێتی)ئەگەر وەکو زاراوەیەکـی کـورتکراوە لە تیـۆری بـاودا بەکارمـان هێنـا، ئەم واتـایە دەگەیەنێـت، کە تـا چ ئەنـدازەیەک دەتـوانین خودگەلێک بـین بەرپرسـی کردەوەکـانی خـۆمـان و تـا چ ئەنـدازەیەک هێزگەلێک لە دەرەوەی دەسـەڵاتی ئـێمەدا ئەو هەڵبژاردنـانەی کە لە ڕووکەشدا هەڵبژاردنی خۆمانن سنوردار دەکەن).

پـێگەی لێکـۆڵینەوە کلتورییەکـان هەر ئەم پەشـێوی و ئـاڵۆزییەیە، کە لە نێـوان خواسـتەکانی شـیکەرەوە بـۆ شـیکردنەوەی کلتـور وەکـو کـۆمەڵە یاسـا و چەنـد پڕاکتیزەکـارییەک کە مرۆڤەکـان لە پێوەنـدییەکانیان دوور دەخـاتەوە و خواسـتگەلێک دەئافرێنێـت، کە دواتـر مرۆڤەکـان دەیـانکەنە مـوڵکی خۆیـان لەگەڵ ئـارەزووی شـیکەرەوە بـۆ دۆزینـەوەی گوزارشـتێکی ڕەسـەنی بەهـا لە کلتـوری میللیـدا لەئـارادایە. یەکێـک لە چارەسـەرەکانی ئەم ڕاڕاییە ئەمەیە کە بیسەلمێنین خەڵک لەتوانایاندایە بۆ دروستکردنی کلتورێک بۆ خۆیـان سـوود لەو کەرەسـە کلتورییـانە وەربگـرن کە سـەرمایەداری و پیشەسـازییەکانی ڕاگەیانـدن بەسـەریاندا دەیسـەپێنن. کلتـوری میللـی لە کلتـوری جەمـاوەر دروسـت دەبێت. کلتوری میللی لە هەمـان ئەو سـەرچاوانەوە دروسـت دەبێت کە دژی کلتـوری میللین، لەبەرئەمە بریتییە لە کلتـوری

ململانێ، کلتورێک کە داهێنانەکەی لەڕێگەی سوود وەرگرتن لە بەروبوومەکانی کلتوری جەماوەرەوە دەبێت.

کار لە مەیدانی لێکۆڵینەوە کلتورییەکاندا پتر لە هەر شتێک لەگەڵ ئاڵۆزی کێشەی ناسنامە و ئەو ڕێگا جۆرانەی کە دەبنە هۆی دروستبوونی ناسنامەکان و ئەزموون و گوێزانەوەی ناسنامەکان هاوتەریبە. کەواتە ئەوەی گرنگییەکی زۆری هەبووە لێکۆڵینەوەی کلتورە ناجێگیرەکان و ناسنامە کلتورییەکان بووە کە بۆ گروپگەلێک- کەمایەتییە نەتەوەییەکان، کۆچبەران، ژنان- دێتەکایەوە، کە ڕەنگە خۆبەوەیتر کردن لەگەڵ کلتورێکی گەورەتر، کە خۆیانی تێیدا دەدۆزنەوە دژوار بێت- کلتورێک کە خۆی بونیاتێکی ئایدۆلۆژی گۆڕاوە.

پێوەندی لێکۆڵینەوە کلتورییەکان لەگەڵ لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان کێشەیەکی ئاڵۆزە. لەڕووی تیۆرییەوە لێکۆڵینەوە کلتورییەکان هەموو شتێک دەگرنەوە: شکسپیر و مۆسیقای ڕاپ، کلتوری باڵا و نزم، کلتوری ڕابردوو و کلتوری ئێستا، بەڵام لە پڕاکتیکدا لەبەرئەوەی مانا پشت بە جیاوازی دەبەستێت مرۆڤەکان لێکۆڵینەوە کلتورییەکان لە دژی شتێکی دیکە ئەنجام دەدەن. لە دژی چی؟ لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوە کلتورییەکان لە هەناوی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا هاتوونەتە دەرەوە زۆربەی کات وەڵامەکە بەم شێوەیە:(دژی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان، بەپێی تێگەیشتنێکی باو و تەقلیدیانەی ئەم

لێکۆڵینەوانە ) کە کارەکەی بریتییە لە ڕاڤەکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکان وەکو دەسکەوت و بەروبومێکی دانەرەکانیان و پاساوی سەرەکی بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەب بەهای تایبەتی بەرهەمە بەرزەکان بووە: ئاڵۆزییەکانی بەرهەمەکان، جوانییەکانی بەرهەمەکان، ڕوانینیان، جیهانگیرییان و سوودە شاراوەکانیان بۆ خوێنەران.

خودی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان هەرگیز لە دەوری چەمک و تێڕوانینێک بەتایبەت لەوەی، کە ئەنجامی دەدات چ ئاسایی و چ هیتر یەکانگیر نەبووە و لە سەردەمی دەرکەوتنی تیۆردا لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان بابەتێکی زۆر مشومڕاوی و مایەی کێشمەکێشمێکی زۆر بووە، کە تێیدا تەواوی جۆرەکانی پڕۆژەکان، کە سەروکاریان لەگەڵ بەرهەمە ئەدەبی و نائەدەبییەکان هەبووە بۆ سەرنج ڕاکێشان و ئاوڕدانەوە پێکەوە لەپێشبڕکێ دابوون.

کەواتە، لە بنەڕەتدا ململانێی و ناکۆکی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان و کلتورییەکان شتێکی پێویست نەبووە. لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان پابەندی تێگەیشتنێک نین بۆ بابەتێکی ئەدەبی تا پێویست بێت لێکۆڵینەوە کلتورییەکان نکوڵی لێبکەن. لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان بۆ بەکارخستنی تەکنیکەکانی شیکردنەوەی ئەدەبی لەتەواوی کەلوپەلە کلتورییەکانی دیکەدا هاتوونەتەکایەوە. لەم لێکۆڵینەوانەدا دروستکراوەکانی کلتور وەکو(دەقێک)، کە پێویستە بخوێنرێنەوە و لێکۆڵینەوەیان

لەسەر دەکرێت و نەوەک وەک چەند کەلوپەلێک کە هەن و پێویستە بژمێردرێن و بەپێچەوانەوە کاتێک ئەدەب وەکو پراکتیزەکارییەکی کلتوری تایبەت دەخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە و بەرهەمە ئەدەبییەکان پەیوەست دەبن بە گوتارەکانی دیکەوە دەشێت چەند سوودێکی بۆ لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان بەدواوە بێت. کاریگەری تیۆر ئەمە بووە، کە بازنەی ئەو پرسیارانەی، کە بەرهەمە ئەدەبییەکان دەتوانن وەڵامی بدەنەوە فراوان کردووە و سەرنجی لەسەر ئەم کێشەیە چڕکردۆتەوە، کە ئەم بەرهەمانە بە چ ڕێگەیەک لەبەرامبەر بیرۆکەکانی سەردەمی خۆیان بەرگرییان کردووە یا ئاڵۆزتریان کردوون. لێکۆڵینەوە کلتورییەکان لە بنەڕەتدا بە پێداگری کردن لەسەر ئەوەی، کە بەرهەمی ئەدەبی وەکو پراکتیزەکارییەکی دەلالەتییە لەناو پراکتیزەکارییەکانی دیکەدا، هەروەها بە لێکۆڵینەوەی ئەو ڕۆڵە کلتورییانەی، کە بە ئەدەب بەخشراون دەتوانێت لێکۆڵینەوەی ئەدەب وەکو دیاردەیەکی ئاڵۆز و دەقئاوێزانی بەهێز بکات.

دەتوانرێت تەواوی گفتوگۆکان لەبارەی پێوەندی نێوان لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان و کلتورییەکان لەدەوری دوو تەوەری گشتیدا کۆبکرێنەوە:

١.ئەوەی بە (کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبی بڕواپێکراو)ناودەبردرێت: ئەو بەرهەمانەی کە بەشێوەیەکی

گشـــتی له قوتابخـــانه و زانکۆکـــان لێیـــان دەکۆڵـــدرێتەوە و دەگوترێت(میراتی بەرهەمی ئەدەبی)مان پێکدەهێنن.

٢.چەنـد میتـۆدێکی گونجـاو بـۆ شـیکردنەوەی کەلـوپەلە کلتورییەکان.

## ١.بەرهەمە ئەدەبییە بڕواپێکراوەکان

ئەگەر لێکۆڵینەوە کلتورییەکان لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان قووت بـدەن، ئەوا چـی بەسـەر بەرهەمە ئەدەبیـیە بڕواپێکراوەکانـدا دێـت؟ ئایـا زنجیـرە تەلەفزیۆنییەکـان بـوونەتە جێگـرەوەی شکسـپیر؟ ئەگەر وای لێهـاتووە ئایـا تـاوانەکەی لە ئەسـتۆی لێکـۆڵینەوە کلتورییەکـانە؟ ئایـا لێکـۆڵینەوە کلتورییەکـان بە هانـدانیان بـۆ لێکـۆڵینەوە لە فیلمەکـان، تەلەفزیـۆن و تەواوی فـــۆڕمە کلتـــورییە میلییەکـــانی دیـــکە لەبـــری بەرهەمە کلاسیکییەکانی ئەدەبی جیهانی، ئەدەب لەناو دەبات؟

کاتێـک، کە تیـۆر هـانی خوێنـدنەوەی دەقە فەلسـەفی و دەروونشـــیکارییەکانی لەتەک بەرهەمە ئەدەبییەکانـــدا ئەم تۆمەتەیان ئاراستە کرد: ئەویان بە هۆکاری دوورخستنەوەی خوێندکاران لە بەرهەمە کلاسیکییەکان دانا،بەڵام تیۆر گیانێکی تـــازەی بە بەرهەمە نەریتیـــیە[٨] بڕواپێکراوەکـــان بەخشـیوە،دەرگایەکی دیـکەی بـۆ خوێنـدنەوەی(بەرهەمە مەزنەکان)ی ئەدەبی ئینگلیزی و ئەمریکی کردۆتەوە. هەرگیز

---

[٨]. لە زۆر شوێنی ئەم کتێبەدا وشەی نەریتمان بەرامبەر سنت ی فارسی و تقلید ی عەرەبی بەکارهێناوە. و.کوردی

دەربارەی شکسپیر هێندە نەنووسرا بوو، بەرهەمەکانی ئەو لە گشت گۆشەنیگایەک کە بیری لێدەکەیتەوە لێیان کۆڵیوەتەوە و بە زمـــانێکی فیمینیســـتی، مارکسیســـتی، دەرونیشـــکاریانە، مێژووڕوانیـانە و هەڵوەشـاندنەوەگەرایانە ڕاڤەیـان کـردووە. تیـۆری ئەدەبـی (ۆردس وۆرس)ی لە شـاعیری سروشـتەوە گۆڕیوە بۆ کەسایەتییەکی سەرەکی دیاری نوێخوازی. ئەوەی فەرامۆشکراوە بەرهەمە (لاوەکی)یەکانە،کە بەشێوەیەکی گشتی تەنیا کاتێک ئاوڕمان لێدەدایەوە، کە وابڕیار بوو لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکەمـان قۆنـاغە مێژوویەکـان و ژانـرە ئەدەبییەکـان پێکەوە( لەخۆ بگرێت).

شکســـپیر لەســـەر ئاســـتێکی فراوانتـــر لە ڕابـــردوو خوێنـــدراوەتەوە و بە جـــۆش و خـــرۆش و تـــامەزرۆییەکی زۆرەوە ڕاڤە دەکرێت، بەڵام ئەمڕۆ کەمتر گرنگی دەدرێت بە بەرهەمەکـانی مـارلۆ، بۆمانـت،فلیچەر، دیـکەر، هیـوود و بـێن جۆنســۆن و شانۆنامەنووســانی ســـەردەمی ئیلیـــزابێس و سەردەمی جێمزی یەکەم، کە زیاتر لە سنوور و چوارچێوەی شکسپیردا لێیان دەکۆڵدرایەوە.

ئایـا لێکـۆڵینەوە کلتورییەکـانیش ئەم کاریگەرییەیـان هەیە، واتە چەنـد قەڵەمڕەوییەکـی نـوێ فەراهەم دەکەن و سـنووری تەوەرەکـانی وابەســتە بە کەمێـک لە بەرهەمە ئەدەبییەکـان بەرفراوانتـــر دەکەن و خوێنـــدکاران لە بەرهەمەکـــانیتر دوور دەخەنەوە؟ تـــاوەکو ئێســـتا گەشـــەکردنی لێکۆڵینەوەکـــان

هاوتەریب بووە لەگەڵ فراوانبوونی بەرهەمە ئەدەبییە بڕواپێکراوەکان(هەرچەند نەبۆتە هۆکارێک بۆی ). ئەو ئەدەبەی کە ئەمڕۆ لە ئاستێکی بالاتردا دەخوێندرێت نووسینەکانی ژنان و ئەندامەکانی تەواوی ئەواوی ئەو گروپانە لەخۆ دەگرێت ، کە بەدرێژایی مێژوو پەراوێز خرابوون. ئەم نووسینانە – چ ئەو کاتەی کە بۆ قۆناغە نەریتییەکانی وانەی ئەدەب زیاد کران و چ ئەو کاتەی وەکو نەریتگەلێکی لێکدابڕاو لێیان بکۆلدرێتەوە(ئەدەبی ئاسیایی-ئەمریکایی)، (ئەدەبیاتی پۆست کۆلۆنیالیزم بە زمانی ئینگلیزی)- زۆربەی کات وەکو نیشاندانی ئەزموون و بە پشت بەستن بە کلتوری ئەم خەڵکەی، کە مەبەستە(لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەو ئەمریکیانەی، کە ڕەچەڵەکییان ئەفریقییە، ئەو ئەمریکیانەی ڕەچەڵەکیان ئاسیاییە، دانیشتوانی ئەمریکا، خەڵکە لاتینییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هەروەها ژنان) لێیان دەکۆلدرێتەوە. هەڵبەتە ئەم نووسینانە چەند پرسیارێک دەخەنەڕوو سەبارەت بەوەی، کە ئەدەب خۆی تا چ ئەندازەیەک دروستکەری ئەو کلتورەیە، کە دەوترێت ئەدەب گوزارشتی لێدەکات یا نیشانی دەداتەوە . ئایا کلتور بەرهەمی ئەو نیشاندانەوانەیە[9] لەبری ئەوەی سەرچاوە یا هۆکاریان بێت؟

9. representation لە زمانی کوردیدا گەلێک جار وشەی نیشاندان بۆ ئەم زاراوەیە بەکاردێت، بەڵام لەڕاستیدا نیشاندانەوە ڕاستترە، چونکە کارەکە دووبارە بوونەوەیە لە

لێکۆڵینەوەی فراوانی ئەو نووسینانەی، کە پیشتر فەرامۆش کرابوون، چەند مشتومڕێکی گەرمی لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەدوای خۆی هێناوە: ئایا پێوەرە نەریتییەکانی ئەدەب بەزێنراون؟ ئایا ئەو بەرهەمانەی، کە پێشتر فەرامۆشکراون بەپێی( نایابییە ئەدەبی)ەکەیانەوە هەڵدەبژێردرێن یا بەو هۆکارەکەی، کە کلتور نیشاندەدەن؟ ئایا (هەمواری سیاسی= التصويب السياسي) واتە ئەم ئارەزووەی، کە هەر کەمینەیەک بتوانێت بەشێوەیەکی دادپەروەرانە خۆی بنوێنێت بەرهەمە ئەدەبییەکان بۆ لێکۆڵینەوە هەڵدەبژێرێت لەبری پێوەرە ئەدەبییە دەستنیشانکەرەکان؟

لە سێ ڕوانگەوە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەنەوە. یەکەم ئەوەیە، کە ( **نایابییە ئەدەبییەکان**=literary excellence) هەرگیز هۆکارێکی یەکلاییکەرەوە نەبووە لە هەڵبژاردنی بەرهەمەکان بۆ لێکۆڵینەوە. بەم جۆرە نییە، کە هەر مامۆستایەک دە بەرهەم،کە بە بۆچوونی خۆی لە بۆ خوێندن هەڵبژێرێت، مەزنترین بەرهەمە ئەدەبییەکانی جیهانن، لەڕاستیدا ئەو بەرهەمانە هەڵدەبژێرێت،کە نوێنەری شتێکن: بۆ نموونە فۆرمی ئەدەبی یا قۆناغێک لە مێژووی ئەدەب(ڕۆمانی ئینگلیزی، ئەدەبی چاخی ئیلیزابیس، شیعری مۆدێرنی ئەمریکا). (باشترین) بەرهەمێکن لەناو ئەم سیاقە نواندنییەی،

---

ئینگلیزییەکەشداre بەواتای شتێک دێتکە دوپات ببێتەوە, و. کوردی

کە هەڵدەبژێردرێن: ئەگەر وابیردەکەیتەوە سیدنی، سپێنسەر و شکسپیر باشترین شاعیری چاخی ئەلیزابێسن و لە وانەیەی، کە وابەستەیە بە چاخە نایانسڕیتەوە بەهەمان شێوە ئەگەر خەریکیت  وانەی ئەدەبی ئەمەریکییە بەڕەچەڵەک ئاسیاییەکان دەڵێیتەوە بەرهەمەگەلێک کە بەبۆچوونی ئێوە (باشترین)بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەمریکییە بەڕەچەڵەک ئاسیاییاکانن دەخەیتە ناو بەرنامەکەی خۆتەوە. ئەو گۆڕانەی کە ڕوویداوە پەیوەندی بە هەڵبژاردنی ئەو بەرهەمانەوە هەیە کە نوێنەری زنجیرەیەک لە ئەزموونە کلتورییەکانن هاوشانی ئەو بەرهەمانەی، کە نوێنەری زنجیرەیەک لە فۆرمە ئەدەبییەکانن.

دووەم: -بۆ نموونە- پراکتیزەکردنی پێوەرەکانی نایابی ئەدەبی ڕووبەڕووی هەڵەیەکی مێژوویی بۆتەوە لەلایەن پێوەرە نائەدەبییەکانی وەک(ڕەچەڵەک و ڕەگەز)ەوە. ئەزموونی گەورەبوونی کوڕێک(بۆ نموونە هاک فین) ئەزموونێکی جیهانییە، لە بەرامبەردا ئەزموونێکی هاوشێوەی کچێک(ماگی تالایڤر لە  ئاشەکەی سەر ڕووباری فلاس) وەکو بابەتێک هەژمار کراوە کە سەرنجڕاکێشی و گرنگییەکی کەمتری هەیە.

لە کۆتاییدا چەمکی نایابییە ئەدەبییەکان خۆی لە خۆیدا هەڵگری چەند مشت و مڕێک بووە: ئایا لەم چەمکەدا پێوەندییەکان و مەبەستە کلتورییە دیاریکراوەکان بەشێوەیەکی

وەهـا دەپـارێزرێن، کە وەک بلێـی تەنیا سـەنگی مەحەکـی هەڵسـەنگاندنی ئەدەبـی بـن؟ گفتوگـۆ دەربـاری ئەوەی، کە چ شـتێک لە دیـاریکردنی ئەدەبێکـی شـیاودا بـۆ لێکـۆڵینەوە و بیـرۆکەی بـاڵایی چـۆن لە سیسـتەمە فێرکارییەکانـدا کـاری کـردووە یەکـێکە لە لقەکـانی لێکـۆڵینەوە کلتوورییەکـان، کە پێوەندییەکی زۆر لەگەڵ لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا پەیدا دەکات.

**٢.ڕێگا و شێوازەکانی شیکردنەوە:**

دووەمین بابەت، کە مایەی ناکۆکی و چەندوچوونە پێوەندی بە شـێوازەکانی شـیکردنەوە لە تۆژینـەوە ئەدەبییەکـانەوە هەیە.لێکـۆڵینەوە کلتوورییەکـان لە هەمـان ئەو کـاتەی، کە بە شـکڵێکی جیـاوازی لێکـۆڵینەوە ئەدەبییەکـان هەژمـار دەکـرا، سـوودی لە شـیکردنەوەی ئەدەبـی بـۆ لێکـۆڵینەوەی تەواوی کەرەسـە و کەلـوپەلە کلتوورییەکـان وەردەگـرت. ئەگەر لێکۆڵینەوە کلتوورییەکان باڵادەستییان بە دەست نەهێنابوایە و پراکتیزەکـارانی ئەم بـوارە چیتـر لە قەڵەمـڕەوی لیکـۆڵینەوە ئەدەبییەکان بۆ ئەم قەڵەمڕەوییە نەهـاتبوان، ئەوا ئایا گرنگی پراکتیزەکاری شیکردنەوەی ئەدەبی کەمتر نەدەبوویەوە؟ لە پێشـەکی کتێبێکـی کـاریگەری ئەمریکیـدا بە نـاوی(لێکۆڵینەوە کلتوورییەکان) وا هاتووە: (هەرچەندە لە لێکۆڵینەوە کلتوورییەکان هـیچ ڕێگـرییەک بـۆ خوێنـدنەوە وردەکـانی دەق بـوونی نیـیە، بەڵام خوێنـدنەوەگەلێکی لەم جـۆرە گرنـگ و پێویسـت نیـیە)

پێدانی ئەم دڵنیاییە بە خوێنەران، کە خوێندنەوەی ورد ڕێگری لێنەکراوە هێندە نابێتە مایەی دڵنیایی بۆ ڕەخنەگرانی ئەدەبی.

لێکۆڵینەوە کلتورییەکان کاتێک لە بنەمایەک دەربچن، کە لە کۆنەوە فەرمانی بەسەر لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا کردووە و باڵادەست بووە بەسەریان- ئەم بنەمایەی، کە خاڵی سەرەکی گرنگیپێدان بریتییە لەو ئاڵۆزییە جیاکەرەوەی بەرهەمە تاکەکەسییەکان- دەشێت بە ئاسانی بگۆڕێت بۆ جۆرە کۆمەڵناسییەکی ناچەندێتی و وەکو نموونەکان یا نیشانەکانی شتێکی دیکە، نەک شتێک، کە لە خودی خۆیدا شایەنی گرنگی پێدانە هەڵسوکەوت لەگەڵ بەرهەمە ئەدەبییەکان بکات و چەند فریودانێکی دیکەش بەدوای خۆیدا بێنێت.

لە گرنگترینی ئەم هەڵخەڵەتاندنانە، فریودانی(گشتێتی)یە، ئەم تێڕوانینەی،کە گشتێتییەکی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە، کە فۆرمە ئەدەبییەکان بریتین لە گوزارشت یا نیشانەکانی ئەو گشتێتییە بە جۆرێک کە بۆ شیکردنەوەیان هێندە بەسە کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو گشتێتییە کۆمەڵایەتییەی، کە سەرچاوەیان لێگرتووە ڕوون بکەینەوە. لە تیۆری نوێدا کێشەی بوونی گشتێتییەکی کۆمەڵایەتی، پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی- سیاسی بۆتە جێی گومان و گفتوگۆ و مشتومڕ دەکرێت دەربارەی ئەو پرسیارەی، کە ئەگەر شتێکی لەم جۆرەش بوونی هەبێت، ئەوا بەرهەم و چالاکییە کلتورییەکان چۆن پەیوەندی لەگەڵدا پەیدا دەکەن، بەڵام بیرۆکەی بوونی

پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ بۆ لێکۆڵینەوە کلتورییەکان شتێکی یەجگار گرنگ و سەرنجڕاکێش بووە. پێوەندییەک، کە تێیدا بەرهەمە کلتورییەکان نیشانەی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسی ژێرخانین. بۆ نموونە لە قۆناغی(کلتوری میللی)لە زانکۆی کراوەی[10] بەریتانیادا، کە لەنێوان سالانی ١٩٨٢ و ١٩٨٥دا نزیکەی ٥ هەزار کەس ئەم قۆناغەیان خوێندووە یەکەیەکی دەرسی بەناوی (زنجیرە پۆلیسییەکانی تەلەفزیۆن و یاسا و ڕێکخستن)هەبوو، کە تێیدا زنجیرە پۆلیسییەکان لەسەر بنەمای بارودۆخی گۆڕاوی کۆمەڵایەتی – سیاسی شیدەکرانەوە.

لە زنجیرەی(Dixon of dock green)دا تەوەری سەرەکی باوکێکی نێرسالارە، کە گەڕەکی کرێکارنشینی کە شوێنی پاسەوانی ئەوە بە چاکی دەناسێت. لەگەڵ چەسپاندنی یاسای وڵاتی خۆش گوزەران لە قۆناغی گەشانەوەی ئابووری سەرەتاکانی دەیەی ١٩٦٠ کێشە چینایەتییەکان لەسەر شێوەی خەمیکی کۆمەڵایەتی دەردەکەون: هاوکات لەگەڵ هەمان گۆڕانکاری، لە زنجیرەیەکی نوێدا بەناوی(ئۆتۆمبێلە(Z) ەکان) ئەو کەسانەی، کە جل و بەرگی سەربازییان پۆشیوە لە

[10] open university. ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی بەریتانییە لە خوێندنی بالادا لە ١٩٧١دا کرایەوە و هیچ مەرجێکی بنەڕەتی زانستی بۆ خۆتۆمارکردن لەم زانکۆیەدا گرنگی پێنادرێت، مەبەست لێی فراوانکردنی بازنەی هەلی فێرکارییە بۆ هەموان و چەند ئامرازێکی جۆراوجۆری تێدا بەکاردێت لەوانە تەلەفزیۆن.و.کوردی

ناوئۆتۆمبێلی پاسەوانیدا دەیانبینین، کە بەشێوەیەکی پیشەییانە ئەرکەکانیـــان ئەنجـــام دەدەن، بەڵام دورەپەرێـــزن لەو کۆمەڵگایەی، کە خۆیان پاسەوانی دەکەن و دەیپارێزن، کەواتە لە دەیەی ١٩٦٠ لە بەریتانیادا قەیرانی هەژموونی[١١] ڕوودەدات و دەوڵەت، کە لەتوانایـدا نییە بە ئاسـانی ڕەزامەنـدی خەڵـک بەدەســـت بهێنێـــت پێویســـتە بـــۆ ڕووبەڕووبـــوونەوەی سـەرپێچییەکانی هێـزە شـەڕکەرەکان، سـەندیکا کرێکارییەکـان، تیرۆریستەکان، سوپای کۆماریخوازی ئیرلەندا، خۆی چەکدار بکات. ئەم بارودۆخە هەژموونییەی،کە لەسەر شێوەیەکی زۆر دەســـتدرێژیکەرانە ڕێکخـــراوە ، لە نمـــوونەگەلێکی ژانـــرە پۆلیسـییەکانی وەک(سـوینی) و (پیشـەگەرەکان)ڕەنگدەداتەوە، کە تیایانـدا بەشـێوەیەکی گشـتی ئەو پۆلیسـانەی، کە جل و بەرگی مەدەنییان پۆشیوە بە کردەوەگەلێکی دڕندانەی هاوتـای ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان شەڕیان لەگەڵدەکەن.

بێگومان ئەم جۆرە شیکردنەوەیە سەرنجڕاکێشـە و دەشـێت بەتەواوەتیش دروست بێت و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە وەکـو شـێوازێک بـۆ شـیکردنەوە فریـودەرتر بێـت، بەڵام

---

[١١] Hegemony.ڕێکخسـتنێکی دەسـەڵاتە، کە کەسـەکانی خـوارەوە ئەو دەسـەڵاتە پەسـەند دەکەن و گروپە دەسـەڵاتدارەکان تەنیا لەڕێگەی هێزی مـاددییەوە دەسـەڵات پەیدا ناکەن بەڵکو بونیاتی ڕادەستبوون و ڕەزامەندیش یارمەتیدەریان دەبێت و کلتور بەشـێکە لەم بونیـاتەی، کە ڕەواییەتـی بەو ڕێکخسـتنە کۆمەڵایەتییـانە دەدات،کە لە ئارادایە(ئەم چەمکە بۆ یەکەمجار لەلایەن تیۆریستی مارکسسیستی ئیتاڵی ئەنتۆنیۆ گرامشی خرایەڕوو).

دەتوانرێـــت گۆڕانکـــارییەکی تێـــدا ببینرێـــت، گـــۆڕان لە خوێندنەوەی(خوێـندنەوەی ورد)ی بەئاگـا لە وردەکارییەکـانی بونیاتێکی گێڕانەوە، کە دەپڕژێتە سەر ئاڵۆزییەکانی ماناش بۆ جۆرە شیکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتی- سیاسی کە تێیدا هەموو زنجیرەکانی قۆناغێکی دیاریکراو واتایان دەبێت، هەموویان بە گوزارشـتکردنی پێکهـاتەیەکی کـۆمەڵایەتی هەژمـار دەکـرێن. ئەگەر لێکـۆڵینەوە ئەدەبییەکـان ببـنە بەشـێک لە لێکـۆڵینەوە کلتورییەکـــان ئەوا ئەم جـــۆرە (ڕاڤەی نیشانەکان)دەشـــێت بگۆڕێـت بـۆ پێـوەر، دەشـێت لە تـایبەتی بـوونی کەرەسـە کلتورییەکـــان و هـــاوتەک لەگەڵیـــدا پڕاکتیزەکارییەکـــانی ئەو خوێنـدنەوەیەی کە ئەدەب داوای دەکـات(کە بەشـی دووەمـدا قسەی لەبارەوە کرا) فەرامۆش بکرێت.

هەڵپەساردنی ئـارەزووی تێگەیشتنی ڕاستەوخۆ ، ئامـادەیی بۆ هەوڵدان و کارکردن لەسـەر ڕووبەرەکانی واتـا، کرانەوەی بەرەو ڕووی کاریگەرییە، خۆ ئامـادەکردن(خۆکردنەوە) بەرەو ڕووی شتە چاوەڕوان نەکراوەکان و ئەو کاریگەریانەی، کە لە زمـان و خەیـاڵەوە بەرهەم دێـن و گرنگیـدان بە چـۆنیەتی پەیدابوونی واتـا و چێژ. ئەم خەسڵەتانە نەک تەنیا بۆ ئەدەب بەڵکو بـۆ لێکـۆڵینەوەی تەواوی دیـاردە کلتورییەکـان یەجگـار بەهـــادارن، هەرچەنـــدە ئەوە لێکـــۆڵینەوەی ئەدەبیـــیە، کە ئەم پڕاکتیزەکارییانەی خوێندنەوە دەخاتە بەردەممان.

## ئامانجەکان

لە کۆتاییدا دەگەین بە مەسەلەی ئامانجەکانی لێکۆڵینەوە ئەدەبی و کلتورییەکان. پڕاکتیزەکارانی لێکۆڵینەوە کلتورییەکان زۆربەیان دڵیان بەوە خۆش دەکەن، کە کار لە قەڵەمڕەوی کلتورێکی هەنوکەیی بریتییە لە دەستوەردان لەو کلتورە نەک تەنیا وەسفکردنێکی ڕووتی کلتورەکە.

پێداچۆرەوە(editor)ەکانی کتێبی(لێکۆڵینەوە کلتورییەکان) لە کۆتایی پێشەکییەکەی خۆیاندا دەگەنە ئەو ئەنجامەی، کە (لەبەرئەوەی لیکۆڵینەوە کلتورییەکان ئەو بیر و باوەڕەیان هەیە کارە فیکرییەکەیان وابڕیارە- دەتوانێت- جیاوازییەکی هەبێت)قسەیەکی سەیرە ، بەڵام بە بۆچوونی من دەرخەر و نیشاندەرە: لێکۆڵینەوە کلتورییەکان بڕوایان بەوە نییە، کە کارە فیکرییەکەیان جیاوازییەکی **دەبێت**. خستنەڕووی بۆچوونێکی وەها ، ئەگەر نەڵێین ساویلکانە، ئەوا دەبێتە نیشانەی لەخۆبایبوونێکی نابەجێ. ئەم لێکۆڵینەوانە باوەڕیان وایە، کە کارەکەیەکان(وا بڕیارە)جیاوازییەکی هەبێت. بیرۆکەکە لێرەدایە.

بەدرێژایی مێژوو بیرۆکەی لێکۆڵینەوەی کلتوری میللی و بیرۆکەی گۆڕینی کاری خۆت بۆ دەستێوەردانی سیاسی پێوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ یەکدا هەبووە. لە بەریتانیا لە دەیەیەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ دا لێکۆڵینەوەی کلتوری چینی کرێکار کەش و هەوایەکی سیاسی هەبوو. لە بەریتانیادا ناسنامەی

کلتوری میللی بەسترابوویەوە بە کەسایەتییە زەبەلاحەکانی کلتوری بالآ- بۆ نموونە شکسپیر و نەریتی ئەدەبیاتی ئینگلیزی- پرۆسەی لێکۆڵینەوەی کلتوری میللی لە خودی خۆیدا پرۆسەیەکی بەرگریکاری بوو، لەبەرامبەردا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، کە ناسنامەی میللی زۆربەی کات لەڕێگەی دژوازی(دژێتی) لەگەڵ کلتوری بالآدا پێناسە دەکرێت بارودۆخێکی وەها بوونی نییە. (هاکلبێری فین)ی (مارک توەین)بەرهەمێکە، کە تێیدا شێوەی نموونەیی(میسالی) ئەمریکییەک پێناسە دەکرێت، لەکاتێکدا دەگاتە کۆتایی کە هاک فین دەیەوێت هەر چی زووترە خۆی بگەیەنێتە(ناوچەی سورپێستەکان)، چونکە پوورە سالی دەیەوێت بیکاتە کەسێکی (شارستانی[١٢]). ناسنامەی ئەو لە چوارچێوەی هەڵاتن لە کلتوری شارستانی دایە . ئەمریکی بەپێی نەریت مرۆڤێکە کە لە کلتور هەڵدێت. کاتێک لێکۆڵینەوە کلتورییەکان ناتۆرەی دەستەبژێری دوای ئەدەب دەخەن، جیاکردنەوەی لە بێکلتوری بۆرژوایی، کە نەریتێکی دێرینی نەتەوەییە دژوار دەبێت. لە ویلایەتە یەکگرتووەکان خۆدورخستنەوە لە کلتوری ئاستی بالآ و لێکۆڵینەوەی کلتوری میللی زیاتر لەوەی بزووتنەوەیەکی سیاسی ڕادیکاڵی ، یا نیشانەی بەرگری بێت بریتییە لە بە ئاکادیمیکردنی کلتوری جەماوەر. لێکۆڵینەوە

---

[١٢]. بۆیە ڕ مان لە بری ر بەکارهێناوە چونکە لە دەقە ئینگلیزییەکە وەکو گاڵتە کردنێک sivilize لەبری civilize بەکارهاتووە. و. کوردی

کلتورییەکـــان لە ئەمریکـــادا پەیوەنـــدیگەلێکی کەمیـــان لەگەڵ بـــزووتنەوە سیاســـییەکاندا هەیە، لەکاتێکـــدا بـــزووتنەوە سیاسییەکان لە بەریتانیـادا گرۆتینێکـی باشـیان بە لێکـۆڵینەوە کلتورییەکـــان داوە و دەتوانریـــت بەشـــێوەیەکی گشـــتی بە لێکۆڵینەوەیەکی دەوڵەمەند و بونیـاتنراو لەسـەر چەنـدین لقـی مەعریفـی تـێکەڵ بەیەک وەسـفی بکرێـت، لەهەمانکاتیشـدا بە لێکـۆڵینەوەیەکی ئەکـادیمی پڕاکتیزەکـارییە کلتورییەکـان و نیشـــاندانەوە کلتورییەکـــان دابنرێـــت. لێکـــۆڵینەوە کلتورییەکان(وابڕیارە) ڕادیکاڵ بن، بەڵام بیری بوونی دژایەتی نێـوان لێکـۆڵینەوەگەلێکی کلتـوری کـارا و لێکـۆڵینەوەگەلێکی ئەدەبیی ناچالاک ڕەنگە خەیاڵێکی خاو بێت.



ببورە بەڕێز، بەڵام دۆستۆیڤسکی بە یەکێك لە کتێبە گونجاوەکان دانانرێت بۆ پشووی هاوینە.

## جیاوازییەکان

ئەو مشتومڕانەی، کە دەربارەی پێوەندی نێوان ئەدەب و لێکۆڵینەوە کلتورییەکان لەئارادایە بارگاوییە بە سکاڵا دەربارەی دەستەبژێری و چەند تۆمەتبارکردنێکی وەک ئەوەی، کە لێکۆڵینەوەی کلتوری میللی دەبێتە مایەی مردنی ئەدەب. لەم هەرا و زەنایەدا شتێکی خراپ نییە دوو دەستە لە پرسیارەکان لێک جیابکەینەوە. یەکەمیان پرسیارەکانی وابەستە بە بەهای لێکۆڵینەوەی جۆرە بابەتێکی کلتورییە یا دەربارەی شتێکی دیکەیە. بەهای لێکۆڵینەوەی شکسپیر لەبری زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان، کە بەهایەکە ناکرێت یەکسەر ڕادەستی بین و بە گرێنتیدار دایبنێین و پێویستە گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت: بۆ نموونە جۆرە جیاوازەکانی لێکۆڵینەوەکان لەڕووی فێرکاری فیکری و ڕەوشتی دەتوانن چ جۆرە دەسکەوتێکیان هەبێت؟ لێرەدا پاساوهێنانەوە کارێکی سادە و ئاسان نییە: نموونەی فەرماندەکانی ئۆردوگاکانی نازییەکان کە شارەزای(خبیر)ی ئەدەب و هونەر و مۆسیقا بوون بۆتە هۆی ئەوەی کارەکە سەخت بێت ئەو کەسانەی کە هەوڵدەدەن بانگەشەگەلێک دەربارەی کاریگەری جۆرە تایبەتییەکانی لێکۆڵینەوەکان بخەنەڕوو، بەڵام پێویستە بە ڕاشکاوانە ڕووبەڕووی ئەم گرفتانە ببێتەوە.

دەستەیەکی دیکەی پرسیارەکان بە میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی کەلوپەلە کلتورییەکان لە هەر جۆرێکیان پەیوەست دەبێت. چاکی و کەموکورییەکانی شێوازە جیاوازەکانی ڕاڤەو شیکردنەوە، لە نموونەی ڕاڤەی کەلوپەلە کلتورییەکان وەکو بونیاتێکی ئاڵۆز یا خوێندنەوەیان وەکو نیشانەگەلێکی گشتێتییە کۆمەڵایەتییەکان.هەرچەندە بە ڕاڤەیەکی هەڵسەنگێنەرانەی (نرخێنەرانەی)تایبەت بەلێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان و شیکردنەوەیەکی نیشانەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوە کلتورییەکان دانراوە،ئەوا هەردوو شێواز دەتوانرێت دەربارەی هەر دوو جۆری کەلوپەلە کلتورییەکان بەکاربهێنرێت. خوێندنەوەی وردی نووسینە نائەدەبییەکان بەواتای هەڵسەنگاندنی ئیستاتیکی ئەو شتە نییە، هەروەک چۆن خستنەڕووی پرسیارگەلێکی کلتوری دەربارەی بەرهەمە ئەدەبییەکان بە واتایە نییە کە ئەم بەرهەمانە تەنیا چەند بەڵگەنامەیەکی قۆناغێکن. لە بەشی دواتردا زیاتر بەدوای کێشەی ڕاڤەکردندا دەچین.

# بەشی چوارەم
# زمان، واتا، ڕاڤەکردن

ئایا ئەدەب جۆرێکی تایبەتی زمانە یا بەکارهێنانێکی تایبەتی زمانە ؟ ئایا زمانێکە کە بە چەند شێوەیەکی جیاواز ڕێکخراوە یا زمانێکە، کە چەند جیاوکێک(ئیمتیازات)ی تایبەتی هەیە؟ لە بەشی دووەمدا پاساومان بۆ ئەوە هێنایەوە کە لەبەرچی هەڵبژاردنی یەکێک لەم دوو بژاردەیە سوودێکی نییە: ئەدەب هەم تایبەتمەندییەکانی زمان و هەمیش جۆرێکی تایبەت لە گرنگیپێدان بە زمان لەخۆ دەگرێت، بەشێوەیەک هەروەکو ئەوەی لەم گفتوگۆیانە دەردەکەوێت ئەو پرسیارانەی وابەستەن بە سروشت و ڕۆڵەکانی زمان و چۆنییەتی شیکردنەوەی زمان پرسیارگەلێکی بنەڕەتی و سەرەکی تیۆرن. دەتوانرێت هەندێک لە تەوەرە سەرەکییەکان لەسەر کێشەی واتا چڕبکرێتەوە. بیرکردنەوە لە مانا چ شتگەلێکی دیکە دەگرێتەوە؟

## واتا لە ئەدەبدا

ئەو چەند دێڕەی کە پێشتر وەکو ئەدەب مامەڵەمان لەگەڵ کرد، واتە شیعرە دوو دێڕییەکەی ڕۆبێرت فرۆست بێنە بەر چاوت:

نهێنی دانیشتووە
بە دەوری بازنەیەکدا سەما دەکەین و گومان دەبەین
بەڵام نهێنی لە ناوەڕاستی بازنەکەدا دانیشتووە و دەزانێت
The secret sits
We dance round in a ring and suppose,
But the secret sits in the middle and knows

(واتـا) لێـرەدا چیـیە؟ لەڕاسـتیدا جیـاوازی هەیە لەنێـوان پرسـیارکردن لە واتـای دەقێک(شـیعرەکە وەکـو گشـتێک) و واتـای وشـەیەک. دەتـوانین بڵێـین کە سـەما واتا(ئەنجامـدانی زنجیرە جوڵەیەکی هاوئاهەنگ و شێوازمەند)بەڵام ئەم دەقە چ واتایەکی هەیە؟ ڕەنگە بڵێن پووچی کاروکردەوەکانی مرۆڤ دەگەیەنێـت: دەخـولێینەوە و دەخـولێینەوە، تەنیـاش دەتـوانین گومـــان بـــبەین. ئەم دەقە ســـەرەڕای ئەمە بە ســـەروا و ئـاوازەکەی کە بـاس لە هەسـتکردن بە زانینـی ئەو کـارەی کە ئەنجامی دەدەیت دەکات خوێنەر بەرەو قوڵبوونەوە دەربارەی سـەماکردن و گومـانبردن ڕادەکێشـێت. ئەم کـاریگەرییە، ئەو پرۆسەیەی کە دەق دەتوانێت بیوروژێنێت، بـریتییە لە بەشێک لە واتای دەق. لەبەرئەوە واتـای وشـەیەکمان هەیە و واتـا یـان

وروژاندنەکانی دەقێکیشمان هەیە، پاشان لەنێوان ئەم دوانەدا شتێک هەیە، کە دەتوانرێت ناوی لێبنرێت واتای گوتنێک: واتای کردەی گوتنی ئەم وشانە لە بارودۆخێکی تایبەتدا. ئەم گوتنە چ کارێک ئەنجام دەدات: ئاگادارکەرەوەیە یا دانپێدانان، یا بۆنموونە ئاه و نالەیە یا خۆهەڵکێشان ؟ مەبەست لە **ئێمە** لێرەدا کێیە و (سەماکردن)لەم گوتنەدا چ واتایەکی هەیە؟

کەواتە ناکرێت تەنیا بپرسیت کە (واتای) ئەوە چییە. لانیکەم سێ ڕەهەند یا ئاستی واتا لێرەدا بوونیان هەیە: واتای وشەیەک، واتای گوتنێک، واتای دەقێک. واتا شیانییەکانی[١٣](possible meanings) وشەکان لە هێنانەکایەوەی واتای گوتنێک کە کرداری قسەکەرە بەشدارن. (هەروەها وشەکانیش واتای خۆیان لەو ڕۆڵە وەردەگرن، کە ڕەنگە لە گوتنەکاندا هەیانبێت ) لە کۆتاییدا دەق، کە لێرەدا نوێنەری قسەکەرێکی نەناسراوە،کە ئەم گوتنە مەتەڵاوییە دەردەبڕێت، کۆمەڵە شتێکە، کە دانەرێک بونیاتی ناوە و واتاکەی پێشنیازکردنێک نییە، بەڵکو ئەو کارەیە، کە دەیکات، واتە توانستە شاراوەکەی بۆ کارتێکردن لە خوێنەران.

چەند جۆرێکی جیاوازی واتامان هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت شتێک بگوترێت و ئەویش ئەمەیە ، کە واتا پشت بە جیاوازی دەبەستێت. نازانین ئەوەی لەم

---

[١٣]. لەبری المحتملة ی عەرەبی و محتمل ی فارسی دانراوە. و.

دەقەدا(ئێمەwe) ئاماژەی بۆ دەکات چ کەسانێکن، تەنیا دەزانین ئەم(ئێمەیە) لە دژوازی و جیاوازیدایە لەگەڵ( I یا they، you، He ،she ،it). (we)گروپێکی دەستەجەمعی دیارینەکراوە هەر قسەکەرێک کە بەبیرماندا دێت لەناویدا جێگەی دەبێتەوە. ئایا خوێنەریش لەم(ئێمە=we)دا شوێنی دەبێتەوە یا نا؟ ئایا مەبەست لە(ئێمە) هەموویانن بێجگە لە(نهێنی)، یا ئەو گروپە تایبەتەیە، کە مەبەستە؟ لە هەر هەوڵێکدا بۆ لێکدانەوەی ئەم شیعرە ئەم پرسیارانە، کە وەڵامێکی سادە و ئاسانیشان نییە دێنە ناوەوە، ئەوەی بەدەستی دەهێنین دژوازییەکان و جیاوازییەکانە.

تارادەیەکی زۆر دەتوانرێت شتگەلێکی ئاوا دەربارەی(سەما) و (گومانبردن)یش بگوترێت. واتای **سەما** لێرەدا پێوەندی هەیە بەوەی، کە سەما لە دژی یا بەرامبەر چی دایبنێین( سەماکردن بە دەوری بازنەیەک) دژ دەوەستێت لەگەڵ(پێشڕەوی بەشێوەیەکی ڕاستەوڕاست) یا (بێ جووڵە مانەوە)) و (گومانبردن) لە دژوازیدایە لەگەڵ(زانین). بیرکردنەوە دەربارەی واتای ئەم شیعرە واتا کارکردن لەگەڵ جیاوازییەکان یا دژوازییەکان و بەخشینی ناوەرۆک پێیان و هەڵهێنجانی دەرئەنجام لەڕێگەیانەوە.

## تیۆریی زمانی سوسێر

زمـان سیسـتمی جیاوازییەکانە. ئەمە **فردینانـد دو سوسـێر** ڕایگەیانـدووە، سوسـێری زماننـاسـی سویسـڕی سـەرەتاکانی سەدەی بیستەم، کە کارەکانی ڕۆڵێکی زیندوو و کاریگەریان لە تیۆری نوێدا هەبووە. ئەوەی هەر بەشێکی زمان دەکاتە ئەو شـتەی کە هەیە، ئەوەی ناسـنامەی پێدەبەخشـێت بـریتییە لە دژوازییەکانی لەگەڵ بەشـەکانی دیکە لەنـاو سیسـتمی زمانـدا. سوسـێر سـوودی لە بەراوردکردنێک وەرگرتـووە: ناسـنامەی شەمەندەفەر-بۆ نموونە شـەمەندەفەری خێرای کاتژمێر ٨:٣٠ بەیـانی لەنـدەن بـۆ ئۆکسـفۆرد- وابەسـتەی سیسـتمی شەمەندەفەرەکانە، کە لە بەرنامەی جوولەی شەمەندەفەرەکاندا باسی کراوە. بەم شێوەیە شەمەندەفەری خێرای کاتژمێر ٨:٣٠ لەندەن بۆ ئۆکسفۆرد لە شەمەندەفەری خێرای ٩:٣٠لەندەن بۆ کـامبرێج و شـەمەندەفەری نـاوخۆی کـاتژمێری(٨:٤٥)ی ئۆکسـفۆرد جیـادەکرێتەوە. تایبەتمەنـدییە فیزکییەکـانی شـەمەندەفەرێکی دیـاریکراو گرنگـی نییە، دەشـێت مەکینە ، فارگۆنەکـان، ڕێـگەی دروسـت، خزمەتکارەکـانی و هیتـریش هەموویـان بگۆڕێن، بـۆ نمـوونە کـاتی جوولە و گەیشـتن بـۆ شـوێنی مەبەسـت، دەشـێت شـەمەندەفەر درەنگتـر لە وادەی بڕیارلەسـەردراو جـوولە بکـات و بگـاتە شـوێنی مەبەسـت. ئەوەی ناسـنامە بە شـەمەندەفەر دەبەخشـێت پـێگەی شـەمەندەفەرەکەیە لە سیسـتمی شـەمەندەفەرەکان: ئەم

شـەمەندەفەرە لە دژوازی لەگەڵ شـەمەندەفەرەکانی تـردا، ئەم شــەمەندەفەرەیە. هەروەکــو ئەوەی، کە ســوســێر دەربــارەی نیشانە لە زماندا دەڵێت: ( وردترین تایبەتمەندیی جیاکەرەوەی ئەو ئەمەیە کە شـتێک بێـت ئەوانیتـر ئەوە نەبـن) بەم شـێوەیە پیتـی b دەتوانرێت لەسـەر زۆر شـێوەی جیـاواز بنووسـرێت( بیر لە دەستخەتی کەسـە جیاوازەکـان بکەوە) بە مەرجێک، کە لەگەڵ پیتەکانتردا بۆ نمـوونە d,k,l تێکەڵ و پێکەڵ نەکرێت و لەبــری ئەوان بەکــارنێن. ئەوەی گرنگییەکــی ســـەرەکی هەیە شـێوە یـا نـاوەرۆکێکی تـایبەت نـیـە، بەڵکو جیاوازییەکـانە کە توانای دەلالەتکردن بە پیتەکان دەدات.

بە بۆچــوونی سوســێر زمــان سیســتەمی نیشــانەکانە و واقیعیەتـــی ســـەرەکی لەم نێوەنـــدەدا ئەم شـــتەیە کە ئەو بە(سروشتی ڕێککەوتنی[١٤] ڕەمزی زمانی)ناویدەبات. مەبەست دوو شتە. یەکەمیان ئەوەیە، کە نیشانە(بۆ نموونە وشـەیەک) تێکەڵەیەکـــی نێـــوان پێکهـــاتەیەکە لە فۆرمێـــک(دال) و واتایەک(مەدلول)ێک و پەیوەندی فۆرم و واتـا لەسـەر بنەمـای ڕێککەوتـنە نەوەک وێکچـوونی خـوددی. ئەوەی مـن لەسـەری دانیشـتووم نـاویchair(کورسـی)یە، بەڵام بەتەواوەتـی دەکـرا ناوێکی دیکەی هەبێت- punce یا wabبەهۆی ڕێککەوتن یا یاسایەک لە زمانەکەمان کورسی کورسییە نەک شتێکی دیکە،

[١٤]. ڕێککەوتنی کۆمەلایەتی،عورفی. لەخۆوەیی.و.کوردی

له زمانەکانیتردا ئەم شتە چەند ناوێکی تەواو جیاوازی هەیە. چەنـد بارودۆخێـک کە بە بۆچـوونی ئـێمە تەواو جیـاواز و ڕێــزپەڕن ئەوانــیش وشـــەکانی(دەنگە سروشـــتییەکانن)کە دەنگەکانیان لەڕواڵەتدا لاساییکردنەوەی هەمان ئەو شتانەن، کە ناویدەنێن. بۆ نموونە(bow- wow) (حەپە حەپی سەگ) یا(buzz)(گیزە گیز) بەڵام ناوی ئەم دەنگە سروشتییانە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر جیاوازە: لە زمانی فڕەنسیدا سەگەکانoua–oua دەکەن و گیزەگیزیشbourdonnerە.

تەنانەت لە ڕوانگەی سوسێر و لە تیۆری نوێدا ئەوەی گرنگییەکـــی زۆر زیـــاتری هەیە دیـــوی دووەمـــی ڕێکەوتنیی(بڕیارلەسەردراوی) نیشانەیە : هەم دال(شێوە) و هەمـیش مەدلول(واتـا) لەخـودی خۆیانـدا دوو شـێوازی دابەشکاری ڕێککەوتن لەسەرکراوی ئاستی دەنگی و ئاستی بیرکردنەوەن. لە زمانە جیاوازەکاندا بە شیوەگەلێکی جیاواز دابەش دەبن. لە زمانی ئینگلیزیدا chair ,cheer و char لە ئاستی دەنگیدا لێک جیاکراونەتەوە، واتە نیشانەگەلێکی لێک جیـاوازن بە واتـاگەلی جیـاوازەوە، بەڵام پێویسـتیەک لەئارادانەبووە تا ئەم دابەشکارییە دروست ببێت- ئەم سێیە دەکرا چەند گۆگردنێکی جۆراوجۆری تاکە نیشانەیەک بن. زمانی ئینگلیزی لە ئاستی واتادا chair لە stool[چوارپێچک] جیادەکاتەوە، بەڵام لێدەگەڕێ کە مەدلول یا چەمکی chair شوێنی دانیشتنی(مقعد) دەسکدار و بێ دەسک و شوێنی

دانیشتنی ڕەق و شوێنی دانیشتنی نەرم و ڕازاوەیش لەخۆ بگرێت- و ئەم دوو جیاوازییەش دەکرا چەمک گەلێکی تەواو جیاکراوە لەخۆ بگرن.

سوسێر جەخت لەوەدەکاتەوە، کە زمان (سیستەمێکی ناولێنانی)نییە، کە ئەوناوانەی خۆی هەیەتی لە چەند کەتیگۆرییەک، کە لەدەرەوەی زماندا بوونیان هەیە بنێت. ئەم خاڵە دەرئەنجامگەلێکی زۆر گرنگی بۆ تیۆری نوێ لەخۆ گرتووە. بەشێوەیەکی گشتی وایدادەنێین،کە وشەکانی سەگ و کورسی لە زماندا هەن تا لەڕێگەیانەوە ناو لەو سەگ و کورسییانەی کە لەدەرەوەی هەر زمانێکدا هەن بنێین، بەڵام بەپێی لێکدانەوەی سوسێر ئەگەر وشەکان نوێنەری چەمکگەلێک بن، کە پێشوتر هەبوون دەکرا هاوتای واتایی وردیان لە گشت زمانەکاندا بدۆزرێتەوە، کە وەکو دەزانین ئەسڵەن بەم شێوەیە نییە. هەر زمانێک سەرەڕای ئەوەی سیستەمێکی شێوەکانە، سیستەمێکی چەمکەکانیشە: سیستەمێک لە نیشانەی ڕێککەوتن لەسەرکراو[کۆمەڵ لەسەریان ڕێککەوتووە، واتە لەخۆوەیین و هیچ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان دال و مەدلولدا نییە]، کە ڕێکوپێکی بە جیهان دەبەخشێت.

## زمان و بیرکردنەوە

شێوازی پێوەندی نیوان زمان لەگەڵ بیرکردنەوە یەکێک بووە لە مەسەلە سەرەکییەکانی تیۆری نوێ. لە سەرێکەوە ئەم ڕوانگەیەی،کە لەسەر تێگەیشتنی باو بونیاتنراوە لەئارادایە بەوەی، کە زمان ناو لە بیرگەلێک کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ هەن دەنێت، زمان چەندین ڕێگە بۆ خستنەڕووی ئەو بیرۆکانەی،کە لەپێشتردا هەبوون دێنێتەکایەوە. لە سەرەکەی ترەوە (گریمانەی ساپیر- وۆرف)لەئارادایە کە ناولێنانەکەی لەو دوو زماننناسە وەرگیراوە، کە لەو باوەڕەدا بوون ئەو زمانەی ئێمە قسەی پێدەکەین دەستنیشانکەری چۆنیەتی بیرکردنەوەمانە. بۆ نموونە وۆرف ئەم لێکدانەوەیە دەخاتەڕوو کە سورپێستەکانی هۆپی چەمکێکیان بۆ کات هەیە، کە لە زمانی ئینگلیزیدا ناتوانرێت ئەم چەمکە درک بکرێت (لەبەرئەوە ناتوانرێت ئەم چەمکە لێرەدا ڕوون بکرێتەوە!)وادەردەکەوێت بە هیچ ڕێگەیەک نەتوانرێت ئەوە نیشان بدرێت،کە بیرگەلێک لە زمانێکدا هەن، کە ناتوانرێت بە زمانێکی دیکە بیریان لێبکرێتەوە یا دەرببڕێن، بەڵام دەتوانرێت چەند بەڵگەیەکی زۆر بخرێتەڕوو کە ئەوە نیشان دەدات لە زمانێکدا ئەو بیرانەی، کە دەبنە بیرگەلێکی(سروشتی) و (ئاسایی) لە زمانێکی دیکەدا پێویستییان بە هەوڵێکی تایبەت هەیە.

ڕەمزداریـــی زمـــانی تیـــۆرێکە دەربـــارەی جیهـــان. زمـــانە جۆراوجۆرەکـــانی جیهـــان بە شـــێوازگەلێکی جۆراوجـــۆر پۆلێنبەنـدی دەکەن. ئـاخێوەرانی ئینگلیـزی زمـان(pet)[ئـاژەڵی ماڵی]یان هەیە – کەتیگۆرییەکە، کە لە زمانی فەڕەنسیدا هیچ بەرامبەرێکی نییە، هەرچەندە فەڕەنسییەکان بۆ ئەندازە سەگ و پشیلە ڕادەگرن. لە ئینگلیزیدا ناچارین ڕەگەزی کۆرپەلەیەک بزانین تا جێناوی نێر یا مێیینەی بۆ یەکار بهێنین(ناتوانرێت کۆرپەلە بە it بانگ بکرێ) لەبەرئەمە زمانەکەمان لە خودی خۆیدا دەرخەری ئەوەیە، کە ڕەگەز زۆر گرنگە (و بێگومـان باوی و برەوی پۆشاکە پەمەییەکان یا شینەکان بۆ گەیاندنی وەڵامـــی دروســـت بە قســـەکەرە لەم ڕووەوەیە) بەڵام ئەم جیاکردنەوە زمانییەی ڕەگەز لە زماندا بەهیچ کلۆجێک حەتمی نییە. لە هەموو زمانەکاندا ڕەگەزی منداڵانی تازە لەدایکبوو تایبەتمەنـدییەکی یەکلاکەرەوەی ئەو منـداڵانە نیـیە. بونیـاتە ڕێزمانییەکانیش نەریتگەلێکی[نەریتگەلێک، کە خەڵک لەسەری ڕێکەوتوون] زمانن و سروشتی یا حەتمی نین. کاتێک سەیری ئاســمان دەکەیـــن و جـــوولەی باڵەکـــان دەبینـــین زمانمـــان بەشـــێوەیەکە، کە دەتـــوانین لەبـــری ئەوەی بڵێن(باڵنـــدەکان خەریکـــن دەفـــڕن) شـــتێکی هاوشـــێوەی ئەمە بڵـــێن( its wingning)[خەریکن لە شەققەی باڵ دەدەن] ڕێک وەکو ئەوەی دەڵـێنits raining [خەریـکە بـاران دەبارێـت] **پـۆڵ ڤێرڵێن** لە شیعرێکی بەناوبانگدا یاری بەم بونیاتە دەکات:

Il pleasure dans mon Coeur /comme il pleut sur la ville,

(له دڵــی منــدا دەبارێت[دەگرییــت] بەهەمــان ئەو شــێوەیەی بەسەر شارەکە) دەڵێین(لە شاردا باران دەبارێت) باشە بۆچی ناکرێ بگوترێ (لە دڵی مندا دەبارێت) ؟

زمان(سیســتمێکی ناولێنــان) نیــیە، کە نیشــانەگەلێک بــۆ ناولینانی ئەو کاتیگۆریانەی، کە لەوپێش هەبوون بەدەستەوە بدات، زمان کاتیگۆرییەکانی خۆی دێنێتەکایەوە، بەڵام دەکرێت بیســـەران و بیــنەران پاشــخانی زمانەکەیــان و ئەوەی لە دەوروبەری زمانەکەیــان دایە ببیــنن و لەئەنجامــدا بیــنەری واقیعیەتێکی جیاواز بن. بەرهەمە ئەدەبییەکان باکگراوەندەکان یا کەتیگۆرییەکانی شێوازی بیرکردنەوە باوەکان دەپشکنن و زۆربەی کــات هەوڵــدەدەن تــا بیــانخەنە ســەر ئەژنــۆ یــا سەرلەنوێ بونیاتیان بنێنەوە و ئەوەمان پێ نیشان دەدەن، کە چــۆن بیــر لە شــتێک بکەیــنەوە، کە زمــان پێشــتر پێشــنیاری نەکردووە و ناچارمــان دەکەن لەو کاتیگۆریــانە وردبینەوە کە لەڕێگەیــانەوە لە جیهــان دەڕوانــین. لەبەرئەمە زمــان هەم بەرجەستەکردنی ماددی ئایدۆلۆژیایە- چەند کاتیگۆرییەک کە ئاخێوەران ڕێیان پێدراوە لە چوارچێوەی ئەواندا بیربکەنەوە- و هەمیش شوێنی گومانکردنە لێی یا پوچەڵکردنەوەیەتی.

## شیکردنەوەی زمانی

**سوسێر** سیستەمی زمانێک(لانگ) لە بوارە تایبەتییەکانی گوتن و نووسین(پارۆڵ) جیادەکاتەوە. کاری زمانناسان بونیاتنانەوەی سیستمی ژێرخانی زمانێک(ڕێزمانی زمانەکە)یە کە شیانی(ئیمکانی) بەدیهاتنی دیاردە گوتنییەکان یا پارۆڵ فەراهەم دەکات. ئەمەش دەبێتە هۆی هێنانەکایەوەی جیاوازییەکی دیکە لەنێوان لێکۆڵینەوەی سینکرۆنی[١٥] زمانێک(بە جەختکردنەوە لەسەر زمان وەکو سیستەمێک کە لە کاتێکی تایبەتدا هەیە، ئێستا یا ڕابردوو) لەگەڵ لێکۆڵینەوەی دایکرۆنی زمان کە لە گۆڕانە مێژووییەکانی چەند ڕەگەزێکی دیاریکراوی زمان دەکۆڵێتەوە. کاتێک زمان بە سیستمێکی ئەرکی دابنێین ، واتە زمانمانمان لەسەر شێوەیەکی سینکرۆنی بینیوە و هەوڵماندا‌وە یاسا و نەریتەکانی(ئەوانەی خەڵک لەسەر ڕێککەوتووە) سیستەمەکە بخەینەڕوو کە بەدیهاتنی شێوە و واتاکانی زمان دەکەنە شتێکی مومکین. کاریگەرترین زمانەوانی ئێمە واتە نۆم چۆمسکی بونیاتنەری ئەو ڕێزمانەی، کە بە ریزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە ناسراوە لەمە بەرەو پێشتر دەڕوات و ئەم بەڵگەکاریی و لێکدانەوە دەخاتەڕوو، کە کاری زمانناسی بەرهەمهێنانەوەی(توانستی

[١٥]. لە زمانی کوردیدا سینکرۆنی لێکۆڵینەوەی مێژوویی زمان و دایکرۆنی لێکۆڵینەوەی وەسفی زمانی بۆ بەکارهاتووە.و. کوردی

زمـانی) قسـەکەرانی ئـاخێوەرانی ڕەسـەنی زمـانە زانـین یـا توانـایەکی شـاراوە، کە قسـەکەران بەدەسـتی دێـنن و وایـان لێـدەکات ئەو توانایەیـان هەبێـت تەنـانەت ڕسـتەگەلێک، کە هەرگیـز پێشـتر ڕووبەڕووی نەبـوونەتەوە دەرببـڕن و لێـی تێبگەن.

کەواتە زماننـاسـی کـارەکەی لە واقیعییەتەکـانی وابەسـتە بە شیوە و واتای گوتنەکان بۆ ئـاخێوەرانەوە دەست پێدەکات و هەوڵـدەدات ڕوونیـان بکـاتەوە. چـۆن دەکرێـت ئەم دوو ڕستەیەی ژێرەوە بە دوو شێوەگەلی هاوشێوە بۆ ئـاخێوەرانی ئینگلیزی زمان دوو واتای تا ڕاددەیەک جیاوازیان هەبێت؟:

john is eager to please و john is easy to please?

ئـاخێوەرانی ئینگلـیزی زمـان دەزانـن، کە ڕسـتەی یەکەم جۆن دەیەوێت ببێتە جێی پەسەندی ئەوانیتر و لە ڕستەی دووەمدا کەسانی دیکەن، کە دەبنە هۆی (دڵخۆشی) بۆ جۆن . زمانەوان هەوڵنادات (واتای حەقیقی) ئەم ڕستانە بدۆزێتەوە، بە جۆرێک وەک بڵێی خەڵک لە تەواوی ئەو ماوەیەدا هەڵەیان کردووە و ئەم ڕسـتانە لە قوڵاییـدا واتـایەکی دیکەیـان هەیە. کـاری زمـانەوان وەسـفکردنی بونیاتەکـانی زمـانی ئینگلیزییە(لێرەدا، لەڕێگەی دیـاریکردنی ئاسـتی ژێـرەوەی بونیـاتی ڕێزمـانی) تـا جیاوازییە پشتڕاستکراوەکانی نێوان واتـای ئەم ڕسـتانە ڕوون بکاتەوە.

**شیعرییەت(پۆیتیکا) بەرامبەر بە شرۆڤەکردن(التاویل= هێرمۆنەتیکا)**

لێرەدا جیاکردنەوەیەکی سەرەکی لەنێوان دوو جۆرە پڕۆژە لەئارادایە، کە زۆربەی کاتەکان لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا فەرامۆش دەکرێن: یەکێکیان کە لە زمانەوانییەوە بووە بە شێواز ومۆدێلێک ، واتا بە شتێک دەزانێت، کە پێویستە ڕوونبکرێتەوە و هەوڵدەدات تا ڕوونی بکاتەوە، کە واتا چۆن دێتەکایەوە. لەبەرامبەردا ئەوەیتر کارەکەی لە فۆرمەکانەوە دەست پێدەکات و هەوڵدەدات لێکدانەوەیان بۆ بکات تا پێمان بڵێت ئەم فۆرمانە لەڕاستیدا چ واتایەکیان هەیە. لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا ئەمە هەمان ئەو دژێتییەیە، کە لەنێوان شیعرییەت و هێرمۆنەتیکا دایە. شیعرییەت کارەکەی بە واتاگەلێک، کە پشتڕاست کراونەتەوە دەست پێدەکات و دەپرسێت ئەمانە چۆن هاتوونەتەکایەوە. (چ شتێک دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ئەم پارچەیە لە ڕۆمانێکدا تەنزئامێز خۆی بنوێنێت؟ لەبەرچی کۆتایی ئەم شیعرە ئاڵۆز و تەمومژاوییە؟) بەڵام شرۆڤەکردن کارەکەی بە دەق دەست پێدەکات و دەپرسێت، کە چ واتایەکی هەیە و بەدوای ئەوەیە لێکدانەوەگەلێکی نوێ و باشتر بدۆزێتەوە. مۆدێلەکانی شرۆڤەکردن لە مەیدانەکانی یاسا و ئایین وەرگیراون، کە تیایاندا مرۆڤەکان هەوڵدەدەن دەقێکی باوەڕپێکراوی یاسایی یا پیرۆز لێکبدەنەوە تا بگەنە ئەو ئەنجامەی، کە دەبێت چۆن کار بکەن.

بەپێی مۆدێلی زماننانسی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەبێت ڕێگەی یەکەم بگرێتەبەر، واتە ڕێگەی شیعرییەت و هەوڵبدات لەوە تێبگات، کە بەرهەمە ئەدەبییەکان چۆن دەگەن بەو کاریگەریانەی، کە هەیانە، بەڵام بەشی زۆرینەی تراديسیۆنی(نەریتی) ڕەخنەی نوێ ڕێگەی دووەمیان گرتۆتەبەر و لێکدانەوەی بەرهەمە تاکەکەسییەکانی کردۆتە مەبەست و مەرامی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان.

لە ڕاستیدا لە دەقەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا زۆربەی کات شیعرییەت و شرۆڤەکردن پێکەوە گرێدەدرێن و تیایاندا ئەو پرسیارەی کە کاریگەری تایبەت چۆن هاتۆتە بەرهەم، یا لەبەرچی کۆتایی بەرهەمێک وەهایە، کە پێویستە وابێت (کە هەردووکیان پەیوەندی لەگەڵ کاتیگۆری شیعرییەت پەیدا دەکەن) لەتەک ئەم پرسیارە خراوەتەڕوو، کە دێڕێکی دیاریکراو چ واتایەکی هەیە و شیعرێک دەربارەی بارودۆخی مرۆڤایەتی چی دەڵێت(شرۆڤەکردن)، بەڵام ئەم دوو پڕۆژە لە بنەڕەتدا بە تەواوەتی لێک جودان و شوێن ئامانجێکی جیاواز دەکەون و پشت بە جۆرەها بەڵگەی لێک جیاواز دەبەستن، دانانی واتا یا کاریگەری وەکو خاڵی سەرەتای (شیعرییەت) لە بنەڕەتدا لەگەڵ گەڕان بۆ دۆزینەوە واتا (شرۆڤەکردن) جیاوازە.

ئەگەر مۆدێلی لیکۆڵینەوە ئەدەبییەکان زماننانسی بێت، ئەوا ئەرکەکەی وەسفکردنی (توانستی ئەدەبی)دەبێت،کە خوێنەرانی

ئەدەب بەدەستی دێنن، لە شیعرییەتێکدا، کە توانستی ئەدەبی وەسف بکات جەخت لەسەر نەریتگەلێک دەبێت، کە وەدیهاتنی بونیاتی ئەدەبی و واتا دەکاتە شتێکی مومکین: ئەو ڕەمزانەی یا ئەو سیستمە ڕێککەوتن لەسەرکراوانەی(قراردادی= کۆمەڵ لەسەریان ڕێککەوتووە و عورفین)چین، کە خوێنەران والێدەکەن بتوانن ژانرە ئەدەبییەکان دیاری بکەن، گرێچن دەستنیشان بکەن، لە وردەکارییە پەرش و بڵاوە نیشاندراوەکانی ناو دەق (کەسایەتییەکان) بخولقێنن، ناوەرۆکەکان لە بەرهەمە ئەدەبییەکان دیاری بکەن و ئەو جۆرە لێکدانەوە ڕەمزییە بەرەوپێش ببەن کە ئیمکانی پێوانی دەلالەتی شیعرەکان و چیرۆکەکانمان بۆ فەراهەم دەکات؟

ئەم خۆنیشاندانە چونییەکەی شیعرییەت و شرۆڤەکردن دەشێت سەرلێشێوێنەر بێت، چونکە واتای بەرهەمێکی ئەدەبی بەلامانەوە وەکو ڕوونی واتای ئەم ڕستەیە john is eager to please نییە و لەبەرئەمە ناتوانین واتای بەرهەمەکە بە شتێکی ئاشکرا دابنێین و پێویستە بەدوایدا بگەڕێین. گومانی تێدا نییە، کە یەکێک لەو هۆکارانەی کە لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانی چاخی مۆدێرندا شرۆڤەکردنی بەبەرزتر لە شیعرییەت داناوە ئەمەیە( هۆیەکی دیکە ئەوەیە،کە مرۆڤەکان بەشێوەیەکی گشتی لەبەر بایەخدانیان بە ڕۆڵی ئەدەب لە بەرهەمە ئەدەبییەکان ناکۆڵنەوە و لێکۆڵینەوەی ئەم بەرهەمانە لەبەر ئەمەیە، کە وابیردەکەنەوە ئەم بەرهەمانە قسەگەلێکی گرنگیان

تێدایە تا پێیانی ڕابگەیەنن و دەیانەوێت بزانن، کە ئەم قسانە چییە)،بەڵام شیعرییەت داوامان لێناکات کە واتای بەرهەمێک بزانین ، کارەکەی ئەمەیە،کە هەر کاریگەرییەک کە پشتڕاستی دەکەینەوە ئەم بەرهەمە ئەدەبییە هەیەتی بۆمان ڕوون بکاتەوە- بۆ نموونە پرسیارێکی وەک ئەمەی، کە ئەم کۆتاییە سەرکەوتووترە لەوەیتر، یا ئەمەی، کە ئەم بونیاتی وێنانە لەم شیعرەدا ماقووڵە و لەبەرامبەردا لەوەیتردا وانییە . سەرەڕای ئەمە بەشێکی یەجگار گرنگی شیعرییەت لە خزمەتی ڕوونکردنەوەی ئەمەیە کە خوێنەران چۆن دەست بۆ لێکدانەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان دەبەن- چ نەریتگەلێک(عورفگەلێک= conventions)لەئارادایە، کە وایان لێبکات چەمکی بەرهەمی ئەدەبی بەم شێوەیە درک بکەن. بۆ نموونە ئەوەی لە بەشی دووەمدا لەژێر ناونیشانی(بنەڕەتی هاریکاری سوودمەند لە پارێزگارییەکی لەڕاددەبەدەر) خستمەڕوو نەریتێکی بنەڕەتییە، کە لێکدانەوەی ئەدەب دەکاتە شتێکی مومکین: مەبەست لەم گریمانەیە، کە سەختییەکان، شتگەلێکی بەڕواڵەت بێنرخ، لادانەکان لە بابەت و چەندین شتی ناپەیوەست لە ئاستێکی تایبەتدا ڕۆڵێکی بەتین و ڕەوایان هەیە.

## خوێنەران و واتا

بیــرۆکەی توانســتی ئەدەبــی ســەرنج لەســەر ئەو زانیــنە شــاراوەیە چڕدەکــاتەوە، کە خــوێنەران(و نووســەران) لە ڕووبەڕووبوونەوەیــان لەگەڵ دەقەکانــدا بەکــاری دەهێــنن : خوێنەران چ ڕێکارێک دەگرنەبەر، کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم وەڵامــدانەویان بــۆ بەرهەمە ئەدەبییەکــان هەبێــت؟ چ گریمانەگەلێک پێویستە هەبێت تا کاردانەوە و لێکدانەوەکانیان لە پێگەیەکــی شــیاو دابنــرێن و هەژمــار بکــرێن. گرنگیــدان بە خوێنەران و شێوازی درککردنی ئەدەب لەڕێگەی خوێنەرانەوە بۆتە هۆی هاتنەکایەوەی جۆرە ڕەخنەیەک بە ناوی(ڕەخنەی وەڵامدانەوەی خوێنەر). ئەم جۆرە ڕەخنەیە بانگەشــەی ئەوە دەکات کە ئەزموونی خوێنەر(ئەزموونێک، کە ڕامان و گومان ، مەزەندەکردن، ڕاستکردنەوەی خودی بۆ هەڵەکان دەگرێتەوە ) بریتییە لە واتای دەق. ئەگەر درکپێکردنی بەرهەمێکی ئەدەبی بە بەدواییەکداهاتنێکی چەنــد کارێــک دابنێین، کە وەســتاونەتە ســەر تێگەیشــتنی خــوێنەر. ئەو کــاتە لێکدانەوەی ئەم بەرهەمە دەشــێت سەرگوزشــتەی ئەم بەرەوڕوویــی و دیــدەنییە بێت بە هەوراز و نشــێوەکانییەوە : چەنــد عــورف یــا چاوەڕوانییەکی جیاواز دێنە ناو شەڕەکەوە، چەند پێوەندییەک دەسەپێنرێن و چەنــد چــاوەڕوانییەک تێکدەشــکێن یــا ڕەوایەتــی پەیــدا دەکەن لێکدانەوەی بەرهەمەکە بریتــی دەبێــت لە قســەکردن لەبــارەی سەرگوزشتەی خوێندنەوە.

چیرۆکێک، کە دەتوانرێت دەربارەی بەرهەمێکی دیاریکراو بگوترێت پەیوەندی بەو شتەوە هەیە کە تیۆرستان بە(ئاسۆی چاوەڕوانییەکان)ی خوێنەر ناویان لێناوە. لێکدانەوەی بەرهەم لەسەر بنەمای وەڵامی بەرهەمەکەیە بە پرسیارگەلێک، کە ئەم ئاسۆی چاوەڕوانییە دەیخاتەڕوو و خوێنەری دەیەی١٩٩٠ بە چاوەڕوانییەکی جیاواز لەگەڵ ئەو کەسانەی، کە هاوسەردەمی **شکسپیر** بوون ڕووبەڕووی هاملێت دەبێتەوە. دەشێت زنجیرە بارودۆخێک کاریگەری بخەنە سەر ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەران. لە ڕەخنەی فیمینیستیدا ئەم مشتومڕە لە گۆڕێدایە، کە ئەگەر خوێنەر ژن بێت چ جیاوازییەکی هەیە، دەبێت چ جیاوازییەکی هەبێت. ئێلین شواڵتەر ئەوە دەپرسێت، کە چۆن( گریمانەی ژن بوونی خوێنەر تێگەیشتنمان بۆ دەقێکی دیاریکراو دەگۆڕێت، زەینمان بۆ دەلالەتی ڕەمزە سێکسییەکانی ئەو بەرهەمە هەستیار دەکات؟)دەقە ئەدەبییەکان و نەریتەکانی لێکدانەوەیان وادەردەکەوێت خوێنەرێکی نێرینەیان لەبەرچاو گرتووە و ژنانیان ناچار کردووە وەکو پیاوان بخوێننەوە، واتە لەڕوانگەیەکی پیاوانەوە.

تیۆریستانی فیلمیش ئەم گریمانەیان خستۆتەڕوو، کە تێڕوانینی سینەمایی بە وتەی ئەوان(نیشاندان لە چاوی کامێراوە) لە بنەڕەتدا پیاوانەیە: ژنان زیاتر لەوەی، کە چاودێریکەر بن وەکو بابەتێکی سەیرکردنی سینەمایی دانراون. لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا ڕەخنەگرانی فیمینیست لە

ســـتراتیژیگەلێکی جۆراوجۆریـــان کۆڵیـــوەتەوە، کە بەرهەمە ئەدەبییەکان بە پاڵپشتی ئەم ستراتیژیەتانە ڕوانینی پیاوانەی کردۆتە ڕوانینێکی پێوەر و ئەم مشتومڕەیان هێناوەتە ئاراوە، کە لێکۆڵینەوەی ئەم جۆرە بونیات و کاریگەرییانە لە بنەڕەتدا شێوازی خوێندنەوە- چ بۆ پیاوان چ بۆ ژنان- دەگۆڕێت.

**راڤـەکردن**

کاتێـک خـاڵی سـەرنجدان(فۆکۆس) لەســەر جۆراجـۆری ڕێگاکـانی خوێـندنەوە لەسـەر بنەمـای بـارودۆخە مێژوویـی و کۆمەڵایەتییەکـان چڕکـرابێتەوە لەڕاسـتیدا جەخـت لەسـەر ئەم کێشـەیە دەکـرێتەوە،کە ڕاڤەکـردن پڕۆسـەیەکی کـۆمەڵایەتییە. خـوێنەران کاتێـک دەربـارەی کتێـب یـا فـیلم قسـە لەگەڵ هاوڕێکانیان دەکەن بەشێوەیەکی نافەرمی دەست بۆ ڕاڤەکاری دەبەن، کاتێکیش سەرقاڵی خوێندنەوەن ڕاڤە بۆ خۆیان دەکەن. ڕاڤەکردنێکی فەرمیتر کە لەناو پۆلی وانەوتنەوەدا دێتەکایەوە چەنـد پڕۆتۆکـۆڵێکی جیـاوازی هەیە، دەتوانرێـت پرسـیار دەربـارەی هەر بەشـێکی بەرهەمەکە بکرێـت، کە چ ڕۆڵێکـی هەیە، چۆن پەیوەندی لەگەڵ بەشەکانی دیکە دروست دەکات، بەڵام ڕاڤەکـردن لە کۆتاییـدا پێویسـتە لەسـەری بچێـتە نـاو یارییەوە: (کەوابێ، ئەم بەرهەمە لە ڕاستیدا دەربارەی چییە؟) ئەم پرسیارە لە تەمـومژی دەقەوە هەڵناقوڵێت، لەڕاستیدا ئەم پرسیارە لەبارەی دەقە سادەکانەوە شوێن و پێکەیەکی زیاتری هەیە تـا ئەوەی دەربـارەی ئەو دەقـانەی، کە ئـاڵۆزییەکی

لێزانانەیان لەخۆگرتووە، وەڵام لە گەمەیەکی وەهادا پێویستە هەڵگری چەند مەرجێکی دیاریکراو بێت: بۆ نموونە ناکرێت ڕۆشن بێت، بەڵکو پێویستە ڕامانی(گریمانەیی) بێت. کاتێک، کە بڵێین(هاملێت دەربارەی شازادەیەکە لە دانیمارک) واتە نامانەوێ بچینە ناو یارییەکەوە، بەڵام(هاملێت دەربارەی داڕوخانی سیستمی جیهانی ئیلیزابێسە) یا(هاملێت دەربارەی ترسی پیاوانە لە هەستی سێکسی ژنانە) یا(هاملێت دەربارەی ئەوەیە، کە نیشانەکان مایەی بڕواپێکردن نین،وەڵامێکی شیاون.

لەڕوانگەی شرۆڤەکردنەوە ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی بە (قوتابخانەکانی) ڕەخنەی ئەدەبی یا(تیۆرانینێکی) تیۆری بۆ ئەدەب ناودەبرێن، چەند ڕەوت و ڕێچکەیەکن بۆ خستنەڕووی چەند جۆرێکی دیاریکراوی وەڵامەکان بۆ ئەو پرسیارەی، کە بەرهەمێک لە کۆتاییدا (دەربارە)ی چییە: (ململانێی چینایەتی)(مارکسیزم)، (ئیمکانیەتی ئەزموونێکی یەکگرتوو)(ڕەخنەی نوێ)، (گرێی ئۆدیپی)(دەروونشیکاری)، (جلەوکردنی هێزە وێرانکەرەکان)(مێژووگەرایی نوێ)، (نایەکسانی پێوەندییە سێکسییەکان) (فیمینیزم)، (سروشتی خۆهەڵوەشێنەرەوەی دەق) (هەڵوەشاندنەوەگەرایی)، (بەرگرتن لە ئیمپریالیزم) (تیۆری پۆست کۆڵۆنیاڵیزم)،(قاڵبی ناهاوڕەگەزخوازانە=heterosexuality ) (لێکۆڵینەوە هاوڕەگەزخوازییەکانی ژنان و پیاوان).

گوتـــاره تیۆرییەکـــان، کە لەســـەرەوە باســـکران لە ڕیـــزی پێشـــەوەی شـــێوازەکانی ڕاڤەکـــردن نـــین: ئەمـــانە هەموویـــان ڕوونـکەرەوەی ئەو شـتەن، کە بەبۆچـوونی ئەوان گرنگییەکـی تایبەتیـــان بـــۆ کلتـــور و کـــۆمەڵ هەیە. زۆرێـــک لەم تیـــۆرانە هەڵگـــری ڕوونکـــردنەوەی ئەرکـــی ئەدەبـــن یـــا گوتـــارن بەشـــێوەیەکی گشـــتی، لەبەرئەمە بەشـــداری لە پـــڕۆژەی شـیعرییەت دەکەن، بەڵام لە پـێگەی جۆرەکـانی شـرۆڤەکردندا هەڵدەستن بە چەند جۆرێکی تـایبەتی شیکردنەوە، کە تیایاندا دەقە ئەدەبییەکـان لەڕێگەی ئەو زمـانەی، کە مەبەسـتە نیشـان دەدەن و بەو زمـــانە هەڵیاندەســـەنگێنن. ئەوەی لە یـــاری لێکـــدانەوەدا گرنگـــی هەیە ئەو وەڵامە نیـــیە کە دەســـتمان دەکەوێـت- هەروەک چـۆن ئەو پارۆدییـانەی [ ڕسـتەیەک یـا دەقێکی گاڵتەئامێز] کە مـن هێنـامنەوە ئەوە نیشـان دەدەن، کە بەشـــێک لە جۆرەکـــانی وەڵام بەپێـــی پێناســـە، شـــیاوی پێشبینیکردن دەبن. ئەوەی گرنگی هەیە ئەمەیە، کە چۆن بەم وەڵامە دەگەیت، چی لەگەڵ وردەکارییەکانی دەق دەکەیت تـا پێوەندی لەگەڵ وەڵامەکەت پەیدا بکەن.

کەواتە چـــۆن یەکێـــک لەم ڕاڤەکردنـــانە هەڵـــدەبژێرین؟ بە هەمـان شـێوەی کە ڕەنـگە لەو نموونـانەی، کە باسـم کـردن دەرکەوێت، لە لایەکەوە هەرگیز پێویستییەک لەئارادا نییە، کە بەشـــێوەیەکی یەکلایـــیکەرەوە بڵێـــین: **هاملێـــت**(لە کۆتاییـــدا دەربـــارەی) بۆنمـــوونە سیاســـەتە لە چـــاخی ڕێنیســـانس،

پەیوەندییەکانی پیاوان لەگەڵ دایکیان، یا بڕواپێنەکراوی نیشانەکانە: زیندویتی دامەزراوەی لیکۆڵینەوەی ئەدەب پێوەندی بەم دوو واقیعیەتە جمکەوە هەیە:

١.هەرگیز ئەم مشتومڕانە ناگەنە دەرئەنجامێکی یەکلاییکەرەوانە.

٢.پێویستە چەند و چوون بکرێت لەبارەی ئەوەی کە دیمەنە تایبەتەکان یا پێکهاتە دیاریکراوەکانی چەند دێرێک چۆن پاڵپشتی لە گریمانەیەکی تایبەت دەکەن.

ناکرێت هەر واتایەک، کە خۆمان ویستمان بۆ بەرهەمێکی دابتاشین: بەرهەمەکە ئەم واتایە پەسەند ناکات و پێویستە گیانمان دەرکەین تا کەسانی دیکە قایل بن بەوەی، کە خوێندنەوەکەمان ڕەوا و بەجێیە. بۆ بەڕێدابردنی چەند گفتوگۆیەکی لەم چەشنە، پرسیاری سەرەکی ئەمەیە کە چ شتێک واتا دیاری دەکات. جارێکی دیکە دێینەوە سەر ئەم باسە گرنگە.

## واتا، مەبەست، کۆنتێکست

چ شتێک دیاریکەری واتایە؟ کاتیک دەڵێین واتای گوتەیەک شتێکە، کە قسەکەرمەبەستی بووە، ئەوا وەک بڵێی مەبەستی قسەکەر دیاریکەری واتا بێت. کاتێک دەڵێین واتا لە دەق دایە- دەشێ مەبەستتان لە گوتەکەتان (ا) بووبێ، بەڵام ئەوە گوتووتە کردارەکیانە بە واتای (ب)یە-وەک بڵێی واتا زادەی خودی زمانە. کاتیک دەڵێین کۆنتێکست دەستنیشانکەری

واتایە: بۆ ئەوەی بزانین فڵانە گوتە چ واتایەکی هەیە پێویستە سەرنج لە بارودۆخەکان یا کۆنتێکستێکی کۆمەڵایەتی بدرێت، کە ئەم گوتنە تێیدا دەرکەوتووە. هەندێک لە تیۆرستان وەکو پێشتر گوتمان لەو باوەڕەن، کە واتای دەقێک بریتییە لە ئەزموونی خوێنەر. **مەبەست، دەق، کۆنتێکست**- کامەیان واتا دیاری دەکەن؟

کەواتە لە واقیعدا کرۆکی ئەو چەندوچونانەی، کە لە دەرئەنجامی ئەم چوار هۆکارەوە دروست بوون خۆی لەخۆیدا ئەوە نیشان دەدات کە واتا شتێکی ئاڵۆز و سرکە. نەوەک شتێک، کە بە یەکێک لەم هۆکارانە بتوانرێت بە کەرەتێک بۆ هەمیشە دیاری بکریت. یەکێک لەو مشتومڕە دێرینانەی تیۆری ئەدەبی پەیوەست دەبێت بە ڕۆڵی مەبەست لە دیاریکردنی واتای ئەدەبیدا. لە وتارێکی بەناوبانگدا بە ناونیشانی(بەهەڵەداچوونی بەئەنقەست) گفتوگۆکراوە لەبارەی ئەوەی، کە مشتومڕکردن دەربارەی ڕاڤەی بەرهەمە ئەدەبییەکان ناتوانرێت بە پرس و ڕاوێژکردن بە (نووسەر) یەکلاییبکرێتەوە. واتای بەرهەمێک ئەو شتە نییە کە نووسەر لە ساتی نووسینی بەرهەمەکە لە میشکی دابووە، یا نووسەر دوای کۆتاییهێنانی نووسینی بەرهەمەکە بیری کردۆتەوە، کە ئەو واتایەی هەیە، بەڵکو لە ڕاستیدا ئەو شتەیە کە نووسەر سەرکەوتووبووە بیئاخنێتە ناو دەقەکەی. ئەگەر لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا زۆربەی کات واتای گوتنێک بە هەمان مەبەستی

قسەکەر دادەنێین لەبەرئەوەیە، کە لەپێشدا ئارەزوومەندین بزانین قسەکەر لەو چرکەساتەدا بیر لە چی دەکاتەوە ، نەک ئەوەی پێوەندیمان لەگەڵ ئەو وشانەوە هەبێت، کە گوێ دەکات، بەڵام بەهای بەرهەمە ئەدەبییەکان ئەو بونیاتە تایبەتەیە، کە دروستکراوی وشەکانە و بە کۆمەڵدا بڵاودەبێتەوە. سنووردارکردنی واتای بەرهەمێک بەو شتەی ،کە نووسەرەکەی ڕەنگە لە مێشکی دابێت هێشتا یەکێکە لە ستراتیژییە مومکینەکانی بواری ڕەخنە، بەڵام لەم ڕۆژگارەدا بەشێوەیەکی گشتی ئەم واتایە پەیوەست نابێت لەگەڵ مەبەستی ناخەکی نووسەر، بەڵکو پەیوەستی دەکەن بە شیکردنەوەی بارودۆخە کەسیی یا مێژووییەکانی نووسەر: ئەم نووسەرە بە وردبوونەوە و گرنگیدان بە بارودۆخی ئەو چرکەساتە چ جۆرە کارێکی لەگەڵ ئەم بەرهەمەدا کردووە؟ ئەم جۆرە ستراتیژیەتە بەشێوەیەکی توند ڕەخنە لەو وەڵامدانەوانەی دواتری بەرهەمەکە دەگرێ و بە ناگرنگ هەژماریان دەکات و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەڵێت، کە بەرهەمەکە وەڵامی گرنگییەکانی چرکەساتی ئەفراندنی خۆی دەداتەوە و دەشێت بە ڕێکەوتیش ببێتە وەڵامدەرەوەی گرنگیپێدانەکانی خوێنەرانی پاشتر.

وادیارە ڕەخنەگرانی بەرگریکاری ئەم جۆرە بۆچوونەی، کە مەبەست بە دیاریکەری واتا دادەنێت لەوە دەترسن، کە بەرەتکردنەوەی ئەم مەسەلەیە خوێنەران لە پێگەیەکی باڵاتر

له نووسەران دابنرێن و بڕیاری ئەوە دەدەن کە له ڕاڤەکردندا(دەتوانرێت هەموو شتێک بگوترێت)، بەڵام ئەگەر کەسێک گەیشتە ڕاڤەیەک، ئەوا پێویستە کەسانیتریش قایل بکات بەوەی، کە ڕاڤەکردنەکەی بەجێیە ،مەگەر ئەوەی، کە ڕاڤەکردنەکە ڕەت بکەنەوە. هیچ کەس بانگەشەی ئەوە ناکات، کە(دەتوانرێت هەموو شتێک بگوترێت)، بەڵام سەبارەت بە نووسەران ئایا چاکتر نییە ستایشیان بکەین چونکە ئەفرێندراوەکانیان ئەم توانایەیان هەبووە کە لەڕاددەبەدەر بیرگەلێکی جۆراوجۆر بوروژێنن و هەل بۆ جۆرەها خوێندنەوە بڕەخسێنن لەبری ئەوەی بەها و نرخیان تەنیا لەو شتە کورت بکەینەوە کە وا وێنامان کردووە واتای ڕەسەن و ئۆرژینالی بەرهەمەکە بووە؟ ئەوەی گوتمان بە هیچ کلۆجێک بەم واتایە نایەت کە وتە و ڕوونکردنەوەی نووسەران دەربارەی بەرهەمەکانیان گرنگییەکی ئەوتۆی نییە: لە زۆرێک لە پڕۆژەکانی ڕەخنەدا ڕوونکردنەوەکانیان بەهایەکی تایبەتی هەیە و دەقگەلێک دێنێتەکایەوە کە هاوشانی دەقی بەرهەمەکە دەوەستن. بۆ نموونە گوتەکانی خودی نووسەر دەشێت لە شیکردنەوەی بیرکردنەوەی نووسەردا گرنگییەکی بنەڕەتی هەبێت، یان لە گفتوگۆکردن دەربارەی ئەوەی کە بەرهەمێک بە چ شێوەیەک ڕوانگە یا مەبەستی ڕاگەیەندراوی نووسەری ئاڵۆز کردوە یا لە ڕەگ و ڕیشەوە گۆڕیویەتی.

واتــای بەرهەمێـک ئەو شـتە نیـیە، کە نووســەر لە پنتێکـی دیــاریکراودا لە مێشــکیدابووە و تەنیــا خەسـڵەتی دەق یــا ئەزموونی خوێنەر نییە. واتا بیرۆکەیە،کە ناتوانرێت خۆتی لێ دەربـاز بکەیـت بەو بەڵـگەیەی شـتێک نییە، کە سـادە بێت یـا بتوانرێت بە سادەیی دیاری بکرێت. هەم ئەزموونی خودێکە و هەمــیش خەســڵەتی دەقــێکە  هەم ئەو شــتەیە، کە درکــی پێـدەکەین و هەمـیش ئەو شـتەیە لە دەقـدا، کە هەوڵـدەدەین درکــی بکەیــن. هەمووکــات دەتوانرێــت گفتوگــۆ و مشــتومڕ دەربــارەی واتــا بکرێـت و لەم ڕوانـگەیەوە واتــا دیــارینەکراوە، هەمیشــە مــاوەتەوە تــا دیــاری بکرێت، بــابەتی بڕیــارگەلێکە، کە هەرگیــز  نەتوانرێــت پــووچەڵنەکرێنەوە. ئەگەر بمانەوێــت ســووربین لەســەر ئەوەی بــنەڕەت یــا ڕێســایەکی گشــتگیر بەکــاربهێنین ئەوا دەتوانرێــت بگوترێــت، کە کۆنتێکســت واتــا دیاری دەکات، چونکە کۆنتێکست لەخۆگری ڕێزمانی زمان، بــارودۆخی نووســەر و خــوێنەر و گشــت ئەو شــتانەیە، کە بتوانرێت پێوەندییەکیان بۆ وێنا بکرێت، بەڵام ئەگەر بڵێن واتا وابەستەیە بە کۆنتێکست، پێویستە ئەمەشی بۆ زیاد بکەین، کە کۆنتێکست سنوور و تخوبێکی نییە: ناتوانرێت پێشوەختە ئەوە دیاری بکرێت، کە چ شتێک بە بەشێک لە کۆنتێکست هەژمار بکرێـت و ئەو شـێوەیە چ شـێوەیە،کە ئەگەر کۆنتێکسـتی پـێ فراوانتــر بکەیــن دەشــێت ئەوەی بە واتــای دەقــی دادەنــێن

گۆڕانکاری بەسەردا بێت. واتا وابەستەیە بە کۆنتێکست، بەڵام کۆنتێکست سنووری نییە.

ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەی، کە گوتارە تیۆرییەکان لە ڕاڤەکردنی ئەدەبدا هێناویانەتەکایەوە لە ڕاستیدا دەتوانرێت بە دەرئەنجامی فراوانکردن یا دووبارە باسکردن و وەسفکردنەوەی کۆنتێکست دابنرێن بۆ نموونە (**تۆنی مۆریسۆن**) گفتوگۆ دەکات لەبارەی ئەوە، کە ئەدەبی ئەمریکا بە قووڵی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئامادەیی کۆیلایەتییەکی مێژوویی، ئامادەییەک، کە زۆربەی کات دانی پێنەنراوە و سەرقاڵبوونی ئەم ئەدەبە بە مەسەلەی ئازادی- ئازادی ناوچە سنوورییەکان[سورپێستەکان]، ئازادی ڕێگای کراوە، ئازادی خەیاڵی سندمنەکراو[١٦]، دەبێت لە کۆنتێکستی کۆیلایەتیدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت، لەبەرئەوەی دەلالەتەکانی خۆی لەم کۆنتێکستە وەردەگرێت. (**ئێدوارد سەعید**)یش گوتوویەتی پێویستە ڕۆمانەکانی جین ئۆستن سەرلەنوێ بە گرنگیدان و سەرنجدان لەو پاشخانە لێکبدرێتەوە، کە لەم ڕۆمانانەدا سڕاوەتەوە: چەوساندنەوەی وڵاتە ژێردەستەکان لەلایەن ئیمپڕاتۆڕیەتی ئینگلستان، کە بژێوییەکی شایستەی بۆ پاڵپشتیکردنی(بیمەی) ژیانێکی شایستە لەناوخۆی وڵاتدا بۆ بەریتانیا دابین دەکرد. واتا وابەستەیە بە کۆنتێکست، بەڵام

[١٦]. بێ کۆت و بەند.و.کوردی

کۆنتێکست سنووری نییە، دەشێت هەمووکات لەژێر فشاری گفتوگۆ تیۆرییەکاندا دوچاری گۆرانکاری ببێتەوە.

لە ڕوونکردنەوەکانی شرۆڤەکردندا زۆربەی کات قسە لەسەر دوو جۆر شرۆڤەکردن دەکرێت: شرۆڤەکردنی **گێڕانەوە** (hermeneutics of recovery)، کە بەدوای ئەوەوەیە کۆنتێکستی ڕەسەنی بەرهەمهێنراوێک(مەبەست و بارودۆخەکانی نووسەر و واتایەک، کە دەشێت دەقێک بۆ خوێنەرە سەرەتاییەکانی هەیبووبێت) بەرهەم بهێنێتەوە، شرۆڤەکردنی بونیاتنراو لەسەر گومان( hermeneutics of suspicion) کە بەدوای ئەوەوەیە ئەو گریمانە نەپشکنراوانە بدۆزێتەوە، کە دەشێت دەقێک پشتی پێبەستبن(گریمانە سیاسی، سێکسی، فەلسەفی، زمانییەکان). شرۆڤەکردنی یەکەم دەشێت دەق و نووسەرەکەی لەڕێزی پێشەوە دابنێت، چونکە لەسەر ئەوە بونیاتنراوە کە پەیامی ڕەسەنی سەرەتایی بخاتە بەردەم خوێنەرانی ئەمڕۆ، لەبەرامبەردا سەبارەت بە دووەم جۆری شرۆڤەکردن زۆربەی کات دەوترێت، کە نکوڵی لە دەسەڵات و توانای دەق دەکات. بەڵام ئەم پێوەندی و دانەپاڵانە چەسپاو و نەگۆڕ نین و دەشێت بە ئاسانی پێچەوانە بکرێنەوە: لەبەرئەوەی شرۆڤەکردنی گێڕانەوە دەق بە واتای ڕەسەنی گریمانەیی کە دوورە لە گرنگیپێدان و تانەلێدانی ئێمەوە سنووردار دەکات. دەشێ لە دەسەڵاتی ئەم دەقە کەم بکاتەوە، لەبەرامبەردا شرۆڤەکردنی بونیاتنراو لەسەر گومان

دەشێت بەهای دەقێک بباتە سەرەوە بەو بەڵگەیەی، کە بەبێ ئەوەی نووسەر خۆی وەستا بێت بە شێوازێک گرفتارمان دەکات و یارمەتیمان دەدات تا دەربارەی کێشە هەنوکەییەکان سەرلەنوی بیربکەینەوە(و دەشێت گریمانەکانی نووسەریش لەم نێوەندەدا هەڵبگێڕدرێنەوە )جیاکردنەوەیەکی دیکەش، کە زۆر لە جیاکردنەوەکەی پێشوو بەتینتر و پتەوترە بریتییە لە:

١. ئەو شیکردنەوەیەی کە دەق بەهۆی ڕۆڵەکەی بە شتێک دادەنێت، کە قسەیەکی بەهاداری بۆ وتن پێیە(کە دەکرێت هەم ڕاڤەکاری گێڕانەوە بێت هەمیش ڕاڤەکردنی بونیاتنراو لەسەر گومان) .

٢.شیکردنەوەی(نیشانەکان)،کە وا هەڵسوکەوت لەگەڵ دەق دەکات نیشانەیەکە بۆ شتێکی دەرەوەی دەق، شتێک وا گریمانە دەکرێت (قوڵتر)ە و سەرچاوەی گرنگیپێدانی دەقیش هەر ئەمەیە، جا چ ژیانی دەروونی نووسەر بێت چ ناسەقامگیرییە کۆمەڵایەتییەکانی قۆناغێک یا تۆقینی(phobia) کۆمەڵگای بۆرژوازی بێت لە هاوڕەگەزبازی. شیکردنەوەی نیشانەیی تایبەتمەندبوونی شت لەبەرچاو ناگرێت- بە نیشانەی شتێکی دیکەی دادەنێت- لەبەرئەمە وەکو تەکنیک و شێوازێک بۆ ڕاڤەکردن هێندە جێی ڕەزامەندی نییە، بەڵام کاتێک جەخت لەسەر پڕاکتیزەکاری کلتوری دەکاتەوە، کە بەرهەمی ئەدەبی یەکێک لە نموونەکانیەتی دەتوانێت پاڵپشتی و هاوکاری ڕوونکردنەوەی ئەو پڕاکتیزەکارییە بکات. بۆ

نموونە لێکدانەوەی شیعرێک وەکو نیشانەیەک یا نموونەی تایبەتمەندییەکانی شیعری لیریکی دەشێت ڕاڤەکارییەکی ڕازیکەر نەبێت، بەڵام شتێکی سوودبەخش دەخاتە سەر شیعرییەت کە ئێستا دێینە سەر باسی ئەو شتە.

# بەشی پێنجەم
# ڕەوانبێژی، شیعرییەت، شیعر

لە پێناسەی شیعرییەتدا گوتم، کە ڕوونکردنەوەی کاریگەرییە ئەدەبییەکان لەڕێگەی وەسفکردنی نەریتە ڕێککەوتن لەسەر کراوەکان(عورفەکان) و چەند پرۆسەیەکی خوێندنەوەیە، کە ئەم کاریگەرییانە دەکاتە مایەی شیان(مومکین). شیعرییەت پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ڕەوانبێژی[ڕیتۆریکا] هەیە، کە کارەکەی لە سەردەمی کۆنەوە لێکۆڵینەوەی سەرچاوەکانی قەناعەتپێکردن و دەربڕینی زمانی بووە: تەکنیکەکانی زمان و بیرکردنەوە کە دەشێت لە بونیاتنانی گوتارە کاریگەرەکان سوودیان لێ وەربگیرێت. ئەرستۆ ڕەوانبێژی لە شیعرییەت جیاکردۆتەوە و ڕەوانبێژی بە هونەری قەناعەتپیکردن و شیعرییەتیشی بە هونەری لاساییکردنەوە یا نیشاندانەوە داناوە، بەڵام لە نەریتەکانی (ترادیسیۆنەکانی) سەدەکانی ناوەڕاست و چاخی ڕێنیسانسدا ئەم دوانە پێکەوە تێکەڵ کراون: هونەری ڕەوانبێژی بووە هونەری زمانپاراوی و شیعریش(لەبەرئەوەی بەدوای

ئەوەوەیە تـا خەڵـک فێربکـات، ببێتە مـایەی چێژ بـۆ خەڵـک و کاریگەری بخاتە سەر خەڵک) نموونەیەکی باڵای ئەم هونەرە بـــوو. لە ســـەدەی نۆزدەیەمـــدا هـــونەری ڕەوانبێژییـــان بە دروستکراوێک دادەنا، کە لە چالاکییە ڕەسەنەکانی بیرکردنەوە یـا لە خەیـاڵی شـیعری جیـابۆتەوە و لە ئەنجامـدا گرنگـی و هەڕمێنی خۆی لەدەست دا. لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا ڕوانبێـژی وەکـو هـونەرێکی لێکـۆڵینەوەی هێـزە ڕێکخـەرەکانی گوتار زیندووکرایەوە.

شیعر پێوەندی بە ڕەوانبێژییەوە هەیە: شـیعر زمـانێکە، کە ســوودێکی زۆر لە هــونەرە ڕەوانبێژییەکــان وەردەگرێــت و زمانێکە کە ئامـانجی بەدەستهێنانی توانـا و دەسـەڵاتێکی زۆرە بـۆ قەنـاعەت پێکـردن. لەو کـاتەوەی، کە ئەفلاتـوون ڕێـی بە شـاعیران نەدا بێـنە نـاو کۆمـارە نمـوونەییەکەی خـۆیەوە، ئەو کاتەی، کە شیعر هێرشی کرایەسەر و لەکەدار کرا، تـاوانەکەی ئەم ڕەوانبێژییە فریودەرە یا چروکە بووە، کە هاوڵاتیان گومڕا دەکـــات و ئـــارەزووگەلێکی ســـەیر و ســـەمەرەیان تێـــدا دەوروژێنێت، بەڵام ئەرستۆ لە ڕێگەی جەختکردنەوەی لەسـەر لاساییکردنەوە لەبری ڕەوانبێژی شیعری بە خاوەنی بەهـایەک دانـــا. بە تێڕوانینـــی ئەو شـــیعر دەرچەیەکـــی بێتـــرس بـــۆ خـــاڵیکردنەوەی هەڵچـــوونە بەهێزەکـــان دێنێتەکـــایەوە و لەو بڕوایە دابوو، کە شیعر شێوەو شکڵ بە ئەزموونێکی بەهاداری پەڕیـنەوە لە نەزانـین بـۆ زانـین دەدات (لەم ڕووەوەیە، کە لە

چرکەساتی ناسینەوە لە شانۆی تراژیدیدا پاڵەوان لە هەڵەی خۆی تێدەگات و بینەرانیش لەوە تێدەگەن کە ئەگەر بەزەیی خوداوەند نەبووایە ئەوانیش چارەنووسێکی وەهایان دەبوو) شیعرییەت کە ڕوونکردنەوەی سەرچاوە و کەرەسە ئەدەبییەکانە ناشێت لە تخووبی ڕوونکردنەوەی هونەرە ڕەوانبێژییەکاندا کورت بکرێتەوە، بەڵام دەشێت بە بەشێک لە هونەرێکی ڕەوانبێژی فراوانکراو دابنرێت، کە لە تەواوی کەرەسە جۆراوجۆرەکانی کردارە زمانییەکان دەکۆڵێتەوە.

**خوازە ڕەوانبێژییەکان**

تیۆری ئەدەبی کەین و بەینێکی زۆری لەگەڵ هونەری ڕەوانبێژی هەیە و گرنگییەکی زۆری پێدەدات و تیۆریستان دەربارەی سروشت و ڕۆڵی خوازە رەوانبێژییەکان چەند و چوون و گفتوگۆ دەکەن. خوازە ڕەوانبێژییەکان بە شێوەیەکی گشتی بە گۆڕانکاری یا لادان لە بەکارهێنانی(باو) پێناسە دەکەن بۆ نموونە لە ڕستەی(خۆشەویستەکەم گوڵەباخە) مەبەست لە گوڵەباخ خودی گوڵ نییە، بەڵکو مەبەست لێی شتێکی جوان و بەهادارە(بەمە دەڵێن هونەری خواستن) یا لە ڕستەی(نهێنی دانیشتووە)نهێنی کەسێکە کە دەتوانێت دابنیشێت(ئەمە هونەری بەکەس کردنە). ڕەوانبێژکاران پێشتر هەوڵیان دەدا(خوازە ڕەوانبێژییەکان tropes) کە واتای وشەیەک(هەڵدەگێڕنەوە) یا دەگۆڕن(بۆ نموونە وەکو ئەو کارەی، کە خواستن دەیکات) لە خوازە هەمەجۆرە

ناڕاستەوخۆکان جیابکەنەوە، کە وشەکان بە جۆرێک ڕیزدەکەن تاوەکو بگەن بە کاریگەرییەکی تایبەت. هەندێک لەم هونەرانە بریتین لە: هاودەنگی(دوبارەکردنەوەی نەبزوێنێک) موناجات(قسەکردن لەگەڵ شتێک کە لەڕووی لۆژیکەوە گوێگر نییە وەکو لە دەستەواژەی(ئارام بە، دڵی من!)) و هاودەنگی بزوێنەکان(دووبارەکردنەوەی دەنگە بزوێنەکان).

لە تیۆری نوێدا بە دەگمەن خوازەFigure لە خوازە ڕەوانبێژییەکانtropes جیادەکرێتەوە و تەنانەت بیرۆکەی بوونی واتایەکی(باو) یا (حەقیقی)کە خوازە ڕەوانبێژییەکان یا خوازەکان لێی لادەدەن بۆتە جێی گومان بۆ نموونە ئایا خودی زاراوەی خواستن حەقیقییە یا خوازەیی؟ (جاک دریدا) لە(ئەفسانە سپییەکان)دا ئەوەی نیشانداوە، کە ڕوونکردنەوە تیۆرییەکانی خواستن وەک بڵێی خۆیان ناچارن پشت بە خواستنەکان ببەستن. هەندێک لە تیۆریستان تەنانەت ئەم دەرئەنجامە دژوازەیان(پارادۆکسەیان) پەسەند کردووە، کە زمان لە بنەڕەتدا خوازەییە و ئەوەی ئێمە بە زمانی حەقیقی ناویدەنێین لەو هونەرە ڕەوانبێژییانە دروست بووە، کە خەسڵەتی خوازەییان تێدا فەرامۆش کراوە بۆ نموونە کاتێک قسە لەبارەی(چارەسەرکردنی) (کێشەیەکی سەخت) دەکەین، ئەم دوو وتەیە بە بەڵگەی ئەوەی، کە خوازەیی بوونە ئەگەرییەکانیانمان(احتمالی) لە بیرخۆمان بردۆتەوە دەبنە حەقیقی.

لەم ڕوانــگەیەوە نامانەوێــت بڵێــین،کە حەقــیقەت هــیچ جیاوازییەکی لەگەڵ خـوازە نییە، بەڵکو مەبەست ئەمەیە کە خوازەکان و وێنە خوازەییەکان بونیاتگەلێکی بنەڕەتی زمانن و نەوەک ڕیـزپەڕی و لادان لێـی. خواسـتن هەمیشـە گرنگتـرین هــونەری خــوازەیی بــووە. خواســتن وەکــو شــتێکی دیــکە هەڵسوکەوت لەگەڵ شـتێکدا دەکـات(جۆرج بە کەر ناودەبـا یـا خۆشەویســتەکەم بە گوڵەبــاخ)، کەواتە خواســتن شــێوە و شکڵێکە لە یەکێک لە شێوازە بنەڕەتییەکانی زانیندا: بە بینینی شتێک ئەو شتە لە پێگەی شتێکی دیکەدا دەناسین. تیۆریستان قسـە لەبارەی(ئەو خواستنانەی کە پێیان دەژین)دەکەن، قسـە لەبــارەی سیســتمێکی خــوازەیی بنەڕەتــی هاوشــێوەی(ژیان گەشتێکە) دەکەن.

سیســتەمگەلێکی لەم چەشــنە شــێوازی بیرکردنەوەمــان دەربارەی جیهان بونیات دەنێن: دەمانەوێت لە ژیاندا(بگەین بە شـوێنێک)، (ڕێگەمـان بدۆزینەوە)، (بـزانین بـۆ کـوێ دەڕۆیـن)، (ڕووبەڕووی ڕێگرییەکان ببینەوە) و هاوشێوەی ئەمانە.

خواسـتنیان بە شـتێکی بنەڕەتـی بـۆ زمـان و خەیـاڵ دانـاوە، چــونکە لەڕووی ناســینەوە پێگەیەکــی شایســتەی هەیە و لەخودی خۆیدا شـتێکی چرووک یا ڕازاندنەوەیی نییە، لەگەڵ ئەوەدا دەسەڵاتە ئەدەبییەکەی دەشێت پێوەندی بە ناسازگاری و دژوازیــیە واتــاییەکەیەوە هەبێــت. ئەم وتەیەی وۆردس وۆرس، کە دەڵێت(منداڵ بـاوکی پیـاوە) تووشـی هەڵوەسـتەتان

دەكات، واتان لێدەكات بیربكەنەوە و لەدوای ئەمەشـەوەیە، كە پەیوەنـــدی وەچەكـــان لە كڵاوڕۆژنەیەكـــی نوێـــوە دەبینیـــت: پێوەنـدی منـداڵ لەگەڵ پیاوێـك، كە دواتـر دەبێـتە ئەو پیـاوە لەگەڵ پەیوەنـــدی باوكێـــك و كـــوڕەكەی بەراورد كـــراوە. لەبەرئەوەی خواسـتن دەتوانێـت پێشـنیارێكی ئـاڵۆز، تەنـانەت تیۆرێـــك باربكـــاتە ســـەر خـــۆی ئەمەش لەڕێـــگەی وێـــنە خـوازەییەكەیە، كە ئاسـانتر لەوانیتـر دەتوانێـت بەرجەسـتەی بكات.

تیۆریسـتان جەختیـان لەسـەر گرنگـی خوازەكـانی دیـكەش كردۆتەوە. بە بڕوای ڕۆمـان یاكۆبسـن خواسـتن و درکە دوو بونیاتی بنەڕەتی زمانن: ئەگەر خواستن بە كۆمەكی وێكچوون شـتیک بە شـتێكی دیکە دەبەسـتێتەوە، ئەوا درکە بە هـاوكاری دراوسێیەتی ئەم كارە دەكات. درکە لەشـتێكەوە بەرەو شـتێكی دیكە، كە هاوسێی شـتی یەكەمە دەڕوات وەكو ئەو كـاتەی، كە لە بـــری (ســـەرۆك كۆمـــاری ویـــلایەتە یەكگرتووەكـــان) دەڵێین(كۆشكی سپی). درکە بە هێنانەكایەوە پێوەندی لەنێوان شـتەكان و ڕاكێشـانیان بـۆ نـاو زنجیرە شـوێنی و كاتییەكـان ڕێكوپێكی بەرقەرار دەكات، واتە لە زەمینەیەكی دیاریكراودا لە شتێكەوە بۆ شتێكی دیكە دەڕوات، نەک ئەوەی، كە زەمینەیەك بە زەمینەیەكی دیكە ببەستێتەوە، واتە ئەو كارەی، كە خواستن دەتوانێت بیكات. تیۆریستانی دیكەش پۆشین و خـوازەی ڕەهـا (المجـاز المرسـل) زیـاد كـردووە تـا لیسـتی (چـوار خـوازە

سەرەكییەكە) تەواو بێت. خوازەی ڕەها واتە دانیشاندنی بەش(جزء) لە بری گشت(كل): (دە جووت چاو) لەبری (دە بینەر). لەم هونەرەدا تایبەتمەندییەكانی گشت لە تایبەتمەندییەكانی بەش هەڵدەهێنجرێن و ئەم ئەگەرە فەراهەم دەبێت كە بەش نوێنەری گشت بێت. لە پۆشین(التوریە)دا ڕواڵەتی دەرەكی بەرامبەر واقیع دەوەستێت ، ئەوەی ڕوودەدات خاڵی پێچەوانەی ئەو شتەیە، كە چاوەڕوان دەكرێت(ئەگەر لە ڕۆژێكدا كە كەشناسی بە ڕۆژێكی ساف و ساماڵ پێشبینی كردبێت باران ببارێت چی؟) (هایدن وایت)ی مێژوونووس سوودی لەو چوار خوازە بنەڕەتییە- خواستن، دركە، خوازەی ڕەها، پۆشین) بۆ شیكردنەوەی ڕوونكردنەوەی مێژوویی یا بە وتەی خۆی(بە گرێچن كردن emoplotment ) وەرگرتووە، ئەم چوارە بونیاتی ڕەوانبێژین، كە بە كۆمەكی ئەوانە لە ئەزموونی خۆمان تێدەگەین. بیرۆكەی بنەڕەتی لە هونەری ڕەوانبێژیدا وەكو بابەتێكی زانستی ، كە لەم نموونە چوارینییەدا بە چاكی بەرجەستە دەبێت ئەمەیە، كە بونیاتگەلێكی سەرەكی لە زماندا هەن، كە ژێرخانی واتا بەرهەمهێنراوەكانن لە تەواوی بەش و جۆرەكانی گوتارەكاندا و دەیانكەنە شتێكی مومكین.

## ژانره ئەدەبییەکان

ئەدەب وابەستەی خوازە ڕەوانبێژییەکانە، بەڵام پشتی بە بونیاتگەلێکی فراوانتریش بەستووە، بەتایبەت بە ژانرە ئەدەبییەکان. ژانرە ئەدەبییەکان چین و چ ڕۆڵێک دەگێڕن؟ ئایا زاراوەگەلێکی وەک داستان و ڕۆمان تەنیا بۆ ئاسانی کار بە مەبەستی پۆلێنبەندی بەرهەمەکان لەسەر بنەمای ویکچوونە ڕێژەییەکانیان بەکار دێت یا ئەوەی، کە چەند ڕۆڵێکیان بۆ خوێنەران و نووسەران هەیە؟

ژانرە ئەدەبییەکان، ئەوەی پێوەندی بە خوێنەرانەوە هەیە بریتین لە دەستەیەک لە نەریتەکان و پێشبینییەکان: کاتێک بزانین، کە خەریکین چیرۆکی پۆلیسی دەخوێنینەوە یا چیرۆکی پاڵەوانیەتی، شیعری لیریکی دەخوێنینەوە یا تراژیدیا ئەوا هەمیشە چاوەڕوانین شتگەلێکی جیاواز ببینین و دەست بۆ گریمانەکردن دەبەین دەربارەی ئەو شتەی، کە گرنگی هەیە. کاتێک چیرۆکی پۆلیسی دەخوێنینەوە بەدوای سەرەداودا دەگەڕێین، واتە ئەو کارەی، کە لە کاتی خوێندنەوەی تراژیدیایەک نایکەین. ئەوەی لە شیعرێکی لیریکیدا-(نهێنی لەناوەڕاستی بازنەکەدا دانیشتووە)- بە خوازەیەکی بەرچاو و دیار دادەنرێت، ڕەنگە لە چیرۆکی تارمابییەکان یا لە بەرهەمێکی خەیالی زانستیدا،کە نهێنییەکان تیایاندا دەشێ لە جەستەیەک بەرجەستە بووبن دەبێتە شتێکی لاوەکی و بێبەها.

زۆرێک لە تیۆریستانی ژانرە ئەدەبییەکان بەدرێژایی سەردەمەکان شوێنپەنجەی یۆنانییەکانیان هەڵگرتووە: یۆنانییەکان بەرهەمەکانیان لەسەر بنەمای قسەکەر بۆ سێ چینی فراوان پۆلێن کردووە: **شیعری یا لیریکی** کە گێڕەرەوە بە شێوازی کەسی یەکەم قسە دەکات، **داستان یا گێڕانەوە،** کە کە گێڕەرەوە بە دەنگی خۆی قسە دەکات، بەڵام بوار دەدات کە کەسایەتییەکانیش بە دەنگەکانیان قسە لەگەڵ ئەودا بکەن، **شانۆنامە** کە تەنیا کەسایەتییەکان قسەی تێدا دەکەن. شێوازێکی دیکە بۆ ئەم پۆلێن بەندییە جەختکردنەوەیە لە پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر. داستان خوێندنەوەیەکی زارەکییە: شاعیر ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ گوێگرەکانی خۆی دەکات. لە شانۆنامەدا نووسەر لە چاوی خوێنەراندا شاراوەیە و کەسایەتییەکان لەسەر شانۆ قسە دەکەن. لە شیعری لیریکیدا – لەوانیتر ئالۆزترە- شاعیر، گۆرانیبێژ یا سرودخوێن پشط٨ت لە گوێگرەکانی دەکات و (وا خۆی نیشان دەدات، کە لەگەڵ خۆی یا لەگەڵ کەسێکی دیکە قسە دەکات): لەگەڵ ڕۆحی سروشت، خوداوەندی سروش، هاوڕێیەکی گیانی بەگیانی، مەعشووق، خودا، شتێکی نابەرجەستەی[ئەبستڕاکت] جەستەپێدراو، یا شتێکی سروشتی)دەشێت ژانری هاوچەرخی ڕۆمان کە لەڕێی کتێبێکەوە ڕوو لە خوێنەر دەکات بخرێتە سەر ئەم سێ ژانرە سەرەتاییە- لە بەشی شەشەمدا باسی ئەم بابەتە دەکەین.

داستان و شانۆی تراژیدی لە چاخی کۆن و لە قۆناغی ڕێنیسانسدا بە لوتکەی بەرهەمی ئەدەبی و بەرزترین سنوری فڕینی هەر شاعیرێکی بەرەزەفڕ هەژمار دەکران. داهێنانی ڕۆمان کێبڕکێکارێکی نوێی خستە ناو گۆڕەپانی ئەدەبەوە، بەڵام لەماوەی نێوان کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم و ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمدا شیعری لیریکی – کورتە شیعری ناگێڕانەوەیی- بە کرۆکی ئەدەب دانرا. شیعری لیریکی، کە سەردەمێک بەشێوەیەکی گشتی بە شێوازێکی باڵا بۆ گوزارشتکردن و دەرخستنی جوانی بەهاکان و تێڕوانینە کلتورییەکاندا دەنرا لەم قۆناغەدا بە گوازرشتتکەری هەست و سۆزە بەهێزەکان دانرا، کە هەم پەیوەندی لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەدا هەیە و هەمیش لەگەڵ بەها باڵاکان و سەرپۆشی بابەتی دەخاتە سەر ناخەکیترین هەست و سۆزە خودییەکان. ئەم بیرۆکەیە هێشتاش کاریگەری خۆی هەیە، بەڵام تیۆریستە هاوچەرخەکان زیاتر لەوەی کە شیعری لیریکی بە دەربڕینی هەستەکانی شاعیر دابنێن وەکو کارێکی بیرخەرەوەیی و خەیاڵی ناو زمان هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەن.

## شیعر وەکو وشە و کار(act)

تیــۆری ئەدەبــی، کە شــیعر تەوەری گرنگپێــدانیەتی، گفتوگۆکردن و مشتومڕ لەبارەی گرنگی ڕێژەییانەی شێوازە جیاوازەکانی ڕوانین لە شیعر بە شیاو دەزانێت : شیعر هەم بونیــاتێکی دروســتکراوە لە وشــەکان(دەقێک) و هەمــیش ڕووداوێکە( ئەو کارەی شاعیر پێی هەڵدەستێت، ئەزموونی خوێنەر، ڕووداوێک لە مێژووی ئەدەبدا). دەربارەی شیعرێک کە بە بونیــاتێکی گــوتنیی هەژمــار دەکرێــت پرســیارە ســــەرەکییەکە ئەمەیە کە واتــــا چ پێوەنــــدییەکی لەگەڵ تایبەتمەندییە ناواتاییەکانی زمان (وەک دەنگ و کێش)داهەیە. تایبەتمەنــدییە ناواتاییەکــانی زمــان چــۆن کــار دەکەن؟ چ کــاریگەرییەکی خواســتراو یــا نەخواســتراو هەیە؟ دەشــێت پێشــبینی چ جــۆرە کــار و کــاردانەوەیەک بکرێــت لەنێــوان تایبەتمەندییە واتاییەکان و ناواتاییەکاندا؟

ســەبارەت بە شــیعر وەکــو کارێک(ئاکتێــک) پرســیاری سەرەکی ئەمەیە کە کاری نووسەر کە شیعرەکەی نووسیوە و کــاری خــوێنەر یا(دەنگ)ێــک کە لەشــیعردا قســە دەکــات چ پەیوەندییەکیان لەگەڵ یەکدا هەیە. کێشەیەکی ئاڵۆزە. نووسـەر شــیعر گۆناکــات، نووســەر بــۆ نووســین یەکێکــی دیــکە، یــا قســەکەرێکی دیــکە وێنــا دەکــات، کە شــیعرەکە گــۆ دەکــات. خوێنــدنەوەی شــیعرێک بــۆ نمــوونە (نهێنــی دانیشــتووە) واتە گوتنی وشەکان(لە دەوری بازنەیەکدا سەما دەکەین و گومان

دەبەیــن) وادەردەکەوێــت، کە شــیعر گــوتنێکە، بەڵام گــوتنی دەنگێکە، کە لەشوێنێکی نەزانراوەوە هەڵقوڵاوە. خوێندنەوەی وشەکانی شیعرەکە، واتە خۆدانان لەپێگەی گوتنی ئەو وشانە یــا وا وێنــا بــکەی کە دەنگێکــی دیــکە ئەو وشــانە دەڵێــت- بەشــێوەیەک کە زۆربەی کــات دەڵێــین دەنگــی گێــڕەرەوە یــا قســـەکەرێکە، کە نووســـەر دروســـتی کـــردووە. کەواتە لە لایەکەوە ئەو کەســـە مێژووییە(ڕۆبێـــرت فرۆســـت) هەیە و لەلایەکی دیکەوە دەنگی قسەکەری ئەم وتنە تایبەتە. کەسێکی دیکە پێناوی[١٧] نێوان ئەو دوانەیە: وێنەی دەنگی شیعری، کە لە ڕێــگەی لێکــۆڵینەوە لە زنجیــرەیەک لە شــیعرەکانی تــاکە شــاعیرێک دەردەکەوێت(ســەبارەت بە شــیعرەکەی فرۆســت ڕەنگە وێنەی دەنگی چاودێریکەرێکی ژیانی لادێیی بێت، بەڵام تونــدخو و واقیعبــین و ڕامــانییە). گرنگــی ئەم کەســایەتییە جیاوازانە لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی دیکە و لەم جۆرە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییە بۆ جۆرێکی دیکە جیاواز دەبێت، بەڵام کاتیک ڕووبەڕووی شیعری لیریکی دەبینەوە، بێگومان دەبێت هەر لە دەســپێکەوە لەنێــوان دەنگێــک، کە شــیعرەکە دەڵێــت و شــاعیرێک، کە ئەم شــیعرەی هۆنیــوەتەوە و لە ئەنجامــدا ئەم کەسە قسەکەرەی خولقاندووە جیاوازی بکەین.

---

[١٧]. الواسطة. لە فۆلکۆری کوردیدا ئەوەی لەنێوان عاشق و نازدار حەیراندا هاتوچۆ و نامەبەری دەکات پلکە پێناوی پێدەوترێت، ئێمە پێناومان بۆ داناوە وەکو نێوەندگیرێکی نێوان دوو شت. و. کوردی

شیعری لیریکی بەپێی وتە بەناوبانگەکەی جۆن ستیوارد میڵ گوتراوێکە کە بەر گوێ دەکەوێت. کاتێک گوتنێک بەر گوێمان دەکەوێت کە سەرنجمان ڕابکیشێت، ئەو کارەی کە بەشێوەیەکی گشتی دەیکەین ئەمەیە، کە قسەکەرێک و کۆنتێکستێک وێنا بکەین یا بونیاتی بنێینەوە: بە دەستنیشانکردنی ئاوازی دەنگەکە، بارودۆخەکان، گرنگیپێدانەکان، هەڵوێستەکان و تێڕوانینەکانی قسەکەرێکمان بۆ دەردەکەوێت، (کە هەندێجار کۆکە لەگەڵ ئەوەی لەبارەی نووسەرەوە دەیزانین، بەڵام زۆربەی کات کۆک نییە). ئەم جۆرە تێڕوانینە لەسەدەی بیستەمدا تێڕوانینی زاڵی شیعری لیریکی بووە و یەکێک لە پاساوە پوختەکانی ڕەنگە ئەمە بێت، کە بەرهەمە ئەدەبییەکان لاساییکردنەوەیەکی چیرۆکی گوتنەکانی( جیهانی حەقیقی)ن. وەک بڵێی هەر شیعرێک بەم وشە نەبینراوانە دەست پێدەکات(بۆ نموونە من یا کەسێکی دیکە دەشێ بڵێین خۆشەویستەکەم  هاوشێوەی گوڵەباخێک سوور سوورە). یا( بۆ نموونە من یا کەسێکی دیکە دەشێت بڵێین بە دەوری بازنەیەک دەخولێینەوە و گومان دەبەین.) کەواتە لێکدانەوەی شیعر واتە دۆزینەوەی سروشت و هەڵوێستەکانی قسەکەر لەڕێگەی ئاماژەکانی ناو دەق و مەعریفەی گشتیمان دەربارەی قسەکەران و بارودۆخە باوەکان. دەشێت چ شتێک ببێتە هۆی ئەوەی کەسێک ئەم جۆرە قسەیە بکات؟ شێوازی زاڵی هەڵسەنگاندنی شیعر لە

قوتابخـانه و زانكۆكانـدا پشـتی بە ئاڵۆزییەكـانی هەڵوێسـت و ڕوانینـی قسـەكەر دەبەسـت، هەروەهـا جەختـی لەسـەر شـیعر دەكرد بەو وەسفەی كە شیعر نواندنێكی بیرۆكە و هەست و سۆزەكانی قسەكەرێكە، كە ئێمە سەرلەنوێ بونیاتی دەنێینەوە.

ئەم جۆرە ڕوانینە بۆ شیعری لیریكی شتێكی بەرهەمدارە، چونكە لە زۆرێک لە شیعرەكاندا قسەكەرێک دیارە، كە دەست بۆ ئەو كـردە گوتنییـانە دەبـات، كە شـیاوی ناسـینەوەن. : بـۆ نمـوونە لەبـارەی واتـای ئەزموونێـک ڕادەمێنێـت، گلەیـی لە هاوڕێیەک یـا مەعشـوقێک دەكات، دڵسـۆزی یـا سەرسـوڕمانی خـۆی دەردەبڕێـت، بەڵام ئەگەر ئەگەر بگەڕێینـەوە بـۆ دێـڕە سەرەتاییەكانی هەندێک لە بەناوبانگترین شیعرە لیریكییەكان بۆ نموونە (ode to the west wind)( لە ستاییشـی بـای خۆرئاوا)ی (شیللی) یا(tiger, tiger)( پڵنگ، پڵنگ)ی (بلیک) ئەو كاتە دژوار دەبێت: ( o wild west wind, thou breath of autumns)(ئەی بای كێوی ڕۆژئـاوا، ، ئەی هەناسـەی پاییز!) یا( ger, Tiger burning bright , in the forests of the night)(پڵنـــگ، پڵنـــگ، كە درەوشـــانەوە دادەگیرســـێنی لە جەنگەڵەكانی شەودا).سەختە بنوانرێت ئەوە وێنا بكرێت، كە چ جـۆرە هەڵوێسـتگەلێک دەشـێت كەسـێک ناچـار بكـات كە بەم شـێوەیە قسـە بكـات یـا لەوە تێبگـات كە ئەوان سـەرقاڵی كـام ئیشی ناشیعریین(non act –poetry) ئەو وەڵامەی،كە لەوانەیە بیدۆزینەوە ئەمەیە، كە ئەم قسـەكەرانە ئاگایان لەخۆ بڕاوە و

شیعرییانە قسـە دەکەن و بـارودۆخەگەلێکی زێدەڕۆییکارانە لە خۆیانـدا هەڵدەگیرسـێنن. ئەگەر هەوڵمـان بۆ ئەمە بێت کە ئەم شـیعرانە بە لاسـاییکردنەوەیەکی چیرۆکیانەی کـردارە گوتنییە باوەکان دابنێین ، ئەوا کاری ئەنجامدراو لەم شـیعرانەدا وەک بڵێی لاساییکردنەوەی خودی شیعرە.

## زێدەڕۆیی لە شیعری لیریکیدا

ئەم نموونانە باس لە زێدەڕۆیی دەکەن لە شـیعری لیریکیدا. شـیعرە لیریکییەکـان وەک بڵـێ نەک تەنیا ئامـادەیی ئەوەیـان تێدایە، کە تـاڕاددەیەک جگە لە گوێگری لـۆژیکی هەر شـتێکی وەک(بـا، پڵنـگ، ڕۆحـی مـن) بـدوێنن. لەم کـارەدا ئـاوازێکی زێدەڕۆییئامێزیش بەکار دەبەن.

زێدەڕۆیی یارییەکە کە لەم شیعرانەدا ئەنجام دەدرێت: پڵنگ نەک تەنیـا نارنجێـک نییە بەڵکو(گەشاوە)شـە، (بـا) (هەناسـەی بوونی پاییزە) و دواتر لە شیعردا دەبینین، کە هەم ڕزگارکەرە و هەمیش وێرانکەر، تەنانەت شیعرە گاڵتەوگەپ ئامێزەکانیش لەسەر کەمکردنەوە زێدەڕۆییکارانەکان دامەزراون بۆ نموونە فرۆسـت، کە چـالاکی مرۆڤـایەتی لە سـەماکردن لەدەوری بـازنەیەک کـورت دەکـاتەوە و وەکـو (گومـان بـردن) هەڵسـوکەوت لەگەڵ تەواوی جۆرەکـانی مەعـریفەی مرۆیـی دەکات.

لێـرەدا ڕووبەڕووی کێشـەیەکی تیـۆریی گرنـگ دەبینـەوە، دژوازیـیەک،کە وەک بڵێـی لە قـووڵایی شـیعری لیریکیـدا

شاردراوەتەوە. زێدەڕۆیی شیعر تامەزرۆیی شیعر بۆ گەیشتن بە شتێک دەگرێتەوە کە تیۆریستان لە چاخە کلاسیکییەکاندا بە (بالاَبوون= التسامی=sublime) ناویان ناوە: پەیوەندی لەگەڵ ئەوەی،کە لەسەرووی ئەندازەی تێگەیشتنی مرۆڤەوەیە، ترسێکی ئاوێتە بە واق وڕمان یا هەڵچوونێکی نامۆ لە دڵەکان هەڵدەوروژێنێت، دەبێتە هۆی ئەوەی، کە قسەکەر وا هەست بکات پێوەندی لەگەل شتێکی سەرووی بازنەی شتە مرۆییەکان بەستووە، بەڵام ئەم تامەزرۆییە بۆ بەدەستهێنانی بالاَبوون بە هونەرە ڕەوانبێژییەکانی وەک **دەردەدڵکردن[المناجاة]**، کە وێنەیەکی خوازەییە و تێیدا ڕووی قسە لە شتێکە کە بیسەری لۆژیکی نییە، **بەکەس کردن** ، واتە پێدانی تایبەتمەندییە مرۆییەکان بە شتی نامرۆیی و **بە تەن کردن** واتە پێدانی هێزی قسەکردن بە کەلوپەلە بێگیانەکان، پەیوەست دەبێت. ئەم لوتکەخوازییەی شیعر چۆن دەشێت بەم تەکنیکە ڕەوانبێژیانەوە پەیوەست بکرێت؟

هەندێجار دەڵێن ئەو کاتەی، کە شیعری لیریکی لە خولگەی پەیوەست بوون لادەدات یا یاری پێدەکات تا شتێک بکات بە گوێگر، کە لە واقیعدا گوێگری نییە- با، پڵنگ، یان دڵ- لەڕاستیدا ئەمە نیشاندەری هەستێکی بەهێزە، کە بەشێوەیەکی کتوپڕ[بە خورتەکیانە]قسەکەر بۆ قسەکردن پەلکێش دەکات. بەڵام ئەم چڕی هەست و سۆزە بەر لە هەموو شتێک دەربارەی خودی کاری گوتن یا

لەبەرخۆپـاڕانەوە ڕەواییەتـی پەیـدا دەکـات،کە تێیـدا داوای دامەزرانـدنی بارودۆخیـک دەکرێـت و بـۆ هێناکـایەوەی ئەم بارودۆخە زۆربەی کات داوا لە کەلوپەلە بێگیانەکان دەکرێت مل بەرامبەر قسـەکەر کەچ بکەن و گوێڕایەڵی بن. قسـەکەری (شیللی) داوا لە بای ڕۆژئاوا دەکات تا(من وەکو شـەپۆل، گەڵا، هەور بەرزبکـاتەوە) ئەم داوایە زێـدەڕۆییئامێزەی، کە جیهـان دەنگی مرۆڤ ببیستێت و لەسەر بنەمای ئەو دەنگە ئیش بکات بزاوتێکە، کە قسـەکەران بۆ شـاعیرانیکی بـاڵابوو یا دووربین دەگۆڕێت: کەسێک، کە دەتوانێت قسـە بـۆ سروشـت بکـات و سروشـــــت دەشـــــێت وەڵامـــــی بـــــداتەوە. ئەم(ئەی)یەی لەبەرخۆپاڕانەوە خـوازەی بـانگی نـاخەکی شـیعرییە، بـزاوتێکە، کە لەڕێـگەیەوە دەنگـی قسـەکەر بانگەشـەی ئەوە دەکـات، کە تەنیا قسەکەری شیعر نییە، بەڵکو بەرجەستەکردنێکی نەریتی شیعری و ڕۆحی شیعریشە. بانگکردنی (بایەکان) بۆ هەڵکردن یـا داواکـردن لە منـداڵێکی لەدایـک نەبـوو بـۆ گوێبیسـتبوونی هـاوار و گریانەکانتـان کـارێکی  سرووتی(طقسـی) شـیعرییە. سـرووتێکە ، چونکە بایەکـان نـایەن و منداڵانی لەدایک نەبوو نابیستن. ئەم دەنگە هاوار دەکات تا هاوار بکات. هاوار دەکات تا دەنگ دراماتیزە بکات: تا وێنەکـانی هێـز و دەسـەڵاتی خۆی بانـگ بکـات بـۆئەوەی ناسـنامەکەی کە دەنگێکـی شـاعیرانە و پەیـــامبەرانەیە بونیـــات بنێـــت. کـــارە نەشـــیاو و زێـدەڕۆییئامێزەکانی **دەردەدڵکردن[مناجـات]** ڕووداوگەلێکـی

شیعری بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ڕووداوگەلێک کە ئەگەر لە بشهێنەدی لەسەرشێوەی هاتنەدی شیعری دەبن.

شیعرە گێڕانەوەییەکان ڕووداوێک دەگوازنەوە، دەشێت بگوترێت کە شیعرە لیریکییەکان هەوڵدەدەن خودی ڕووداوەکە بن، بەڵام گرەنتییک لەئارادا نییە کە شیعرەکە سەرکەوتوو بێت و **دەردەدڵکردن[مناجات]**- وەک ئەوەی لە ئاماژە کورتەکانی مندا دەردەکەوێت- شتێکە لەوپەڕی ناشرینی و ڕاشکاویی پلەی شیعرییەتدا ، تەواو سەرلێشێوێنەر و لاوازە بەشێوەیەک دەکرێت ناوی پەراوێزکراوی زێدڕۆییئامێزی لێ بنرێت و بسڕدرێتەوە. (من وەکو شەپۆلێک، گەلایەک، هەورێک بەرزبکەوە!) ئیتر چی دیکە! شاعیر بوون واتە تێکۆشان بۆ سەرکەوتوویی لە کارێکی وەهادا، خەبات لەپێناوی ئەوەی کە ئەو شتە بە چنگە پەراوێزخستێک دانەنرێت و ڕەت نەکرێتەوە.

هەروەکو وتمان، کێشەی سەرەکی تیۆری شیعر بریتییە لە پێوەندی نێوان شیعر وەکو بونیاتێکی دروستکراو لە وشەکان و شیعر وەکو ڕووداوێک. **دەردەدڵکردنیش** بەدوای ئەوەوەیە کارێک بکات، کە ڕووداوێک ڕووبدات و هەمیش دەریبخات، کە ئەو ڕووداوە پشتی بە ئامرازە گوتنییەکان بەستووە- بۆ نموونە لەسەر هەمان(ئەی) یە دەردەدڵییە، کە لە دێڕی(ئەی بای کێوی ڕۆژئاوا!)دا هیچ واتایەکی نییە.

جەختکردن لەسەر دەردەدڵکردن، بەکەس کردن، بەمرۆڤ کردن(prosopopoeia) و زێدەڕۆیی هەمیشە لەتەک تیۆریستانێک دامان دەنێت، کە بەدرێژایی سەردەمەکان جەختیان لەسەر جیاکردنەوەی شیعری لیریکی لە کردە گوتارییەکان و ئەو شتەی،کە ئەم جۆرە ژانرە دەکاتە ئەدەبیترین ژانر کردۆتەوە. نۆرترۆپ فرای دەنوسێت(شیعری لیریکی ژانرێکە، کە ڕۆشنتر لە هەموو ژانرەکانی دیکە جەوهەری گریمانەیی ئەدەب دەردەخات، لایەنی حەقیقی گێڕانەوە و واتامان پێ نیشان دەدات، کە بریتییە لە ڕێکخستنی وشەکان و ڕیزبونی وشەکان) مەبەست ئەمەیە، کە شیعری لیریکی واتا یا چیرۆکمان پێنیشان دەدات، کە لە شێوازی گوتندا دروست دەبن. وشەکان کە لە بونیاتێکی کێشداردا دەزرینگێنەوە دوبارە بکەوە و ببینە، کە چیرۆک یا واتایەک دەردەکەوێت یان نا.

## وشە کێشدارەکان(rhythmic words)

فــرای، کە کتێــبەکەی(**تویێکــاری ڕەخــنە**) بە پــوختەیەکی بەهــاداری بیرکــردنەوە دەربــارەی شــیعری لیریکــی و تەواوی ژانرەکان دادەنرێت. بەشە سەرەکییەکانی بونیاتنەری شیعری لیریکی بە (دەنــگە بێواتــا و خەتخەتۆکەییەکــان babble and doodle) ناونــاوە کە ڕەگ و ڕیشــەیان جــادوو و مەتەڵە. شـــیعرەکان دەنگگەلێکـــی بێواتــــا ئەدا دەکەن کە لایەنە ناواتاییەکــانی زمــان بەرجەســتە دەکەن- چەنــدین لایەنــی وەک دەنگ، کێش، دووبــارەکردنەوەی پیتەکــان- تــاوەکو جادوو یا تەلیسم(نوشتە= ویرد) دروست بکەن:

This darksome burn, horseback brown
His rollrock highroad roaring down

شــیعرەکان بەو گــوێپێنەدانە کەللەڕەقانەیــان، بەو پێکهــاتە سەرلێشــێوێنەرەیان، دەنگگەلێکــی بێواتــان یــان ســەرمان لێدەشێوێنن: rollrock highroad چییە؟ یان ئەو (نهێنییەی، کە لەناوەڕاستدا دانیشتووە و دەزانێت؟ )

دەتوانرێت ئەم تایبەتمەندییانە بەشێوەیەکی بەرجەستەتر و دیارتر پتر لە هەر شوێنێک لە شیعر و گۆرانییەکانی منداڵان و شیعرە فۆلکلۆرییەکاندا بدۆزرێنەوە، کە چێژەکانیان لە کێش، نوشتەنوێنی، نامۆیی وێنەکانەوە هەڵدەقوڵێت.

Pease porridge hot,
Pease porridge cold,

Pease porridge in the pot,
Nine days old.

شێوازی کێش و سەروا ئەم پارچە زمانییە ڕێکدەخەن و دەشێت سەرنجدانێکی تایبەتیش لەبواری لێکدانەوەدا بوروژێنێن(بۆ نموونە ئەو کاتەی کە سەروا پرسیاری پەیوەندی نێوان وشە هاوسەرواکان دێنێتەپێشەوە) و هەمیش پرسین هەڵپەسێرن. بەم واتایەی، کە دەڵێین شیعر ڕێکخستنێکی[پێکهاتەیەکی] خۆی هەیە کە دەبێتە مایەی چێژ بەخشین، کەواتە هیچ پێویست بەوە ناکات لە واتای شیعرەکە بپرسین: ڕێکخستنی کێشدارانە(rhythmical organization) مۆڵەت دەدات، کە زمان لە بازگەی عەقڵ بپەڕێتەوە و شوێنی خۆی لە یادگەی میکانیکی بکاتەوە.گوزارشتی Pease porridge hot بیر خۆمان دەهێنینەوە بێ ئەوەی خۆمان تووشی ڕەنج و ناخۆشی پرسینی واتای گریمانەیی Pease porridge بکەین و ئەگەریش لە کۆتاییدا لەوە تێبگەین کە چ واتایەکی هەیە ڕەنگە بەر لەوەی خودی گوزارشتەکە لەبیر بکەین واتاکەی لە مێشکمان بڕوات.

بەرجەستەکاری زمان و نامۆیی بەخشین بە زمان لەڕێگەی ڕێکخستنی عەرووزی و دووبارەکردنەوەی دەنگەکان بنەڕەت و بنەمای شیعر دەخولقێنێت. کەواتە لە تیۆرییەکانی شیعردا بوونی پەیوەندیگەلێک لەنێوان جۆرە جیاوازەکانی ڕێکخستنی زمان جێگیر کراوە – ڕێکخستنی عەرووزی، دەنگی، واتایی،

ناوەرۆکی- یان ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی بمانەوێت بڵێین ئەوا دەڵێین پەیوەندییەکانی نێوان ڕەهەندە واتایی و ناواتاییەکانی زمان، پەیوەندییەکانی نێوان ئەوەی شیعر دەیڵێیت لەگەڵ چۆنیەتی وتنەکەی. شیعر بونیاتێکە، کە لە دالەکان دروست بووە و مەدلولەکان ڕادەکێشێت و سەرلەنوێ دروستیان دەکاتەوە، بەم بەڵگەیەی کە شێوە وێنەییەکانی کاریگەری دەخەنە سەر بونیاتە واتاییەکانی، واتاگەلێک کە وشەکان لە چەند کۆنتێکستێکی دیکە هەیانە بۆ خۆی ڕادەکێشێت و ڕێکخستنێکی تازەیان پێدەدات، ستریس و جەختکردنەوەکانیان(stress and focus) دەگۆڕێت، واتای حەقیقی دەگۆڕێت بۆ واتای خوازەیی و بەپێی شێوازمەندییە هاوتەریبەکان وشەکان هاوڕیزی یەک دەکات. ئەم تۆمەتەیان داوەتە پاڵ شیعر، کە تایبەتمەندییە(کتوپڕ)ییەکانی دەنگ و ڕیتم بەشێوازێکی ڕێکخراو ئالودەی بیر دەکات و کاریگەرییان دەخاتە سەر.

## ڕاڤەکردنی شیعر

لە ئاستی ڕاڤەکردندا شیعری لیریکی وەستاوەتە سەر نەریتی یەکێتی و سەربەخۆیی . وەک بڵێی یاسایەک لەئارادا بێت کە بەپێی ئەو یاسایە ناکرێت وەکو هاوشێوەی شێوازی پارچە گفتوگۆیەک مامەڵە لەگەڵ شیعریک بکەین، واتە بەشێوەی پارچەیەک، کە بۆ ئەوەی ڕوون بکرێتەوە پێویستی بە کۆنتێکستێکی فراوانترە و لەبەرامبەردا پێویستە وای

دابنێـین کە بونیـاتێکی تـایبەت بە خـۆی هەیە. هەوڵ بـدەی بەشێوەیەک بیخوێنیتەوە، کە وەک بڵێی گشتێکی ئیستاتیکییە. نەریتی(ترادیســیۆنی) شــیعرییەت نمــوونەگەلێکی تیــۆری جۆراوجۆری خستۆتە بەردەممان. فۆرمالیستە ڕوسییەکانی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم وایان داناوە کە هەر ئاستێکی بونیات لە شیعرێکدا پێویستە ئاوێنەی ئاستێکی دیکە بێت. تیۆریستانی ڕۆمانتیک و ڕەخنەگرانی ڕەخنەی نوێی ئینگلیزی و ئەمریکـی شـیعریان بە بـوونەوەرە زینـدووەکان بەراورد کردووە: هەموو پارچەکان و ئەندامەکانی شیعر پێویستە بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ لەگەڵ یەکدا گونجاو بن. خوێندنەوە پاش بونیادگەرییەکان گریمانەی بوونی ئاڵۆزی و پەشێوییەکی خۆ لێ لانەدراویان لەنێوان ئەوەی شیعر دەیکات و ئەوەی دەیڵێت کردووە،  واتە لەو باوەڕەن، کە شیعرێک یا ڕەنگە هەر پارچەیەکی زمان ناشێت بتوانێت ئەو ئامۆژگارییە پڕاکتیزە بکات، کە دەیڵێت.

لە تێگەیشتنە نوێکاندا شیعر وەکو بونیاتێکی دەقئاوێزانی جەختی لەسەر کراوەتەوە بەوەی کە شیعر لە زرنگانەوەی شیعرەکانی ڕابردوو تین و توانا وەردەگریت- زرنگانەوەیەک، کە ڕەنگە نەتوانن زاڵبن بەسەریان- یەکێتی ئیتر خەسڵەتێکی هێندە وابەستە نییە بە شیعر، بەڵکو زیاتر شتێکە، کە راڤەکارەکان بەدوایدا دەگەڕێن، جا چ بەدوای ئاوێتەیەکی هاوئاهەنگەوە بن چ بەدوای کێشەیەکی نەبڕاوەدا.  بۆ ئەم

کاره خوێنەران لە شیعردا دژیەکەکان دیاری دەکەن(بۆ نموونە پێچەوانەی (ئێمە) یان نهینی یان زانین یان گومان بردن) بۆ ئەوەی ببینن تەواوی ڕەگەزەکانی شیعر بە تایبەت گوزارشتە خوازەییەکان لەگەڵ ئەم دژیەکانە هاوتەریب بوون یان نا.

بۆ نموونە ئەم شیعرە دوو دێڕییە بەناوبانگەی ئەزرا پاوەند(لە وێستگەی شەمەندەفەردا) بێنەبەرچاوی خۆت:

**دەرکەوتنی ئەم ڕوخسارانە لەنێو جەنجاڵی دا**
**پەڕەی گوڵەکان بەسەر چڵێکی تەڕ و ڕەشەوە**

لێکدانەوەی ئەم شیعرە پێویستی بە پشکنینی و بەدواداچوونی دژایەتی نێوان جەنجاڵی لە میترۆ و دیمەنی سروشت هەیە. جووت بوونی ئەم دوو دێڕە هاوتەریبی لەنێوان ڕوخسارەکان لە تاریکی میترۆ و پەڕەگوڵەکان بەسەر لقێکی ڕەشی درەختێک دێنێتەکایەوە. تەواوە، بەڵام ئەی دواتر چی؟ لێکدانەوەی شیعر بەتەنیا بە عورف و نەریتی یەکێتی نەبەستراوەتەوە، بەڵکو وابەستەی نەریتی دەلالەتیشە: ڕێساکە ئەمەیە، کە ئەم شیعرانە ، هەرچەندە لەڕواڵەتیشدا کورت و پوخت دەرکەوێت، وابڕیارە قسە لەبارەی شتێکی گرنگەوە بکەن و بەم پێیە پێویستە وردەکارییە مادییەکان بە خاوەن واتایەکی گشتی هەژمار بکرێن، پێویستە ئەم وردەکارییانە وەکو نیشانە یا بە وتەی تی. ئێس ئیلیەت بە (هاوکێشەی

بابەتی) هەست و سۆزە گرنگەکان یا ئاماژە واتاگەیەنەرەکان دابنرێن.

خوێنەران بۆ دەلالەت بەخشین بەو دژایەتییە،کە لە شیعرە کورتەکەی پاوەند دا هەیە پێویستە بیر لەوە بکەنەوە کە ئەم هاوتەرییبییە چۆن کار دەکات. ئایا شیعر دیمەنی جەنجاڵی هاوڵاتیان لە میترۆدا لە دژایەتی دادەنێت لەگەڵ دیمەنی ئارام و سروشتی پەڕەگوڵەکان بەسەر لقێکی تەڕی درەختێکەوە ، یا یەکسانی کردوون و وێکچوونێکی لەنێوانیان دروست کردووە؟ هەر دوو هەڵبژاردە شیاون، بەڵام وادەردەکەوێت کە دووەمیان وەکو بزوێنەری هەنگاونانێکە، کە لە نەریتی لێکدانەوەی شیعردا بەوپەڕی هێزەوە پاڵپشتی لێکراوە، خوێندنەوەیەکی بەرهەمدارتر دێنێتەکایەوە.تێگەیشتنی **وێکچوونی** نێوان ڕوخسارەکان لە جەنجاڵی و پەڕەگوڵەکان بە لقێکەوە- واتە بینینی ڕوخسارەکانی ناو جەنجاڵی وەکو پەڕەگوڵێکی سەر لق- نموونەیەکە لە خەیاڵکردنێکی شیعری، کە(جیهان بەشێوەیەکی نوێ دەبینێت )، پێوەندییەکی چاوەڕەواننەکراوی تێدا دەدۆزێتەوە و ڕەنگە شتێک درک بکات، کە لەبەر چاوی بینەرانی شتێکی سواو و وەڕزکەرکەر بێت و لە دیمەنە ڕواڵەتییەکەدا قووڵایی دەبینێت، بەم شێوەیە ئەم کورتە شیعرە دەشێت ببێتە ڕامانێک لە توانای خەیاڵکردنی شیعریدا بۆ بەدیهێنانی ئەو کاریگەرییانەی، کە خودی شیعر دەستی پێیان دەگات. نموونەیەکی وەک ئەمە

یەکێک لە نەریتە بنەڕەتییەکانی لێکدانەوەی شیعر دەخاتەڕوو: بیر لەوە بکەوە، کە ئەم شیعرە و ئەو ڕێکارانەی، کە بەکاری هێناوە سەبارەت بە شیعر یا خولقاندنی واتا چی دەڵێن. شیعرەکان لەم لایەنەی، کە سوود لە پرۆسە ڕەوانبێژییەکان وەردەگرن دەشێت وەکو بەدواداچوون و دۆزینەوەیەکی شیعرییەت بخوێنرێنەوە ڕێک هاوشێوەی ڕۆمانەکان، کە وەکو ئەوەی لە بەشی داهاتوودا دەیبینین لە ئاستێکی دیاریکراودا چەند ڕامانێکن وادەکەن ئەزموونمان لەگەڵ کاتدا ڕوون و ئاشکرا بێت و لە ئەنجامیشدا دۆزینەوەیەکن لە تیۆری گێڕانەوەدا.

# بەشی شەشەم
# گێڕانەوە

ڕۆژێک لە ڕۆژان مەبەست لە ئەدەب لە سەرووی گشت شتێکەوە شیعر بوو. ڕۆمان ساوا بوو، نزیکی ڕۆمان لەگەڵ ژیاننامە و خستنەڕووی ڕووداوەکان[ تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکان]  بە ئەندازەیەک بوو کە نەدەکرا بە ئەدەبی ڕەسەن دابنرێت، قاڵبێکی میللی بوو کە نەیدەتوانی چاو ببڕێتە بانگەوازی باڵای شیعری لیریکی و داستانی[بگاتە ئەندازەی ئەوان لەڕووی بەرز و باڵاییەوە] ، بەڵام لە سەدەی بیستەمدا ڕۆمان بەسەر شیعردا زاڵ بوو، چ لەڕووی ئەوەی، کە نووسەران دەینووسن و چ لە ڕوانگەی ئەوەی کە خوێنەران دەیخوێننەوە و لە دەیەی ١٩٦٠یشدا گێڕانەوە بەسەر پەروەردەی ئەدەبدا زاڵ بوو. مرۆڤەکان هێشتاش لە شیعر دەکۆڵنەوە- زۆربەی کات بەشێکە لە وانە خورتەکییەکان، بەڵام ڕۆمان و کورتە چیرۆک کرۆکی سەرەکی بەرنامەکانی خوێندن پێکدێنن.

هۆكارەكەی تەنیا ئەو بەبەرزتردانانەی جەماوەری خوێنەر نییە،كە بە ڕووخۆشییەوە چیرۆک دەكڕن و دەخوێننەوە، بەڵام بەدەگمەن بەدوای شیعردا دەڕۆن. تیۆری ئەدەبی و كلتوریی ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر داواخوازی بە سێنتەركردنی گێڕانەوە بوون لە كلتوردا ، پاساویش ئەمەیە كە چیرۆک ئامرازی سەرەكیمانە بۆ درككردنی شتەكان، چ لەبەرئەمەی، كە ژیانی خۆمان بە ڕەوتێكی پێشڕەو دەبینین، كە بە شوێنێک دەگات، یا لەبەر ئەمەی بەخۆمان دەڵێین، كە لە جیهاندا چی ڕوودەدات. لێكدانەوەی زانستی شتەكان دەكاتە شتگەلێكی ڕێسامەند و بەم ڕێگەیەوە لێیان تێدەگات[لەڕێگەی جێ بە جێكردنی یاسا لەسەریان لێیان تێدەگات]- هەر كاتێک(ا) و (ب)هەبووبن، بێگومان (ج) ڕوودەدات- بەڵام ژیان بەشێوەیەكی گشتی بەم شێوەیە نییە. ژیان شوێنكەوتەی لۆژیكی زانستیی هۆ و ئەنجام نییە، بەڵكو شوێن لۆژیكی چیرۆک دەكەوێت، كە تێیدا درككردنی شتەكان واتە تێگەیشتن لەوەی كە شتێک چۆن پەل دەكێشێت بۆ شتێكی دیكە : چی شتێک وایكرد، كە ماگی(magge) كاری فرۆشتنی بەرنامە كۆمپیوتەرییەكان بێت لە سەنگافورە، ئەوە چی بوو وایكرد، كە باوكی جۆرج ئۆتۆمبێلێكی بە جۆرجدا.

ئێمە لەڕێگەی چیرۆكە شیانییەكان لە ڕووداوەكان دەگەین، فەیلەسووفانی مێژوو وەكو ئەوەی لە بەشی دووەمدا گوتم تەنانەت ئەم مشتومڕەیان هێناوەتە ئاراوە، كە لێكدانەوەی

مێژوویی پەیڕەوی لۆژیکی هۆکاریی[السببی] زانستی ناکات ، بەڵکو پەیڕەوی لۆژیکی چیڕۆک دەکات: درککردنی شۆڕشی گەورەی فەڕەنسا واتە تێگەیشتن لە گێڕانەوەیەک، کە ئەوە نیشان دەدات ڕووداوێک چۆن پەل دەکێشێت بۆ ڕووداوێکی دیکە . بونیاتە گێڕانەوەییەکان لە هەموو شوێنێکدا ئامادەن: (فرانک کیرمۆد) گوتوویەتی: کاتێک دەڵێین کاتژمێر(چرکە چرک) دەکات ئەوا بونیاتیکی چیڕۆکی بەو دەنگە دەدەین، لەنێوان دوو دەنگ، کە لەڕووی فیزیکییەوە هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکدا نییە جیاوازی دادەنێین تا (چرکە) سەرەتا بێت و (چرک) کۆتایی. (بە بۆچوونی من چرکە چرک نموونەیەکە، کە ئێمە پێیدەڵێین گرێچنی چیرۆک، واتە ڕێکخستنێکە کات دەکاتە شتێکی مرۆیی و گونجاو لەڕێگەی پێدانی شکڵ و شێوە بە کاتەکە).

تیۆری گێڕانەوە(گێڕانەوەناسی) لقێکی چالاکی تیۆری ئەدەبی بووە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی پشت بە تیۆرەکانی بونیاتی گێڕانەوە دەبەستێت: پشت بە بیرۆکەکانی گرێچن، جۆرە جیاوازەکانی گێڕەرەوە، تەکنیکەکانی گێڕانەوە دەبەستێت. ئەوەشی، کە دەتوانرێت ناوی شیعرییەتی گێڕانەوەی لێبنرێت هەم بەدوای درککردنی پێکهاتەکانی گێڕانەوەیە و هەمیش چۆنیەتی کاریگەری گێڕانەوەگەلێکی دیاریکراو شیدەکاتەوە.

گێڕانەوە تەنیا بابەتێکی خوێندنی ئەکادیمی نییە، پاڵنەرێکی بنەڕەتی لە مرۆڤدا بۆ چیرۆک وتن و بیستنی چیرۆک هەیە. منداڵان لە تەمەنی یەجگار بچووک توانایەک بەدەست دێنن، کە دەشێت ناوی توانستی گێڕانەوەی بنەڕەتی لێبنرێت: چیرۆک لە ئێوە دەخوازن و کاتێک دەتەوێت پێش گەیشتنە کۆتایی دەست لە چیرۆکەکە هەڵبگریت تێدەگەن، لەبەرئەمە یەکەمین پرسیارێک، کە لە تیۆری گێڕانەوەدا دەخرێتەڕوو ڕەنگە ئەمە بێت، کە بەشێوەیەکی ناوەکییانە چ شتێک دەربارەی شێوەی بنەڕەتی چیرۆکەکان دەزانین، کە ئەو توانایەمان پێدەدات چیرۆکێک، کە بەشێوەیەکی گونجاو تەواو دەبێت لەگەڵ چیرۆکێک، کە بەڕێکی تەواو نابێت و هەموو شتێک تێیدا بەناتەواوی دەمێنێتەوە لەیەک جیابکەینەوە؟ کەواتە دەشێت تیۆری گێڕانەوە بە هەوڵێک بۆ شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ئەم توانا گێڕانەوەییە دابنرێت، ڕێک وەک زمانناسی کە هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوەی توانستی زمانی، واتە ئەو مەعریفەیەی کە قسەکەرانی ناو زمانێک بەشێوەیەکی نەستەکیانە لە چوارچێوەی زانینی ئەو زمانە دەیزانن. تیۆر لێرەدا دەشێت بە دەرخەری مەعریفە کلتورییە زگماکییەکان یا درککردن هەژمار بکرێت.

## گرێچن (plot)

ڕەگەزە سەرەکییەکانی چیرۆکێک چین؟ ئەرستۆ دەڵێت گرێچن سەرەکیترین تایبەتمەندی گێڕانەوەیە و پێویستە چیرۆکە باشەکان سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییان هەبێت و ئەو چێژەی کە لێیان وەردەگرین لەڕێگەی ڕێکخراویی ئەو ریتمەیە،کە هەیانە. بەڵام چ شتێک ئەم واوێناکردنە[وابۆچوونە= impression][۱۸] دێنێتەکایەوە، کە زنجیرە ڕووداوێکی دیاریکراو شێوەیەکی لەم جۆرەیان هەیە؟ تیۆریستانی پاساوگەلێکی جۆراوجۆریان خستۆتەڕوو، هەڵبەتە پێویستە گرێچن تووشی وەرچەرخانێکی سەرەکیش ببێت. پێویستە بارودۆخێکی سەرەتایی هەبێت، گۆڕانێک ڕوودات، کە بۆ جۆرە گەڕانەوەیەک یا هەڵگەڕانەوەیەکی بارودۆخەکە پەل بکێشێت و گرێکردنەوەیەک بێتەکایەوە، کە ئەو گۆڕانە بکاتە شتێکی واتادار. لە هەندێک لە تیۆرەکاندا جەخت لەسەر نموونە هاوتەریبەکان دەکرێتەوە،کە چەند گرێچنێکی قەناعەتپێکەر دەخەنەڕوو. بۆ نمونە گوێزانەوە لەو پێوەندییەی نێوان کەسایەتییەکان بۆ پێوەندییە هاودژەکەی، یا گوێزانەوە لە ترس یا ئومێدی شتێک بۆ بەدیهاتن یا بەدی نەهاتنەکەی، گوێزانەوە لە کێشە بۆ چارەسەرەکەی، یا گوێزانەوە لە

---

[۱۸] impreisson. واتای زۆرە لە دەقە فارسییەکەدا تاثر دانرا بوو لە عەرەبییەکەشدا (انطباع) لە کوردیدا (تێڕوانین و وابۆچوونی و لێکدانەوە و واسەیرکردن و وا وێناکردنی بەرامبەربەکاردێت. و

تۆمەتی نارەوا یا نیشاندانی درۆینەیی و لادراوی شتێک بۆ ڕاستکردنەوە و چاککردنەوە شتەکە. لە هەر یەکێک لەم بارودۆخانەی، کە گوتران دەشێت پەیوەندی لەنێوان گۆڕان و گەشەسەندن لە ئاستی ڕووداوەکان لەگەڵ گۆڕانکاری لە ئاستی ناوەرۆکدا بدۆزرێتەوە. بەدوای یەکداهاتنی ڕووداوەکان بە تەنیا چیرۆک ناخولقێنێت، پێویستە کۆتاییەکی هەبێت کە بە دەسپێکەوە گرێدرابێت- بە باوەڕی هەندێک لە تیۆریستان  پێویستە کۆتاییەک بێت، کە ئەوە نیشان بدات چ بەسەر ئەو ئارەزووەدا هاتووە، کە دروستکەری هۆکاری ڕووداوە گێڕدراوەکان بووە لە چیرۆکدا.

ئەگەر تیۆری گێڕانەوە لێکدەرەوەی توانستی گێڕانەوە بێت، پێویستە تیشکیش بخرێتە سەر توانای خوێنەران بۆ دیاریکردنی گرێچنەکان. لەڕاستیدا خوێنەران دەتوانن بڵێن، کە دوو بەرهەم دوو جۆری گوتنی چیرۆکێکن، دەتوانن گرێچنەکان کورت بکەنەوە و گفتوگۆ دەربارەی بەسندەیی[کفاءە] پوختەی چیرۆکێک بکەن. مەبەست ئەمە نییە کە هەمیشە هەموو پێکەوە بسازێن، بەڵام دەشێت بۆچوونە جیاوازەکان زۆربەی کات توانستێکی فراوانی تێگەیشتنی هاوبەش نیشان بدەن . لە تیۆری گێڕانەوەدا بوونی ئاستێکی بونیات- ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی(گرێچن)ی پێدەڵێن- بەدەر لە زمان یا ئامرازێکی ڕاگەیاندنی تایبەت کە پێی دەخرێتەڕوو بەپێویست دادەنرێت ، بەپێچەوانەی شیعر کە لە پرۆسەی

وەرگێڕاندا ون دەبێت و لەناو دەچێت، دەشێت گرێچن لە وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە یا ئامرازێکی ڕاگەیاندن بۆ ئامرازێکی ڕاگەیاندنی دیکە بپارێزرێت: فیلمێکی بێدەنگ یا زنجیرەیەکی کۆمێدییەکی دەتوانێت هەمان ئەو گرێچنەی هەبێت، کە کورتە چیرۆکێک هەیەتی.

هەڵبەتە دەشێت ئەو ببینرێت، کە دوو لێکدانەوە بۆ گرێچن هەن: لە گۆشەنیگایەکەوە گرێچن شکڵ و شێوەدانە بە ڕووداوەکان بە شێوازێک کە چیرۆکێکی بێ کەم و کوڕ بخولقێنن: نووسەران و خوێنەران بۆتێگەیشتن لە کێشەکان ڕووداوەکان لە قاڵبی گرێچنێکدا دادەڕێژن. لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە گرێچن لەگەڵ گێڕانەوەکاندا دروست دەبێت، چونکە ئەم گێڕانەوانە تاکە(چیروک)ێک بە چەند شێوەیەکی جۆراوجۆر نیشان دەدەن. لەبەرئەمە دەشێت(نووسەران و خوێنەران) زنجیرەیەک لە کاروکردەوەکانی سێ کەسایەتی لە قاڵبی گرێچنێکی سەرەتایی خۆشەویستی نێوان دوو ڕەگەزدا دابڕێژن، کە تێیدا پیاوێکی گەنج ئارەزووی هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی گەنج دەکات و ئەم ئارەزووەیان ڕووبەڕووی ملپێنەدان و دژایەتیکردنی باوک دەبێتەوە، بەڵام گۆڕانێک لە ڕەوتی ڕووداوەکان وادەکات، کە خۆشەویستەکان بەیەک بگەن. گێڕانەوەی ئەم گرێچنە سێ کەسایەتییە دەشێت لە ڕوانگەی پاڵەوانە ژنە بەش مەینەتەکە نیشان بدرێت، یا باوکە تورەکە، یا پیاوە گەنجەکە، یا چاودێرێکی دەرەکی، کە لەم

ڕووداوانەدا ئـاڵاوە ، یـا گێڕەرەوەیەکـی هەمووشـتزان، کە دەتوانێت نـاخەکیترین هەسـتەکانی هەریەک لەو کەسـایەتییانە وەسف بکات یا لێزانانە خۆی دوورەپەرێز بگرێت لەوەی، کە ڕوودەدات. لەم گۆشـەنیگایەوە گـرێچن یـا چیـرۆک پێـدراوێکە(المعطى) و گوتـاریش بـریتییە لە خسـتنەڕووی ئەو گرێچنە بە شێوەگەلێکی جۆراوجۆر.

ئەو سێ ئاستەی کە قسەمان لەبارەوە کرد- ڕووداوەکان، گرێچن(چیـرۆک) و گوتـار- بەشـێوەی دوو هـاودژی کـار دەکەن، دژوازی لەنێـوان ڕووداوەکـان و گـرێچن، دژوازی لەنێوان چیرۆک و گوتار.

ڕووداوەکان/ گرێچن

چیرۆک/ گوتار

گـرێچن یـا چیـرۆک کەرەسـەیەکە کە خـراوەتەڕوو، گوتـار (کۆپییە جیاوازەکانی تاکە چیرۆکێک) لە ڕوانگەیەکی تـایبەتەوە ڕێک و پێکی پێبەخشیوە، بەڵام خودی گرێچنیش پێشوەختە بە جۆرێک لە جۆرەکـان شکڵ و شـێوەی بە ڕووداوەکـان داوە. گـرێچن دەشـێت هاوسـەرگیری بکـاتە کۆتـاییەکی خۆشـی چیرۆکێک، یا بیکـاتە سـەرەتای چیرۆکەکە، یا بیکـاتە خـاڵێکی گۆڕانکاری[وەرچەرخانێـک] لە ناوەڕاسـتی چیـرۆکەکەدا، هەرچەنـدە ئەوەی خـوینەران کرداریـانە ڕووبەڕووی دەبنەوە گوتـاری دەقـێکە: گـرێچن ئەو شـتەیە، کە خـوێنەران لە دەقدا هەڵـی دەهێـنجن ، هەروەهـا بیـرۆکەی ڕووداوە

سەرەتاییەکانیش، کە ئەم گـرێچنە لە هەنـاوی ئەودا دروستبووە هەڵهێنجراو یا دروستکراوی خوێنەرە. کاتێک قسە لەبارەی ڕووداوەکان بکەین، کە لە قاڵبی گرێچنێکدا داڕێژراون ئەوا واتاداری و ڕێکخستنی گرێچنمان نیشانداوە.

**خستنەڕوو (نیشاندان=** presentation)

کەواتە تیۆری گێڕانەوە باوەڕی بە جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە: جیاوازی نێوان گرێچن و خستنەڕوو، جیاوازی نێوان چیرۆک و گوتار. (تیۆریستان هەر یەکێکیان زاراوەگەلێکی جیاواز بەکار دەبەن) خوینەرێک، کە ڕووبەڕووی دەقێک(زاراوەیەکە، کە فیلم و تەواوی نیشاندانەوەکان دەگرێتەوە) دەبێتەوە، لەڕێگەی دیاریکردنی چیرۆکەکە و پاشانیش سەیرکردنی ئەو دەقە وەکو شێوازێکی تایبەتی خستنەڕووی ئەو چیرۆکە لە دەقەکە تێدەگات، بە دیاریکردنی (ئەوەی ڕوودەدات) دەتوانین تەواوی کەرەسە گوتنییەکان لە خزمەتی وێناکردنی ئەوەی، کە ڕوودەدات دابنێین، دواتر دەتوانین ئەوە پرسین، کە چ شێوازێکی خستنەڕوو هەڵبژێردراوەو ئەم هەڵبژاردنە چ جیاوازییەکی هێناوەتەکایەوە. چەند جۆرە گۆڕاوێک[ناجێگیرییەک] هەن و ڕۆڵێکی بەرچاو لە کاریگەری گێڕانەوەکان دەگێڕن. پشکی شێری تیۆری ئەدەبی پشکنینی ڕێگە جۆراوجۆرەکانی درککردنی ئەم گۆڕاوانەیە. هەندێک لە پرسیارە سەرەکییەکان لە ژێرەوە دەبینیت، کە بە پاڵپشی ئەوانە دەشێت جۆراوجۆرییە گرنگەکان دیاری بکرێت.

**کێ قسە دەکات؟** بەپێی نەریت دەڵێن هەر گێڕانەوەیەک گێڕەرەوەیەکی هەیە، کە دەشێت لە دەرەوەی چیرۆکەکە وەستا بێت یان یەکێک لە کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکەکە بێت. تیۆریستان (گێڕانەوەی کەسی یەکەم)یان،کە تێیدا گێڕەرەوە دەڵێت (من) لە گێڕانەوەیەک کە ناوی گێڕانەوەی سەرلێشێوێنەرانەی( گێڕانەوەی کەسی سێیەم)ە وتێیدا ئەو(من)ە لەئارادا نییە جیاکردۆتەوە- لە دووەمیاندا گێڕەرەوە بە کەسایەتییەک لەناو چیرۆکەکە هەژمار ناکرێت، قسە لەبارەی هەموو کەسایەتییەکان بە شێوازی کەسی سێیەم، یا ناو ، یا جێناو دەکرێت. گێڕەرەوەکانی کەسی یەکەم دەشێت پاڵەوانی سەرەکی ئەو چیرۆکە بن، کە دەیگێڕنەوە، دەشێت بەشداربوو بن، واتە کەسایەتییە لاوەکییەکانی چیرۆک بن، یا چاودێریکەرێکی سەر چیرۆک بن، کە ڕۆڵیان کارکردن نییە، بەڵکو وەسفکردنی شتەکانە بۆ ئێمە. چاودێرانی کەسی یەکەم دەشێت لەسەر شێوازی تاکەکەسێکی تەواو دروست بکرێن و ناو و ڕابردوو و کەسایەتییان وەرگرتبێت، یان ئەسڵەن دروستنەکراو بن و لە ڕەوتی گێڕانەوەدا لە چاوان ون بن و پاش خستنەڕووی چیرۆکەکە خۆیان بسڕەوە.

**چ کەسێک قسە لەگەڵ چ کەسێکی دیکە دەکات؟** نووسەر دەقێک دەخولقێنێت، کە خوێنەران دەیخوێننەوە. خوێنەران بە خوێندنەوەی دەق گێڕەرەوە واتە دەنگی قسەکەر هەڵدەهێنجن. گێڕەرەوە قسە لەگەڵ خوێنەرانێک دەکات کە هەندێجار

شاراوەن یا لە مێشکدا دروست دەکرێن، هەندێجار بە ڕوون و ڕاشکاوانە دەست نیشان دەکرین(بەتایبەت لە چیرۆک لەناو چیرۆکدا، کە تێیدا کەسایەتییەک دەبیتە گێڕەرەوە و چیرۆکی ناو چیرۆک بۆ کەسایەتییەکانی دیکە دەگێڕێتەوە) گوێگرانی گێڕەرەوە کە زۆربەی کات(بۆگێڕدراوە)یان پێدەڵێن. بۆگێڕدراوەوەکان چ بە ڕوونی دیاریکراو بن چ بەڕوون و ڕاشکاوانە دەستنیشانکراو نەبن گێڕەرەوە لەڕێگەی ئەوەی بە ئاشکراوڕوون دایدەنێت و نایڵێت و ئەوەی ڕوونی دەکاتەوە بەشێوەیەکی شاراوە گوێگرەکانی دەخولقێنێت. بەرهەمێکی وابەستە بە کات و شوێنێکی دیکە بەشێوەیەکی گشتی پەنهانانە گوێگرانێک لەبەرچاو دەگرێت و هەندێک لە ئاماژەکان دیاری دەکات و بەشداری لە هەندێک لە گریمانەکان دەکات، کە خوێنەری ئەمڕۆ ڕەنگە هاوبەشی تێدا نەکات. ڕەخنەی فیمینیستی زیاتر لە ڕێچکەکانی دیکە سەرنجی لە سەپاندنی خوێنەری نێرینە لە زۆربەی گێڕانەوە ئەوروپیی و ئەمریکییەکاندا داوە : بەشێوەیەکی پەنهانانە خوێنەر وا دەدوێنن کە وەک بڵێی بێگومان ڕوانینێکی پیاوانەی هەیە.

**چ کەسێک چ کاتێک قسە دەکات؟** گێڕانەوە دەشێت لە کاتێکدا ڕووبدات کە ڕووداوەکان تێیدا ڕوودەدەن(بۆ نموونە **ئیرەیی** ئالان ڕۆب گریێ، کە گێڕانەوە بەم شێوەیە: (ئێستا خەریکە فلان شت ڕوودەدات، ئێستا خەریکە فلان شت

ڕوودەدات، ئێستا خەریکە فلان شت ڕوودەدات) ناساندنی ڕووداوەکان دەشێت ڕاستەوخۆ لەدوای ڕوودانیان بێت، بە نموونە ڕۆمانە نامەییەکان(ئەو ڕۆمانانەی، کە لەقالّبی نامە و نامەکاری دان) وەکو (پامێلا)ی (ساموێل ڕیچاردسن) ، کە لە هەر نامەیەکدا باس لە ڕووداوگەلێک کراوە، کە تا ئەو ساتە ڕوویداوە. یا ئەوەی دەشێت لەدوای ڕوودانی ڕووداوەکانی کۆتایی گێڕانەوەی ئەم ڕووداوانە بگێڕدرێنەوە، واتە گێڕەرەوە ئاوڕ دەداتەوە و تەواوی زنجیرەی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و ئەمە باوترین ڕێچکەیە.

**قسەکەر بە چ زمانێک قسە دەکات؟** دەنگەکانی گێڕانەوە دەشێت بە زمانی دیاری خۆی قسە بکات و بە هەمان زمانی خۆی هەموو شتێکی چیرۆک بگوازێتەوە، یان  شوێن زمانی کەسانیتر بکەوێت و بە هەمان زمان دەربببڕێت، گێڕانەوەیەک کە هەموو شتێک لە کلاوڕۆژنەی مێشکی منداڵێکدا دەبینێت دەشێت بۆ دەربڕینی تێگەیشتنەکانی منداڵ سوود لە زمانی کەسانی گەورە وەربگرێت یان زمانی منداڵان بەکار بهێنێت. (میخایل باختین)ی تیۆریستی ڕووسی لە وەسفی ڕۆماندا، ڕۆمان لە بنەڕەتدا بە فرەدەنگی و دیالۆگی دەزانێت نەک مۆنۆلۆگی: کرۆکی ڕۆمان نیشاندانی دەنگەکان و گوتارە جۆراوجۆرەکانە و دەرئەنجامی بەریەککەوتنی دیدگا و تێڕوانینە کۆمەڵایەتییەکانە.

**به چ دەسەڵاتێکەوە قسەکەر قسە دەکات:** کاتێک کەسێک چیرۆکێک دەگێڕێتەوە توانا و دەسەڵاتێکی تایبەت داوا دەکات کە بیسەران پێیدەبەخشن. کاتێک گێڕەرەوەی(ئیما) (بەرهەمی جەین ئۆستن) لە دەسپێکی ڕۆمانەکە دەڵێت: (ئیما وودهاوس، سەرنجڕاکێش، زیرەک و دەوڵەمەند لەگەڵ خانوێکی ئاسوودە و ڕووێکی شادەوە)ئیتر بە ڕەشبینییەوە لە خۆمان دەپرسین کە لەڕاستیدا سەرنجڕاکێش و زیرەک بووە یان نا. ئەم گوتنە پەسەند دەکەین تا ئەو کاتەی، کە لە چیرۆکدا هۆکاریک بۆ نەرێکردنی ئەم بیروباوەڕە دەدۆزینەوە. کاتێک گێڕەرەوە زانیاریگەلێکی باش دەربارەی بارودۆخەکان و چەند سەرەداوێکی باشمان دەربارەی لایەنگیری خۆی پێدەدات و دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی ئەو بۆ ڕووداوەکان گومان بکەین، یا کاتێک چەند هۆکارێک بەدەست دەهێنین کە دەبنە هۆی ئەوەی گومان بکەین لەوەی کە گێڕەرەوە هاوبەشی دەکات لەگەڵ بەهاکانی نووسەر ، ئەم گێڕەرەوەیە بە (باوەڕپێنەکراو) ناودەنێین. کاتێک گێڕەرەوەکان دەربارەی ئەم واقیعییەتە گفتوگۆ دەکەن کە خەریکن لە چیرۆکەکەدا دەیلێن[دەیگێڕنەوە]، سەبارەت بە چۆنیەتی گوتنی ئەم چیرۆکە لە گومان و دودڵی دانان یا تەنانەت ئەم ڕاستییەمان بەڕوودا دەدەنەوە کە دیاریکردنی کۆتایی کاری چیرۆکەکە لەبن دەستی ئەوا دایە، تیۆریستان زاراوەی

(گێڕانەوەی ئاگا) بەکار دەهێنن. لە گێڕانەوەی ئاگادا کێشەی دەسەڵات لە گێڕانەوەدا دەخرێتەڕوو.

**تیشکۆخستنەسەر(البؤرة** focalization )

کێ دەبینێت؟ لە گفتوگۆ لەبارەی گێڕانەوەدا زۆر جار قسە لەسەر(گۆشەنیگایەک کە چیرۆکی تێدا دەگێڕدرێتەوە) دەکرێت، بەڵام لەم بەکارهێنانی (گۆشەنیگا)یە دوو پرسیاری لێک جیاواز پێکەوە ئاوێتە دەبن: چ کەسێک قسە دەکات؟ و بینینەکانی کێ دەردەخرێن؟ لە ڕۆمانی(ئەوەی مایسی دەیزانی)(بەرهەمی هێنری جیمز) گێڕەرەوەیەک هەیە کە منداڵ نییە، بەڵام چیرۆکەکە لە هەستیی[شعور] منداڵێک بەناوی (مایسی) دەخاتەڕوو. مایسی گێڕەرەوە نییە ،بەشیوازی کەسی سێیەم وەسف دەکرێت، بەڵام لە ڕۆمانەکەدا زۆربەی شتەکان لە ڕوانگەی ئەوەوە خراوەتەڕوو. بۆ نموونە : مایسی ڕەهەندی سێکسی پەیوەندییەکانی کەسانی پێگەیشتووی دەوروبەری خۆی بەشێوەیەکی تەواو درک ناکات. ئەو دەبێتە بەتیشکۆکراوی چیرۆکەکە، **تیشکۆخستنەسەر**یش زاراوەیەکە، کە هەردوو تیۆریستی گێڕانەوە (**میبک بال**) و (**ژیرار ژینێت**) بەکاریان هێناوە. ڕووداوەکان لە هەست یا هەڵوێستەکانی ئەودا چڕدەبنەوە و ڕوون دەبنەوە، کەواتە ئەم پرسیارە: (چ کەسێک قسە دەکات) جیاوازە لەم پرسیارە (چ کەسێک دەبینێت).

ڕووداوەکـان لە ڕوانـگەی چ کەسـێکەوە ڕوون دەبـنەوە و دەخرێنەڕوو؟ ئەم تیشکۆخستنەسەرە دەشێت ئەم گێڕەرەوەیە بێـــت، یـــان ئەم گێـــڕەرەوەیە نەبێـــت. لێرەشـــدا چەنـــد ناجێگیرییەک[گۆڕاویک] هەن:

١.نـاجێگرییە کاتییەکـان: گێـڕانەوە دەشـێت ڕووداوەکـان لە کاتێک، کە ڕوویانداوە، کەمێک دواتر، یا ماوەیەکی زۆر دوای ڕوودانیان بەتیشکۆ بکات. دەشێت تیشکۆخستنەسەر لەسەر ئەوەی، کە بە کاتی ڕووداوەکەی داناوە یا وابیری لێکردۆتەوە چڕکرابێتەوە، یان لەسەر تێڕوانی دواتری ڕووداوەکە، کە بە زانراوێکی زیاتر دەڕوانێتە ئەوەی، کە لە ڕابردوودا ڕوویداوە. گێـڕەرەوە دەشـێت لە گـوێزانەوەی شـتێک کە لە سـەردەمی منـداڵی ئەودا ڕوویـداوە، جەخـت بکـاتە سـەر ئەو ڕووداوانە لەڕێـگەی هەسـت[ئاگایی] سـەردەمی منـداڵی خـۆی و گێـڕانەوەکەی وابەسـتە بکـات بەوەی کە ئەوسـا بیـری لێکـردۆتەوە و هەسـتی پێکـردووە، یـانیش لەڕێـگەی زانـین و تێگەیشتنی خـۆی لە کـاتی گێـڕانەوەکەدا جەخـت بخـاتە سـەر ڕووداوەکان، یانیش دەشێت ئەم دوو تێڕوانینە پێکەوە گرێ بـدات و لەنێـوان ئەوەی کە ئەوسـا زانیـویەتی یـا هەسـتی پێکردووە و ئەوەی ئێستا تێیدەگات لە هاتوچۆ دابێت. کاتێک گێـڕانەوەی کەسـی سـێیەم ڕووداوەکـان لە کەسـایەتییەکی دیاریکراو چڕ دەکاتەوە، دەتوانێت سوود لەم جۆراوجۆرییانە وەربگرێ، و ئەوە بگوازێتەوە، کە لەوسا ئەو کەسایەتییە چۆن

کەلوپەلەکـــانی بینیـــوە یـــا دواتـــر چـــۆن لەو لەو ڕووداوانە گەیشـتووە. هەڵبژاردنـی کـاتی تیشکۆخستنەسـەر گرنگییەکـی زۆری هەیە لە کاریگەرییەکـــانی گێـــڕانەوەدا. بـــۆ نمـــوونە لە چیرۆکە پۆلیسییەکاندا کەسی بەتیشکۆکەر( focalizer ) ئەو شـــتە دەگێـــڕێتەوە کە لە هەر چرکەســـاتێکی لێکۆڵینەوەکانـــدا زانیـــویەتی و زانیـــاری لەبـــارەی ئەنجـــامی لێکۆڵینەوەکـــان لێدەگەڕێت بۆ لوتکەی چیرۆکەکە.

٢.ناجێگیری[گۆڕاوی] مەودا و خێرایی: چیرۆک دەشێت بە میکرۆسکۆب تیشکۆی بخرێتەسـەر بکرێت یان بە تەلیسکۆب، واتە هێواش و بە وردەکارییەکی فراوانەوە بەرو پێش بڕوات یان بە خێرایی بڵێت کە چی ڕوویداوە: (پاشا بە سوپاس و ستاییشـەوە کـچەکەی خـۆی لە شـازادە مـارە کـرد و پـاش مەرگی پاشا، شازادە لەسەر تەختەکە دانیشت و تـا ساڵەهای ساڵ بە خۆشی و کامەرانییەوە فەرمانڕەوایەتی کـرد)ئەوەی پەیوەســـــتە بە نــــاجێگیری خێـــــراییەوە بـــــریتیین لە جۆراوجۆرییەکـــانی فریکوێنســـی[دوبارەبوونەوە]: (دەشـــێت پێمـان بگوترێت، کە لە بونەیەکی تایبەتدا چ شـتێک ڕوویدا یا ئەوەمـان پێبـوترێ کە گشـت پێنـنجشـەممەیەک چ ڕوودەدات. دیارترینی ئەو شتانە (**ژیرار ژینێت**) ناوی(دووبارەبوونەوەی ساختە) ی لێناوە کە تێیدا شتێکی زۆر تایبەت،کە ناشێت چەند جارێـک ڕووبـدات وەکـو شـتێک دەخـرێتەڕوو، کە بە ڕێکـی ڕوودەدات.

٣.ناجێگیری[گۆڕاوی] سنوری مەعریفە: لە لایەکەوە دەشێت گێڕانەوە فۆکۆسی چیرۆک لەسەر دیمەنێکی یەجگار بەرتەسک دابنێت- دیمەنی(چاوی کامێرا)یان (مێش لەسەر دیوار)- واتە کردارەکان بگوازێتەوە بەبێ ئەوەی دەستمان بە بیرۆکەکانی کەسایەتییەکان ڕا بگات، تەنانەت ئەم شێوەیەش بەپێی تێگەیشتنێک، کە وەسفە(دەرەکی) و (ناوەکی)ەکان دەیگەیەنن ،جۆراوجۆرە. بەم شێوەیە وادەردەکەوێت هۆکاری بەتیشکۆکەر لە (پیرەمێردەکە جگەرەیەکی داگیرساند)چاودێرێکی ئاشنا بە چالاکییەکانی مرۆڤ بێت. لەبەرامبەردا وادەردەکەوێت ئەم هۆکارە لە (مرۆڤێکی، کە پرچی سپی بەسەریەوە بوو کۆتەڵەیەکی داگیرساوی لەخۆی نزیک کردەوە و دووکەڵ لە بۆرییەکی سپی کە بەجەستەیەوە بەسترابوویەوە بەرز بوویەوە)بوونەوەرێکی ئاسمانی بێت یان کەسێک لە (جیهانی خەیاڵات) بێت. لە سەرەکەی ترەوە گێڕانەوەی ناسراو بە(گێڕانەوەی هەموشتزان)هەیە، کە تیشکۆخستنەسەرەکەی کەسێکی خودائاسایە و دەستی بە ناخەکیترین بیرۆکەکان و شاراوەترین ڕەمەکەکانی کەسایەتییەکان ڕا دەگات: (پاشا بە بینینی دیمەنی زێڕەکە دڵی زۆر کرایەوە، بەڵام چاوچنۆکییەکەی هێشتا تێر نەببووە)گێڕانەوەی هەموشتزان، کە وادەردەکەوێت ئەوەی دەشێت تێیدا بزاندرێ و بگوترێ هیچ سنور و تخوبێکی نییە، نەک تەنیا لە حیکایەتییە نەریتییەکان، بەڵکو لە ڕۆمانە

نوێکانیشدا کە تیایاندا هەڵبژاردنی ئەوەی کرداریانە دەگوترێت گرنگییەکی بەهێزی هەیە، باوە.

چیرۆک گەلێک کە تیشکۆخستنەسەرەکانیان بەشێوەیەکی گشتی هەست[شعور]ی تاکە کەسایەتییەکە هەم بەشێوازی کەسی یەکەم دەگێڕدرێنەوە، واتە گێڕەرەوە ئەوە دەڵێت، کە بیری لە چی کردۆتەوە و بینەری چ شتێک بووە و هەمیش بە شێوازی کەسی سێیەم، کە زۆربەی کات (گۆشەنیگای کەسی سێیەمی سنوردار)ی پێدەڵێن وەکو (ئەوەی مایسی دەیزانی). گێڕانەوەی باوەڕپێنەکراو دەشێت گرفتاری سنوردارییەکانی گۆشەنیگا بێت- واتە وا هەست بکەین ئەو هەستەی تیشکۆی دەخرێتەسەر لە توانایدا نییە یا ئارەزوو ناکات ڕووداوەکان بەهەمان ئەو شێوەیە تێبگات کە چیرۆکخوێنە بەتواناکان دەیکەن.

ئەم جۆراوجۆرییانە لە گێڕانەوە و هەڵبژاردنی تیشکۆستنەسەر و جۆراوجۆرییەکانی دیکە ڕۆڵێکی یەکلاییکەرەوەی لە کاریگەری گشتی ڕۆمانەکاندا هەیە. دەشێت چیرۆکێک کە لە گۆشەنیگای هەموشتزانەوە دەگێڕدرێتەوە و هەست و پاڵنەرە شاراوەکانی پاڵەوانەکان بە وردەکارییەوە دەگوازێتەوە و ئەوە نیشان دەدات زانیاری دەربارەی دەرئەنجامی ڕووداوەکان هەیە، ئەم کاریگەرییە بخاتە سەر خوێنەر کە درککردنی جیهان شتێکی شیاوە[مومکینە]. بۆ نموونە دەشێت هاودژی نێوان مەبەستی

مرۆڤەکـان و ئەوەی بەناچـاری ڕوودەدات دەربخات(بیریشـی لەوە نەدەکردەوە، کە دوو کاتژمێر دواتر گالیسکەیەک بەسـەر دەکەوێت و هەموو پلانەکانی پووچەڵ دەبێتەوە)چیرۆکێک کە لە گۆشـەنیگای بەرتەسـکی پاڵەوانێـک دەگێـڕدرێتەوە دەشـێت پێشـبینینەکراو بـوونی ئەوەی،کە ڕوودەدات بەرجەسـتە بکـات: لەبەرئەوەی نـازانین، کە کەسـایەتییەکانی دیـکە بیـر لە چـی دەکەنەوە یـا چ ڕووداوێکـی دیکە لە ئـان و سـاتی ڕوودانـدایە، بـۆیە هەر شـتیک بـۆ ئەم کەسـایەتییە ڕووبـدات دەشـێت شۆکمان بکات.

ئەم ئاڵۆزییانەی گێڕانەوە بە هێنانی چیرۆک لە ناو چیرۆکدا دیسـان زیـاتر دەبێـت، بە جۆرێـک، کە گـوتنی چیـرۆک خـۆی لەخۆیدا دەبێتە ڕووداوێک لە چیرۆکدا-ڕووداوێک، کە ئەنجام و واتاکەی گرنگییەکی سەرەکی دەبێت. چیرۆک لەناو چیـرۆک لەناو چیرۆک.

## چیرۆک چی دەکات

تیۆریستان دەربارەی ڕۆڵـی چیـرۆکیش مشـتومڕ دەکەن. لە بەشـی دووەمـدا گـوتم هۆکـاری بڵاوبـوونەوە(دەقە نیشـادەرە گێڕانەوەییەکان )، کەتیگۆرییەک، کە هەم گێڕانەوە ئەدەبییەکان لەخۆ دەگرێت و هەمیش ئەو چیرۆکانەی،کە خەڵک بۆ یەکتری بـاس دەکەن، ئەمەیە، کە چیرۆکەکانیـان دەستاودەسـت دەکەن لەبەرئەوەی ئەو بەهایەیـان هەیە، کە بگـوترێن[بگێڕدرێنەوە]. چیرۆک چی دەکات؟ چیرۆکگێرەوەکان هەمیشە دەبنە ڕێگری

ئەم پرسیارە شاراوەیە کە(سوود و گرنگییەکەی چییە؟) بەڵام چ شتێک دەبێتە هۆی ئەوەی، کە چیرۆکێک شیاوی ئەوە بێت کە بگوترێت[ئەوە بهێنێت کە بگوترێت] چیرۆک چی دەکات؟

یەکەمیان کە مایەی چێژە- چێژێک کە بە وتەی ئەرستۆ بەهۆی لاساییکردنەوەی ژیان و ڕیتمەکەی دەیخولقێنێت. شێوازی گێڕانەوە، کە وەرچەرخانێک دروست دەکات بۆ نموونە چاڵهەڵکەنێک، کە دەکەوێتە چاڵەوە یا کورسییەک، کە سەرەونخون دەبێتەوە لە خودی خۆیدا دەبێتە مایەی چێژ و زۆرێک لە گێڕانەوەکان لە بنەڕەتدا ئەم ڕۆڵەیان هەیە: بە هێنانەکایەوەی پێچێکی نوێ لە بارودۆخە ئاشناکاندا بیسەران سەرقاڵ دەکەن.

چێژی گێڕانەوە پەیوەستە بە خواستەوە. گرێچن سەبارەت بە خواست و ئەوەی بەسەری دادێت قسەمان بۆ دەکات، بەڵام هێزی بزوێنەری خودی گێڕانەوە خواستێکە لەسەر شێوەی(مەعریفەخوازی=epistemophilia)، ئارەزووی زانیندایە: دەمانەوێت نهێنییەکان ئاشکرا بکەین، کۆتایی بزانین، حەقیقەت بدۆزینەوە. ئەگەر هێزی بزوێنەری گێڕانەوە ئارەزووی (پیاوانە) بۆ دەسەڵات، ئارەزووی پەردەهەڵماڵین لەڕووی حەقیقەت(حەقیقەتی ڕووت)بێت، ئەو کاتە ئەو مەعریفەیەی، کە گێڕانەوە دەیخاتە بەردەممان تا ئەو خواستە بەدی بهێنین چییە؟ ئایا خودی ئەو مەعریفەیەی، کە گێڕانەوە دەیخاتەڕوو بۆ تێرکردنی خواستە؟ تیۆریستان پرسیارگەلێکی

هاوشێوەی ئەمە دەربارەی پەیوەندی نێوان خواست، چیرۆک و مەعریفە دەخەنەڕوو.

لەبەرئەوەی چیرۆک وەکو ئەوەی تیۆریستانیش جەختیان لێکردۆتەوە ڕۆڵی فێرکردنی زۆر شتی دەربارەی جیهان لەئەستۆ دایە، ئەوەمان نیشان دەدات، کە کار لەم جیهانەدا چۆنە و – بە سوود وەرگرتن لە تەکنیکە جۆراوجۆرەکان لە تیشکۆخستنەسەردا- ئەو توانایەمان پێدەدات تا لە گۆشەنیگاکانی دیکەوە لە کەلوپەلەکان بڕوانین و پاڵنەرەکانی کەسانیتر، کە بەشێوەیەکی گشتی بەلامانەوە ناڕوونن درک بکەین. بە بۆچوونی **ئای ئێم فۆڕستەر** ڕۆمان بە هێنانەکایەوەی توانای ناسینی تەواوی کەسانی تر، ناڕوونی و تەمومژی دەربارەی کەسانی دیکە، کە لە ژیانی(واقیعی)دا لە مێشکماندا هەیە پڕ دەکاتەوە. کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکان:

کەسانێکن کە ژیانی شاراوەیان شیاوی بینینە، یا ڕەنگە شیاوی بینین بێت. ئێمە کەسانێکین کە ژیانی پەنهانمان شیاوی بینین نییە و بەم هۆیەوەیە کە ڕۆمانەکان تەنانەت ئەو کاتەشی،کە دەربارەی مرۆڤە شەڕانگێزەکان بن دەتوانن دڵمان بدەنەوە، جۆرێکی مرۆیی دەخەنە بەر چاومان، کە دەشێت بەشێوەیەکی چاکتر درک بکرێت، لە ئەنجامدا دەتوانرێت دەرەقەتی بێیت. خوێندنەوەی ڕۆمان وەهمی زرنگی و توانامان پێدەبەخشێت.

گێڕانەوەکـان لەڕێـگەی ئەو مەعـریفەیەی، کە دەیـخەنەڕوو ڕێکوپێکی دەهێننەکایەوە. ئەو ڕۆمانـانەی کە بەپێی نەریت و ڕێچکەی ڕۆژئاواییدا نووسراون ئەوە نیشان دەدەن، کە ئاواتە سەرسـەختەکان چـۆن لغـاو دەکـرێن و ئارەزووەکـان چـۆن لەگەڵ واقیعییەتـی کـۆمەڵایەتی گونجـاوی و هاوئـاهەنگی بەدەست دێنن. زۆرێک لە ڕۆمانەکان چیرۆکی وڕێنەکانی تافی لاوێتی دەگێڕنەوە کە بەبا دەچن. ڕۆمانەکـان قسـە لەبـارەی خواسـتەوە دەکەن، خواسـت هەڵـدەوروژێنن، سـیناریۆکانی ئارەزووی سێکسی بۆ ناهاوڕەگەزخوازی دەخەنە بەردەممان و لە سـەدەی هەژدەیەم بەدواوە ڕۆژ دوای ڕۆژ پتـر هەوڵیان داوە تا پێمان بڵێن کە دەستگەیشتن بە ناسنامەی واقیعی خود ،ئەگەر هەبێـت، ئەوا بە هاوکـاری عیشـق و پەیوەنـدییە کەسـایەتییەکان نەک کـاروکردەوەی گشـتی دێتەئـاراوە، ئەگەرچی هەوڵدانیان بۆ ئەوەیە تا باوەڕمان پێبهێنن،کە شتێک بەناوی(عاشـق بـوون)ەوە هەیە، بەڵام نـاڕوونکردن و ئاڵۆزکردنی ئەم بیرۆکەیەش لە ئەستۆ دەگرن.

وەکـو ئەوەی لە خوێنـدنەوەی ڕۆمانەکانـدا بەدوای چەنـد خۆبەوەیترکردنێکدا دەچین(سـەیری بەشی هەشتەم بکە) بەو پێیەی ڕۆمـان ئامرازێکی کاریگەرە بۆ بەخودیکردنی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکـان، بەڵام لە گێڕانەوەکانـدا جـۆرە ڕەخنەیەکـی کۆمەڵایەتیش دەخرێتەڕوو. بێواتابوونی سـەرکەوتنی دونیایی، گەنـدەڵی جیهـان، بێتوانـایی جیهـان لە هێنـانەدی بەرزتـرین

ئاواتەکانمان ئاشکرا دەکات. بارودۆخی نالەباری ستەمدیدان لە چەند چیرۆکێکدا ئاشکرا دەبێت کە خوێنەران دەیانەوێت بە خۆبەوەیترکردنێکی تاقەتپڕوکێن لە بارودۆخە تایبەتەکان بگەن.

لە کۆتاییدا، پرسیاری بنەڕەتی لە مەیدانی گێڕانەوەدا ئەم پرسیارەیە: ئایا گێڕانەوە شێوەی بنەڕەتی مەعریفەیە(لەو ڕوەوەی کە زانین لەبارەی جیهان دەخاتە ڕوو تاوەکو ڕوون و ئاشکرا بێت) یا بونیاتێکی ڕەوانبێژییە کە بەهەمان ئەندازەی ئاشکراکردنی ، لادانیش دەهێنێتەکایەوە، ئایا گێڕانەوە سەرچاوەی مەعریفەیە یان وڕێنەکردن؟ ئایا مەعریفەیەک کە بانگەشەی خستنەڕووی ئەو زانینە دەکات بەرهەمی خواستە؟ (پۆل دومان)ی تیۆریست دەڵێ هەرچەندە هیچ کەسێک کە عەقڵێکی تەواوی هەبێت هەوڵنادات بە تیشکی وشەی **ڕۆژ** ترێ بڕوێنێت، هەمدیسان لە واقیعدا بۆمان سەختە، کە خۆپاریزی بکەین لە تێڕوانینی ژیانی خۆمان لەسەر بنەمای شێوازەکانی گێڕانەوە چیرۆکییەکان. ئایا پێویستە لەم گوتنە ئەوە هەڵبهێنجرێت کە کاریگەرییە ڕوونکەرەوە و سونکایی بەخشەکانی گێرانەوەکان کاریگەرییەکی وەهماوی و سەرلێشێوێنەرن.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە هەم پێویستیمان بە مەعریفەیەک دەربارەی جیهان هەیە، کە دابڕاو و سەربەخۆ بێت لە گێڕانەوەکان و هەمیش بە بونیاتێک بۆ ئەوەی

ئاشــــكرای بكەیـــن، كە ئەم مەعـــریفەیە بـــاوەڕپێكراوترە لە مەعـــریفەیەک، كە گێڕانەوەكـــان دەیـــخەنە بەردەممـــان، بەڵام كاتێـــک بپرســـین، كە گێـــڕانەوە ســـەرچاوەی مەعـــریفەیە یـــا وڕێنەكـــردن، ئەوا لە ڕاســـتیدا بەشـــێوەیەكی ورد بـــوونی ئەم مەعـــریفە باوەڕپێكراوەمـــان لە دەرەوەی گێـــڕانەوەدا خســـتۆتە مەترسییەوە. لەبەرئەوە ئەگەر بەڕاســـتی وەڵامێكیشـــی هەبێت ئەســـتەمە بتوانرێـــت وەڵامێكـــی ئەم پرســـیارە بـــدرێتەوە. لە بەرامبەردا پێویستە لەنێوان دوو جەمســـەردا جووڵە بكەیـن، یەكیان بەئاگابوون لەوەی، كە گێڕانەوە بونیاتێكی ڕەوانبێژییە، كە وڕێنەكردنـــی زرنگـــی دەهێنێتەكـــایەوە و ئەوەیتریـــان لێكـــۆڵینەوە لە گێـــڕانەوە وەكـــو گرنگتـــرین ئامرازێـــک، كە بـــۆ تێگەیشتن لەبەردەستماندایە. هەر چییەک بێت تەنانەت كاتێک بمانەوێـــت ئەوە ئاشـــكرا بكەیـــن، كە گێـــڕانەوە بـــێجگە لە ڕەوانبێژییەک، شتێكی دیكە نییە، ئەوا هەمدیسان لە بونیاتی گێـــڕانەوەدا كـــار دەكەیـــن: خـــودی ئەمەی، كە وڕێنەكردنـــی سەرەتاییمان لەژێر ڕۆشنایی بەتینی حەقیقەتدا لەناو دەچێت چیـــرۆكێكە، كە بەشـــێوەیەكی ئـــازاراوی، بەڵام بێـــدارتر تێیـــدا دەردەچین،ڕزگـــاربووین لە وڕێنەكـــردن. ئیتـــر بەدەوری بازنەیەكـــدا ســـەما نـــاكەین و لە نهێنیـــیەكە ورد دەبیـــنەوە و چیرۆكەكە بەردەوامی دەبێت.

# بەشی حەوتەم

## زمانی کرداری [19] [ زمانی جێبەجێکاری یا گوتنی کرداریی]

لەم بەشەدا شوێنکەوتەی نموونەیەک لە(تیۆر) دەبین ئەمەش لەڕێگەی بەدواداچوون بۆ چەمکێک، کە لە تیۆری ئەدەبی و کلتوریدا دەرکەوتووە و لەم ڕووەوە ئەوە نیشان دەدات، کە بیرۆکەکان بە ڕاکێشانیان بۆ قەڵەمڕەوی(تیۆر) چ گۆڕانکارییەکیان بەسەرداهاتووە. کێشەی زمانی(کرداریی) بایەخ بە چەند تەوەر و بابەتێکی گرنگ دەدات، کە پێوەندییان بە واتا و کاریگەرییەکانی زمانەوە هەیە و بەرەو پرسیارگەلێک دەربارەی ناسنامە و سروشتی خود پەلکێشمان دەکات.

[19]. (performative language) اللغة الادائية، ئەو زمانەیە، کە وشەکە ڕاستەوخۆ ئەو کردارە لە پڕۆسەی گوتنەکەیدا جێبەجێ دەکات واتە گوتن و کردنی کردارەکە پێکەوەیە. لە کوردیدا دەتوانین زمانی کردارییی، یا زمانی جێبەجێکاری یا گوتنی کردارییی و جێبەجێکاری بۆ بەکاربهێنین. و

## گوتنە کردارییەکان لە ڕوانگەی (ئۆستن)ەوە

**(جەی ئێڵ ئۆستن)** فەیلەسووفی ئینگلیزی چەمکی گوتنی کرداری لە دەیەی ١٩٥٠دا خستەڕوو. ئەو پێشنیاری جیاوازی نێوان دوو جۆر گوتنی کرد: گوتنە **ڕاگەیاندنییەکان**[٢٠] وەکو(جۆرج بەڵێنیدا، کە بێت) ڕاپۆرتێک[٢١] دەخەنەڕوو ، بارودۆخێک وەسف دەکەن و ڕاست یاخود درۆن. گوتنە **جێبەجێکارییەکان یان گوتنە کردارییەکان،** کە ڕاست یاخود درۆ نین و لەڕاستیدا کردارێک کە قسەی تێدا دەکەن ئەنجام دەدەن.

کاتێک دەڵێیت(بەڵێن دەدەم پارەکەت بدەمەوە) وەسفی بارودۆخێک نییە، بەڵکو ئەنجامی کاری بەڵێن دانە، گوتنەکە خودی کردارەکەیە. ئۆستن دەنوسێت کاتێک لە مەراسیمی مارکردندا قەشە یاخود فەرمانبەرێکی شارستانی دەپرسێت: ( ئایا ئەم ژنە وەکو هاوسەری یاسایی خۆت پەسەند دەکەیت؟) و من وەڵام دەدەمەوە(پەسەندی دەکەم) شتێک وەسف ناکەم، ئەم کارە دەکەم(( ڕستەیەک[ڕستەیەکی ڕاپۆرتی] لەبارەی هاوسەرگیری ناخەمەڕوو: ملکەچ دەبم)) کاتێک دەڵێم(پەسەندی دەکەم)، ئەم گوتنە کردارێکە نە ڕاستە نە درۆ. دەشێت گوتنەکەی من بەپێی بارودۆخ گونجاو یا نەگونجاو

---

[٢٠]. مەبەست لە ڕاگەیاندن ئیخبارییە، لە کوردیدا هەواڵگەیاندنیشی بۆ بەکاردێت بەڵام ڕاگەیاندن لە ئێستادا باوترە.و

[٢١].تقرير، report.واتە هەواڵێک لەبارەی شتێکەوە دەخەنەڕوو، گوزارەیەکن.

بێت، دەشێت بەپێی زاراوەکەی ئۆستن (بەجێ=felicitous) یا (نـــابەجێinfelicitous) بێــت. ئەگەر بڵێم(پەســـەندی دەکەم) دەشێت ڕازای نەبم بە گرێبەستی هاوسەرگیری- بۆ نموونە لەپێشـــتر هاوســـەرگیریم کردبێـــت یـــا ئەو کەســـەی، کە مەراسیمەکە بەڕێوەدەبات لەو کۆمەڵگا تایبەتەدا دەسەڵاتی جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی ئەم مەراسیمەی نەبێت. ئۆستن دەڵێت گوتن دەشێت ببێتە(نەپێکراو)، ببێتە گوتنێکی ناخۆش- نـابەجێ، بێگومـان بـووک یـا زاوا یـا ڕەنـگە هەرودووکیـان بەهەمان شێوە دڵخۆش نەبن. گوتنە کرداریيەکان ئەو ئیشە وەسف ناکەن، کە جێبەجێی دەکەن، بەڵکو ئەنجامی دەدەن بە گـــوتنی ئەم وشـــانە(بەڵێن دەدەم)، (فرمـــان دەدەم)، (هاوسەرگیری دەکەم).

تاقیکردنەوەیەکی سادە بۆ دەستنیشانکردنی زمانی کرداریی بـريتييە لە توانـای زیـادکردنی وشـەی(hereby) [بەمە= بەم پێیە]  لە زمانی ئینگلیزیدا لە پێش کارەکە،کە تێیدا hereby واتە(بە گوتنی ئەم وشانە)، (بەم پێیە بەڵێن دەدەم)، (بەم پێیە سەربەخۆیی خۆمان ڕادەگەیەنین)، بەڵام ناڵێین(بەم پێیە بۆ شار دەڕۆین)، بە گوتنی چەند وشەیەکی دیاریکراو ناتوانین کرداری ڕۆیشتن بۆ شار ئەنجام بدەین.

جیاکردنەوەی نێوان  گوتنی کردەیی و ڕاگەیاندن سەرنج بەرەو جیاوازییەکی گرنگ لەنێوان جۆرەکانی گوتنەکان کێش دەکـــات و ئەم لایەنە چـــاکەی بەدواوەیە، کە زمـــان تـــا چ

ئەندازەیەک کردار ئەنجام دەدات نەک ئەوەی، کە تەنیا کردار بخاتەڕوو[ڕاپۆرت بکا]، بەڵام ئۆستن هەرچەندە لە ڕوونکردنەوەی زمانی کرداریی خۆیدا بەرەو پێشتر دەڕوات ڕووبەڕووی کێشەگەلێکی زیاتر دەبێتەوە. دەشێت لیستی (کرداره جێبەجێکارییەکان) ئامادە بکرێت، کە لەسەر شێوەی ڕاگەیاندن و شێوازی کەسی یەکەمدا(بەڵێن دەدەم، فرمان دەکەم، ڕایدەگەیەنم) ئەو کارەی، کە دەیڵێن ئەنجامی دەدەن. بەڵام ناتوانرێ بە ئامادەکردنی لیستی چەند کردارێک، کە کارێکی لەم شێوەیە دەکەن زمانی کرداریی پێناسە بکرێت، چونکە لە بارودۆخە گونجاوەکاندا دەشێت لەبری گوتنی ڕستەی(بەمە فرمانت پێدەدەم، کە بوەستی) بە هاوارکردن بە کەسێک بڵێی(بوەستە!) و کرداری فەرمانکردن بە وەستان ئەنجام بدرێت. گوزارەیەکی[ڕاپۆرتێکی] بەئاشکرا ڕاگەیاندنیی وەک(بەیانی پارەکەت دەدەمەوە)، کە حەتمەن وادەردەکەوێت، کە ڕاست یا هەڵە بێت بەپێی ئەوەی، کە بەیانی ڕوودەدات، دەشێت لە بارودۆخێکی گونجاودا بەڵێنی دانەوەی پارەکەتان بێت و نەوەک وەسفکردن یا پێشبینییەکی وەک(ئەو بەیانی پارەکەت پێدەداتەوە)، بەڵام هێندە بەسە، کە بوونی ئەم جۆرە(گوتنە کردارییە شاراوەکان)، کە تیایاندا باس و خواستێکی کرداری ڕاگەیاندن لەئارادا نییە پەسەند بکەیت، ئەو کاتە ناچاریت دان بەوەدا بنێیت،کە هەر گوتنێک بەشێوەیەکی شاراوە[لەناوەوەی] دەشێت زمانی کرداری بێت. دەشێت

ڕستەی(پشیلەکە لەسەر مافورەکەیە)،کە گوتنێکی ڕاگەیاندنی بنەڕەتییە بە شێوەیەکی کورتکراوەی ڕستەی(بەم پێیە جەخت دەکەمەوە،کە پشیلەکە لەسەر مافورەکەیە) دابنرێت، واتە بە گوتنێکی کرداری، کە ئەو کارە دوپاتکراوەیەی، کە دەیڵێت ئەنجامی دەدات. گوتنە ڕاگەیاندنییەکانیش کارێک ئەنجام دەدەن- کاری ڕوونکردنەوە، دووپاتکردنەوە، وەسفکردن و هیتریش. دەبینین،کە ئەوانیش جۆرێکن لە زمانی کردارییی. لە قۆناغی دواتر ئەم خاڵە گرنگییەکی زیاتری دەبێت.

## گوتنە کردارییەکان و ئەدەب

ڕەخنەگرانی ئەدەبی بە ئامێزێکی ئاوەڵاوە پێشوازییان لە بیرۆکەی زمانی کرداری کردووە بەم هۆیەی،کە یارمەتییان دەدات تا گوتاری ئەدەبی وەسف بکەن. ماوەگەلێکی دورودرێژە، کە تیۆریستان داوایان لێکردووین بارتەقای گرنگیپێدانمان بەوەی، کە زمانی ئەدەبی **ئەنجامی دەدات** گرنگی بەوەش بدەین، کە **دەیڵێت** و چەمکی زمانی کردارییی پاساوێکی زمانناسی و فەلسەفی بۆ ئەم بیرۆکەیە بەدەستەوە دەدات: پۆلە گوتنێک هەن، کە بەر لە هەر شتێک کارێک ئەنجام دەدەن. پێگەکەی هەمان پێگەی زمانی کردارییە، گوتنی ئەدەبی ئاماژە بە بارودۆخێکی پێشوو ناکات و ڕاست یا هەڵە نییە. گوتنی ئەدەبیش لە چەند لایەنێکی جۆراوجۆرەوە ئەو بارودۆخەی،کە ئاماژەی بۆ دەکات خۆی دەیخولقێنێت. لەپێش هەمووان و بەوپەڕی سادەییەوە کەسایەتییەکان و

کردارەکانیان دەخولقێنێت. سەرەتای (یۆلیوسیس)ی (جێمس جۆیس)(باک مالیگنی قەڵەو و بەشکۆ کەمۆڵەیەکی پڕ لە کەفی ڕیشتاشین بەدەستییەوە، کە ئاوێنە و جویزانێکی لەسەر بوو لە پلیکانەکان دەهاتە خوارەوە) ئاماژە بە بارودۆخیکی پێشوو ناکات، بەڵکو ئەم کەسایەتییە و ئەم بارودۆخە دەخولقێنێت.(**ڕۆشفۆکۆ کۆڵ**) لەو باوەڕە دایە ، کە ئەگەر مرۆڤەکان لە ناو کتێبەکان شتیان دەربارەی عاشق بوون نەخوێندبوایەوە، ئەوا هەرگیز کەسێک بیری لە عاشق بوون نەدەکردەوە و بیرۆکەی خۆشەویستی ڕۆمانتیکی(و زاڵی ئەو جۆرە خۆشەویستییە لە ژیانی کەسەکاندا) بێگومان ئافراندێکی ئەدەبی بەرزە. لە خودی ڕۆمانەکانیش هەر لە دۆنکیشۆتەوە بگرە تا مادام بۆڤاری وەکو ئەوەی دەیزانین تاوانی بیرە ڕۆمانتیکییەکان دەخەنە ئەستۆی کتێبەکانی دیکەوە.

بە کورتی زمانی کرداریی بەکارهێنانێکی زمان دەکاتە چەقی گرنگیپێدان، کە پێشتر وەکو شتێکی پەراوێزی سەیری دەکرا- بەکارهێنانی چالاک و جیهان خولقێنی زمان، کە لە زمانی ئەدەبی دەچێت- و یارمەتیمان دەدات تاوەکو ئەدەب وەکو کارێک یا ڕووداوێک درک بکەین.کاتێک ئەدەب بە زمانی کرداری دابنێین بەرگریکرن لە ئەدەبیش بەلامانەوە سادەتر دەبێت: ئەدەب پۆلە گوزارەیەکی [کۆمەڵە ڕستەیەکی] نیمچە ڕاپۆرتیانەی بێسەروپا نییە، بەڵکو لەنێو ئەو کارانەی زمان

شوێنی خۆی دەکاتەوە، کە جیهان دەگۆڕن، واتە ئەوەی ناوی دەهێنن دەیهێننەکایەوە.

زمانی کرداری بە ڕێگەیەکی دیکەش لەگەڵ ئەدەب پەیوەست دەبێت. لانیکەم لەڕووی بنەماوە زمانی کرداری پێوەندی نێوان واتا و مەبەستی قسەکەر دەپچڕێنێت، چونکە ئەوە مەبەستی ئێمە نییە، کە ئەوە دیاریدەکات، کە بە وشەکانمان چ کارێک ئەنجام دەدەین، بەڵکو ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتیی و زمانییەکان لەم نێوانەدا دەستنیشانەرن. ئۆستن دوپاتی دەکاتەوە، کە گوتن نابێت وەکو دالێکی دەرەکی کردارێکی ناوەکی لێی بڕوانرێت، کە بە ڕاست یان هەڵە دیاریکەر و دەستنیشانکەری ئەو کردارەیە. کاتێک لە بارودۆخگەلێکی گونجاودا دەڵێین: (بەڵێن دەدەم) بەڵێنمان داوە، کرداری بەڵێ دانمان ئەنجام داوە، گرنگیش نییە لە چرکەساتی گوتنی ئەم وشانە چی بە مێشکماندا هاتووە، لەبەرئەوەی گوتنە ئەدەبییەکان لە هەمان کاتدا ڕووداوێکن، کە تیایاندا مەبەستی نووسەر بە دیاریکەری واتاکانیان هەژمار ناکرێت. وادەردەکەوێت شێوازی زمانی کرداری پێوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە [لەگەڵ بابەتەکەدا].

ئەگەر زمانی ئەدەبی کردارێکە و ئەگەر گوتنێکی کرداری ڕاست یا هەڵە نییە، بەڵکو بەجێ یا نابەجێیە، ئەوا مەبەستمان لە گوتنێکی ئەدەبی بەجێ یا نابەجێ چییە؟کەواتە ئەمە ئیتر شتێکی ئاڵۆزە. سەرەتا نابەجێیی ڕەنگە ناوێکی دیکەی بێت بۆ

ئەوە شتەی، کە ڕەخنەگران بەشێوەیەکی گشتی گرنگی پێدەدەن. کاتێک ڕووبەڕووی ئەم دێڕە بەرایییەی سۆنێتەکەی شکسپیر دەبینەوە: (چاوانی دلبەری من هیچ لە خۆر ناچێت)، ناپرسین،کە ئەم گوتنە ڕاستە یا هەڵە، بەڵکو دەپرسین، کە چی دەکات، چۆن لەگەڵ بەشەکانی دیکەی شیعرەکەدا دەسازێت و ئایا لەگەڵ دێڕەکانی دیکەدا دەگونجێت(بەجێیە). ئەمە ڕەنگە یەکێک لە ڕوانینەکان بێت بۆ بەجێیی، بەڵام نموونەی زمانی کرداریی سەرنجمان بۆ چەند نەریتێک ڕادەکێشێت، کە دەبنە هۆی ئەوەی گوتنێک ئامرازی بەڵێندان بێت یا ببێتە شیعر- واتە ببێتە نەریتەکانی سۆنێت- کەواتە بەجێیی گوتنێکی ئەدەبی دەشێت پێوەندییەکانی ئەو گوتنە لەگەڵ نەریتەکانی ژانرێکی ئەدەبی یەکبگرێتەوە. ئایا ئەم گوتنە پەیڕەوی ئەم نەریتانەی کردووە و لەبەرئەمە سەرکەوتوو بووە لە بە سونێت بوون یان ئەوەی، کە سەرنەکەوتوو بووە لەوەی، کە ببێتە سۆنێت؟ بەڵام سەرەڕای ئەمانە دەشێت وا خەیاڵ بکرێت، کە دانراویکی ئەدەبی تەنیا کاتێک پەسەند دەکرێت، کە بە بڵاوبوونەوە و خوێندنەوە و وەرگرتنی وەکو بەرهەمێکی ئەدەبی بە تەواوەتی بگۆڕێت بۆ ئەدەب، ڕێک وەکو گرەو کردن، کە تا پەسەند نەکراوە گرەوکردن نییە. بە کورتی بیرۆکەی ئەدەب وەکو زمانی کرداریی ئەوەمان بەسەردا دەسەپێنێت، کە بیرمان بەکار ببەین لەو کێشە ئاڵۆزەی سەبارەت بەوەی: کە مەبەستمان چییە لەوەی، کە

بەدواییەکداهاتنێکی ئەدەبی سەرکەوتووە[ئەم بەدواییەکداهاتنە ئەدەبییە چ کارێک ئەنجام دەدات تا سەرکەوتن و کاریگەری بنوێنێت].

## گوتنە کردارییەکان لای دریدا

چرکەساتێکی گرنگی پاشتر لە سەرگوزشتەی زمانی کرداریدا ئەو کاتەیە، کە ژاک دریدا سوود لە ڕوانینی ئۆستن وەردەگرێت. ئۆستن گوتنە کردارییە هەتەرییەکانی[جیددییەکانی]، کە کردارێک ڕاستەوخۆ جێبەجێ دەکەن وەکو بەڵێن دان یا هاوسەرگیری کردن لە گوتنە ناجیددییەکان جیاکردبووەوە. ئەو گوتبووی، کە شیکردنەوەکەی دەربارەی چەندین وشە ڕاست دەردەچێت، کە بە جیددییانە گوترابن(بۆ نموونە نابێت مەبەستی گاڵتەپێکردنمان هەبێت یا لە ئان و ساتی نووسینی شیعردا بین، پێویستە درککردنمان بۆ گوتنە کردارییەکان چ پەسەند و چ ناپەسەند لەسەر ئەم بنەمایە بێت، کە لە بارودۆخە ئاساییەکاندا دەرخراون) بەڵام دریدا ئەم مشت و مڕەی خستۆتەڕوو، کە ئۆستن کاتێک خۆی بە (بارودۆخە ئاساییەکان) گرێدەدات ئەوا ئەو شێوازە بێشومارانەی، کە پارچە وردەکانی زمان دەشێت تیایاندا دووبارە ببنەوە دەخاتەلاوە- دووبارەبوونەوە بە شێوازی(ناهەتەری)،بەڵام لەسەر شێوەی هەتەریدا بۆ نموونە بەشێوازی (نموونەهێنانەوە) یا (وەرگرتن) ئەم ئیمکانیەتەی دوبارە

بوونەوە لە بارودۆخێکی نوێدا شێکی خودی و جەوهەریی سروشتی زمانە، هەر شتێک، کە نەشێت بە شێوەیەکی(ناهەتەری) دووبارە بکرێتەوە زمان نییە و تەنیا نیشانەیەکی دانەبڕاوە، کە بە بارودۆخێکی فیزیکییەوە لکێنراوە. شیانی توانای دووبارەبوونەوە شتێکی بنەڕەتییە بۆ زمان و زمانی کردارییەکان بەشێوەیەکی تایبەت تەنیا ئەو کاتە کارایی بەدەست دێنن، کە لەسەر شێوەی کۆپییەک لە دارشتە چەسپاوەکان[version] یا وەرگرتنێکی دارشتە چەسپاوەکان درک بکرێن، وەک(پەسەندی دەکەم) یا (بەڵێن دەدەم) ، (ئەگەر زاوا لەبری (پەسەندی دەکەم) بڵێت(باشە دەشێت نەتوانێت لە گرێبەستی هاوسەرگیری سەرکەوتن بەدەست بێنیت) دریدا دەپرسێت: (ئایا گوتنێکی کرداری، کە دارشتەکەی دووبارەبوونەوەیەکی دەنگی "بەرەمزکراو" یا شیاوی دووبارە بوونەوە نەبێت، بە دەربڕینێکی دیکە ئەگەر دارشتەیەک، کە من دەیڵێم تا دەست بە کۆبوونەوەیەک بکەم، ناو لە بەلەمێک بنێم، یان گرێبەستی هاوسەرگیری بکەم بەشێوەیەکی ڕوون پەیڕەوی لە نموونەیەک، کە شیاوی دووبارە بوونەوەیەوە نەکات و ئەگەر لە ئەنجامدا لەسەر شێوەی جۆرە وەرگرتنێک نەبێت، کە شیاوی درککردن بێت، ئایا ئەم گوتنە سەرکەوتوو دەبێت؟) ئۆستن نموونەگەلێکی تایبەتی هەروەک دریدا ناوی ناوە(شیانی دووبارەبوونەوەی گشتی)، کە پێویستە بە یاسای زمان هەژمار بکرێن بە

نەگونجاو، ناهەتەری، یا ڕیزپەڕ دادەنێت و دەیانسڕێتەوە. ئەمە (گشتی) و بنەڕەتییە لەم ڕووەوەی، کە شتێک کاتێک دال(نیشانە)یە، کە بشێت لە تەواوی بارودۆخەکاندا بۆنموونە لە بارودۆخە (ناهەتەرییەکان)دا لێی وەربگیرێت و دووبارە بکرێتەوە. زمان لەم ڕووەوە کردارێکە، کە تەنیا زانیارییەکان ناگوازێتەوە، بەڵکو بە دووبارەکردنەوەی کاتیگۆرییە گوتارییە چەسپاوەکان یا شێوازی کارە چەسپاوەکان کردارگەلێک ئەنجام دەدات.

دریدا زمانی کرداری بە کێشەی گشتی کردارگەلێک دەبەستێتەوە، کە لە مەیدانی سیاسی و هەروەها ئەدەبیش دەبنە سەرچاوە یا دەسپێک. کردارگەلێک، کە شتێکی تازە دەئافرێنن. چ پێوەندییەک لەنێوان کردارێکی سیاسی وەک ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، کە بارودۆخێکی تازە دەئافرێنێت و گوتنە ئەدەبییەکان، کە هەوڵدەدەن بە کردارگەلێک، کە چەند گوزارەیەکی ڕاگەیاندنی نین، بەڵکو جێبەجێکارین بۆنموونە (بەڵێندان) شتێکی تازە دابهێنن؟ کرداری سیاسی و ئەدەبی هەردووکیان پشتیان بە ئاوێتەیەکی ئاڵۆز و هاودژیانەی گوتنە کرداریی و ڕاگەیاندنییەکان بەستووە، کە تێیدا کردار بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێنێت پێویستە ئاماژە بۆ بارودۆخێک بکات، بەڵام لەهەمان کاتدا سەرکەوتنەکەی پێویستی بە هێنانەکایەوەی چەند مەرجێکە،کە ئاماژەیان بۆ دەکات. بەرهەمە ئەدەبییەکان بانگەوازی ئەوە دەکەن، کە

قسـمان دەربارەی جیهان بۆ دەکەن، بەڵام ئەگەر سەرکەوتنێک بەدەست دەهێنن ئەوا لەبەرئەمەیە، کە خۆیان ئافرێنەری کەسایەتییەکان و ڕووداوگەلێکن، کە دەیگوازنەوە. لە مەیدانی سیاسەتیشدا لە کرداره کرانەوەییەکاندا[افتتاحییە=inaugural] ئەم بابەتە ڕاست دەردەچێت، بۆ نموونە لە (ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی) ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ڕستەی سەرەکی بەم شێوەیە: (بەم پێیە ... ڕایدەگەیەنیین، کە ئەم کۆمەڵە خەڵکە ژێردەستە یەکگرتووەی چەندین ویلایەت سەربەخۆ و ئازادن و پێویستە سەربەخۆ و ئازادیش بن)، ڕاگەیاندنی ئەوەی، کە ئەم ویلایەتانە سەربەخۆن گوتنێکی کردارییە،کە وابڕیارە واقیعییەتێکی نوێ، کە ئاماژەی بۆ دەکات بهێنێتەکایەوە، بەڵام بۆ بەهێزکردنی ئەم پڕوپاگەندەیە جەختکردنەوەیەکی ڕاگەیاندنی لەگەڵیدا هاوتەریب بووە بەوەی، کە پێویستە ئەم ویلایەتانە سەربەخۆ بن.

## پێوەندییەکانی نێوان گوتنی کرداری و ڕاگەیاندنی

ئاڵۆزی و پەشێوی لەنێوان کرداری و ڕاگەیاندنی لە ئەدەبیشدا بە ڕوونی دەردەکەوێت و دەشێت ئەوە ببینرێت، کە هەمان ئەو کێشەیەی، کە یەخەی ئۆستنی گرت لە جیاکردنەوەی کرداری و ڕاگەیاندنی لەسەر شێوەی تایبەتمەندییەکی زۆر گرنگی ڕۆڵی زمان لە ئەدەبدا دەربکەوێت، ئەگەر هەر گوتنێک هەم کرداری بێت و هەمیش

ڕاگەیاندنی واتە لانیکەم هەڵگری جەختکردنەوەیەکی شاراوە بێت دەربارەی بارودۆخێکی دیاریکراو و کردارێکی زمانی ، ئەوا پێوەندی لەنێوان ئەوەی، کە گوتنێک دەیڵێت لەگەڵ ئەوەی، کە دەیکات هەمیشە هاوئاهەنگ یا یارمەتیدەرانە نییە. بۆ ئەوەی، کە ببینین لە مەیدانی ئەدەبیاتدا چی دەگوزەرێت، خراپ نییە بگەڕێینەوە بۆ سەر شیعری(**نهێنی دانیشتووە**)ی ڕۆبێرت فرۆست:

لە دەوری بازنەیەکدا سەمادەکەین و گومان دەبەین

بەڵام نهێنی لەناوەڕاستی بازنەکەدا دانیشتووە و دەزانێت

ئەم شیعرە وابەستەیە بە هاودژی نێوان گومانبردن و زانین. بۆ دۆزینەوەی هەڵوێستی شیعرەکە لە بەرامبەر ئەم دژوازییە، واتە ئەو بەهایانەی، کە بۆ ئەم دوو بارودۆخە هاودژە دایدەنێت، دەشێت بپرسیت، کە ئایا خودی شیعرەکە لە پێگەی گومانبردندایە یا زانین. ئایا شیعرەکە وەکو(ئێمە)، کە بەدەوری بازنەکەدا سەمادەکەین، گومان دەبا یان وەکو (نهێنی) دەزانێت؟ دەشێت وا وێنا بکەیت، کە شیعر لەبەرئەوەی بەرهەمی خەیاڵکردنی مرۆییە، خۆی دەبێتە نموونەیەک لە گومانبردن، بارێک لە سەماکردن بەدەوری بازنە، بەڵام سروشتێکی هۆشمەندانە و پەندئامێزانەی ئەو بارە و ڕاگەیاندنی بێگومانیەی ئەمەی، کە نهێنی(دەزانێت) وای لێدەکات، کە بە ڕاستی زانا بێت، کەواتە ناشێت دڵنیا بین، بەڵام ئەم شیعرە چ شتێکمان دەربارەی زانین نیشان دەدات؟

کەواتە نهێنی، کە شتێکە مرۆڤ دەیزانێت یا نایزانێت- و لە ئەنجامدا بابەت[ئۆبژێکت] زانینە- لێرەدا لەڕێگەی خوازەی ڕەها[مجاز المرسل] یان هاوسێیەتی، خود[ئۆبژێکت]دەبێتە زانین، **ئەوەی دەیزانێت و نەک ئەوەی زانیویەتی یا نەیزانیوە.** بە هێنانی ئەم بوونە واتە نهێنی[secret] بە پیتێکی گەورە[کاپیتاڵ] و دانانی کەسایەتی بۆی شیعرەکە چەند پرۆسەیەکی ڕەوانبێژی ئەنجام دەدات، کە بابەت[ئۆبژێکت] زانین بۆ پێگەی خود[سەبژێکت] بەرز دەکاتەوە. بەم شێوەیە شیعرەکە ئەوەمان نیشان دەدات، کە گومانێکی ڕەوانبێژی دەتوانێت زانا بهێنێتەکایەوە، دەتوانێت نهێنی بۆ خود، بۆ کەسایەتییەک لەم شانۆیە بچووکە بگۆڕێت. نهێنییەک، کە دەزانێت لەڕێگەی کرداری گومانبردنەوە خولقاوە ، ئەم کردارە نهێنی لە پێگەی بابەتی[**کەسێک، کە نهێنییەک دەزانێت**] بۆ پێگەی خود[**نهێنی دەزانێت**] بردووە.بەم شێوەیە شیعرەکە ئەوەمان نیشان دەدات، کە جەختکردنەوە ڕاگەیاندنییەکەی، ئەوەی نهێنی دەزانێت وابەستەی گومانێکی کردارییە: گومانێک، کە نهێنی بۆ خودێک دەگۆڕێت، کە وا گومان دەکرێت دەیزانێت. ڕستەکە **دەڵێت** کە نهێنی دەزانێت، بەڵام **ئەوە نیشان دەدات،** کە ئەمە گومانە.

لەم قۆناغەی سەرگوزشتەی زمانی کرداریدا هاودژی نێوان ڕاگەیاندنی و کرداریی سەرلەنوێ پێناسە کراوەتەوە: ڕاگەیاندنی زمانێکە، کە بانگەشەی ئەوە دەکات شتەکان

بەهەمـــان ئەو شـــێوەیەی، کە هەن نیشـــان دەداتەوە، نـــاوی شتگەلێک دەبات، کە پێشوەختە هەن و زمانی کرداریی چەند خستنەگەڕێکی ڕەوانبێژییە، کردارەکانی زمان،کە بە سەپاندنی کـــەتیگۆرییە زمانییەکـــان، هێنانەکـــایەوەی شـــتەکان، پێـــدانی ڕێکخســـتن بە جیهـــان لەبـــری نیشـــاندانەوەیەکی وشـــکوبرینگی ئەوەی، کە هەیە، دەبێتە مایەی لەقکردنی ئەم بانگەشەیە. لێردا دەشێت(مەتەڵ=aporia)[٢٢]یک لەنێوان زمانی کرداری و زمانی ڕاگەیاندنیـــدا دەستنیشـــان بکرێـــت. (ئاپۆریـــا= مەتەڵ)یـــک، کە(ڕێگەیەکی داخـراو)ی دوودڵییەکی بێ وەڵامە، بۆ نموونە لەوکـــاتەی، کە مریشـــک وابەســـتەی هـــێلکەیە، بەڵام هـــێلکەش وابەســـتەیە بە مریشـــک. کاتێـــک بمانەوێـــت بانگەشـــەی ئەوە بکەین، کە زمان بە جۆرێکی کرداریی کار دەکات تا شکڵ و شـــێوە بە جیهـــان بـــدات، تـــاکە ڕێگـــایەک، کە هەمـــانە ســـوودوەرگرتنە لە گـــوتنێکی ڕاگەیانـــدنی هاوشـــێوەی ئەم گوتنە(زمـــان شـــکڵ و شـــێوە بە جیهـــان دەدات)، بەڵام بەپێچەوانەوە بۆ ئەوەی بانگەشـەی ڕوونی ڕاگەیاندنی زمان بکەیـن، ئەوا ڕێگەیەکمـان جگە لە دەسـت بەدامـان بـوون بە کـــرداری گـــوتن[speech act] لەبەردەمـــدا نیـــیە. چەنـــد گوزارەیەک، کە کاری خستنەڕوو ئەنجام دەدەن بەناچاریانە

---

[٢٢]. ئاپۆریا وشـەیەکی یۆنانییە و لەڕێگەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە هاتۆتە ناو ئەدەب لە یۆناندا هونەرێکی ڕەوانبێژی بووە کە تێیدا شاعیر یا قسەکەر پرسیارێکی فەلسـەفی یەکلاییەنەکراوەی دەخستەڕوو.و .کوردی

بانگەشـەی ئەوە دەکەن، کە جگە لە نیشـاندانەوەی ئەوەی، کە هەیە شتێکی دیکە ناکەن، بەڵام وێڕای ئەمانە ئەگەر بتەوێت پێچەوانەی ئەوە نیشـان بدەیت- واتە ئەوە نیشـان بدەیت، کە بانگەشـەی نیشـاندانەوەی هەمـوو شـتێک بەو شـێوەیەی، کە هەیە لە ڕاسـتیدا کەتیگۆرییەکـانی خـۆی بەسـەر جیهانـدا دەسـەپێنێت- هـیچ ڕێگەیەکت نییە بـێجگە لەوەی بانگەشـەی ئەوە بکەیـت،کە واقیعـیەتەکە ئەمەیە یـا ئەمە نیـیە. کاتێـک چەندوچون لەبارەی ئەوە دەکەیت، کە کاری ڕوونکردنەوە یا وەسـفکردن لەڕاسـتیدا کـرداریيە، ئەوا پێویسـتە چەنـدوچونەکەتان شـێوەی دەرخەر یـان گـوزارە ڕاگەیاندنییەکان لەخۆ بگرێت.

## زمانی کرداری لای باتلەر

کۆتـا قۆنـاغی ئەم سەرگوزشـتە کـورتەی زمـانی کرداریـی دەرکەوتنی(تیۆری کرداریی ڕەگەز و سێکسواڵیتە)یە لە تیۆری فیمینیسـی و لە لێکـۆڵینەوە هاوڕەگەزخوازییەکـانی ژنـان و پیاوانـدا. لێـرەدا کـارەکتەری سـەرەکی جۆدیـت بـاتلەری فەیلەسـووفی ئەمـریکییە، کە کتێبەکـانی (کێشـەی جێنـدەر : فیمینیـزم و داڕوخـانی ناسنامە)(١٩٩٠) و (جەسـتەگەلێک، کە گـرنگن)(١٩٩٣) و گـوتنی بـزوێنەر: سیاسـەتی کـرداری گـوتن (١٩٩٧) لە مەیـدانی لێکـۆڵینەوە ئەدەبـی و کلتورییەکانـدا بەتایبەت لە تیۆری فیمینیستی و لە مەیدانی تـازەی لێکۆڵینەوە

هاوڕەگەزخوازییەکانی ژنان و پیاواندا کاریگەرییەکی زۆری هەبووە.

لە کۆتاییدا پێشڕەوانی هاوڕەگەزخوازی پیاوان، کە کارەکەیان لە مەیدانی تیۆری کلتوریدا بە بزووتنەوە سیاسییەکان بۆ ئازادی هاوڕەگەزخوازی پیاوان گرێدراوە ناوی(تیۆری سەیرtheory queer)[٢٣] یان پێدراوە. ئەوان تیۆرەکەی خۆیان بە باوترین سەرزەنشتکردن، کە ئاوڵناوی(سەیر!)ەیە و بە هاوڕەگەزخوازن دەدرا ناوناوە، ئەم سەرزەنشتکردنەیان بۆ کۆمەڵ گەڕاندۆتەوە. ئەو قومارەی، کە دەستیان بۆ بردووە ئەمەیە، کە ڕەنگە نیشاندانی ئەم ناوە بتوانێت واتاکەی بگۆڕێت و ئەم ناوە لەبری سەرزەنشتکردن ببێتە نیشانەیەکی شانازیکردن. لێرەدا لە پرۆژەیەکی تیۆریدا سوود لە هەمان ئەو تەکنیکانە وەرگیراوە، کە دیارترین ڕێکخراوە چالاکەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئایدزدا بەکاری دەهێنن- بۆ نموونە کۆمەڵەیACT-UP کە لە خۆپیشاندانەکانیان دروشمگەلێکی وەک ئەمە بەرزدەکرێتەوە: (ئێمە ئەمەین، هاوڕەگەزخوازین، ڕابێن! )

---

[٢٣]. دەبڕینێکی بریندارکەرانەیە بۆ هاوڕەگەزخوازەکان لە بنەڕەتدا لە زمانی ئینگلیزی بەواتای سەیر و سەمەرە و عاجباتی بووە، سەردەمێک بۆ سوکایەتیپێکردن بە هاوڕەگەزخوازە پیاوەکان بەکاردەهێنرا، لە کوردیدا وشەی سەیرمان بەرامبەری داناوە.

باتلەر لە **کێشەی جێندەردا**[gender trouble] دەربارەی ئەم بیرە باوەی ناو نووسینە فیمینیستییە ئەمریکییەکاندا هەڵوێستێکی ناکۆکی هەیە بەوەی، کە سیاسەتێکی فیمینیستی پێویستی بە هەبوونی ڕوانینێک بۆ ناسنامەی ژنانە هەیە، بیروتێڕوانینێک بۆ تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکان، کە ژنان وەکو ژن تێیدا هاوبەشن و ئەم تایبەتمەندییە چەند بەرژەوەندی و ئامانجێکی هاوبەشیان پێدەبەخشێت، بەڵام لە ڕوانگەی باتلەردا کەتیگۆرییە بنەڕەتییەکانی ناسنامە دروستکراوی کلتور و کۆمەڵگان و لەڕاستیدا زیاتر ئەنجامی هاریکاری سیاسین تا ئەوەی مەرجی شیان و هاتنەدی ئەو شتە بن. ئەم کەتیگۆرییانە کاریگەری سروشتی بوون دەهێننەکایەوە(کارێک دەکەی، کە وەکو ژنێکی سروشتی هەست بە خۆم بکەم ) **ئارتا فرانکلینت لەبیر بێت** و بە سەپاندنی پێوەرەکان (پێناسەی ئەوەی، کە ژن بوون واتا چی) ئەوانەی، کە ڕادەستی ئەم پێوەرانە نابن بە سڕینەوە هەڕەشەیان لێدەکرێت. باتلەر لە **کێشەی جێندەردا** پێشنیازی ئەوە دەکات، کە ڕەگەز وەکو کردارێک لەبەرچاو بگرین، بەو واتایەی کە ڕەگەز شتێک نییە، کە مرۆڤ هەیەتی، بەڵکو ئەو شتەیە، کە مرۆڤ دەیکات. پیاو ئەوە نییە، کە هەیە، بەڵکو ئەو کارەیە کە دەیکات، مەرجێکە، کە جێبەجێی دەکات. ڕەگەزتان بە کارەکانتان دروست دەبێت. ڕێک وەکو بەڵێنێک کە بە کاری بەڵێن دان دێتەکایەوە. مرۆڤەکان لەڕێگەی کردارە دووپاتبووەکان- هاوشێوەی

زمانی کرداریی ئۆستن- و  بەپێی ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێگە ئاساییەکانی ئەنجامدانی هەر کاریک، کە لە کلتورێکدا هەیە دەبنە ژن یا پیاو. ڕێک بەهەمان ئەو شێوەیەی کە ڕێگەیەکی چەسپاو و ڕێسامەندانەی کۆمەڵایەتیی بۆ بەڵێندان، گرەوکاری ، فرماندان، هاوسەرگیری هەیە، شێوازە چەسپاوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پیاو بوون یا ژن بوون لەئارادایە.

مەبەست ئەمە نییە، کە ڕەگەز هەڵبژاردنێکە، ڕۆڵێکە، کە مرۆڤ دەیگێڕێت وەکو پۆشاکێک، کە بەیانیان هەلیدەبژێریت و لەبەری دەکەیت. ئەم قسەیە وەکو ئەمەیە، کە بڵێین خودێکی بێ ڕەگەز پێش هەڵبژاردنی ڕەگەز بوونی هەیە، لەبەرامبەردا لەڕاستیدا ئەسڵەن بۆ خودبوون پێویستە ڕەگەز هەبێ: ناشێت لەم سیستەمەی ڕەگەزدا ببیت بە تاکەکەس بەبێ ئەوەی پیاو یا ژن بیت. باتلەر لە (ئەو جەستانەی،کە گرنگن)دا دەنووسێت: (ئەم (من)ە ملکەچی ڕەگەزە، بەڵام ئەمە ڕەگەزە کە دەیگۆڕێت بۆ خود، نە لە پێش ئەم پرۆسەی ڕەگەزوەرگرتنەیە و نە شوێنکەوتەیەتی، بەڵکو تەنیا لە ناخدا و وەکو قاڵبێکی خودی پەیوەندییە ڕەگەزییەکان دەردەکەوێت) کرداریی بوونی ڕەگەزیش نابێت وەکو تاکە کردارێک سەیری بکرێت، ئەو شتەی، کە بە فلان کردار بەدەست دێت لەڕاستیدا (دووبارەبووەوە و گوازراوە)یە، دووبارەبوونەوەی خورتەکیانەی پێوەرە ڕەگەزییەکانە،کە ژیان بە خودە

بەڕەگەزکراوەکان دەبەخشن و سنووردارى دەکەن، بەڵام لە کرۆکدا خۆیان سەرچاوەى بەرگریکردن، داڕوخان ، لادانن.



**دەستە چەپ دڵڕفێنە**

لەم ڕوانگەیەوە ئەم گوتنە: (کچە!) یا(کوڕە!)، کە بەپێى نەریت بەو گوتنانە بەخێرهاتن لە هاتنى منداڵێک بۆ سەر دونیا دەکرێت، پتر لەوەى گوتنیکى ڕاگەیاندنى بێت(کە بەپێى بارودۆخ دەشێت ڕاست بێت یا هەڵە) هەوەڵین گوتنى کردارى

له زنجیرەیەکی درێژی گوتنە کرداریی‌یەکان ئافرێنەری خودێکە، کە هاتنی بۆ سەر دونیا ڕادەگەیەنرێت. ناولێنانی کچ دەسپێکی پرۆسەیەکی بەردەوامی (بەکچ کردن) و دروستکردنی کچە لەڕێگەی پێسپاردنی (ئەرکی)دووبارەکردنەوەی خورتەکیانەی پێوەرە ڕەگەزیی‌یەکان ،(وەرگرتنی خورتەکیانەی پێوەرێک). لەبنەڕەتدا بەخود بوون واتە پێدانی ئەم ئەرکە دووبارەکردنەوەیە، بەڵام ئەرکێک کە هەرگیز هاوشێوەی ئەوەی کە پێشبینی دەکرێت جێبەجێی ناکەین – و ئەمە بەلای باتلەرەوە گرنگی‌یەکی زۆری هەیە-بەم هۆیەشەوە هەرگیز بەشێوەیەکی گشتی لەم پێوەرە ڕەگەزیی‌یانە و نموونە باڵاکانی[ideal] داناچەقین، کە ناچارین بەرەو ڕوویان جووڵە بکەین ، لەم کەلێنەدا، لەم ڕێگە جیاوازەی ئەنجامدانی (ئەرکی) ڕەگەزیمان شیانەکانی بەرگریکردن و گۆڕانکاری خۆی حەشارداوە.

ئەوەی لێرەدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە ئەمەیە کە زمان چۆن لە دووبارەبوونەوەی پێوەرەکانی پێشوو، کردارەکانی پێشوو، هێزی کرداریی خۆی بەدەست دەهێنێت. لەبەرئەمە سەرزەنشتکردنی(سەیر!queer) لە مەرام یا دەسەڵاتی قسەکەر، کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە گەمژەیەکی تەواو نەناسراوە بەلای گوێگری سەرزەنشتکراو تین و هێز وەرناگرێت، بەڵکو لەو واقیعیی‌یەتە تین و توانا وەردەگرێت کە هاواری(سەیر!) دووبارەکردنەوەی سەرزەنشتکردنە

هاوارکراوەکانە لە ڕابردوودا، لێپرسینەوەکان یا گوتارگەلێک، کە لەڕێگەی شەرمەزارکردن یا سەرزەنشتکردنێکی دووبارەبووەوە خودی[سەبژێکیت] هاوڕەگەزخوازییانەیان خولقاندووە(سەرزەنشتکردن پێویستی بەوە هەیە، کە وا هەڵسوکەوت لەگەڵ شتێکدا بکەین، کە دەکەوێتە ئەودیوی سنوورەوە، واتە وا پێویست دەکات، کە شتێک وا دابنێین، کە شیاوی ئەوە نییە قسەی لەبارەوە بکرێت ): (هەر شتێک جگە لەمە!) **باتلەر** دەنووسێت:

(سەیر!) بەشێوەیەکی ورد هێزەکەی لەڕێگەی پاڕانەوە دووبارەبووەوەکان وەرگرتووە کە بەدرێژایی کات پێوەندی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە هاوڕەگەزخوازەکاتندا ترسیان بەرهەمهێناوە. لێپرسینەوە دەنگدانەوەی لێپرسینەوەکانی ڕابردووە و قسەکەران پێکەوە دەبەستێتەوە، وەک بڵێی بەدرێژایی کات بە یەک دەنگ قسەیان لەگەڵ یەک کردووە. بەم واتایەی کە هەمیشە کۆرسێکی خەیاڵی هەن کە پێکەوە بە تانە هاواردەکەن(سەیر!).

ئەوەی هێزێکی کرداریی بەم سەرزەنشتکردنە دەبەخشێت خودی دووبارەکردنەوەکەی نییە، ئەم سەرزەنشتکردنە بەهێزە، چونکە دەشێت ئەوە ببینرێت، کە کت و مت لەگەڵ شێوازێک و پێوەرێک و لەگەڵ مێژوویێک لە سڕینەوەدا گرێدراوە. ئەم گوتنە بەشێوەیەکی شاراوە ئەوە دەگەیەنێت، کە گۆیندە قسەکەری ئەو شتەیە، کە (ئاسایی=normal)ە و

بەدوای ئەوەوەیە تـا گـوێگر بە لادەر و لەسـنوور دەرچـوو دابنێت.

ئەم دووبارەکردنەوەیە، وەرگرتنی دارِشتەیەکی پەیوەست بەو پێوەرانەی، کە مێژوویێک لە سەرکوتکارییان بەرهەمهێناوە و بەردەوامییـان پێـداوە دەبێـتە هـۆی ئەوەی چەنـد سەرزەشتکردنێکی وەک(ڕەشپێستnigger) یا (کایکیkike)[٢٤] لەسەر شێوەیەکی وەها دزێوانە بن. سەرزەنشتگەلێک کە بەبێ ئەم دووبـارەکردنەوەیە ئاسـایی و بـاو دەبـوون. ئەم سەرزەنشتکردنانە لەڕێگەی دووبارەبوونەوە یا وەرگرتنی کۆمەڵێـک لە کـاتیگۆرییە متمانەپێکراوەکـانی پێشـوو، هێـزی دەسـەڵاتیان لای خۆیان کۆکردۆتەوە و وەک بڵێی بە دەنگی هەموو سەرزەنشتکردن و تانەکانی ڕابردوو قسە دەکەن.

لەم پێوەنـدییەی زمـانی کرداریـی لەگەڵ ڕابـردووە ئەم ئیمکانییەتە بەشێوەیەکی شاراوە لەئارادایە، کە بە هەوڵدان بۆ لێکـردنەوە و گـۆڕینی ئاراسـتەی چەنـد وشـەیەک،کە واتـای سـەرکوتکەرانەیان لەخۆگرتـووە بتوانرێـت قورسـی و بـاری ڕابـردوو لە خـۆ دوربخـرێتەوە یا بگـوازرێتەوە. بـۆ نمـوونە هاوڕەگەزخوازان، کە زاراوەی(سەیر!)یان پێدراوە و خۆیان بۆ خۆیـان بەکـاری دەهێـنن. بـابەتەکە ئەمە نیـیە، کە مـرۆڤ بە هەڵبژاردنی ناوی دەتوانێت سـەربەخۆ بێت: ناوەکان هەمیشـە

---

[٢٤]. وشـەیەکە بـۆ سەرزەنشـتکردن بە جولەکەکـان دەوترێت و واتـای هێرشـبەر و پەلاماردەر دەگەیەنێت. و

بـــاریکی مێژوویـــی هەڵـــدەگرن و ملکەچـــی بەکارهێنانەکـــانی داهاتووی کەسانی ئاینده دەبن. ناتوانین ئەو وشانەی،کە بۆ ناولێنانی خۆمان هەڵیان دەبژێرین لەژێر دەسەڵاتی خۆماندا بیانپارێزین، بەڵام سروشتی مێژوویی پرۆسەی کردارییی ، شیانی ململانێی سیاسی دەخولقێنێت.

## گرەوکارییەکان و دەرئەنجامە شاراوەکان

ئێستا ئەوە ڕوون بوویەوە،کە مەودای نێوان سەرەتا و کۆتایی(کاتیی)ئەم چیرۆکە چەندە فراوانە: لەڕوانگەی ئۆستنەوە چەمکی زمانی کردارییی یارمەتیمان دەدات تا بیر لە ڕەهەندێکی تایبەتی زمان بکەینەوە، کە فەیلەسوفانی پێشوو وەلایان ناوە،لە ڕوانگەی باتلەر زمانی کردارییی شێوازێکە بۆ بیرکردنەوە دەربارەی پرۆسە کۆمەڵایەتییە گرنگەکان،کە تیایاندا چەند بابەتێک لەناو گرەوەکە دان[لەناو قومارەکەدان] و لەژێر مەترسیدان:

١.سروشتی ناسنامە و چۆنیەتی هاتنەکایەوەی ئەو ناسنامەیە.

٢.ڕۆڵی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان.

٣.ئەو کێشە سەرەکییەی،کە ئەمڕۆ لە زمانی ئینگلیزیدا (کاریگەریتیagency) پێدەڵێین: من تا چ ئەندازەیەک و لە چ هەڵ و مەرجێکدا دەتوانم خودێکی بەرپرس بم، کە کردەوەکانم هەڵدەبژێرم.

٤.پێوەندی تاکەکەس لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

کەواتە جیـــاوازییەکی گەورە  هەیە لە نێـــوان ئەوەی،کە ڕوانگەی ئۆستن لەژێر مەترسی دایە[لەناو قومارەکەدایە] و ئەوەی بـــاتلەر لەژێـــر هەڕەشـــەی مەترســـی دادیـــدەنێت. وادەردەکەوێـــت، کە ئەوان لە بنەڕەتـــدا جـۆرە جیاوازەکـانی کردارەکانیـــان لەبەرچـــاو گرتـــووە. ئەوەی بـــۆ ئۆســـتن سەرنجڕاکێشـە ئەمەیە،کە دووبـارەکردنەوەی داڕشـتەیەک لە هەڵومەرجێکدا چۆن دەبێـتە هـۆی ڕوودانـی شـتێک(بەڵێنێکت داوە). لە ڕوانـــگەی بـــاتلەر ئەم بـــارودۆخە تـــایبەتەی دووبارەبوونەوەیەکی چڕوپڕ و  خورتەکیانەیە، کە واقیعییەتە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان دروست دەکات(دەبیتە ژن).

لەڕاستیدا ئەم جیاوازییە بەرەو کێشەی سروشتی ڕووداوی ئەدەبی دەمانگەڕێنێتەوە،کە دەربارەی کرداریی بوونی ئەویش دوو تێڕوانین لەئارادایە: دەشێت بگوترێ، کە بەرهەمی ئەدەبی کردارێکی تایبەت و دیاریکراو بە ئەنجام دەگەیەنێت. ئەوەی ئەم واقیعییەتە دەخولقێنێ بریتییە لەخودی بەرهەمی ئەدەبی و ڕستەکانی شتێکی تایبەت لەم بەرهەمە بەدی دێنن. دەشێت لەبارەی هەر بەرهەمێک هەوڵبدرێت و ئەوە ئاشکرا بکرێت کە بەرهەمەکە و پارچەکانی هەڵدەستن بە ئەنجامدانی چ کارێک، ڕێـک وەکـو ئەوەی هەوڵبـدەین تـا بەڕوونـی بڵێـین لە تـاکە کـرداری دیـاریکراوی(بەڵێن دان)دا چ بەڵێنێـک دراوە. دەشـێت بگوترێـت ئەمە گێـڕانەوەی ئۆسـتنە بـۆ ڕووداوی ئەدەبـی. لەلایەکـی دیـکەوە دەشـێت ئەمەش بگوترێـت، کە بەرهەمێکـی

ئەدەبی بە یارمەتی دووبارەکردنەوەیەکی چڕوپڕ کە پێوەرەکان وەردەگرێت و ڕەنگە شتەکان بگۆڕێت سەرکەوتوو دەبێت، واتە دەبێتە ڕووداو. ئەگەر ڕۆمانێک ڕوودەدات لەبەرئەمە ڕوودەدات کە تێیدا یەکێتییەکەی دەبێتە ئیلهامبەخشی سۆز و هەڵچوونێک، کە ڕۆح بەم قاڵبانە دەبەخشی، بە کارەکانی خوێندنەوە و بیرکەوتنەوە، گۆڕانکارییەکانی لە نەریتەکانی ڕۆماندا دووبارە دەکاتەوە و دەشێت پێوەرەکان یا ئەو قاڵبانەی کە خوێنەران دەتوانن لەڕێگەیانەوە بڕۆن و ڕووبەڕووی جیهان ببنەوە بگۆڕێت. شیعرێک دەشێت ون بێت بەبێ ئەوەی ئاسەوارێکی لێ بمێنێتەوە،بەڵام دەشێت لە یادگەکاندا ئاسەواری خۆی بێڵێتەوە و کرداری دووبارەبوونەوە هەڵبوروژێنێت. کرداریی بوونەکەی تاکە کردارێک نییە،کە بە جارێک بۆ هەمیشە تەواو بێت، بەڵکو دووبارەبوونەوەیەکە ڕۆح بەو قاڵبانە دەبەخشێت کە دووبارەیان دەکاتەوە.

چەمکی زمانی کردارییی لە کورتە مێژوویێکدا، کە لێرەدا سەرەقەڵەمێکمان لێ باسکرد زنجیرە گفتوگۆیەک پێکەوە کۆدەکاتەوە کە گرنگییەکی کاریگەریان بۆ (تیۆر) هەیە. لێرەدا تەنیا بەشێوەیەکی سەرپێییانە دەیانژمێرین:

**یەکەم:** چۆن بڕوانینە ڕۆڵی پێکهێنەری زمان: هەوڵبدەین لە چەند کردارێکی تایبەت کورتی بکەینەوە، بە جۆرێک کە بتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە زمان چی دەکات، یا هەوڵبدەین

کـــــاریگەرییە بەرافراوانترەکـــــانی زمـــــان بپێـــــوین، کە ڕووبەڕووبوونەوەکانمان لەگەڵ جیهان ڕێکدەخات؟

**دووەم:** چۆن لە پێوەندیی نێوان نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و کـردارە کەسـییەکان بـڕوانین؟ ئەم وێنـاکردنەی، کە نەریـتە کۆمەڵایەتییەکـان وەکـو دیـمەن یـا پاشـخانێک دەبینێت،کە لە چوارچێوەیـان پلانـی ئەوە دادەنێـین کە چـۆن کـار بکەیـن، وێناکردنێکی فریودەرە، زیاد لە پێویست سادەیە. تیۆرەکانی زمـــانی کرداریـــی تێکچـــڕژاوی پێـــوەر و کاریـــان باشـــتر لێکـداوەتەوە، چ ئەو کـاتەی وەکـو ئۆسـتن نەریتەکانیـان بە مەرجـی شـیانی ڕووداوەکـان نـاوزەد کـردووە، چ ئەو کـاتەی وەکـو بـاتلەر کاریـان بە دووبـارەبوونەوەیەکی خورتەکیـانە دانـاوە، کە هەرچونێـک بێـت دەشـێت لە پێوەرەکـان لابـدات. ئەدەب کە وابڕیـارە لە فەزایەکـی نەریتـی دا(شـتەکان تـازە بکاتەوە) پێویستی بە لێکدانەوەیەکی زمانی کرداریی هەیە بۆ پێوەر و ڕووداو.

**سێیەم:** چۆن بڕوانینە پەیوەندی نێوان ئەو کارەی،کە زمان دەیکـات لەگەڵ ئەوەی،کە دەیڵێـت ؟کێشـەی بنەڕەتـی زمـانی کرداریـی هەر ئەمەیە: ئایـا دەشـێت ئـاوێتەیەکی گونجـاو لە کـردن و گـوتن هەبێت یـان نـا، ئـاڵۆزییەکی خـۆ لـێ لانەدراو لەنێـــوان ئەم دوانەدا هەیە کە حـــوکم بەســـەر هەمـــوو چالاکییەکانی دەقێک دەکات و ئاڵۆزیان دەکات؟

له كۆتاییدا چۆن له ڕووداو بڕوانین لەم چاخی پۆست مۆدێرنەدا؟ بۆ نموونه له ولاته یەكگرتوەكاندا لەم سەردەمەی ئامرازه ڕاگەیاندنه جەماوەرییەكاندا ئەوه بۆته باو، كه دەڵێن ئەوەی لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن ڕوودەدات(ڕوویداوه و تەواو) واته ڕووداوێكی واقیعییه. چ وێنەكه لەگەڵ واقیعییەتەكه كت و مت بێت چ نەبێت،ڕووداوی ڕاگەیاندن ڕووداوێكی ڕەسەنه،كه پێویسته ئاوڕی لێبدەیتەوه. شێوازی زمانی كرداری پێشنیازی لێكدانەوەیەكی یەكجار ئاڵۆز بۆ ئەو بابەتانه دەكات كه زۆربەی كات لەسەر شێوەی شتێكی بێبەهایانه ناویان دەهێنێت بەوەی،كه بوونەته هۆی ڕووشاندن سنوری نێوان واقیعییەت و خەیاڵ. هەروەها كێشەی ڕووداوی ئەدەبی،كێشەی ئەدەب وەكو كردار بەشێوەیەكی گشتی شێوازێكمان بۆ بیركردنەوه له ڕووداوه كلتورییەكان دەخاته بەردەم.

# بەشی هەشتەم

# ناسنامە، خۆبەوەیترکردن، خــود

## خـــود

پشکی شێری مشتومڕە تیۆرییە نوێکان لەسەر کێشەی ناسنامە و ڕۆڵی (خود) یا (خۆ= جەوهەر)[٢٥]ە. ئەم(من)ەی کە منم چییە- کەسە، بکەرە یا کارکەرactor، یا خود- چ شتێک وایلێکردووە بەو شێوەیە بێت کە هەیە؟هەگبەی بیرکردنەوەی مۆدێرن دەربارەی ئەم بابەتە دوو پرسیاری سەرەکی تێدایە: یەکەم خود شتێکی دراو و دیارە یا شتێکە کە دروست دەکرێت و دووەم ئایا پێویستە لە چوارچێوەی تاکدا درک بکرێت یا لەچوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا؟ ئەم دوو هاودژیە دروستکەری چوار خاڵی سەرەکی بیرکردنەوەی هاوچەرخ بوون. یەکەمیان تێڕوانینێکە کۆکە لەسەر دیاربوون و دراوبوون[given= واتە بڕیاری لەسەر دراوە و دیاری کراوە] و تاکەکەسی ، خودی (من) بە شتێکی ناخەکی و دانسقە دەبینێت، شتێک کە لەپێش ئەو کردارانەیە کە ئەنجامی

---

[٢٥].لەبری subject و selfئینگلیزی و الذات و النفس ی عەرەبی و سوژە و خودی فارسی خود و خۆمان داناوە.

دەدات، جەوهەرێکی ناخەکییە، کە لەڕێگەی وشەکان و کارەکان گوزارشتی لێدەکرێت(یا گوزارشتی لێناکرێت) تێڕوانینی دووەمیان کە ئاوێتەیەکە لە دیاربوون و بە دراو دانان و کۆمەڵایەتی بوون، جەخت لەسەر ئەم کێشەیە دەکاتەوە کە خود لەڕێگەی ڕەگ و ڕەچەڵەک و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانییەوە دیاری دەکرێت: مرۆڤ نێرە یا مێیە، سپییێستە یا ڕەشپێست، ئینگلیزییە یا ئەمریکی و ئا بەم شێوەیە، ئەمانە واقیعییەتی سەرەتایین، واتە دراوەکانی خود یا (خۆ)ن. تێڕوانینی سێیەم، کە تێکەڵەیەکە لە تاکەکەس بوون و دروستکراو بوون جەخت لەسەر گۆڕاوبوونی هەر خودێک دەکرێتەوە، کە لەڕێگەی کردارە دیاریکراوەکانەوە دەبێتە ئەم خودەی، کە هەیە. تێڕوانینی چوارەم و کۆتایی تێکەڵەیەکی کۆمەڵایەتی و دروستکردنە، کە جەخت لەوە دەکاتەوە من لەڕێگەی هەڵ و مەرجە جۆراوجۆرەکانی خودێک کە بەکاری دەهێنین، دەبمە سەرکار لەبری کرێکار، دەبمە دەوڵەمەند نەک هەژار، دەبمە ئەوەی کە هەم.

ئەو نەریتە هاوچەرخەی،کە زاڵە بەسەر لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا وەکو شتێکی دیار و دراو هەڵسوکەوت لەگەڵ تاکایەتی تاکەس دەکات، جەوهەرێک، کە بە گوتن و کردار دەخرێتەڕوو و لەبەرئەمە دەشێت بۆ باسکردن و ڕوونکردنەوەی کاری تاکەکەس سوودی لێوەربگیردرێت: ئەم کارەم کرد، چونکە من ئەمەم ، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەم کرد

یا گوتم پێویستە سەیری ئەو(من)ە بکەیت (چ بەئاگا بێت چ بێئاگا) کە وشەکان و کارەکانم دەردەبڕێت. (تیۆر) تەنیا تانە لەم شێوازەی دەربڕین نادات، کە تێیدا ئیشی کارەکان یا وشەکان بریتییە لە دەربڕینی خودێکی پێشوەختە، بەڵکو تانە لە لەپێشینەیی خودی خود دەدات. میشێل فۆکۆ نووسیویەتی:

**(لێکۆڵەران لە مەیدانەکانی دەروونناسی، زمانناسی، مرۆڤناسیدا خودیان لەو پێگە ناوەندییەی،کە داگیری کردبوو هێناوەتە دەرەوە، ئەمەش بە وردبوونەوە و گرنگیدان بەو یاسایانەی، کە خود ئارەزوو دەکات حوکمی بەسەر خوددا بکات، شێوە زمانییەکانی خود، ئەو یاسایانەی،کە زاڵن بەسەر کارەکانی خود دا، یا کاریگەری گوتارە ئەفسانەیی و خەیاڵییەکان بەسەر خود دا ).**

ئەگەر زنجیرەیەک لە سیستەمەکان، کە لەدەرەوەی دەسەڵاتی خودن یا تەنانەت خود درکیشیان ناکات شیان و لەگوینەکان[ممکنات]ی بیرکردنەوە و کار دەستنیشان دەکەن، کەواتە خود دەبێتە (ناناوەندی) واتە ئیتر ئەو سەرچاوە یا ناوەندە نییە، کە مرۆڤ بتوانێت بۆ ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی ڕوداوەکان بۆی بگەڕێتەوە و ئاماژەی پێبکات. ئەم هێزانەن، کە پێکیدێنن. بەم شێوەیە لە دەرونناسیدا خود وەکو جەوهەرێکی دەگمەن مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت، بەڵکو وەکو بەرهەمێکی یەکتربڕینە دەروونی و سێکسی و زمانەوانییەکان

هەژمـار دەکرێـت. لە تیـۆری مارکسیسـتیدا پـێگەی چینـایەتی دەستنیشـانکەری خـودە: ئەم خـودە یـان لە کـاری کەسـانی دیـکەوە سـوودمەند دەبێـت یـا سـوود بە کەسـانی دیـکە دەبەخشـێت. لە تیـۆری فیمینیسـتیدا جەخـت دەخـرێتە سـەر کـاریگەری ڕۆڵە ڕەگەزییەکـان، کە دروسـتکراوی کـۆمەڵن لە گۆڕینی خـود بۆ ئەوەی، کە هەیە. لە تیۆری(سـەیر! !Queer theory)دا ئەم مشـتومڕە لەئارادایە، کە سـەرکوتکردنی شیانی هاوڕەگەزخوازییە ، کە خودی ناهەڕەگەزخواز دەخولقێنێت.

خـود دەپرسـێت(من کـێم؟) ئایـا هەڵومەرجەکـان منیـان کـردۆتە ئەمەی کە هەم؟ تاکـایەتی تـاکەکەس چ پێوەنـدییەکی لەگەڵ ناسـنامەی مـن وەکـو ئەنـدامێک لە گروپێـک[ گـۆوپێکی کۆمەڵایەتی] دا هەیە؟ ئەم (مـن)ەی، کە منم، ئەم(خـود)ە تـا چ ئەنـدازەیەک هۆکـارێکە، کە دەسـت بۆ هەڵبـژاردن دەبـات نەک ئەوەی هەڵبژاردنەکـانی بەسـەردا بسـەپێنرێت؟خودی وشـەی ئینگلیـزی subject ئەم کێشـە سـەرەکییەی لەنـاو خۆیـدا هەڵگرتووە: خود کارکەر یا کارایە، بابەتێتی[subjectivity]یەکی سەربەخۆ کە چەند کارێک دەکات وەکو (بکەری ڕستەیەک)، بەلام ئەم خـودە **ملکەچیشـە**[subjected]، لە پێگەی فرمانیشـدا دەردەکەوێت(خزمەتکـاری وەفـاداری شـاژنی پـایەدار) یان(تاقیکردنەوەی[subject] تـاقیکردنەوەیەک) لە تیۆردا پشـت بەسـتن بەو چەنـدوچوونە لەئـارادایە، کە خودبـوون ئەسـڵەن

واتە وەستان لەبەرامبەر سیستمە جۆراوجۆرەکان( دەروونی، کۆمەڵایەتی، سێکسی، زمانی).

## ئەدەب و ناسنامە

ئەدەب هەمیشە سەروکاری لەگەڵ پرسیارگەلێکی وابەستە بە ناسنامە هەبووە و بەرهەمە ئەدەبییەکان بەشێوەیەکی شاراوە یا بەڕاشکاوانە نەخشەی وەڵامێکیان بۆ ئەم پرسیارانە کێشاوە، بە تایبەت لە ئەدەبی گێڕانەوەدا چیرۆکی کەسایەتیگەلێک درێژەی پێدەدرێت،کە خەریکن خۆیان دەناسێنن و بەهۆی دارشتە جیاوازەکانی ڕابردوویان ئەو هەڵبژاردنانەی، کە ئەنجامی دەدەن و ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەی، کە دەکەوێتە سەریان دەناسێنرێن. ئایا کەسایەتییەکان چارەنووسیان **دەخولقێنن** یا **ملکەچی** دەبن؟ لە چیرۆکەکاندا چەند وەڵامێکی جیاواز و ئاڵۆز بەم پرسیارانە دەدرێتەوە. لە **ئۆدیسا** دا ئۆدیسا بە (polytropos = فرەخوازە یا زۆر نەناسراو) ناونراوە، بەڵام خۆی بە شەڕ و ململانێکانی لەپێناو خۆی و سەرنشینانی کەشتییەکەی و دووبارە گەیشتنەوە بە ئیتاکای نیشتیمانی دەناسێنێت. لە **مادام بۆڤاری** فلۆبێردا **ئیما** هەوڵدەدات تا خۆی لەڕێگەی وابەستەبوون بەو کتێبە ڕۆمانتیکییانەی کە دەیخوێنێتەوە و ژینگەی ڕۆژانەی دەوروبەری پێناسە بکات(یا خۆی بدۆزێتەوە)

لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا جۆرەها نموونە و شێوازی دروستبوونی ناسنامە بەشێوەیەکی شاراوە خراوەتەڕوو.

چەند گێڕانەوەیەک هەن، کە لەبنەڕەتدا تیایاندا ناسنامە بە لەدایکبوون دیاری دەکرێت: کوڕی پاشا، کە شوانەکان گەورەی دەکەن دیسان لە بنەڕەتدا پاشایە و کاتێک ناسنامەی ئاشکرا دەبێت بە شایستەیی لەسەر تەخت دادەنیشێت. لە گێڕانەوەکانی دیکەدا کەسایەتییەکان بەپێی چەند گۆڕانکارییەک کە لە چارەنووسیان ڕوودەدەن دەگۆڕێن، یان ئەوەی کە ناسنامە لەسەر تایبەتمەندیگەلێکی تاکەکەسی بونیاتنراوە کە لەڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشە و ناخۆشییەکانی ژیان سەرهەڵدەدەن.

شەپۆلی نوێی تیۆریزەکردن دەربارەی ڕەگ و ڕەچەڵەک، ڕەگەز و سێکسواڵیتە لە مەیدانی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا تا ئەندازەیەکی زۆر قەرزاربارى ئەم واقیعیەتە بووە، کە بە کۆمەکی ئەو کەرەسە خاوە دەوڵەمەندانەی،کە ئەدەب دەیخاتە بەردەم مرۆڤ، لێکدانەوە سیاسی و کۆمەڵناسییەکانی ڕۆڵی هۆکارگەلێکی وەها لە بونیاتنانی ناسنامەدا ئاڵۆزتر دەبن. ئا ئەم پرسیارە لەبەرچاو بگرە، کە ناسنامەی خود شتێکە دیار و دراوە یا شتێکە دروست دەکرێت. شتەکە تەنیا وابەستە نییە بەوەی، کە ئەدەب هەردوو هەڵبژاردەکەی بە وردەکارییەوە خستۆتەڕوو، بەڵکو ئاڵۆزییەکان یا تەنگ و چەڵەمەکانیانی چەندەها جار خستۆتە پێش چاومان بۆ نموونە گرێچنی باو، کە تێیدا کەسایەتییەکان وەک ئەوەی دەوترێت (ئاشکرای دەکەن)، کە کێن، ئەمەش نەک بە درککردنی شتێک لەبارەی

ڕابردوویان(بۆ نموونە دەربارەی ڕەگ و ڕەچەڵەکیان) بەڵکو لە ڕێگەی هەڵسوکەوتکردنیان بە شێوازێک، کە وادەکات **ببنە ئەوەی** کە دواتر تێیدەگەین کە بەشێوەیەک لە شێوەکان (سروشت)ی خۆیان بووە.

ئەم بونیاتە، کە تێیدا مرۆڤ **دەبێتە** ئەوەی، کە وادەردەکەوێت پێشووتر وابووە(هاوشێوەی ئارتا فرانکلین کاتێک وا هەست دەکات کە ژنێکی سروشتییە) بۆ تیۆری نوێ لەسەر شێوەی دژوازییەک یا مەتەڵێک بووە. بەڵام ماوەگەلێکی دورودرێژ ئەم بونیاتە لە گێڕانەوەکاندا چالاک بووە، ڕۆمانە خۆرئاواییەکان بیرۆکەی بوونی خودێکی جەوهەری برەو پێدەدەن، چونکە بەشێوەیەکی شاراوە تیایاندا ئەوە دەخرێتەڕوو، کە ئەم خودەی لەڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەکانی لەگەڵ جیهاندا هەڵتۆقیوە بەبەردەوامی هەبووە و لە ڕاستیدا بنەڕەت و بنەمای کاروکردەوەگەلێک بووە کە لە ڕوانگەی خوێنەرانەوە بوونەتە هۆی ئەوەی ئەم خودە بخولقێنن. ناسنامەی بنەڕەتی کەسایەتییەکان وەکو دەرئەنجامی کردارەکان و ململانێ لەگەڵ جیهان دەردەکەوێت، بەڵام بوونی ئەم ناسنامە بە شێوەی بنەڕەتی و بگرە بە هۆکاری ئەم کردارانە دادەنرێت.

دەشێت بەشێکی زۆری تیۆری نوێ بە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی چەند دژوازییەک دابنرێت کە زۆربەی کات لە هەڵسوکەوتی ئەدەب لەگەڵ ناسنامەدا کاریگەری دەنوێنن.

بەرهەمە ئەدەبییەکـان بەپێـی تایبەتمەنـدییە جیاکەرەوەکەیـان تــاکەکەس دەخەنە پــێش چاومـــان، لەبەرئەمە ململانێکـــانی وابەستە بە ناسنامە ململانێکانی ناخی تاک و ململانێکانی تاکن لەگەڵ گرووپـدا: کەسـایەتییەکان دژی پێـوەرە کـۆمەڵایەتی و پێشبینییەکانی کۆمەڵگا دەوەستن یا ملکەچیان دەبن، هەڵبەتە لە نووســینە تیۆرییەکانــدا ئەو مشــتومڕانەی وابەســتەن بە ناســنامە بەشــێوەیەکی گشــتی جەخــت لەســەر ناســنامە گرۆییەکان[ گروپە مرۆییەکـان] دەکرێت: ژن بـوون واتـا چـی؟ ڕەش بــوون؟ لەبەرئەمە لەنێـوان پشـکنین و بەدواداچـوونە ئەدەبییەکـان و بانگەشـە ڕەخنەییەکـان یـا تیۆرییەکانـدا چەنـد ئاڵۆزی و پەشێوییەک لەئارا دایە. لە بەشـی دووەمـدا ئەوەمـان خســتەڕوو کە هێــزی نیشــاندانەوەی ئەدەبــی پێوەنــدی بە ئـاوێتەی تـایبەتی دانسـقەیی و نمـوونەیی هەر کامێکیـان هەیە: خــوێنەران بە بەرجەســتەکردنی وێــنەی شــیاو ڕووبەڕووی شازادە **هاملێت** یان جەین ئایەر یان هاکلبێری فین دەبنەوە و لەتەک دروســـــتکردنی ئەم وێنــــانە نیشـــــانەگەلێک هەن کە وایدەدەنێن  کێشە و مەسەلەکانی ئەم کەسایەتییانە نموونەییە بەڵام نمــوونەی چــی؟ ئەم ڕۆمانــانە پێمــان نــاڵێن کە ئەوە ڕەخنەگــران یــا تیــۆرداڕێژەرانن کە پێویســـتە لە کێشـــەی نمـــوونەیی بـــوونی ئەمـــانە بکـــۆڵنەوە و پێمـــان بڵـــێن ئەم کەســـایەتییە نـــوێنەری چ گـــروپ یـــا چینێکـــی خەڵـــکە: ئایـــا بارودۆخی هاملێت(گشتی)یە؟ ئایا تەنگ و چەڵەمەیەک کە جین

ئایەر گرفتاری بووە بەشێوەیەکی گشتی تەنگ و چەڵەمەی ژنانە؟

مامەڵەکردنە تیۆرییەکان لەگەڵ ناسنامەدا بەراورد بە گەڕان و بەدواداچـــوونە ورد و پتەوەکـــان کە لە ڕۆمانەکانـــدا دێتەکایەوە ڕەنگە هەژارانەتر دەرکەوێت، لەبەرئەوەی ڕۆمان بارودۆخگەلێکی دانسقە[دەگمەن] دەخاتەڕوو و لە هەمان کاتدا پشــت بە هێزێکــی گشــتگیرکەر دەبەســتێت کە بە ڕاشــکاوانە دەرنابڕدرێـت لەتوانایـدایە کێشــەی داواکارییە گشــتییەکان بە وردی بخاتەڕوو- ڕەنگە هەمووومان ئۆدیپ بین، یا هاملێت یان مـادام بۆڤـاری یـان سـتارکس. کـاتێکیش لە ڕۆمانـدا کێشــەی ناسنامە گروپییەکان لەئارادا بێت- بۆ نموونە وەکو ئەوەی، کە ژن بوون یان بۆرژوازادە بوون واتا چی؟ - زۆربەی کات ئەم بـابەتە دەپشـکنرێت کە پێویسـتییەکانی ناسـنامەی گرۆیی بە چ شــێوەیەک ئیمکــانییەتە تاکەکەســییەکان ســنوردار دەکەن. لەبەرئەمە تیۆریستان ئەم چەندوچونەیان هێناوەتە گۆڕێ، کە ڕۆمانەکــان لەبەرئەوەی تاکــایەتی تــاکەکەس دەکەنە چەقــی گرنگیپێدانیان، ئایدۆلۆژیای تاکەکەسی بونیات دەنێن و کێشـە کــۆمەڵایەتییە گەورەکــان پەراوێزدەخــا و پێویســتە لەســەر ڕەخنەگران لەوە بپرسن و چەند و چوونی تێدا بکەن. دەشـێت مشـت و مڕ لەبـارەی ئەوە بکەی، کە کێشـەی ئیمـا بۆڤـاری دەبەنگـیـیەکەی یـا شـەیدابوونی بە بەرهەمە پاڵەوانییەتییەکـان نییە، بەڵکو بارودۆخی گشتی ژنانە لە کۆمەڵگاکەیدا.




**به بۆچوونی ئێمه دروست نییه فشار له منداڵەکان بکەین، که کاتی خۆی هات خۆیان ڕەگەزی گونجاوی خۆیان هەڵدەبژێرن.**

ئەدەب سەرەڕای ئەوەی، کە ناسنامەی کردۆتە ناوەرۆکی خۆی، ڕۆڵێکی گرنگیشی لە دروستکردنی ناسنامەی خوێنەران هەبووە. لەمێژە بەهای ئەدەبیان گرێداوە بەو ئەزموونە جیاوازانەی، کە بە خوێنەرانی نیشان دەدات، چونکە بەم شێوەیە زانیارییان پێدەدات تا وەکو مرۆڤ هەست بەو بارودۆخە دیاریکراوانە بکەن، کە تێیدان و لەم ڕێگەیەوە ئامادەکاری بۆ مامەڵەکردن و هەستکردن پێیان بە چەند شێوازێکی دیاریکراو بەدەست دەهێنن. بەرهەمە ئەدەبییەکان

لەبەرئەوەی کێشەکان لە ڕوانگەی کەسایەتییەکانەوە نیشان دەدەن هانی خۆبەوەیترکردن لەگەڵ کەسایەتییەکان دەدەن.

قسەکردنی شیعر و ڕۆمان لەگەڵماندا بە جۆرێکە، کە خۆبەوەیترکردنمان لێ داوا دەکات و خۆبەوەیترکردن لە دروستکردنی ناسنامەدا ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە: ئێمە بە خۆبەوەیترکردن لەگەڵ کەسانێک، کە شتیان لەبارەوە دەخوێنینەوە دەبینە ئەمەی، کە هەین. ماوەیەکی زۆرە، کە ئەدەبیان سەرکۆنە کردووە، لەبەر ئەم هۆکارەی، کە گەنجان هاندەدات خۆیان وەکو کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکان ببینن و بە شێوازێکی هاوشێوەی ڕۆمانەکان بەدوای هێنانەدی ئەم وێنەیە بکەون: لە ماڵ ڕابکەن تا ژیان لە شارە گەورەکان تاقی بکەنەوە و لە گەورەکان یاخی بن و پەیڕەوی لە بەهاکانی پاڵەوانە ژن و پیاوەکانی ناو ڕۆمانەکان بکەن و پێش تاقیکردنەوەی جیهان لە جیهان بێزار بن، یا ژیانی خۆیان بۆ گەڕان بەدوای خۆشەویستی تەرخان بکەن و هەوڵبدەن سەرلەنوێ ڕووداو و سیناریۆکانی ناو ڕۆمانەکان و شیعرە لیریکییەکان بخولقێننەوە. دەگوترێت ئەدەب لەڕێگەی میکانیزمەکانی خۆبەوەیترکردنی مرۆڤەکان گەندەڵ دەکات. بەپێچەوانەشەوە بەرگریکارانی پەروەردەکاریی بوونی ئەدەب هەمیشە ئومێدیان وابووە، کە ئەدەب بە ئەزموونە جۆراوجۆرەکان و میکانیزمەکانی خۆبەوەیترکردن وادەکات ببینە مرۆڤگەلێکی باشتر.

## نیشاندانەوە یان دروستکردن؟

ئایا گوتار ناسنامەگەلێک نیشان دەداتەوە، کە لە پێشتردا هەن یان ئەم ناسنامانە دروست دەکات؟ ئەم بابەتە یەکێک بووە لە کێشە تیۆرییە گرنگەکان. هەروەک ئەوەی لەبەشی یەکەمدا بینیمان، کە فۆکۆ (هاوڕەگەزخواز) بە ناسنامەیەک دادەنێت، کە داهێنانی کەتیگۆرییە گوتارییەکانی سەدەی نۆزدەمە. (**نانسی ئارمسترۆنگ**)ی ڕەخنەگری ئەمریکی گفتوگۆ دەکات لەبارەی ئەوەی، کە ڕۆمانەکانی سەدەی هەژدەیەم و کتێبەکانی خووڕەوشتی جوان- ئەو کتێبانەی، کە وابەستەن بە شێوازی هەڵسوکەوت کردن- (تاکی مۆدێرن)یان هێناکایەوە، کە بەر لە هەموو شتێک ژن بوو. کەسی مۆدێرن، بەپێی ئەم واتایە کەسێکە، کە ناسنامە و بەهاکەی بە بەرهەمی هەست و تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکان دەزانێت نەوەک پێگە و پایەی لە هەڕەمی کۆمەڵایەتی. ئەمە ناسنامەیەکە، کە بە عیشق بەدەست دێت  و چەقەکەی زیاتر کەشی ماڵەوەیە تا کۆمەڵگا. ئەم بیرکردنەوەیە ئێستا برەوێکی زیاتری پەیداکردووە- خۆ[جەوهەر= self]ی ڕاستەقینە ئەمەیە، کە لەڕێگەی عیشق و پێوەندییەکانتان لەگەڵ ئەندامانی خێزان و هاوڕێیان بەدەستی دێنن- بەڵام لە سەدەکانی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا لەسەر شێوەی بیرۆکەیەک دەربارەی ناسنامەی ژنان دەرکەوت و پاشتر بۆ پیاوانیش تەشەنەی کرد. ئارمسترۆنگ لەوباوەڕەیە کە ڕۆمانەکان و گوتارەکانی دیکە کە پاڵپشتییان

لە هەست و هەڵچوون و چاکەکارییە[فەزیلەتە] کەسییەکان دەکرد ئەم چەمکەیان دروستکرد و فراوانیان کرد. ئەمڕۆ ئەم چەمکەی ناسنامە لەگەڵ فیلمەکان، تەلەفزیۆن، و بازنەیەکی فراوانی وتارەکاندا بەردەوامی هەیە، دیسکۆرسێک،کە لە سیناریۆکانیاندا ئەوەمان پێدەڵێن، کە کەس بوون ، پیا و یا ژن بوون واتای چی.

## دەروونشیکاری

لەڕاستیدا لە تیۆری نوێدا ئەوەی زۆربەی کات لە مشتومڕەکانی وابەستە بە ئەدەب بەشێوەیەکی شاراوە لەئارادا بووە بە وردەکارییەوە خراوەتەڕوو و ناسنامە وەکو شتێکی بەرهەمهاتوو لە پڕۆسەی خۆبەوەیترکردندا هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوە. لە ڕوانگەی (**فرۆید**)ەوە خۆبەوەیترکردن پڕۆسەیەکی دەروونییە، کە تێیدا خود لایەنێکە لە لایەنەکانی دیکە و هەموو یا بەشێکی ئەو لایەنە لەسەر بنەمای نموونەیەک، کە کەسێکی دیکە نیشانی دەدات دەگۆڕێت، کەسایەتی یا خود لەڕێگەی زنجیرەیەکی خۆبەوەیترکردن دروست دەبێت، لەبەرئەمە بنەڕەتی ناسنامەی سێکسی بریتییە لە خۆبەوەیترکردن لەگەڵ یەکێک لە باوان[دایک یا باوک]: تاکەکەس ئەوە داوا دەکات، کە دایک یا باوک داوای دەکات، وەک بڵێی لاسایی ئارەزووی ئەو دەکاتەوە و دەبێتە کێبڕکێکار لەگەڵ مەعشوقەکەی خۆی.

گرێی ئۆدیپ واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە کوڕ لەگەڵ باوک خۆبەوەیترکردن دەکات و داواخوازی دایکیەتی.

لە تیۆرییە دەرونشیکارییەکانی دواتردا دەربارەی پێکهاتنی ناسنامە، لەسەر باشترین شێوازی بیرکردنەوە دەربارەی میکانیزمەکانی خۆبەوەیترکردن بیروڕای جیاواز لەئارادایە. ژاک لاکان لە لێکدانەوەی ئەوەی کە خۆی بە (قۆناغی ئاوێنەیی) ناویدەنێت سەرەتا و سەرچاوەی ناسنامەی بەو چرکەساتەوە گرێداوە کە منداڵ لەگەڵ وێنەی خۆی لەبەردەم ئاوێنەدا خۆبەوەیترکردن ئەنجام دەدات، خۆی وەکو گشتێک درک دەکات، وەکو ئەو شتێک، کە دەخوازێت ئەو شتە بێت. خۆ[جەوهەر= self] لە ڕەنگدانەوەیەک، کە ئاوێنە یا دایک و کەسانیتر لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی گشتی نیشانی دەدەن دروست دەبێت. ناسنامە بەرهەمی زنجیرەیەکی خۆبەوەیترکردنی ناتەواوە، کە هەرگیز تەواو نابێت.

لە کۆتاییدا دەروونشیکاری سەرلەنوێ جەخت لەو پەند و وانەیە دەکاتەوە، کە دەشێت لە جیددیترین و بەناوبانگترین ڕۆمانەکانەوە وەربگیرێت: سەبارەت بەوەی، کە ئەم ناسنامەیە سەرنەکەوتوانەیە، سەبارەت بەوەی، کە ئێمە بە چاکی و دڵخۆشی نابینە پیاو یا ژن، سەبارەت بەوەی، کە بەخودیکردنی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان(کە زانایانی کۆمەڵناسی وا سەیری دەکەن، کە شتێکە بە هێواشی ڕوودەدات وشتێکی خورتەکییە) هەمیشە ڕووبەڕووی بەرگریکردن و

بەرهەڵستیکاری دەبێتەوە و لە کۆتاییشدا بێبەرهەمە: ئێمە نابینە ئەوەی، کە وابڕیار ببین.

تیۆریستان لەم دواییانەدا گۆڕانکارییەکییان لە ڕۆڵی بنەڕەتی خۆبەوەیترکردن کردووە. مایکڵ بۆرچ- یاکۆبسن ئەم گفتوگۆیە دەهێننە گۆڕێ:

خواستی(خودی داواخواز)لە سەرەتاوە نایەت، تا پاشتریش خۆبەوەیترکردنەیێک بەدواوەی بێت کە هاتنەدی ئەم خواستە فەراهەم دەکات. ئەوەی لە سەرەتا دێت خواستێکی خۆبەوەیترکردنە، ئارەزوویێکی سەرەتایی کە دواتر خواست دروست دەکات...، ئەوە خۆبەوەیترکردنە کە خودی داواخواز دێنێتەکایەوە نەک بە پێچەوانەوەوە.

لە شێوازی پێشوودا خواست هۆکاری سەرەکییە، لێرەدا خۆبەوەیترکردن لەپێش خواستەوەیە و خۆبەوەیترکردن لەگەڵ کەسێکدا هاوتەریبە بە لاساییکردنەوە یا بەربەرەکانێکردن، کە سەرچاوەی خواستە. ئەمە هەروەک ئەوەی، کە ڕینێ ژیرار و ئیف سیجویک باسیان کردووە لەگەڵ چەند سیناریۆیەک لە ڕۆمانەکاندا هاوتایە، کە تیایاندا خواست لە خۆبەوەیترکردن و بەربەرەکانێدا هەڵدەقوڵێت: ئەوەی کەسی نێرینەی ناهاوڕەگەزخواز داوای دەکات زادەی خۆبەوەیترکردنی پاڵەوانە لەگەڵ کێبڕکێکارەکەی و لاساییکردنەوەی ئەو شتەیە، کە ئارەزووی دەکات.

## ناسنامەی کۆمەڵەکان

خـــۆبەوەیترکردن لە هێنانەکـــایەوەی ناســـنامەی کۆمەڵەیەکیشـدا ڕۆڵ دەگێڕێـت. چیـرۆک، ئەنـدامانی چەنـد کـۆمەڵەیەک، کە بەدرێژایـی مێـژوو سـەرکوتکراون یـا پەراوێزخـراون بـۆ خـۆبەوەیترکردن لەگەڵ کـۆمەڵەیەکی شاراوەدا دەوروژێنێت و ئەوەیان نیشاندەدات، کە دەشێت کێ یـا چـی بـن و بەم شـێوەیە ئەم کـۆمەڵەیە بـۆ کـۆمەڵەیەک دەگۆڕێت. گفتوگۆ تیۆرییەکان لەم بوارەدا بە چڕی جەختیان لەسـەر خـوازراوی و سـوودمەندییە سیاسـییەکانی تێـڕوانینە جیاوازەکان بۆ ناسنامە کردۆتەوە: ئایا ئەندامانی کۆمەڵەیەک بـۆ ئەوەی بتـوانن وەکـو ئەنـدامانی کـۆمەڵە ڕەفتـار بـکەن پێویسـتە خـاڵێکی هاوبەشـی جەوهەرییـان هەبێـت؟ یـان ئەو پێناسـانەی، کە باوەڕیـان وایە ژن بـوون یـا ڕەش بـوون یـان هـــاوڕەگەزخواز بـــوون پێناســـە دەکەن ســـەرکوتکەرانە، کۆتوبەنـدکەر و نەخـوازراون؟ زۆربەی کـاتیش ئەم مشـتومڕە لە قـاڵبی ملمڵانـێ لەسـەر(کرۆکگەرایی= الجـوهریە) ئەنجـام دەدرێـت: لایەنێـک ناسـنامە بە شـتێکی دیـار و دراو، بـنەڕەت دادەنێـت و لایەنەکەی دیـکە ناسـنامە بە شـتێک دادەنێـت، کە هەمیشە لە کاردایە و لەڕێگەی هاوپەیمانێتییەکان و هـاودژییە لە ناکاوەکاندا دێتەکایەوە (نەتەوەیەکی سەرکوتکراو لەڕێگەی دژوەســـتان لەگەڵ ســـەرکوتکەران ناســـنامەی بەدەســـت دەهێنێت).

دەشێت پرسیاری سەرەکی بەوە دابنرێت: که لە نێوان ئەو ڕەخنـــانەی لە تێـــڕوانینە جەوهەرییەکانـــدا دەربـــارەی ناســنامە(تاکەکەس یــا گــرووپ) گیــراوە لەگەڵ داواکــارییە دەروونــی و سیاســییەکان بــۆ بەدەســتهێنانی ناســنامە چ پێوەندییەک لەئارادایە؟ پێویستییەکانی سیاسـەتی ڕزگارکەر، کە داواکاری ناسنامەگەلێکی پتەوە وەک نموونە بۆ ژنـان یا ڕەشـەکان یـا ئێرلەنـدییەکان لەگەڵ بیرۆکەکـانی دەرونزانـی دەربارەی نەست و خودی دوولەت چ گرێدراوی یا ناکۆکییەک دروست دەکات. ئەم پرسیارە بۆ یەکێک لە کێشە سەرەکییە تیۆرییەکـان و هەروەها پراکتیکییەکـان دەگۆڕێت، چونکە ئەو کێشـانەی، کە لەسـەر ڕێگـاکەدان وادەردەکەوێت هاوشـێوە و یەکســان بــن، چ ئەو کــۆمەڵانەی، کە مەرام وایە[وابڕیــارە] نەتەوەکەیـــان پێناســـەبکەن، چ ڕەچەڵەک یـــا ڕەگەز، یـــا لەپێشینەیی سێکسی یا زمان یا چین یا ئایینەکەیان پێناسە بـکەن.لە چەنـد کـۆمەڵەیەک کە بەدرێژایـی مێـژوو پەراوێـز خراون دوو پرۆسە لەئارادایە : لە لایەکەوە لێکۆڵینەوەگگەلێکی ڕەخنەیـــی حـــوکم دەکەن بەوەی، کە وەرگرتنـــی نیشـــانە جیاکەرەوەکـــانی وەک- مەیلـــی سێکســـی[٢٦]، ڕەگەز ، یـــا تایبەتمەنـدییە مۆرفۆلـۆژییە دیارەکـان وەکـو تایبەتمەنـدییە

---

[٢٦] sexual orientation. زاراوەیەکی گشـتییە بـۆ هەر چـوار ئاراسـتەی سێکسـی بەکاردێـت، کە بـریتین لەهاوڕەگەزخوازی،ناهـاوڕەگەزخوازی، دوو ڕەگەزخـوازی،هیچ ڕەگەزخوازی. و.کوردی

سەرەكییەكانی دەستنیشانكردنی ناسنامە ڕەوایەتییان نییە. ناسنامەیەكی جەوهەری دانەپاڵی ناسنامەیەكی جەوهەری بە تەواوی ئەندامانی كۆمەڵەیەك، كە تایبەتمەندی دیار و جیاكەرەوەكەی جێندەر، چین، ڕەچەڵەك،ئایین، سێكسواڵیتە یا نەتەوەگەرایی بێت ڕەتدەكاتەوە. لە لایەكی دیكەوە دەشێت كۆمەڵەكان ئەو ناسنامانەی كە بەسەریان سەپێنراوە بە سەرچاوەیەك بۆ سوودلێوەرگرتنی ئەو گروپە بگۆڕن. فۆكۆ لە **مێژووی سێكسواڵیتە**دا تێبینی ئەوەی كردووە، كە پەیدابوونی گوتارە پزیشكی و دەرونپزیشكییەكان لە سەدەی نۆزدەیەمدا كە هاوڕەگەزخوازانیان بە جۆرێكی لادەر پێناسە دەكرد، كۆنترۆڵی كۆمەلایەتی ئاسان كرد، بەلام شیانی (پێكهاتنی گوتارێكی پێچەوانە)شی خولقاند: (هاوڕەگەزخوازی بە قسەكردن بە دەنگی خۆی ، داواكاری بە فەرمی ناساندنی ڕەوایەتی یا سروشتی بوونی خۆی لە زۆرێك لە بوارەكاندا بەم وشانە و بە سوود وەرگرتن لەم كەتیگۆرییانە دەستپێكرد، كە پێشووتر بۆ سەلماندنی بێبایەخییەكەی لەڕووی پزیشكییەوە بەكارهێنرابوون.)

## بنیاتە بەربڵاوەکان

ئەوەی کێشـــەی ناســـنامە دەکـــاتە شـــتێکی زینـــدوو و خۆلێلانەدراو چەند ئاڵۆزی و ململانێیەکە، کە ئەم چەمکە لە هەنـاوی خۆیـدا هەڵـی گرتـووە(لەم ڕووەوە، کە بە (واتـا) لێکچوون دروست دەکات) بەرهەمە تیۆرییەکان، کە کانیاوی جیاوازیان هەبووە- مارکسیزم، دەروونشیکاری، لێکۆڵینەوە کلتورییەکان، فیمینیزم، لێکۆڵینەوە هاوڕەگەزخوازییەکانی ژنان و پیـاوان و لێکـۆڵینەوەی ناسـنامە لە کۆمەڵگا داگیـرکەر و داگیرکراوەکانـدا- چەنـد دژوارییەکـی لەبـارەی ناسـنامەوە ئاشکرا کردووە، کە لەڕووی بونیاتەوە لێکچوون لەنێوانیاندا هەیە. جـا چ یەکـدەنگ لەگەڵ **لـویس ئاڵتۆسـێر**دا بڵێـین، کە تاکەکەس وەکو خود دەبێتە (لێپرسراوی کلتوری) یا بە خود بانگ دەکرێت، چونکە کاتێک وەکو کۆلۆنیـالی پێگەیەک یا ڕۆڵێکی دیاریکراو قسەی لەگەڵ دەکەن دەگۆڕێت بۆ خود، چ یەکدەنگ لەگەڵ دەروونناساندا جەخت لەسەر ڕۆڵی (قۆناغی ئاوێنەیی) بکەینەوە، کە تێیدا خود کاتێک لە وێنەیەکدا بە هەڵە خۆی دەناسێتەوە ناسنامە بەدەست دێنێت. چ هاودەنگ لەگەڵ ستیوارد هۆڵ لە پێناسەی ناسنامەدا بڵێین:( چەند ناوێک، کە لە ڕێگەگەلێکی جیاوازی دەنێین کە لە گێڕانەوەکانی ڕابردوودا پێماندراوە یا خۆمان خستۆتە ناویانەوە). چ وەکو لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوەکانی بواری بابەتێتی[subjectivity] کۆلۆنیالیزم و پۆسـت کۆلۆنیـالیزم جەخـت لەسـەر خـودێکی دوولەت لە

ئەنجامی بەریەککەوتنی گوتارەکان و داواکارییە دژەکان بکەینەوە، چ هاودەنگ لەگەڵ جۆدیت باتلەر بونیاتی ناسنامەی ناهەوڕەگەزخواز بە سەرکوتکردنی ئیمکانیەتی حەزی سێکسی بۆ هاوڕەگەز دابنێین، ئەوا ئەو میکانیزمانەی، کە بەدەستی دێنین کەم تا زۆر هاوبەشە. پڕۆسەی پێکهاتنی ناسنامە نەک تەنیا هەندێک لە جیاوازییەکان دەردەخات و جیاوازییەکانی دیکە لەبەرچاو ناگرێت، بەڵکو جیاوازی یا لەتبوونێکی ناوەکی وەردەگرێت و وەکو جیاوازی نێوان کەسەکان یا کۆمەڵەکان نیشانی دەدات. (پیاو بوون)لەو واتایەدا، کە بەکاری دەهێنین، واتە ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە(ژنایەتییەک) یا لاوازییەک و دەبێ ئەوە بەشێوەیەکی جیاوازی نێوان پیاوان و ژنان نیشان بدەیت. بوونی جیاوازیی لەناو کۆمەڵەیەکدا[تاک] ڕەتدەکرێتەوە و ئەم کارە بەشێوەی جیاوازی نێوان دوو کۆمەڵە[تاک لەگەڵ کۆمەڵەکان] نیشان دەدرێت. لە چەند کارێکدا کە لە ناو مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا ئەنجامدراوە وادەردەکەوێت، کە گەڕان و بەدواداچوونێکی پێکڕایی[بەو واتایەی، کە هەموو گەڕان و پشکنینەکان پێکدەچن و هاوشێوەن] لەم ڕووەوە خۆی نیشان دەدات، کە هەموویان ویستوویانە ئەوە ئاشکرا بکەن، کە - گریمانەکردنێکی ناپتەوی[بێ گرەنتی] خورتەکیانەی یەکێتی و ناسنامە چۆن خودەکان دێنێتەکایەوە، گریمانەیەک، کە ڕەنگە لەڕووی ستراتیژییەوە سەرچاوەی دەسەڵات بێت، بەڵام چەند کون و کەلێنێکیش لەنێوان ناسنامە یا ئەو ڕۆڵەی دراوەتە پاڵ

کەسەکان لەگەڵ ڕووداو و پێگە هەمەجۆرەکانی ژیانیان دروست دەکات.

یەکێک لە سەرچاوەکانی سەرلێشێوان گریمانەیەک بووە، کە زۆربەی کات مشتومڕەکانی ئەم بوارە ڕێکدەخات، ئەم گریمانەیەی، کە دابەشبوونە ناوەکییەکانی خود بەشێوازێک لە شێوازەکان شیانی[ئیمکانیەتی] کاریگەریێتی، شیانی کردەوەی بەرپرسانەی لێ دادەماڵن. وەڵامێکی سادە، کە دەشێت بەم گوتەیە لێکبدرێتەوە ئەمەیە، کە ئەوانەی خوازیاری جەختکردنەوەیەکی زیاترن لەسەر کاریگەریێتی چەند تیۆرێکیان دەوێت، کە دەڵێن کارە خۆویستەکان جیهان دەگۆڕن و ئەم واقیعییەتە، کە دەشێت بەم شێوەیە نەبێت تووشی نائومێدییان دەکات. ئایا ئێمە لە جیهانێکدا دەژین، کە تێیدا کارەکانمان پتر لەوەی ئەو ئەنجامانەی، کە مەبەستن بهێنێتەکایەوە ئەنجامێکی نەویستراوی هەیە؟ بەڵام دوو وەڵامی ئاڵۆزتریش هەن: یەکەم، وەکو ئەوەی، کە جۆدیێت باتلەر ڕوونی کردۆتەوە(چاوخشاندنەوە بە چەمکی ناسنامە و وەرگرتنی وەکو کاریگەرییەک، واتە شتێکی بەرهەمهاتوو یا لەدایکبوو، شیانی کاریگەریێتی بەڕوومان‌دا واڵا دەکات، کە ئەو بارودۆخانەی، کە کەتیگۆرییەکانی ناسنامە وەکو شتێکی بنەڕەتی و چەسپاو دادەنێن بەشێوەیەکی فێڵبازانە بەڕوماندا دایانخستوون.) باتلەر وەکو جێبەجێکردنێکی خورتەکیانە قسە لەبارەی جێندەرەوە دەکات و کاریگەریێتی لە جیاوازییەکانی

کرداردا دیاری دەکات، لە شیانی گۆڕان لە دوبارەبوونەوەدا، کە دەبێتە هەڵگری واتا و بەدیهێنەری ناسنامە.

**دووەم:** ئەوەیە کە تێڕوانینە نەریتییەکان بۆ خود لەڕاستیدا دەبنە مایەی سنوردارکردنی بەرپرسیارێتی و کاریگەرێتی، ئەگەر مەبەست لە خود(خودی ئاگا)بێت، ئەوا ئەو کاتە ئەگەر تاکەکەس دەرئەنجامەکانی کارێک، کە ئەنجامی داوە ئاگایانە هەلینەبژاردبێت یا مەبەستی ئەمە نەبووبێت دەتوانێت بانگەشەی بێتاوانی بکات و بەرپرسیاریەتی خۆی ڕەتبکاتەوە. بەپێچەوانەوە ئەگەر تێڕوانینتان بۆ خود نەست و ئەو پێگانە بێت،کە خود داگیری دەکات بگرێتەوە دەشێت بەرپرسیارییەتی فراوان بکات. جەختکردنەوە لەسەر بونیاتە نائاگاکان[نەستییەکان] یا پێگەکانی خودێک کە خۆتان هەڵتان نەبژاردووە ئەوا بەرپرسیارییەتی ڕووداوەکان و بونیاتگەلێکی ژیانتان دەخاتە سەرشانتان- بۆ نموونە ڕەگەزپەرستی و جیاکاری سێکسی- کە بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە مەبەستی ئێوە نەبووە. تێڕوانینی فراوانکراوی خود ململانێ لەگەڵ سنوردارێتی کاریگەرێتی و بەرپرسیارییەتێک دەکات کە لە تێڕوانینە نەریتییەکان بۆ خوود هەڵقوڵاون.

ئایا(من) ئازادانە هەلدەبژێرێت یا لە هەڵبژاردنەکانیدا ملکەچە ؟ (ئەنتۆنی ئاپیا)ی فەیلەسووف تێبینی ئەوەی کردووە، کە ئەم مشتومڕە لەسەر کاریگەرێتی و پێگەی خود دوو ئاستی جیاوازی تیۆر دەگرێتەوە، کە لەڕاستیدا لە ڕکابەری دانین

لەگەڵ یەکدا، تەنیا ناشێت لە یەک کاتدا  ئاوڕ لە هەردووکیان بدرێتەوە. قسەکردن لەبارەی کاریگەرێتی و هەڵبژاردن لە ئارەزوومان بۆ ژیانێکی ڕوون لەنێو مرۆڤەکانی دیکەدا سەرچاوە دەگرێت، کە بیروباوەڕ و مەبەستەکان بەوانەوە دەبەستینەوە. قسەکردن لەبارەی پێگەکانی خود، کە دەستنیشانکەری کارن لە پێوەندیمان بۆ تێگەیشتنی پرۆسە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان دێتەکایەوە، کە تیایاندا مرۆڤەکان ملکەچی جەبری کۆمەڵایەتین. هەندێک لە توندترین ناکۆکی و ململانێکان لە تیۆری هاوچەرخدا لە چەند بارودۆخێکدا سەرهەڵدەدەن، کە تیایاندا ئەو بانگەشانەی لەسەر کارا بوونی کەسەکان بنیاتنراون و ئەو بانگەشانەی لەسەر دەسەڵاتی بنیاتە کۆمەڵایەتی و گوتارییەکان دامەزراون وەک دوو لێکدانەوەی ڕکابەری یەک دەبینرێن. بۆ نموونە لە لێکۆڵینەوەکانی ناسنامە لە کۆمەڵگا کۆلۆنیاڵیزم و پۆست کۆلۆنیاڵیزمەکاندا مشتومڕێکی توندوتیژ لەسەر کاریگەرێتی خەڵکی ناو نیشتیمان[natives] یا (شوێنکەوتە=subaltern) (زاراوەیەکە بۆ کەسی ژێردەست یا پلەنزم) هاتۆتەئاراوە. هەندیک لە بیرمەندان، کە گرنگی بە گۆشەنیگا و کاریگەرێتی شوێنکەوتەکان دەدەن جەختیان لەسەر بەرگریکردنی ژێردەستەکان بەرامبەر داگیرکەر یا ملکەچبوون بە داگیرکەر کردۆتەوە و لە ئەنجامدا بە فەرامۆشکردنی فێڵبازترین کاریگەری داگیرکاری تۆمەتبار کراون: ئەوەی، کە داگیرکار

چۆن پێگە و ئیمکانییەتەکانی کاری پێناسە کردووە. بۆ نموونە دانیشتوانی وڵاتی گۆڕیوە بۆ (هاونیشتیمانی= native). تیۆریستانی دیکە، کە دەسەڵاتی بەربڵاوی(گوتاری داگیرکاری)یان وەسفکردووە، گوتاری دەسەڵاتە داگیرکارییەکان جیهانێک دێنێتەکایەوە، کە کەسە ژێردەستە داگیرکراوەکان تییدا دەژین و کار دەکەن و بە ڕەتکردنەوەی کاریگەریێتی خودی هاونیشتیمانی[native subject] تۆمەتبارکراون.

لەسەر بنەمای ئەم گفتوگۆیەی **ئاپیا**، ئەم جۆرە جیاوازانەی لێکدانەوەکان لەگەڵ یەکدا لە بارێکی ململانێدا نین: هاونیشتیمانیان هێشتا کارتێکەرن و سوود وەرگرتن لە زمانی کاریگەریێتی هێشتا گونجاوە، گرنگیش نییە کە گوتاری داگیرکاری تا چ ئەندازەیەک دەستنیشانکەری شیانەکانی کار بێت. ئەم دوو لێکدانەوەیە لەناو چوارچێوەی دوو جۆرە نەریتی جیاواز تۆمار دەکرێت. ڕێک هاوشێوەی لێکدانەوەی بڕیارەکان، کە بووە هۆی ئەوەی جۆن ئۆتۆمبێلێکی مازدای نوێ بکڕێت و وەسفکردنی شێوازی کاری سەرمایەداری جیهانی و دۆزینەوەی بازاڕی ساغکردنەوەی ئۆتۆمبێلە ژاپۆنییەکان لە ئەمریکا ، لەلایەکیترەوە ئاپیا لەو باوەڕەیە کە جیاکردنەوەی چەمکەکانی پێگەی خودو کاریگەریێتی، واتە دەستنیشاکردنی ئەوەی کە ئەم دوانە پەیوەندییان بە دوو جۆرە گێڕانەوە هەیە، زۆرشتمان بۆ دەگەڕێتەوە. ئەو کات

هێــزی بەکــاربراو لەم مشــتومڕە تیۆرییــانەدا دەشــێت لە پرسیاری چۆنیەتی دروستبوونی ناسنامە و ڕۆڵی کاتیگۆرییە گوتارییەکانی (وەک ئەدەب) لە دروستکردنی ئەم ناسنامانەدا بخرێتەگەڕ.

بەڵام پێکەوەژیــانی ئاشــتیخوازانەی لێکــدانەوەی ئەو خودەی کە هەڵدەستێت بە هەڵبژاردن لەگەڵ لێکدانەوەی هێزە دیاریکەرەکانی خود وەکو دوو گێڕانەوەی جیاواز شیانێکە کە دورەدەست دەردەکەوێت ، هەرچی بێت هێزی بزوێنەری تیۆر ئەم ئـارەزووەیە، کە تێـبگەین بیـرۆکەیەک یـا مشـتومڕیک تـا کوێ دەتوانێت بڕوات و لەسـەر لێکدانەوە ئەلتەرناتیڤـەکان و گریمانەکانیان پرسیار و مشتومڕ بکەین. بیرۆکەی کاریگەرێتی خودەکـان واتە ڕاکێشـانی تـا ئەوپەڕی مەودای شـیان، واتە بەدواداچوون و دۆزینەوە و بەگژداچوونەوەی بارودۆخگەلێک کە ئەو خودە سنوردار دەکەن یان دژی دەوستنەوە.

## تـــــیۆر

لێرەدا ڕەنگە بشێت وانەیەکی گشتی بخرێتەڕوو. دەشێت قســەکە بەوە کۆتــایی پێبێنــین، کە تیــۆر چارەســەرگەلێکی هاوئاهەنگ و هاوشێوە ناخاتەڕوو بۆ نموونە بە جارێک بۆ هەمیشــە پێمــان ناڵێـت، کە واتــا چیــیە: هۆکارەکــانی مەبەسـتی نووسەر، دەق، خوێنەر، و کۆنتێکست لەو پێکهاتە گشتییەدا، کە واتــایە چ ڕۆڵێکیــان هەیە. تیۆر پێمــان ناڵێت هـۆنینەوەی شـیعر پەیامێکی بـاڵایە یا تەکنیکێکە لە تەکنیکەکانی ڕەوانبێژی یان چ

ڕێژەیەکی هەریەک لەم دوانەیە. جار نا جار لە کۆتایی بەشەکەدا سەرنجم لەوە داوە کە پەشێوییەک لەنێوان هۆکارەکان یا ڕوانگەکان یا ڕەوتەکانی گفتوگۆکردن هاتۆتەپێشەوە و گەیشتوومەتە ئەو ئەنجامەی کە دەبێت دوای هەر یەکێکیان بکەویت، بە ناچاری لەمەوە بڕۆی بۆ ئەوە، بەبێ ئەوەی پێکهاتەیەکی کۆک[بونیات و پێکهاتەیەک،کە کەسە جیاوازەکان کۆک بن لەسەری] بێتە بەرهەم. کەواتە تیۆر کۆمەڵە ڕێگەچارەیەک بەدەستەوە نادات، بەڵام ئاسۆی بیرکردنەوەیەکی زیاترمان بەڕوودا ئاوەڵادەکات. تیۆر بانگێشتمان دەکات تا پابەند بین بە خوێندنەوە، بە بەگژداچوونەوەی پێش گریمانەکان، گومان لەو گریمانانەی، کە لەڕێگەیانەوە بەرەو پێش دەڕۆین. لە سەرەتادا گوتم، کە تیۆر کۆتایی نییە- دەقێکی بێسنوورە لە نووسینە بەرانگژبزوێن[٢٧] و شەیداکەرەکان- بەڵام تەنیا و تەنیاش نووسینێک نییە، کە خرابێتە سەر نووسینانەکانی دیکە: پڕۆژەیەکی بەردەوامی بیرکردنەوەیە، کە بە کۆتاییهاتنی پێشەکییەکی یەجگار کورتی وەک ئەمە کۆتایی نایەت.

[٢٧]. واتە هەستی بەرەنگاربوونەوەمان دەبزوێنێت. و کوردی

# پاشکۆ

پلانی من ئەوە بووە، کە تیۆر لەڕێگەی نیشاندانی گفتوگۆ و دۆزەکانەوە نەوەک(قوتابخانەکان)بناسێنم، بەڵام خوێنەران ئەو مافەیـــان هەیە، کە پێشـــبینی ئەوە بـــکەن ڕوونکـــردنەوەیەک لەبـــــارەی چەنـــــد زاراوەیەکـــــی وەک بونیـــــادگەری و هەڵوەشاندنەوەگەرایی، کە لە گفتوگۆ ڕەخنەییەکاندا بەکاردێن لێـــرەدا بخـــوێنێتەوە. لێـــرەدا بۆیـــەئەم ڕوونکـــردنەوەیەم هێناوەتەوە، کە تێیدا وەسفکردنێکی کورتی بزووتنەوە تیۆرییە نوێیەکان بۆ دەردەکەوێت.

تیـــۆری ئەدەبـــی کۆمەڵـــە بۆچوونێـــک نییە کە شـــێوە و قەوارەیان نەبێت ،بەڵکو وەکو هێزێک لەناو سیستمەکاندا هەیە. تیـــۆر لە کـــن خـــوێنەران و نووســـەران لەســـەر شـــێوەی کـــەتیگۆرییەکی گوتـــاری بـــوونی هەیە و لەگەڵ سیســـتمە پەروەردەیی و کلتورییەکاندا بەشێوەیەکی وەها ئاوێتـەبووە، کە جیاناکرێتەوە. سێ ڕێچکەی تیۆری، کە لە دەیەی ١٩٦٠دا زۆرتـــرین کاریگەرییـــان هەبـــووە بـــریتین لە: بیرکـــردنەوە و ڕامـــانێکی فـــراوان لە زمـــان، نیشـــاندانەوە و کـــەتیگۆرییەکانی

بیرکـــــردنەوەی ڕەخنەیـــــی، کە هەڵوەشـــــاندنەوەگەرایی و دەروونشـــــیکاری(هەندێجار هاودەنـــــگ لەگەڵ یەکتـــــر و هەنـــدێجاریش دژ بەیەک) گرتویـــانەتە ئەســـتۆ، هەروەهـــا لێکدانەوەی ڕۆڵی جێندەر و سێکسواڵیتە لە هەموو لایەنەکانی ئەدەب و ڕەخـنەدا، کە فیمینیـزم و پـاش ئەویـش لێکـۆڵینەوە جێندەرییـــــەکان و تیۆری(ســــەیر) ئەنجامیـــــان داوە و دروستبوونی ڕەخنە کلتورییە مێژووییەکان(مێژووگەرایی نویێ، تیۆری پاش داگیرکاری)،کە لە ڕووبەرێکی فراوانی کەتیگۆرییە گوتارییەکان دەکۆڵنەوە،لەوانە زۆرێک لە کەلوپەلەکان(جەستە، خێزان، ڕەچەڵەک)، کە پێشتر بە خاوەنی مێژوویەک دادەنران.

تا پێش دەیەی ١٩٦٠ یش چەندین جولانەوەی تیۆری گرنگ هەبوون.

## فۆرمالیزمی ڕووسی

فۆرمالیســـتە ڕووســـەکانی دەســـپێکی ســـەدەی بیســـتەم شـێلگیرانە داوایـان لە ڕەخنەگرەکـان دەکـرد، کە گرنگـی بـە شـــیعرییەتی ئەدەب بـــدەن: ســـتراتیژییەتە گوتنییەکـــان، کە شیعرییەتی ئەدەب دروست دەکەن و بەرجەستەکاری خودی زمـــان و (نامۆییـــدان) بە ئەزمـــوون، کە لەڕێـــگەی ئەم ســـتراتیژیەتانەوە دێتەکـــایەوە. فۆرمالیســـتە ڕووســـەکان بە گۆڕینی ئاراستەی گرنگیدان لە نووسەرەوە بۆ (ئامرازەکانی گـــوتنverbal devices) هـــاتنە ســـەر ئەو بـــاوەڕەی، کە ئامراز[کەرەسەی زمـانی] تـاکە پاڵەوانی ئەدەبە) بۆ نموونە

لەبری ئەوەی بپرسین (نووسەر لێرەدا چ دەڵێت؟) پێویستە بپرسین (لێرەدا چ ڕووداوێک بۆ ئەم شیعرە ڕوودەدات؟) یان (لەم کتێبەی دیکنزدا چ ڕووداوگەلێک بۆ ڕۆمانەکە دێتەپێشەوە؟) ڕۆمان یاکۆبسن، بۆریس ئایخنباوم و ڤیکتۆر شلۆڤسکی سێ کەسایەتی دیاری ئەم کۆمەڵەیەن، کە ئاراستەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبییان بەرەو ڕووی کێشەکانی وابەستە بە فۆرم و تەکنیک گۆڕی.

## ڕەخنەی نوێ

ئەوەی بە (ڕەخنەی نوێ) ناونراوە لە دەیەکانی ١٩٣٠-١٩٤٠ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەرکەوت(و لە ئینگلتەراشدا ئای ئەی ڕیچاردز و ویلیام ئیمپسۆن چەند کاریکی ئەنجامدا، کە پێوەندی بەم بوارەوە هەیە)چەقی گرنگیپێدان لە ڕەخنەی نوێدا یەکێتی یا تەواومەندێتی[کامڵی] بەرهەمە ئەدەبییەکان بوو. ڕەخنەی نوێ پێچەوانەی لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، کە شێوازێکی باو بوو لە زانکۆکاندا وەکو شتێکی ئیستاتیکی هەڵسوکەوتی لەگەڵ شیعردا دەکرد، نەوەک بەڵگەنامەیەکی مێژوویی و لەبری مەبەست و هەڵومەرجە مێژووییەکانی نووسەران لە کارلێککردنی خەسڵەتە گوتنییەکانی شیعر و ئاڵۆزبوونە واتاییەکانی دەکۆڵییەوە، کە لەم ئەنجامی ئەم کارلێکردنەدا دێنەکایەوە.ئەرکی ڕەخنە لە دیدی ڕەخنەگرانی نوێ (**کلینت بروکس، جۆن کراو ڕانسۆم، دەبلیو کەی**

**وێسمات**)ڕوونکردنەوەی بەرهەمە هونەییە تاکەکەسییەکان بوو. ڕەخنەی نوێ بە دانانی تەمومژی، دژوازی، تەنز، و کاریگەرییەکانی واتای شاراوە و وێنەی شیعری بە چەقی گرنگیپێدانی خۆی بەدوای نیشاندانی پشکی هەر ڕەگەزێکی فۆرمی شیعری بوو لە بونیاتێکی یەکگرتوودا.

میراتی نەمری ڕەخنەی نوێ بۆ ئێمە تەکنیکەکانی خوێندنەوەی دەق و ئەم گریمانەیە بووە، کە بۆ هەڵسەنگاندنی هەر چالاکییەکی ڕەخنەیی پێویستە ئەوە ببینرێت، کە ئایا یارمەتیمان دەدات بەرهەمە تاکەکەسییەکان بەشێوەیەکی دەوڵەمەندانەتر و عەقڵانیتر لێکبدەینەوە، بەڵام چەندین ڕوانگە و گوتاری تیۆری، کە لە دەیەی ١٩٦٠دا دەرکەوتن- دیاردەگەرایی، زمانناسی، دەروونشیکاری، مارکسیزم، بونیادگەری، فیمینیزم، هەڵوەشاندنەوەگەرایی- چەند چوارچێوەیەکی کۆنسێپتیان بۆ بیرکردنەوە دەرباری ئەدەب و تەواوی بەرهەمە کلتورییەکانیان خستە بەردەممان، کە زۆر دەوەڵەمەندتر بوو لەوەی،کە ڕەخنەی نوێ خستبوویەڕوو.

## دیاردەگەرایی

دیاردەگەرایی لە بەرهەمەکانی (**ئیدمۆند هۆسرێل**)ی فەیلەسووفی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا دەرکەوت. دیاردەگەرایی دەیەوێ ئاوڕ لە کێشەی جیاکردنەوەی خود و بابەت، ئاگایی و جیهان بداتەوە، بە جەختکردنەوە لەسەر واقیعیەتی کەلوپەلەکان بەو شێوازەی، کە لە هەستدا خۆیان

نیشـان دەدەن .دەشـێت پرسیارگەلێکی وابەسـتە بە واقیعیەتـی بنچینەیی، یا شیانی ناسینی جیهان هەڵپەسێردرێن و جیهان بەو شـێوەیەی، کە لە هەسـتدا خـۆی نیشـان دەدات وەسـف بکرێـت. دیـاردەگەرایی جـۆرە ڕەخنەیەکـی هێنایەکـایەوە، کە وابەسـتەیە بە وەسـفکردنی(جیهان)ی ئاگـایی نووسـەرەوە، ئاگاییەک، کە لەتەواوی بەرهەمەکانی (جۆرج پۆڵی،ج .هیلیس مـیلەر)دا دەردەکەوێـت، بەڵام گرنگتـر لەمە (ڕەخـنەی وەڵامـدانەوەی خـوێنەر)ی (**سـتانلی فـیش و ڤۆڵفانـگ ئـایزەر**) بـوو. ئەوەی پێوەنـدی بەخـوێنەرەوە هەیە بـریتییە لەوەی، کە بەرهەمـی ئەدەبـی پێـدەری ئاگـاییە: دەشـێت مشـتومڕی ئەوە بکرێت، کە بەرهەم شتێکی بابەتی نییە، بوونێکی سـەربەخۆی هەبێـت لەدەرەوەی هەر ئەزموونێـک و بەرهەم ئەزمـوونی خـوێنەرە. لەبەرئەمە دەشـێت ڕەخـنە لەسـەر شـێوەی وەسفکردنی جووڵەی پێشڕەوانەی خوێنەر بۆ دەق دەرکەوێت، کە تێیـدا ئەوە لێکـدەدرێتەوە، کە خـوێنەران چـۆن بە هێنانەکـایەوەی پێوەنـدییەکان، پڕکـردنەوەی جێگـا بەتاڵەکـانی ئەو شـتەی، کە بێـدەنگی لێکـراوە، پێشـبینیکردن و مەزەنـدە و هاتنەدی یا بەفیڕۆچوونی پێشبینییەکانیان واتا دەخولقێنن.

شـێوەیەکی دیـکەی ڕەخـنەی دیـاردەگەرایی،کە ڕوو لە خـوێنەر دەکـات بە (ئیسـتاتیکای وەرگـرتن)ی (**هـانز ڕۆبێـر یـاوس**)ناودەبردرێت. بەرهەم وەڵامـێکە بـۆ پرسـیارگەلێک، کە (ئاسـۆی چـاوەڕوانی) دەیخـاتەڕوو. لەبەرئەوە پێویسـتە

لێکدانەوەی بەرهەمەکان جەخت لەسەر ئەزموونی تاکە خوێنەرێک نەبێت، بەڵکو جەخت لەسەر مێژووی وەرگرتنی بەرهەمێک و پێوەندییەکانی بەرهەمەکە لەگەڵ گۆڕانی پێوەرە ئیستاتیکییەکان و دەستەیەک لە چاوەڕوانییەکان بکرێتەوە، کە بوار بەوە دەدەن بەرهەمەکە لە گشت سەردەم و قۆناغە جیاوازەکاندا بخوێندرێتەوە.

## بونیادگەری

تیۆری وەڵامدانەوەی خوێنەر خاڵی هاوبەشی لەگەڵ بونیادگەریدا هەیە، لەو ڕووەوەی، کە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی واتا دەکاتە چەقی گرنگیپێدانی خۆی، بەڵام بونیادگەری لە دژی دیاردەگەرایی دروست بوو: ئامانجەکەی لەبری وەسفکردنی ئەزموون دیاریکردنی بونیاتی ژێرەوە بوو، کە شیانی ئەم ئەزموونە فەراهەم دەکات. بونیادگەری لەبری وەسفکردنی دیاردەگەراییانەی ئاگایی[هەست] بەدوای لێکدانەوەی بونیاتگەلێک بوو، کە بەشێوەیەکی نائاگایانە کار دەکەن(بونیاتەکانی زمان، دەروون، کۆمەڵگا). بونیادگەری بەهۆی ئاوڕدانەوەی لە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی واتا زۆربەی کات(هاوشێوەی S/Zی ڕۆڵان بارت) وەکو پێگەی ڕەمزگەلێکی بونیاتی ژێرەوە، کە واتا دەکەنە شتێکی شیاو[مومکین] و هەروەها وەکو بکەری واتا مامەڵە لەگەڵ خوێنەردا دەکات.

بونیادگەری بەشێوەیەکی باو ناونیشانی گروپێک لە بیریارانە، کە زۆربەیان فەرەنسین و لە دەیەکانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠دا لەژێر کاریگەری تیۆری زمانی فردیناند دی سوسێردا چەمکە زمانەوانییە بونیاتییەکانیان لە لێکۆڵینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکار هێنا. بونیادگەری سەرەتا لە مرۆڤناسی[ئەنترۆپۆلۆژیا]ی (کلۆد لیڤی شتراوس)ەوە گەشەی کرد و پاشان لە لێکۆڵینەوە ئەدەبی و کلتورییەکانی (**ڕۆمان**

**یاکۆبسن، ڕۆلان بارت، ژێرار ژینێت**) و دەروونشیکاری(ژاک لاکـــان) و مێـــژووی هـــزری(**میشـــێل فۆکـــۆ**) و تیـــۆری مارکسیســـتی(لویس ئالتۆســـێر)ەوە پەرەی ســـەند. هەرچەنـــدە خـــودی ئەم بیریـــارانە هەرگیـــز قوتابخانەیەکیـــان بەم نـــاوە پێکنەهێنا، بەڵام بەرهەمەکانیان لە کۆتاییەکانی دەیەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ دا بـــە ناونیشـــانی (بونیـــادگەری) بـــۆ ئینگلـــتەرا و ئەمریکا و شوێنەکانی دی ڕۆیشت و خوێندرایەوە.

بونیـــادگەری لە لیکـــۆڵینەوە ئەدەبییەکانـــدا بـــرەو بە شـــیعرییەتێک دەدات، کە بـــایەخ دەدات بەو نەریتـــانەی،کە بەرهەمە ئەدەبییەکان دەکەنە شتیکی مومکین، ئەم شیعرییەتە بەدوای بەرهەمهێنـــانی چەنـــد ڕاڤەکردنێکـــی نـــوێ نییـــە بـــۆ بەرهەمەکـــان، بەڵکو دەیەوێت لەوە تێبگـات کە واتاکان و ئەو کـــاریگەرییەی، کە هەیـــانە چـــۆن هاتۆتەکـــایەوە. بەڵام ســـەرکەوتوو نەبـــوو لەوەی، کە ئەم پـــڕۆژەیە- لێکـــدانەوەی ڕێکخراومەندانەی گوتـاری ئەدەبی- لە بەریتانیا و ئەمریکـادا بسەپێنێت.

کاریگەری بنەڕەتیی بونیادگەری لەم وڵاتانەدا خستنەڕووی بیرۆکەگەلێکی نوێ دەربارەی ئەدەب و گۆڕینی بونیـادگەری بـــوو بـــۆ یەکێـــک لە کـــەتیگۆرییەکانی دەلالەت. بەم شـــێوەیە ڕێـــگەی بـــۆ خوێنـــدنەوەگەلێکی نیشـــانەیی[ئاماژەیی] بەرهەمە ئەدەبییەکـــان ئـــاوەڵا کـــرد و بـــووە هانـــدەری لێکـــۆڵینەوە

کلتورییەکـــان، کە هەوڵیانـــدەدا تەکنیکەکـــانی دەلالەت لە کەتیگۆرییە کلتورییە جیاوازەکاندا بخەنەڕوو.

جیـاکردنەوەی بونیـادگەری لەنیشانەناسی[سـیمۆتیکا]، زانستی گشتی نیشانەکان،کە بۆ فردیناند دی سوسێر و چارلز ساندەرزی فەیلەسووفی ئەمریکی دەیگەڕێننەوە کارێکی ئاسان نییە. هەڵبەتە نیشانەناسی بزوتنەوەیەکی جیهانییە، کە بەدوای ئەوە بـووە تـا لێکـۆڵینەوەی زانسـتی ڕەفتـار و گەیانـدن[communication] پـێکەوە گرێبـدات، لەم نێـوانەدا بەشـێوەیەکی گشـتی خـۆی لە بیرکـردنەوە فەلسـەفییەکان و ڕەخـنەی کلتـوری بەدوور دەگرێـت، کە تایبەتمەنـدی دیـاری بونیادگەری فەڕەنسی و ئەو ڕێچکە بونیادگەرییـانە بـووە، کە وابەستە بوون بە ئاراستە فەرەنسییەکە.

## پاش بونیادگەری

وێـڕای ئەوەی کە بونیـادگەری وەکـو بـزووتنەوە یـا قوتابخـانەیەک پێناسـەکرا، بەڵام تیۆریسـتان خۆیـان لـێ دوور خسـتەوە. ئەوە ڕوون بـوویەوە کە بەرهەمـی کەسـانێک کە بانگەشە دەکرا بونیادگەرن لەگەڵ بیرۆکەی بونیادگەری وەکو هەوڵێـک بـۆ ناسـینێکی لێزانـانەی بونیاتەکـان و ڕەمزداریـی بونیاتەکان کۆک نییە. بـۆ نموونە بـارت و لاکان و فۆکۆ بە پـاش بونیـادگەر دەنـران، چـونکە لەو تیـڕوانین و لێکـدانەوە سـنورەی بونیـادگەری بەرەو پێشـتر ڕۆیشـتبوون، بەڵام تەنـانەت لە بەرهەمە بەراییەکـانی ئەم بیریارانەشـدا، کە

گرێدراوی سەردەمێکە، کە بە بونیادگەر دادەنران زۆرێک لە بارودۆخەکانی وابەستە بە پاش بونیادگەری دیارە. ئەوان ئەوەیان نیشان دابووە، کە تیۆرەکان بە چ شێوازێک لەو دیاردانە گیر دەبن، کە هەوڵدەدەن وەسفی بکەن: دەقەکان چۆن بە سەرپێچیکرن لەو نەریتانەی،کە لێکدانەوەی بونیادگەرانە دیاری دەکات واتای خۆیان دەخولقێنن. ئەوان ئەوەیان دەستنیشان کردووە، کە وەسفکردنی سیستمێکی دەلالەتی تەواو یا یەکگرتوو شتێکی شیاوە، چونکە سیستمەکان هەمیشە لە گۆڕاندان. لەڕاستیدا پاش بونیادگەری پتر لەوەی کێماسییەکان یا هەڵەکانی بونیادگەری بسەلمێنێت ڕووی لە پڕۆژەی ئاشکراکردنی هۆکاری ڕوونی و ئاشکرایی دیاردە کلتورییەکان وەرگێڕاوە و لەبری ئەمە جەخت لەسەر ڕەخنەی مەعریفە، گشتێتی و خود دەکاتەوە. پاش بونیادگەری لەگەڵ هەر یەکێک لەمانەی پێشوو وەکو کاریگەرییەکی کێشەخولقێن ڕەفتار دەکات. سیستمەکانی دەلالەت بونیاتێکی سەربەخۆیان بۆ خود نییە وەکو بابەتێک[ئۆژبێکتێک] بۆ ناسین(مەعریفە). ئەم بونیاتانە بونیاتگەلێکن بۆ خودەکان کە گرفتاری ئەو هێزانەن، کە دروستیان دەکەن.

## هەڵوەشاندنەوەگەرایی

زاراوەی **پاش بونیادگەری** ناوێکە لە تەواوی جۆرەکانی گوتارە تیۆرییەکان نراوە، کە تیایاندا ڕەخنە لە تێڕوانینەکانی وابەستە بە مەعریفەی بابەتی و خودێک کە لە توانایدایە خۆی بناسێنێت دەگیرێت. بەم شێوەیە جۆرەکانی فیمینیزم، تیۆرە دەروونشیکارییەکان، مارکسیزم و مێژووگەرایی هاوچەرخ هەموویان هاوپشکن لە پاش بونیادگەریدا، بەڵام پاش بونیادگەری گرنگتر لە هەموویان ناوێکە،کە لە هەڵوەشاندنەگەرایی و بەرهەمەکانی **(ژاک دریدا)**ی دەنێن، کە یەکەمجار لە ئەمریکا بە ڕەخنەی تێڕوانینی بونیادگەراییانە بۆ بونیات لە کۆمەڵە وتارێکدا کە سەرنجی ئەمریکییەکانی بۆ لای بونیادگەری کێش کرد(زمانەکانی ڕەخنە و زانستەکانی مرۆڤ (the languages of criticism and sciences of man: 1970 ناوبانگی پەیدا کرد.

سادەترین پێناسەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی ئەوەیە،کە هەڵوەشاندنەوەگەرایی ڕەخنەی هاودژانەی زنجیرەیەکی هەرەمییە،کە بونیاتی بیرکردنەوەی ڕۆژئاواییان پێکهێناوە: ناوەوە/ دەرەوە، جەستە، ڕۆح/ حەقیقی،خوازەیی/ گوتن، نووسین/ ئامادەیی، نائامادەیی/ سروشت، کلتور/ شێوە، واتا. هەڵوەشاندنەوەگەرایی دژێتییەک، واتە نیشاندانی ئەوەی کە ئەم هاودژییە سروشتی و حەتمی نییە، بەڵکو بەرهەمهێنراوی ئەو گوتارانەی، کە هاودژیەکە پشتی پێبەستوون و نیشاندانی

ئەم هــاودژییە لە بەرهەمێکــی هەڵوەشــاندنەوەگەرایانەدا، کە دەخوازێــت پیــادەی بکات[هەڵیبوەشــێنێتەوە] و ســەرلەنوێ بونیــاتی بنێــتەوە هەمدیســـان دروســتکردنێکە – واتە ئەم بەرهەمە نایەوێت لەنـاوی ببـات، بەڵکـو دەیەوێـت بونیـات و ڕۆڵێکـی نـوێی پێبەخشـێت. بەڵام هەلوەشـاندنەوەگەرایی وەکـو یەکێـــک لە جۆرەکـــانی خوێنـــدنەوە بە وتەی باربـــارا جۆنســـن(کردنەوەی گـــرێ کوێرەکـــانی هێـــزە ململانـــێکەرە دەلالەتییەکـانی نـاو دەقـێکە)، پشـکنین و بەدواداچـوونێکە بـۆ پەشـێوی و ئـاڵۆزی نێـوان شـێوازەکانی دەلالەت بـۆ نمـوونە لەنێوان ڕەهەندە کرداریی و ڕاگەیاندنییەکانی زمان.

## تیۆری فیمینیستی

فیمینیـزم هەوڵـدەدات هـاودژی پیـاو/ ژن و هاودژیەکـانی وابەســـتە بەمەوە لە مێـــژووی کلتـــوری ڕۆژئـــاوادا هەڵبوەشـێنێتەوە، ئەمـە جـۆرێکە لە پـاش بونیـادگەری، بەڵام ئەمە تەنیا ڕێچکەیەک لە ڕێچکەکانی فیمینیزمە، کە پتر بزاڤێکی کۆمەڵایەتی و فیکری و فەزاییە بۆ مشتومڕکاری تـا ئەوەی قوتابخـــانەیەکی یەکگرتـــوو و یەکخـــراو بێـــت. تیۆریســـتە فیمینیستییەکان لە لایەکەوە بەرگریکاری ناسنامەی ژنـانن و چەنـد مافێـک بـۆ ژنـان داوا دەکەن و بـرەو بە نووسـینەکانی ژنـان دەدەن بەوپێـیەی، کە نیشـاندانەوەیەکی ئەزموونەکـانی ژنـانە. لە ڕوویـەکی دیـکەوە فیمینیسـتەکان ڕەخـنەی تیـۆری قاڵبی ناهاوڕەگەزخوازی بە ئەرکی خۆیان دەزانن، قاڵبێک، کە

